# گوتـاری فەرمیـی "بەریتانیـای مەزن"
# و شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١-١٩٧٦

غازی حەسەن

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب**

گوتاری فەرمیی "بەریتانیای مەزن" و شۆڕشی ئەیلوول، ١٩٦١-١٩٧٦

**نووسینی:** غازی حەسەن

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** زانکۆی سەڵاحەدین

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٤٨) ساڵی ٢٠٢٥پێدراوە.**

# ناوەڕۆک

پێشەکی................................................................................................٩

## بەشی یەکەم

## لایەنی تیۆریی و پەیوەندی کورد و بەریتانیا

١-١ کورد لەبەریتانیا..............................................................................١٧
١-٢ بەریتانیا و کورد..............................................................................١٩
١-٣ نەتەوەخوازی کورد..........................................................................٣٤
١-٤ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی دژی کورد.....................................................٣٧
١-٥ بەکارهێنانی کورد دژی عوسمانییەکان..............................................٤٢
١-٦ "شێخ مەحموود" بۆ ترساندنی دیکاتۆرەکان.......................................٤٤
١-٧ ئینگلیز بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی دەکاتە قوربانی تورکیا دژی سۆڤیەت..٤٦
١-٨ نیشتیمانێکی ئۆتۆنۆمی (دەوڵەتی کوردی)..........................................٤٨
١-٩ دروستکردنی عێراق...........................................................................٥٠
١-١٠ گۆڕانی ئەمەریکا بەرانبەر کورد.......................................................٥٥
١-١١ خەونی دەوڵەت و ڕیفراندۆم ٢٠١٧..................................................٥٧
١-١٢ چەمکی دیپلۆماسی..........................................................................٦٢
١-١٣ دیپلۆماسی لە مێژوودا.....................................................................٦٨
١-١٤ ململانێی سیاسی و پرەنسیپی کاری دیپلۆماسی.................................٧١
١-١٥ گوتاری سیاسی و گوتاری دیپلۆماسی...............................................٧٧
١-١٦ وەرگێڕانی دیپلۆماسی......................................................................٨٢
١-١٧ کلیل و پاشخانی فکری و زمانەوانی شیکردنەوە..................................٨٣

## بەشی دووەم

## شیکردنەوەی گوتار نامە دیپلۆماسییە نهێنییەکانی بەریتانیا


٢-١ تیۆری کردە قسە و زمانی دیپلۆماسی........................................٨٩

٢-١-١ هەڵسەنگاندن................................................................٩٢

٢-٢-١ زمان وەک کردار..............................................................٩٦

٢-٢-٢ بەدیهێنانی ڕێکەوت...........................................................٩٦

٢-٢-٣ دروستکردنی پەیوەندی......................................................٩٨

٢-٢-٤ چوارچێوەداری ئارگومێنت...................................................١٠٠

٢-٢-٥ڕازیکردن....................................................................١٠٢

٢-٢-٦ هێز و نیعمەت.................................................................١٠٤

٢-٣ دیپلۆماسی و نەگوتراوەکان...................................................١٠٦

٢-٤ شیکردنەوەی ڕەوانبێژی........................................................١٠٨

٢-٥ دووبارەکردنەوە..................................................................١١١

٢-٦ کۆمەڵە.............................................................................١١٢

٢-٧ پێکهاتە............................................................................١١٣

٢- ٨ جێهێشتن.........................................................................١١٤

٢- ٩ لادان...............................................................................١١٦

٢- ١٠ سەرلێشێواوی....................................................................١١٨

٢- ١١ هەندێک لە چەمکەکانی نێو بەڵگەنامە بەریتانییەکان................١٢٠

٢- ١٢ مستەفا بارزانی....................................................................١٢١

٢-١٣ دیداری قەیسەر....................................................................١٣٣

٢- ١٤ لە پەیوەندی لەگەڵ مستەفا بارزانی ترساون...........................١٣٥

٢- ١٥ لە واشنتن پۆستدا..................................................................١٣٧
٢- ١٦ کۆماری مەهاباد.......................................................................١٤٠
٢- ١٧ چەک دانە عێراق و بەکاهێنانی دژی کورد..................................١٤٣
٢- ١٨ گوتاری بێلایەن بوون و لایەنگیری..............................................١٤٦
٢- ١٩ بەریتانییەکان و گوتاری بێلایەنبوون.............................................١٥٤
٢- ٢٠ دەستوەردان لەکاروباری نێوەخۆیی کوردی....................................١٦٠
٢- ٢١ چەکیان بکەن..........................................................................١٦٦
٢- ٢٢ دیپلۆماسی..............................................................................١٦٨
٢- ٢٣ بەریتانیا سیاسەت لە کورد قەدەغە دەکات.....................................١٧٥
٢- ٢٤ مانۆری دیپلۆماسی بارزانی..........................................................١٧٦
٢- ٢٥ کردەی هوشدارییەکانی (جەمال عەبدولناسر).................................١٧٨
٢- ٢٦ ئەمەریکا و بەغدا هەڵە بوون........................................................١٨٠
٢- ٢٧ ترسی سۆڤیەت...........................................................................١٨٥
٢- ٢٨ ڕۆژنامە..................................................................................١٨٦
٢- ٢٨-١ چیرۆکی فشاری دیپلۆماسی و فیلمێک لە بی بی سی.....................١٨٨
٢-٢٨- ٢ بارزانی مەلای سوور و کۆمۆنیست نییە........................................١٩٤
٢- ٢٨- ٣ نیۆیۆرک تایمز و ئیکۆنۆمیست و هەڵوێستی بەریتانیا.....................١٩٦
٢- ٢٨- ٤ دەیلی تێلێگراف......................................................................١٩٨
٢- ٢٨- ٥ کاردانەوەی قاسم بەرانبەر وتارەکەی (ئادەم سمیث).......................٢٠٢
٢- ٢٨- ٦ ڕادیۆکەی سۆڤیەت.................................................................٢٠٤
٢- ٢٨- ٧ دوو ساڵە سەختەکە.................................................................٢٠٧
٢- ٢٨- ٨ ڕۆژنامەی ئەلنور دژایەتی شۆڕش.............................................٢٠٩
٢- ٢٨- ٩ سەروتاری ئەلنور و هێرشکردنە سەر شۆڕش...............................٢١٣

٢-٢٨- ١٠ دەنگی کوردستانی عێراق........................................٢١٦
٢- ٢٨- ١١ (دەنگی کوردستانی عێراق) ڕەخنە لە (بی بی سی) دەگرێت.....٢١٩
٢- ١٨- ١٢ نەبوونی کاردانەوە....................................................٢٢١
٢- ٢٨- ١٣ ڕوونکردنەوەیەک لە ئەلتەئەخی......................................٢٢٣
٢- ٢٨- ١٤ ڕێگای گەلی شوعییەکان...............................................٢٢٦
٢- ٢٨- ١٥ ڕۆژنامەنووسان لەنامەی نهێنی دیپلۆماسی بەریتانیادا...........٢٢٩
٢- ٢٨- ١٦ عێراق واز لە ڕەخنە دژی ڕۆژنامەکان ناهێنێت....................٢٣٢
٢- ٢٨- ١٧ ڕاگواستن لە گاردیان و تایمز و فاینەنشیال تایمز..................٢٣٦
٢- ٢٨- ١٨ ڕۆژنامە هۆلەندییەکان.................................................٢٣٩
٢-٢٨ - ١٩ بەریتانییەکان لە رۆژنامە ترساون.......................................٢٤١
٢- ٢٩ پاڵپشتی سوریا بۆ یەکێتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕش.................٢٤٤
٢- ٣٠ نەوت...............................................................................٢٤٧
٢- ٣١ نەوت و کێشەی سنوور...........................................................٢٥١
٢- ٣٢ کورد هەڕەشە نییە و هەڕەشەیە.................................................٢٥٤
٢- ٣٣ هەڵگیرسانەوەی شەڕ و کیسنجەر...............................................٢٥٧
٢- ٣٤ جینۆساید...........................................................................٢٦٠
٢-٣٢- ١ کەرکووک و بەعەرەبکردن....................................................٢٦١
٢- ٣٢- ٢ کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا............................................٢٦٣
٢- ٣٢- ٣ (عەدنان پاچەچی) تووڕە دەبێت..............................................٢٧٠
٢- ٣٢- ٣ سۆڤیەت: کێشەی کورد نێودەوڵەتییە و ئەمەریکا نا!...............٢٧٣
٢- ٣٢- ٤ ئەمەریکا: سیاسەتی عێراق نزیکە لە جینۆساید........................٢٧٥
٢-٣٢- ٥ ڕاپۆرتێکی گرنگی هۆلەندییەکان............................................٢٧٧
٢- ٣٢- ٥- ١ لێ سەندنەوەی ناسنامە.................................................٢٧٨

٢- ٣٢- ٥- ٢ تێکدانی گوندەکان........................................................٢٧٩
٢- ٣٢- ٥- ٣ کوردەکان بۆ خوارووی عێراق..........................................٢٨١
٢- ٣٢-٥- ٤ ئێزیدی و مەسیحییەکانیش بەر دەکەون.............................٢٨٢
٢-٣٢-٥- ٥ ئاشوورییەک ڕادەگوێزرێت.......................................................٢٨٤
٢- ٣٢- ٥- ٦ هەقیقەتی ڕاگواستن.......................................................٢٨٦
٢- ٣٢- ٥- ٧ نەتەوە یەکگرتووەکانیش زانیاری جینۆسایدیان هەیە.........٢٨٧
٢-٣٣ ئاوارە و کۆچبەر..................................................................٢٩١
٢- ٣٤ نەتەوە یەکگرتووەکان.............................................................٢٩٤
٢- ٣٥ ئاوارەکان، لە کارەساتدا دەژین..................................................٢٩٦
٢- ٣٦ کورد لە کەمپەکانی ئێران.......................................................٢٩٨
٢- ٣٧ بیرۆکەی دەرکردنی پارتییەکان لە بەریتانیا................................٣٠١
٢- ٣٨ کۆچ ........................................................................................٣٠٣
٢- ٣٩ کۆچ و هەڵوێستی بەریتانیا........................................................٣٠٦
٢- ٤٠ کۆنفرانسێک بۆ هاوکاری پەناهەندەکان.......................................٣١١
٢- ٤١ هۆکار و ئاکام و بڕیار.............................................................٣١٦
٢- ٤٢ ئاشتی مەترسیدار....................................................................٣٢١
٢- ٤٣ کۆنفرانسەکانی پارتی پێش شۆڕشی گوڵان..................................٣٢٣
٢- ٤٤ بەریتانیا دژی کۆنفراسەکەی پارتییە..........................................٣٢٧
٢- ٤٥ ئەنجام و پوختە و پێشنیار و پێشبینی.......................................٣٣١
٢- ٤٦ سەرچاوەکان...........................................................................٣٤١

# پێشەکی

بە شێوەیەکی گشتی بریکارەکانی دیپلۆماسی هەمیشە گرژییەکانی نێوان بەرەو پێشبردنی ئاشتی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەشیکاری گوتاری فەرمیی دیپلۆماسی دەوڵەتی "بەریتانیای مەزن" بەپشت بەستن بە ژمارەیەک ڕاپۆرت و نامەی نهێنی دیپلۆماسی کە بەرانبەر دۆزی کورد لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦١- ١٩٧٦دا ڕەنگدانەوەی سیاسەتی فەرمیی بەریتانیای مەزنن.

لەم چوارچێوە شیکارییەی گوتاری دیپلۆماسی بەریتانیا بەرانبەر (دەوڵەتی عێراق و ناکۆکی ناوەخۆیی کورد و هەڵوێستیان لەهەمبەر شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستاندا) بەدوای وردەکاریی و تێڕوانینی سیاسی و چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری و دروستکردنی ڕای گشتی و ئینجا بڕیاری دەوڵەت و دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکان و هەندێک تەوەرەی گشتی دەگەڕێین، دواتر شیکاری وشەسازیی، ئارگومێنت و مێتافۆری نێو ئەو دەقە نهێنیانە دەکەین کە پەیوەندیان بە تێڕوانینی ئەم وڵاتە بە کوردەوە هەیە. ئەمانە پێکەوە دەبنە بنەما و هۆکارێکی گرنگ و دیار بۆ شیکاری ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەی لەبارەی سیاسەتی بەریتانیا لەم ماوەیەکی دیاریکراودا وەکو دۆکۆمێنتی فەرمیی پارێزراون و ئێستاش لەلایەن (شەریف هەژاری) ئامادەکراوە و بڵاوکراونەتەوە.

لەکۆتایـدا هـەوڵ دەدەین چەندین پێشـنیار لـەم بوارە پێشـکەش بکەین، کـە ڕەنگـە ببنـە هانـدەر بـۆ بـاشتر تێگەیـشتن و شـیکردنەوە و دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەی گونجـاو بـۆ پەرەپێدانـی پەیوەندیـی بەرهەمهێنـەری بێلایەنـی متمانـەدار لەنێـوان بەریتانیـا و هەرێمـی کوردسـتان کـە هەنووکـە کیانێکـی دەسـتووری دانپانـراوی ناوەخۆیـی و نێودەوڵەتیشـە.

**هەڵبژاردنی ناوونیشان**

گوتـار هـەر تەنیـا قسـەکردن و گەیاندنـی پەیامێکـی ئاشـکرای زانـراوی هەسـتپێکراو نییـە، بەڵکـو بەکـردەوە کارکردنـە بـۆ بەدیهێنانـی کـردەی کارتێکـردن و پەیوەندیکـردن و وروژانـدن و جووڵاندنـی ئەوانـی دیکـە و بەدیهێنانـی ئـەو مەبەسـت و خواسـتانەی کاریـان بـۆ دەکرێـت. ئەمـەش لەڕاسـتیدا پەیوەسـتە بـە ڕاپەراندنـی (کردەیەکـی مەبەسـتدار).

بـواری فەرمیی پەیوەسـتە بـەو دۆکۆمێنتـە دیپلۆماسـیانەی ڕەنگدانەوەی هەڵوێسـت و تێفکریـن و داڕشـتنی بەرنامـە و پـڕۆژەی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی ئـەو وڵات و لایـەن و دامـەزراوە دیپلۆماسـیانەن کـە دەوڵـەت، یـان بزاڤـە سیاسـییە ڕەواکان بەرجەسـتەی دەکـەن و لەپێنـاو دروسـتکردنی گوتارێکـی بەکـردەوە هەنگاویـان نـاوە. واتـە بەڵگەنامـە دیپلۆماسـییەکان بەشـێکن لەگوتـاری فەرمیـی لایەنـە پەیوەندیـدارەکان."

بۆیــە ناومــان نــا "گوتــاری فەرمیــی "بەریتانیــای مــەزن" لەبــارەی شۆڕشــی ئەیلــوول لــە ١٩٦١-١٩٧٦". کــە بەکــردەوە ناوونیشــانەکەمان (گوتــار) و (فەرمیــی) و (بەریتانیــای مــەزن) و ( شۆڕشــی ئەیلــوول) و (کاتەکــە) لەخــۆ دەگرێــت. واتــە ڕوونــە دەمانەوێــت شــیکاری گوتــارە فەرمییەکانـی لایەنێـک بەرانبـەر دۆزی سیاسـی و لایەنێکـی دیکـە لـەکات و ماوەیەکــی دیاریکــراودا بکەیــن.

## تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوە

کارمــان کــردەوە لەشــیکردنەوەی ئــەم بابەتانــە تیــۆری پراگماتیکــی (کــردە قســەیی) بەکاربهێنیــن، چونکــە لەکــردەوەدا دیپلۆماتــکارەکان لەڕێگــەی وشــە و ئاخاوتــن و گوتــار و بەکارهێنانــی زمــان و نووســینی نامــەی نهێنــی و ڕاپۆرتــە فەرمییەکانیــان کارێکیــان ڕاپەڕانــدووە، کــە بەکــردەوە نامــە و قســەکانیان وەکــو (بڕیــار و فەرمــان و ڕاپەڕانــدن و ئامۆژگاریـی و داواکـردن و ڕوونکردنـەوە و هانـدان و ساردکردنەوە و نمایش و بانگەشــە و ڕێــکلام و پڕۆپاگەنــدە.. تــاد) بەکارهــێنراوە. لــە کــردەوەدا پراگماتیــک شــیکاری بەکارهێنانــی زمــان دەکات و دیپلۆماتکارەکانیــش زمــان بــۆ گەیاندنــی پەیــام و گوتارەکانیــان بەکاردەهێنــن.

لەتــەک ئەوەشــدا پشــتمان بــە تیــۆری (بێلایەنبــوون) بەســتووە، کــە وڵاتــە گــەورەکان بەنــاوی خۆپــاراستن و تێکــەڵ نەبــوون و تێوەنــەگلان، یــان بەنــاوی دەســتوەرنەدان لەکاروبــاری نێوەخۆیــی پەیڕەویــان کــردووە، کــە لەکــردەوەدا ئــەم تیــۆرە بریتییــە لــە کــردەی (پشــتگوێخستن و بایــەخ پــێ نــەدان و لایەنگیــری لایەنێــک لەســەر حیســابی لایەنێکــی دیکــە)، یــان بریتیــی بــووە لــە (کــردەی خــۆ دوورگرتــن و بانگەشــە بــۆ خۆدوورگرتــن و ســاردنەوەی هەندێــک مەبەســتی سیاســی و پاڵپشــتی دۆســتەکانیان و بەکارهێنانــی دۆخــەکان وەکــو کارتێکــی سیاســی و فشــار و شــاردنەوەی هەقیقــەت).

## سەرچاوە و کێشە

یەکێک لەو سەرچاوانەی لە شیکردنەوەی ئەم ناوونیشانە بەکارم هێناوە (جوڵانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٦ لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا)یە. لەتەک ئەوەشدا نەم ویستووە وەکو بابەتێکی مێژوویی و لەڕێگەی سەرچاوەیی مێژووی شیکاری هەموو ئەو زانیاریی و نامە نهێنی و بۆچوونانە بکەم کە لەنێو بەڵگەنامە بەریتانییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

شیکردنەوەی پراگماتیکی وەکو سەرچاوەیەکی زمانەوانی بۆ شیکردنەوەی گوتاری ئەم بەڵگەنامانەم بەکارهێناوە. لێرەدا بەڵگەنامەکان خۆیان سەرچاوەن بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم بابەتەی دەمەوێت لێیان بکۆڵمەوە. من لایەنگیریی هیچ یەکێک لە هەلومەرج و لایەن و بابەتێک نیم، من وەکو پسپۆڕێکی بێلایەن لەو شتانە دەنۆڕم کە لەڕابردوو ڕوویانداوە، یان نووسراون. گوتار لەکردەوەدا راپەڕاندنی مەبەستە دیار و نادیارەکانە.

## سوودی ئەم لێکۆڵینەوە

ئاشـــکراکردنی مەبەســـتە شـــاراوە و نهێنییەکانـــی ئـــەو نامـــە نهێنییـــە دیپلۆماسـیانەیە کـە بەریتانییـەکان لەماوەیەکـی دیاریکـراو لەبـارەی دۆزی نەتەوەیـی کـورد و شۆڕشـی ئەیلـوول بەکاریـان هێنـاوە.

سـوودی ئـەم لێکۆڵینـەوە دەرچوونـە لـە شـێوازە کـۆن و کلاسـیکییەکان، ناسـین و لێکدانـەوە و پێشـنیارە، دەکرێـت لـە ئاینـدەدا بـۆ تێگەیـشتن و دارشـتنی پەیوەندییە دیپلۆماسـییەکان لەگەڵ بەریتانیا سـوودی لێوەبگیرێت. بـاشتر لـە کاریزمـای کـورد لەرێگـەی کەسایەتی (مستەفا بارزانـی) بگەیـن.

دەردە کـورد و ناکۆکـی ناوەخۆیـی چەنـدە کاریگەریـی لەسـەر دروسـتکردنی بۆچـوون و تێڕوانیـن و بیرکردنـەوەی بێگانـە و دیپلۆماتـکارە بیانییـەکان لەبـارەی کـورد هەیـە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەدوو بەش پێکدێت:

**یەکەمیـان:** لایەنـی تیۆریـی و هەندێـک پێشـینەی مێژوویـی لەبـارەی پەیوەندیـی کـورد و بەریتانیـا و بوونـی کـورد لـە بەریتانیـا و کاری دیپلۆماسـی و تیـۆری بێلایەنیـی لـەکاری دیپلۆماسـی دەگرێتـەوە.

**دووەمیـان:** بریتییـە لـە شـیکردنەوەی زمانەوانـی و پراگماتیکـی ئـەو بەڵگەنامـە نهێنییـە بەریتانیانـەی لەبـارەی کـوردەوە نـووسراون. ئـەم بەشـەمان بەپێـی ڕووداوەکانـی نێـو بەڵگەنامـەکان دابەشـی چەنـد تەوەرەیەکـی سـەرەکی گرنـگ و سـەرەکی کـردووە. لەوانـە:

ئاشـتی مەترسـییە، هەڵوێسـتی فەرمیـی بەریتانییـەکان، ڕۆژنامـە و فشـار، نـەوت و کەرکـووک، مسـتەفا بارزانـی، جینۆسـاید، پەناهەنـدە و ئـاوارەکان، ناکۆکـی نێوەخۆیـی کوردیـی و تـرس لـە کۆنفرانسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئەوروپـا.

# بەشی یەکەم

# لایەنی تیۆریی و پەیوەندی کورد و بەریتانیا

**١-١ کورد لەبەریتانیا**

کـورد لـە (شانشـینی یەکگرتـوو/ بەریتانیـای مـەزن (بـە کورتییەکـەی بـەم جۆرەیـە: کوردانـی شانشـینی یەکگرتـوو، ئاماژەیـە بـۆ ئـەو کەسـانەی بەرِەچەڵــەک کــوردن و لــە بەریتانیــا لەدایکبــوون، یــان لــەم وڵاتــە نیشــتەجێن. بەپێــی زانیارییــە مێژووییــەکان کــورد بــۆ یەکەمجــار لــە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا بـە ژمارەیەکـی زۆر گەیشـتنە بەریتانیـا، زۆربەیـان لـە ناوچـە جێناکۆکەکانـی کوردسـتانەوە (عێـراق، تورکیـا، ئێـران و سـوریا) هاتـوون، بەشـێکی زۆربەیـان لەبـەر زوڵـم و چەوسـانەوە هەڵهاتــن. دیمۆگرافــی قەبــارەی دانیشــتووان بەگوێــرەی وەزارەتــی پێکهاتــەکان و حکومەتــی خۆجێــی، بــە پشــتبەستن بــە ســەرچاوەیەکی بـی بـی سـی، کۆمەڵگـەی کـورد لـە بەریتانیـا لـە سـاڵی ٢٠٠٢ نزیکـەی ٥٠ هــەزار کــەس بــووە، لەنێویانــدا کــوردی عێــراق گەورەتریــن گــروپ پێکدەهێنــن. کــورد لەسەرانســەری بەریتانیــادا نیشــتەجێبوون، لەوانــەش لــە شــارە گەورەکانــی وەک لەنــدەن، بیرمینگهــام، مانچســتەر، لیــدز و گلاســکۆ. بەکارهێنانــی زمانــی کــوردی یەکێــک نییــە لــەو وەڵامــە پێشـوەختە دیاریکراوانـەی (تیـک بۆکـس) لەبـارەی پێناسـەی نەتەوەیـی لەبـاری سـەرژمێری بەریتانیـا دەپرسـێت، بـەڵام وەڵامـدەرەوەکان توانـای ئەوەیـان هەیـە بـە نـاوی خۆیـان کـە حەزیـان لێیـە بـەو زمانـە قسـە بکـەن و بنووسـن. لـە سـەرژمێری سـاڵی ٢٠١١دا ژمـارەی ئـەو کەسـانەی بــە زمانــی "کــوردی" دەنووســن لــە ئینگلتــەرا ٤٧٨٧١ کــەس بــووە، لــە وێڵــز ١١٠٦ کــەس بــوون، هەروەهــا ٨٤٤ لــە ســکۆتلەندا توانــای نووسـینیان بەکـوردی هەبـووە و ٢٠ کـەس لـە ئێرلەنـدای باکـوور هەمـان

توانیـان هەبـووە. ژمـارەی ئـەو کەسـانەی لـە ئینگلتـەرا و ویڵـز بـە زمانـی کـوردی وەک زمانـی سـەرەکی خۆیـان قسـە دەکـەن بـە ٤٨ هـەزار و ٢٣٩ کــەس تۆمــار کــراون لــە ســکۆتلەندا ژمــارەی ئــەو کەســانەی بەکــوردی دەئاخڤــن ٩٢٤ کــەس بــووە.

واتــە: بوونــی کــورد لــە بەریتانیــا گرنگــە و ئــەم ژمارەیــە لەزیــاد بوونــە و کــورد لەوێــدا بەڕێژەیەکــی بــەرز بایــەخ بەبەکارهێنانــی زمانــی کــوردی دەدەن و پێــی دەخوێنــەوە و دەنووســن و قسەشــی پــێ دەکــەن.

## ٢-١ بەریتانیا و کورد

بەپێویستی نازانم زۆر قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم، چونکە لەڕووی مێژووییەوە لە زۆر شوێن لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەکادیمی لەبارەوە کراوە، باش و خراپ لەبارەی پەیوەندیی ئینگلیز و کورد قسەیان کردووە. ئەو زوڵمەی لەسایەی ئینگلیز لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو لە کورد کراوە و دواکەوتوویی کورد لەچۆنیەتی پێشوازیی لە ئینگلیز بۆ گەیشتنە مافە نەتەوەییەکانی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و دەیان باس و بابەتی دیکە. لێرە بەشێکی ئەو وتارەی (پیتەر سلۆگلێت) بەکار دەهێنمەوە، کە ساڵی ١٩٧٦ لە لەندەن لە چاپخانەی ئیتاکا، بە کتێب لە لاپەڕە ١٨٢-١٩٤ بڵاوی کردۆتەوە و دەڵێت:

لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦، سێ ڕۆژ دوای تێپەڕانی پەیماننامەی ئینگلتەرا- عێراق، دیبەیتێک لە ژووری نوێنەران لەسەر جێبەجێکردنی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی میحوەری تا ئەو ڕادەیەی کاریگەری لەسەر ناوچە کوردنشینەکانی عێراق هەبوو بەڕێوەچوو: سەرۆک وەزیران(عەبدولموحسین ئەلسەعدون) بە شێوەیەکی دەوری ڕایگەیاندبوو: بەڕێزان ئەم میللەتە ناتوانێ بژی، تا مافەکانی خۆیان بە هەموو توخمە عێراقییەکان نەدات. چارەنووسی تورکیا دەبێ وانەیەک بێت بۆ ئێمە و نابێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سیاسەتەی پێشتر حکومەتی عوسمانی پەیڕەوی کردبوو، پێویستە مافی کورد بدەین. بەرپرسەکانیان لەنێو ئەوانەوە بن: زمانیان زمانی فەرمیی ئەوان بێت و منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا بە زمانی خۆیان فێربن. ئەرکی ئێمەیە دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەموو توخمەکاندا بکەین، جا مووسڵمان بێت یان ناموسڵمان و مافەکانیان پێ بدەین.

تـا کاتـی دانووسـتانەکانی سـاڵی ١٩٣٠ بەکـردەوە هیـچ شـتێک لەلایـەن هیـچ حکومەتێکـی عێراقـەوە نەکرابـوو بۆئـەوەی کـورد قەناعـەت پـێ بـکات کـە کێشـەکانیان بـە هاوسـۆزییەوە لەبەرچـاو دەگیرێـن، چ جـای چارەسـەرکردنی چالاکانـەی کێشـەکان. تەنیـا شـەش سـاڵ بـوو، پـرۆژەی کوردسـتانێکی ئۆتۆنۆمـی پێشـکەش بـە کـورد کرابـوو، بەپێـی مەرجەکانـی پەیمانـی سـیڤەر: لەسـاڵی ١٩٢٦دا سیسـتمێکی تایبـەت و ئۆتۆنۆمییەکـی سـنووردرایان پێشـکەش دەکـرا: تەنانـەت تاکـو سـاڵی ١٩٣٠ ئەمەیـش بچـووک کرابـووەوە. لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٢٦ بـە گشـتی بێدەنگـی باڵـی بەسـەر بارودۆخـی ناوچـە کوردنشـینەکان کێشـابوو. بەردەوامـی ئـەو دۆخـە ئاشـتیوانەی هەبـوو، بەشـێکی پەیوەسـت بـوو بەنیازپاکـی شـێخ مەحمـود، هەروەهـا بـە دابینکردنـی جۆرێـک لـە ئیـدارەی ناوەخۆیـی کـە بەگشـتی لای کـورد قبوڵکـراو بێـت، لەهەمـان کاتیشـدا زۆر نزیـک نەبێتـەوە لـەو جـۆرە سـەربەخۆییە ناوخۆییـەی کـە دەسـەڵاتدارانی بەغـدا تـوڕە بـکات. پەسـەندکردنی زمانـی کـوردی بـۆ مەبەسـتی فەرمیـی و دادوەری و پەروەردەیـی و دامەزراندنـی بەرپرسـانی ناوخۆیـی، لەلایـەن زۆربـەی کوردەکانـەوە شـتێکی خـواستراو بـوو، هەرچەنـدە هەندێکیـان پێیـان باشتربـوو بـۆ ڕێکخسـتنەوەی ناوچـە کوردییـەکان لەنێـو یـەک قـەوارەی کارگێـڕی لەژێـر دەسـتی ئەفسـەرێکی سەرپەرشـتیاری بەریتانیـادا کارەکان بەڕێـوە بچێـت.

واتـە: لـە شـیکردنەوەی ئـەم زانیارییـە مێژووییـەدا کـە (پیتـەر سـلۆگلێت) لـە بابەتەکەیـدا ئامـاژەی پێکـردووە عێـراق و کـورد و

بەریتانیـــا لـــە بـــێ متمانەییـــدا دەژیـــن، چونکـــە:

**یەکەم:** عێراق دان بەوەدا دەنێت؛ نابێت ئەزموونی خراپی تورکیا لە عێراق بەرامبەر کوردەکان دووبارە بکرێتەوە و پێویستە مافەکانیان دابین بکرێت.

**دووەم:** مافەکانیـان بریتییـە لـە ئیـدارەی ناوەخۆیـی و زمانـی فەرمیـی کـورد لـە ئیـدارە و پـەروەردە و دادگا و دامەزراندنـی کـوردەکان لـە بەڕێوەبردنـی ناوچەکانـی خۆیـان.

**سێیەم:** ئیـدارەی سـەربەخۆی کـوردی نابێـت بگاتـە شـوێنێک سـنووری تووڕەبوونی دەسـەڵاتدارانی بەغدا ببەزێنێت. واتە مافەکانی کورد سـنووردارە.

**چـوارەم:** هەندێکیـش پێیـان باشتربـوو بـۆ ڕێکخسـتنەوەی ناوچـە کوردییـەکان لەنێـو یـەک قـەوارەی کارگێـڕی لەژێـر دەسـتی ئەفسـەرێکی سەرپەرشـتیاری بەریتانیـادا کارەکان بەڕێـوە بچێـت. ئـەم بیرۆکەیـە دەبـووە هـۆکار بـۆ ئـەوەی کـوردەکان پتر پارێـزراو بـن و لـە ئینگلیـزەکان نزیـک بـن. واتـە بۆچوونـی کـوردی جیاوازیـش لـەم بۆچوونـە هەبـووە. ئەمـەش لەکـردەوەدا بـە (نەبوونـی سیاسـەتی یەکگرتـووی کـوردی) وەسـفکراوە.

لـە بەغـدا دوو بۆچـوون و فیکـر لەسـەر کاروبـاری کوردسـتان و کـورد هەبـوون، کـە خـۆی لـە بۆچوونـی عەرەبـەکان و ئینگلیـزەکان دەنوانـد. وەزیـر و بەرپرسـە عەرەبـەکان لـەو وەزارەتانـەی زۆرتریـن پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆیان بـە ناوچـە کوردییەکانـەوە هەبـوو لەوانـە (بەگشـتی پـەروەردە و داد و ناوخـۆ) مەیلیـان هەبـوو کێشـەی کـورد لەبنەڕەتـدا ڕەت بکەنـەوە، ئەمانـە بەپەرۆشـەوە بیریـان لەلاوازکردنـی یەکێتـی نەتەوەیـی دەکـردەوە. لای خۆشـیانەوە ڕاوێـژکاران و وەزیـر و

بەرپرسەکانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە بە ئەنقەست چاوپۆشی لەخواستە ڕەواکانی کورد دەکەن. ڕاستییەکەی کێشەکە هەر وەکو خۆی مابۆوە، لەبەرئەوەی ئەو بەڵێنانەی درابوون، کورد چاوەڕێی جێبەجێکردنیانی دەکرد، بەڵام هیچ هەنگاویان بۆ نەنرابوو، بێگومان کێشەوگرفت بەتایبەتی لەبواری بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەروەردە هەر درێژەی هەبوو: ئەدەبیاتی نووسراو کەم بوو، دەبوو کۆمەڵێک کتێبی قوتابخانە تەواو بکرێن. زمانەکە بەسەر کۆمەڵێک زاراوەدا دابەش ببوو کە تاڕادەیەک جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندا هەبوو، بەڵام وەک (لیۆنێل سمیس) تێبینی کرد، دەتوانرێت بەسەر ئەم جۆرە کێشانەدا زاڵ ببین، ڕاستە زمانی کوردی ستاندارد نییە، بەڵام دەکرێت ستانداردی بکەین و پێشنیاری کرد دوو بەشەناوخۆیی لەناوچەکەدا دروست بکرێت و یەکێکیان لە هەولێر و ئەوی دیکەیان لە سلێمانی، کە زمانی بنەڕەتی فێرکاری تێدا زمانی کوردی بێت، بەڵام زمانی عەرەبیشی تێدا بخوێندرێت بۆئەوەی قوتابیان بتوانن لە خوێندنی باڵا بچنە دامەزراوەیەکی عەرەبی- مامناوەند. لەبەرامبەردا وەزیری ناوخۆ (عەبدولعەزیز ئەلقەساب) تێبینی ئەوەی کرد، هەرچەندە لەهەندێک قوتابخانەدا زمانی کوردی دەوترێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئێجگار کەم سوودی گەیاندووە، تەنانەت دایک و باوکەکانیش بە جۆش و خرۆشەوە نەبوون بۆ خوێندن و فێربوون بەزمانی کوردی. ئەمە قسە تۆمارکراوەکانی (پیتەر سلۆگلێت)ە و پێمان وایە دەکرێت لێرەدا بەکورتی سەرنجەکانمان لەم خاڵانە کورت بکەینەوە:

**یەکـەم:** بیانـووی زمانـی کـوردی سـتاندار نییـە، کێشـەیەکی گەورەیـە لەبـەردەم بەکارهێنانـی زمانەکـە لـە خوێنـدن و پـەروەردەدا.

**دووەم:** بەرپرسـە عێراقییـەکان دەیانەوێـت نیشـانی بـدەن خانـەوادە کوردییـەکان و واقیعـی زمانـی کـوردی لەگـەڵ ئـەوە نیـن و شـیاوی بەکارهێنـان نییـە لـە پـەروەردەدا.

**سێیەم:** بەرپرسە بەریتانییەکان بەئاسانی چارەسەری ئەم گرفتەی زمانیـان کـردووە و پێیـان وابووە دەتوانرێت زمانی سـتاندار دروسـت بکرێت.

**چـوارەم:** دوو بەشـی ناوەخۆیـی بـۆ پەرەپێدانـی خوێنـدن بەزمانـی کـوردی و لەتەکیشـیدا خوێندنـی عەرەبـی دەکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی کـورد بتوانـن لەڕێگـەی خوێندنـی عەرەبـی بتوانـن خوێندنـی بـاڵا بخوێنـن.

(پیتـەر سـلۆگلێت) لـە بەشـێکی دیکـەی کتێبەکەیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە: بەرپرسـە عێراقییەکـە پێشـنیاری کـرد بـە هێمنـی فەرمانێـک دەربـکات سـەبارەت بـە قوتابخانەکانـی لیـوای مووسـڵ، کە کتێبـی خوێندنی عەرەبـی بەکاربهێنرێـت، چونکـە بـاشتر داڕێـژراون و گونجاوتـرن بـۆ فێرکردن و لـە هـەر شـوێنێکیش قوتابییـەکان لـە عەرەبییەکـە تێنەگەیشـن پێویسـتە مامۆسـتا ڕوونکردنـەوە و زانیاریـی و وەرگێڕانیـان بەزمانـی کـوردی بـۆ بکات و پێـی وایـە ئەمـەش دەبـووە هۆکارێـک بـۆ ئـەوەی هیـچ جەنجاڵییـەک لەسـەر ئـەم بابەتـە دروسـت نەبێـت.

لــە درێــژەی ئــەم بابەتــەدا نووســەرەکە دەنووســێت: ئەســتەمە بتوانرێــت هــەر جــۆرە سیاســەتێکی یەکگرتــووی کــوردی لەلایــەن فەرمانــڕەوا و فەرمانگــەی کۆلۆنیالیزمــەوە تــا ســاڵی ١٩٣٠ قبــوڵ

بکرابایــە، ئەمــەش بــووە بــە ناوەڕۆکــی ئــەو سیاســەتەی کــورد وەک ئەنــدام و بەشــێکی یەکگرتــوو لەســەرتاپای دەوڵەتــی عێــراق لێــی بڕوانرێــت. لەمــاوەی چــوار ساڵی نێــوان ســاڵانی ١٩٢٦ بــۆ ١٩٣٠ (شــێخ مەحمــوود) لــەڕووی تەکنیکییــەوە لــە عێــراق دوورخرابــووەوە، ناوبەنــاو دیــدار و نامەنووســی لەگــەڵ سەرپەرشــتیاری کارگێــڕی ســلێمانی و ڕاوێــژکاری وەزارەتــی ناوەخــۆ و ســکرتێری ڕۆژهــەڵات لــە کۆمیســاری بــاڵا ئەنجــام دەدا و بەفەرمیــی دەســەڵاتدارانی بەریتانیــا پێداگرییــان لەســەر ئــەوە کردبــو، تەنیــا (ملکەچبــوون)ی نافەرمیــی بــۆ شــا فەیســەڵ و بەڵێننامەیــەک بــۆ ژیانــی ئاشــتیانە لــە دیــوی فارســی میحوەرەکــەدا، پێداویســتی عێــراق و بەریتانیــا جێبەجــێ دەکات. لەهاوینــی ســاڵی ١٩٢٧ شــێخ مەحمــوود هاتــە بەغــدا و بــەم مانایــە بەڵێنێکیشــی دا کــە کــوڕە گەورەکــەی بابــا عەلــی ڕەوانــەی کۆلێــژی ڤیکتۆریــا لــە ئەســکەندەریە بکرێــت. دەبــوو ڕێگــەی پــێ بدرێــت چێــژ لەداهاتــی موڵکەکانــی لــە عێــراق وەربگرێــت، بــە مەرجێــک، دیســانەوە نەچێتــە نــاو وڵاتــەوە. لەگــەڵ ئەوەشــدا لەمانگــی یەکــی ســاڵی ١٩٢٨دا بەرپرســی ســلێمانی ڕاپۆرتــی نووســی و تێیــدا ئامــاژە بــەوە دەکات؛ شــێخ مەحمــوود بەنیــازە گەشــتێکی درێژخایــەن لەنێــوان جافەکانــی دیــوی عێراقــەوە ئەنجــام بــدات و بــە درێژایــی ئــەو بەهــارە زۆرجــار لەســەر خاکــی عێــراق لەگەڵ سەرپەرشــتیاری کارگێــڕی ناوەخۆیــی و موتەســەریف کۆبوونــەوەی هەبــووە. هیــچ فشــارێکی دژ نیشــان نــەدرا تاکــو دوای ســێ هەفتــە ئــاگادار کرایــەوە کــە نابێــت لــە سیاســەت نزیــک ببێتــەوە و بیریــان هێنایــەوە کــە دەبێــت لــە سیاســەت دوور بکەوێتــەوە.

دەنووسـێت: تاکـو بەهـاری سـاڵی ١٩٢٧ حکومەتـی عێـراق هیـچ نیشـانەیەکی جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـەی (عەبدولموحسـین) دایبـوو نیشـان نەدابـوو، (بۆردیڵـۆن) گلەیـی لـە سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق کـرد، هیـچ نیشـانەیەکی جێبەجێکردنـی بەڵێنـەکان بەرانبـەر کـورد نییـە، بەڵێنەکانیـش پەیوەندیـان بـە (مامەڵەکـردن لەگـەڵ یاسـا و کتێبـی خوێندنـی قوتابخانـەکان هەبـوو)، هەروەهـا هیـچ پێشـکەوتنێک لەبـارەی هێڵـی ئاسـنی لەنێـوان کەرکـووک و سـلێمانی نەبـووە، بۆیـە پێدەچێـت حکومـەت بیـری لـەوە کردبێتـەوە بـاشترە واز لەپابەنـدی بـە بەدیهێنانـی بەڵێنەکانـی بەرانبـەر کـورد بهێنـن. (ئێدمۆندز)یـش تێبینـی ئـەوەی کـرد کـەس نکۆڵـی لـەوە نـاکات لـەڕووی پراکتیکییـەوە چارەسـەری کێشـەی کـورد بـە زەحمەتـی بەڕێـوە دەچێـت.

بـەم شـێوەیە، کاتێـک تەحـەدای ئـەوە کرا کـە مامۆسـتا لـە قوتابخانەکان لـە کوردسـتاندا نییـە و وەزارەتـی پـەروەردەش وەڵامـی دایـەوە کـە پیـاوی شایسـتە لەبەردەسـتدا نییـە، (ئێدمۆندز)یـش ئامـاژەی بـەوەدا هیـچ یەکێـک ڕاهێنانیـان پێناکرێـت و بەهەمـان شـێوە کتێبـی خوێنـدن بـۆ قوتابخانـەکان دابیـن نەکـراوە. دوای ئـەوە ورده ورده جۆرێـک لەجووڵـە دەسـتی پێکـرد و لەنیسـانی سـاڵی ١٩٢٩ بەشـێک لـە نوێنەرانـی بوێـری کـورد، لەوانـە (ئیسماعیـل ڕەوانـدوزی) و (جەمیـل بابـان لـە هەولێـر) و (حـازم بـەگ لەمووسـڵ) و، (موحەمـەد بەگـی جـاف لـە کەرکـووک) و (موحەمـەد سـاڵح و سـەیفوڵڵا خەنـدان لـە سـلێمانی) لیسـتێکی فەرمیـیـان پێشـکەش بـە حکومـەت کـرد و سـکاڵاکان بـۆ سـەرۆک وەزیـران بـوو، ئـەوان گلەیـی ئەوەیـان کـرد کـە هیـچ پێشـکەوتنێکی بەرجەسـتە لەسـەر پێشـنیارەکانی

کۆمیسـیۆنەکە بـەدی نەهاتـووە، بـە تایبەتـی ئاماژەیـان بـە نەبوونـی ئیمکاناتـی پەروەردەیـی لـە ناوچەکـەدا کردبـوو، نـەک تەنیـا بـە زمانـی کـوردی، بەڵکـو بـە گشـتی دابینکردنـی قوتابخانـە و مامۆسـتایان لەوپـەڕی خراپـی دایـە. ئـەوان زیاتـر پێشـنیاریان کـرد دهۆکیـش ببێتـە لیـوای کوردیـی و ناوچـە کوردییەکانـی مووسـڵ لـە ئاکـرێ و ئامێـدی و زێبـار و زاخـۆ و دهـۆک لەخـۆ بگرێـت و ئیـدارەی سلێمانی، کەرکـووک و هەولێـر و دهـۆک لەژێـر فەرمانـی سەرپەرشـتیارێکی گشـتیدا بـن بـە سـەرۆکایەتی کوردێکـی بەڕێـز. لەبەشـێکی دیکـەی بابەتەکەیـدا دەبێژێـت: "خواسـتی لامەرکـەزی لـە کوردسـتاندا نزیکـە لـە سـەرتاپایی" و "لەتـەک داوای ئـەوەی دهـۆک ببێتـە لیـوا، داواشـیان لەسـەرۆک وەزیـران کـردووە هەنـگاوی پراکتیکـی بەپەلـە بـۆ چارەسـەری کێشـەی کەمـی تواناکانـی پـەروەردە لەناوچەکـە بنێـت و دواتریـش (کۆرنوالیـس و ئێدمۆنـدز) نامـە و تێبینـی خۆیـان لەبـارەی پرسـی کـورد بـۆ (ڕێزیدەنسـی) نـاردووە و جەختیـان لەسـەر ئـەو زانیاریانـە کردۆتـەوە کـە ئامـاژە بـە ڕێگرییەکانـی وەزیـرە یـەک لـەدوای یەکەکانـی پـەروەردەی عێـراق دەدەن، سـەرباری ڕەخنـەی توندیـان لەبارەی بەڕێوەبەرایەتـی پـەروەردەی مووسـڵ کـە زۆر تونـدە دژی کـورد".

لەتـەک ئامـاژە کـردن بـە خەونەکانـی کـورد و ئـەو بڕیارانـەی لـە پەیماننامـەی سـیڤەردا هەبـووە، بەریتانییـەکان ڕاشـکاوانە ئامـاژە بـەوە دەکـەن جۆرێـک لـە بـێ ئومێـدی سـەبارەت بـە حکومەتـی عێـراق بـۆ جێبەجـێ کردنـی مافەکانـی بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی لـە ناوچـە کوردییـەکان هەیـە، ئەمـەش لەکاتێکدایـە، عێـراق وەکـو دەوڵەتێکـی نـوێ لەژێـر فەرمـان و کۆمیتـەی هاوبەشـی بەریتانـی و عەرەبـی بەڕێـوە

دەچێت. نووسەری ئەم بابەتە دەنووسێت: "ئەو داواکارییەی وەکو پێشنیار داوای حکومەتێکی سەربەخۆی کورد دەکات، ڕەتکراوەتەوە، بەڵام بانگهێشتی هاوکارییان کرد بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی ئەو ڕێوشوێنە یاسایی و کارگێڕیانەی بۆ دەستەبەرکردنی پۆستەکان بۆ کورد دارێژرابوون، پێویستە بە پەلە بەشێوەیەکی دروست بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە".

ئەمەش لەکردەوەدا "دەسەڵاتدارانی بەریتانیای خستۆتە دۆخێکی پڕ لەشەرمەزاری، چونکە پێشتر هیچ ئاماژەیەکیان بەخراپی دۆخی کوردستان نەکردبوو، کەچی ئێستا (١٩٣٢) کە دەبێت لە عێراق بکشێنەوە ئەگەری ڕاپەڕینێکی چەکداریش لەئاراد بووە. لێرەدا عێراق و بەریتانیا ناکۆک بوون لە چۆنیەتی باسکردنی کێشەی کورد، عێراق پێی وابوو بەریتانییەکان هەڵەن و ئەوانیش پێیان وابوو ئەوە ئەنجامی وەرنەگرتنی ڕێنمایی و هەنگاوی جددیی بەدیهێانی مافەکانی کوردە لەلایەن عێراقەوە. عێراق بە ناکارامە دادەنرێت".

لە ڕێگەی ئەو زانیارییە پراگماتیکی و شیکردنەوە مێژووییەی ڕووداوەکان کە لەلایەن (پیتەر سلۆگلێت) کراوە بەکورتی دەگەینە ئەو ئەنجامەی:

**یەکەم:** ئەمە کورتەیەکی ئەو هەڵوێستەیە کە بەریتانیا لەبارەی کورد و دواڕۆژی عێراق دروستی کرد، عێراق وەکو دەوڵەتێکی ناکارامە تاکو ئێستاش بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کورد درێژەی هەیە و گوناهی ئەم زوڵمە مێژووییەی لە کورد دەکرێت لەئەستۆی ئینگلیزەکانە و ئەم ستەمە لەزۆر کات و مێژووی جیاوازیشدا دووبارە دەبێتەوە.

**دووەم:** هاوشـێوەی ئـەم ناکارامەییـە، ڕووداوەکانـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر و داگیرکردنــەوەی کەرکــووک لەلایــەن حەشــد و هێــزە عێراقییــەکان، بەهــاوکاری ئێــران و پەیوەنــدی ژێربەژێــری (بەرپرســانی یەکێتــی نیشــتیمانی کوردســتان) و تەســلیمکردنەوەی نیــوەی جوگرافیــای هەرێمـی کوردسـتان بـە عێـراق پەیوەندیـی بـە هەڵوێسـت و تێڕوانیـن و گلۆپــی ســەوزی بەریتانیــا دژی بەرژەوەندییــە نەتەوەییەکانــی کوردســتانەوە هەیــە.

لـەم بابەتـەی پەیوەنـدی بـەم لێکۆڵینـەوە هەیـە، ئـەم پەراگرافـە لـە بۆچـوون و زانیارییەکانـی نێـو کتێبـی (بـۆ مێـژووێ) (سـەرۆک مەسـعود بارزانـی) وەردەگـرم کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنییـان بـە بۆچـوون و هەڵوێسـتی دیپلۆماســی (بەریتانیــا و ئەمەریــکا) هەیــە و ئــەو نووســیوویەتی: "دەمــەوێ لێــرەدا باســی ڕۆڵــی نێگەتیڤــی دوو دیپلۆماتــکاری بەریتانیــی و ئەمەریکایــی بکــەم. لــەدوای ئــەوەی لــە ٧ی حوزەیرانــی ٢٠١٧ بڕیــاری ئەنجامدانــی ڕیفرانــدۆم درا، (فرانــک بەیکــەر)، باڵوێــزی بەریتانیـا لـە عێـراق، لەسـەرەتاکاندا بەرانبـەر ئـەو بابەتـە کـراوە بـوو، باسـی هەماهەنگـی و هاوکاریـی وڵاتەکەیـی و کوردسـتانی دەکـرد لـە قۆناغەکانـی داهاتـوودا، بـەڵام لـە کۆتاییەکانـدا ئـەو ڕۆڵێکـی زۆر خراپـی لــەدژی کوردســتان گێــڕا و ئــاگاداری زۆر لــە فیتنەگێــڕی و پیلانگێڕیــی نهێنییــەکان بــوو لــە دژی کوردســتان و دەستیشــی تێــدا بــوو. (دۆگڵاس ســلیمانی) باڵوێــزی ئەمەریــکا لــە عێراقیــش ڕۆڵــێ زۆر خراپــی گێــڕا، هــەم لـە هاندانـی نەیارانـی کوردسـتان و هەمیـش لـە پێدانـی ڕاپـۆرت و زانیاریـی هەڵـە لەبـارەی کوردسـتان بـۆ واشـینگتۆن. (جەنـەڕاڵ پـۆڵ

فانک)یـش کـە فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی ئەمەریـکا بـوو لــە عێــراق و تــازە دەســتبەکار ببــوو، ڕۆڵێکــی نەرێنــی لەدژایەتیکردنــی ڕێفراندۆمــی گەلــی کوردســتاندا گێــڕا". (مەســعود بارزانــی، ٢٠١٠، ١١٠)

**ســێیەم:** ئــەو مافانــەی لەلایــەن کۆمیســۆنی نێودەوڵەتــی بــۆ کــورد دیاریکــراون لەلایــەن عێــراق جێبەجــێ نەکــراون.

**چوارەم:** داواکراوە دهۆک بکرێتە لیوایەکی سەربەخۆی کوردی.

**پێنجـەم:** خوێنـدن لـە مووسـڵ بەکـوردی نەبێت، تەنیـا لەکاتی پێویسـتدا مامۆسـتای کـورد زانیاریـی پێویسـت بە کـوردی بـە قوتابییـەکان بدات.

**شەشــەم:** بەریتانییــەکان عێــراق بــە بەرپــرس دەزانــن لەدواخســتنی جێبەجــێ کردنــی مافەکانــی کــورد و عێراقیــش بەریتانیــا تاوانبــار دەکــەن.

**حەوتـەم:** زانیارییەکانـی بەریتانیـا دروسـت و تـەواو نیـن لەبـارەی عێراق پێـش ئـەوەی لەسـاڵی ١٩٣٢ لەم وڵاتە بکشـێنەوە، بۆیە کـە گووتویانە ئارامە، کەچـی پێشـبینی ڕاپەڕینی چەکداریشـی لـە ناوچە کوردییـەکان کردووە.

**هەشـتەم:** داوایـان لـە (شـێخ مەحمـوود) کـردووە دەسـت لەکاروبـاری سیاسـی وەرنـەدات.

**نۆیــەم:** جارێکــی دی دەگەڕێمــەوە ســەر ئــەو زانیاریانــەی (ســەرۆک مەســعود بارزانــی) لــە کتێبەکەیــدا تۆمــاری کــردوون و ئامــاژە بــەوە دەکات، دوای هێرشــەکانی ١٧ ئۆکتۆبــەر و شــکانی هێرشــەکانی حەشــد و ســوپای عێــراق بەهــاوکاری ئێــران و حزبــوڵڵای لوبنانــی نووســیویەتی: "لەیەکــەم گــەڕی دانوســتاندا نوێنەرانــی هێــزە عێراقییــەکان و نوێنــەری ســوپای پاســداران و حیزبــوڵڵای لوبنانــی ئامــادە بــوون، لــە

دانوســتانەکاندا عێراقییــەکان بەپێــی قســە و فەرمانــی نوێنەرانــی ئێــران و حیزبــوڵڵا دەجووڵانــەوە. ئەمــە لــە ڕاســتیدا ئەوپــەڕی ســووکایەتیکردنی عەبــادی بــوو بــە ســەروەریی عێــراق کــە خەڵکــی بیانــی بێــت و بڕیــار لەســەر دیاریکردنــی هێڵەکانــی تەمــاس بــدات. بۆیــە بڕیــارم دا چــیتر تیمــی دانوســتکاری ئێمــە لەگەڵیانــدا دانەنیشــن". (مەســعود بارزانــی، ٢٠٢٠، ١١٧). ئەمــە لەکــردەوەدا (وێنــەی هەقیقــی ئــەو عێراقەیــە) کــە بەریتانییــەکان دروســتیان کــرد و دوای نزیکــەی یــەک ســەدە ئەمەریــکا داگیــری دەکات و بەڕێــوەی دەبــات و حوکمڕانەکانیشــی بڕیــار و فەرمــان و ئامۆژگارییــە پراگماتییەکانیــان بــە فەرمایشــت و هوشــداریی و فەرمانــی (بێگانــەی وەکــو ئێــران و حزبــووڵڵای لوبنانــی) وەردەگــرن.

**(دەیلی ستار): گوناهی ڕەسەنی بەریتانیا**

لەبارەی هەڵوێستی بەریتانیا ڕۆژنامەی (دەیلی ستار)ی بەریتانی لە ژمارەی ڕۆژی ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لەبارەی کوردەکانی سوریا بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و لەپێشەکی ڕاپۆرتەکەیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئەو خراپییەی بەریتانیا لەکۆنەوە لە دژی کورد ئەنجامی داوە و دەڵێت: «بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە چیرۆکی گوناهی ڕەسەن هەیە، ئادەم و حەوا بەشدارییان لەخواردنی میوەی قەدەغەکراو کردووە، لە نیعمەت دوور خرانەوە و بۆ هەمیشە لەباخچەکە دوورخرانەوە، هەمان گێڕانەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە گوناهی گەورەی دووەم، گوناهێکی بێ سنووری قێزەونترە و لە ئەنجامی کردەوەیەکی تاوانکاریی براکوژی ئیرەیی و تەماحکارانە بووە، ئەویش کوشتنی قابیلە لەدژی هابیلی برای، کە کردەی مردنەکە ڕەفتارێکی شەرمەزاریکەرە و بووەتە مۆتیڤێکی کۆن لەلێکۆڵینەوەکانی لاهوتی و گوتاری کۆمەڵایەتی و فیقهی و زانستی ئەدەبیدا. مێژووی مرۆڤایەتی بە مارکە ترسناکەکەی قابیل و لەسیناریۆ خوێناوییەکانی هەموو نەتەوە و هەموو کەشوهەوایەکدا بەشێوەیەکی گەورە نووسراوە. هێرشی دڕندانەی تورکیا بۆ سەر دانیشتوانی کوردی باکووری سوریا دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ هاوپەیمانی مانگی ئایاری ١٩١٦ی کۆبوونەوەی نهێنی ئینگلیز و فەرەنسی بۆ دابەشکردنی غەنیمەتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەشێوەیەک قسەکردن لەبارەی ئەو کوشتارگەیەی لە باکووری سوریا ڕوودەدات، یەکێکە لە گوناهە ڕەسەنەکانی بەریتانیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە

لـە ڕۆژهەڵاتـی نزیکـدا ئەنجامـی دا. (یەکێکـە لـە زۆرێـک لەگوناهـە هاوشـێوەکان لـە سەرانسـەری جیهانـدا). خاکەکانـی کشـمیر، سـۆماڵ، عێـراق، یەمـەن، ئەفغانسـتان و بۆرمـا.. تـاد، پێـش سـاڵی ١٩١٧ ئیمپراتۆریەتـی مانـدووی عوسمانـی خەریـک بـوو لـە سـوریا، فەلەسـتین ئـوردن و عێـراق و بەشـە بچووکەکانـی نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی دەسـەڵاتی لەدەسـت دەدا، ئیمپراتۆریەتەکـە دوا هەناسـەی خـۆی دەداو لـە ئەنجامـی بەشـداریکردنی پیـاوە نەخۆشـەکەی ئەوروپـا لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا و ئـەو لووتبەرزییـەی ئیمپراتۆریەتـەکان هەیانبـوو. (مـارک سـایکس و فرانسـوا جـۆرج پیکـۆ)، دیپلۆماتکارانـی بەریتانـی و فەرەنسـی بـە بۆنـەی سـەرکەوتن کۆبوونەوەیەکـی نهێنـی کلیپتۆمانیـای سـاڵی ١٩١٦یـان سـازدا بـۆ ئـەوەی ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی و جیهانـی عەرەبـی بخەنـە نـاو کایـەی کاریگەرییەکانیانـەوە"

کۆلۆنیالیـزم خەریـک بـوو دونیـای دەستەبەسـەردا دەگـرت، لەکۆتایـی سـەدەی ١٨ و ١٩دا بەشـێکی زۆری جیهـان بـە کۆلۆنیـی کـرا، بەریتانیـا و فەرەنسـا زیاتـر لـە ١٠٠ کۆلۆنییـان لـە سەرانسـەری جیهانـدا هەبـوو. جبـل طـارق، ڕۆژهەڵاتـی ئەفریقـا (مـیسر، سـودان، کینیـا)، باشـووری ئەفریقـا (ڕۆدێسـیا، زولولانـد، ناتـال)، ناوەڕاسـتی ئەفریقـا (لەوانـەش نەیجیریـا)، چەندیـن دوورگـە لـە کاریبـی، ئاسـیای ناوەڕاسـت و کیشـوەری بەشـی خـوارووی ئاسـیا (ئەفغانسـتان، برونێـی، بۆرمـا، هۆنـگ کۆنـگ، سـیلۆن)، بێگومـان هیندسـتان و کشـمیر، گەوهـەر/ مرواریيەکانـی موڵـک و ماڵـی ئیمپراتـۆری بەریتانیـا بـوون، بـۆ ناوهێنانـی چەنـد کەسـێک، کەوتنـە ژێـر هەژموونـی ئیمپراتـۆری بەریتانیـا. ئینگلیـزەکان لـە مەیلـی

خۆبەزلزانانەیانـــدا، ئـــەم موڵـــک وماڵانەیـــان وەک دەوڵەتـــی خۆیـــان. فەرەنســـاش جەزائیـــر و مەغریـــب و تونـــس و نێجریـــا و ماداگاســـکار و ڤێتنـــام و کەمبۆدیـــا و لاوس و کامیرۆنیـــای داگیـــر کـــرد. (ئەڵمانیـــا و بەریتانیـــاش هاوبەشـــن). بەریتانیـــا نـــەک هـــەر فەرمانڕەوایـــی جیهانـــی دەکـــرد، بەڵکـــو بەشـــانازییەوە بـــەوە دەکـــرد کـــە خـــۆر هەرگیـــز بەســـەر ئیمپراتۆریەتەکەیـــدا ئـــاوا نەبـــووە و ناشـــبێت.

واتـــە: کـــورد وەکـــو بەشـــێک لـــەم کۆڵۆنیالیزەکردنـــەی ئینگلـــزی ئەنجامـی داوە، بۆتـە قوربانـی و ئـەم قوربانییـە تاکـو ئەمـڕۆش درێـژەی هەیـە. کـورد قوربانـی تـورک بـووە، کـورد قوربانـی ڕێککەوتنـی بەریتانیـا و فەرەنســـایە.

### ٣-١ نەتەوەخوازی کورد

لەدرێـــژەی باســـی نیـــو کتێبەکـــەی (پیتـــەر ســـلۆگلێت) لەبـــارەی نەتەوەخوازیـی کـورد بەشـێوەیەکی سـادە و دوور لـە ئاڵۆزکردنـی واقیعـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و کەلتـووری دەنووسـێت: ناسـیۆنالیزمی کـوردی -- ئــەو بیرۆکەیــەی کــورد شایســتەی ســەربەخۆی خۆیەتــی لەبیــری خۆیـدا پـەرە پـێ دەدات و لەکۆتایـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا دەسـتی بـە گەشـەکردن کـرد. شـێخێکی کـورد لـە سـاڵی ١٨٨٠دا نووسـیویەتی: نەتـەوەی کـورد نەتەوەیەکـی جیـاوازە، ئێمـە دەمانەوێـت بابەتەکـە بخەینـە دەسـتی خۆمـان. لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتان لەلایـەن ئیمپراتۆریەتـی عوسمانـی و فارسـەوە کۆنترۆڵکرابـوو کـە کۆنترۆڵـی توندیـان بەسـەر کـورد و کەمینـە نەتەوەییەکانـی دیکـەدا سـەپاندبوو. لەجەنگـی یەکەمـی جیهانـی دا کـورد شانبەشـانی تورکـەکان شـەڕیان کـرد، بـەڵام شـەڕەکە بـۆ هاوڵاتیانـی مەدەنـی کوردیـش وێرانکـەر بـوو، نزیکـەی ٧٠٠ هــەزار کــورد لەلایــەن هێزەکانــی تورکیــاوە بــە زۆر لــە ماڵەکانیــان دوورخرانـەوە و پێدەچێـت ٤٠٠ هـەزار کەسـیش گیانیـان لەدەسـت دابێـت.

ئەمـە چیرۆکـی دەسـتپێکردنی پەیوەنـدی نێـوان کـورد و بەریتانیایـە، دەسـتپێکێکی ئاڵـۆز و ناخـۆش، ئـەوان وەکـو دەوڵەتێکـی مـەزن لـە قۆناغـە جیاوازەکانـدا هەمیشـە بەرژوەندییـە (ئابـووری و سیاسـییەکانیان) کردۆتـە پێوانـە لەهەڵبژاردنـی پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ عێراق و کورد، کە لەڕاسـتیدا مەسـەلەکە پەیوەندیـی بـە (عـەرەب و کـورد)ەوە هەیـە، نـەک دەوڵـەت. گوتـاری فەرمیی بەریتانییەکان لەم شـوێنە دەسـت پـێ دەکات، کە پێیان وایە کـورد: لـە نامەیەکـی نهێنـی کـە ئەفسـەری پەیوەندیی سـولەیمانی بـە نهێنی

لـە ٢٩ی نیسـانی ١٩٣٨ بـۆ سـەرۆکی هێـزی ئاسمانـی نووسـیویەتی:"قبوڵ ناکەیـن کـەس بەنـاوی عـەرەب یان کـورد یان ئاشـووری بەرپرس بێـت، گەلی عێـراق یـەک گەلـە،.... هتـد". (د. عـوسمان عەلـی، ٢٠١٣ ، ٢٢٧).

لەهەمـان کاتـدا (سـیجینگ پشـکنەری کارگێـڕی لیـوای هەولێـر) لـە ١٢ نیسـانی ١٩٣٠ ڕاپۆرتێکـی نهێنـی لەبارەی دروسـتکردنی کێشـە لەنێـوان کورد و عــەرەب و کــورد و ئاشــوورییەکان ئامــاژە بەهەندێــک زانیاریــی گرنــگ و جێگـەی بایـەخ دەکات و هاتـووە: "ئەگـەر توندڕەوە نەتەوەخوازەکانـی عـەرەب بـەردەوام بـن لـەوەی ئێسـتا دەیکـەن لەبەرانبـەر کـورد لەناوچـە شـاخاوییەکان، گەیشـتوومەتە پێشـبینی لەڕوودانـی ئـاژاوە لـە کوردسـتاندا، ئەمـەش ئەرکێکـی زیاتـر دەخاتـە سـەر حکومەتـی عێراقـی هەتـا هەوڵـی زیاتــر بــدات بــۆ هێمــن کردنــەوە و کۆنترۆڵکردنــی بارودۆخەکــە" و لــە شــوێنێکی دیکــەش نوســیوویەتی: "هەرگیــز کوردێــک نابینــی قبوڵــی بــکات حکومەتــی عەرەبــی لــە بەغــدا حوکمــی کوردســتان بــکات"و دەنووسـێت: "لەڕاسـتیدا مـن تاڕادەیـەک پێکاومـە، کـە دەڵێـم لیوایەکانـی باکـوور هەروەکـو لیوایەکانـی باشـوور بـۆ هەمیشـە زەویەکـی بەپـیتن بـۆ ئـاژاوە. ئەوانـە ئاهەنـگ دەگێـڕن بـە بۆنـەی واژۆکردنـی ڕێککەوتنامـەی بەریتانـی – عێراقـی لـە ئـاداری ١٩٢١ و ١٩٢٤ و دوایـی ١٩٢٧، بـەڵام بـەلای گـەورە ئەوەیـە کـە لـەم ڕۆژانـە سـەرنجمان بـەلای بارزانـە، لەشـەڕێکی دوژمنکارانـە دژی ئاشـووریەکانی ناوچـەی برادۆسـت وای کـردووە پـڕۆژەی نیشـتەجێکردنی ئاشـوورییەکان لـەوێ لـە مەترسـی دابێـت، شـایانی باسـە پێـش ئـەو شـاڵاوی پڕوپاگەندەیـە، لـەوێ هیـچ کۆسـپێک نەبـووە لەبـەردەم پـڕۆژەی نیشــتەجێکردن". (د. عــوسمان عەلــی، ٢٠١٣، ١٧١- ١٧٤).

واتــە: لــەوە دەگەیــن بیــری نەتەوەخوازیــی عەرەبــی لەســەرەتای ســییەکانەوە بــە تونــدی کاریــان کــردووە کــورد نەبێتــە هیــچ. ئینگلیـزەکان بڕوایـان وایـە "هیـچ کوردێـک نایەوێـت عـەرەب لـە بەغـدا حوکمــی کوردســتان بــکات"، ئەمــە بنەمایەکــی ســەرەکی و ڕاشــکاوە دەربــارەی کــورد. لەڕێگــەی پــڕۆژەی نیشــتەجێکردنی ئاشــوورییەکان لــە برادۆســت دەیانەوێــت ئاژاوەیەکــی گــەورە دژی (بارزانییــەکان) دروســت بکــەن و وای نیشــان بــدەن کــە بارزانییــەکان دژی ئاشــوورییەکانن، چونکــە ئــەوکات تاقــە بزاڤــی سیاســی و ناڕازیــی دژی عێــراق ئــەو بزاڤــە چەکدارییــی و شۆڕشــە چەکدارییــە، کــە بارزانییــەکان دەســتیان پێکــردووە و لــە بنەڕەتیشــدا هــەر ئــەو بزووتنەوەیــە دەبێتــە بنەمایەکــی بنەڕەتــی و ســەرەکی بــۆ دروســتکردنی فکــری نەتەوەیــی و ڕۆنانــی پەیوەنــدی لەنێــوان هەمــوو بەشــە داگیرکراوەکانــی دیکــەی کوردســتان و دروســتبوونی پەیوەندیــی دیپلۆماســی و ئاڵوگــۆڕی نامــە لەنێــوان بەرپــرس و ڕێبەرانــی کــورد و وڵاتــە زلهێزەکانــی دونیــا.

## ٤-١ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی دژی کورد

دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨، خاکە داگیرکراوەکان لەنێوان سەرکەوتووەکان، بەریتانیا و فەرەنسا دابەشکران، بەریتانیا عێراقی سەردەمی داگیرکاریی لەنێوياندا ناوچەی کوردی دەوڵەمەند بە نەوتی مووسڵ و فەرەنسا سوریای گرتەدەست. (ویلسۆن) سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەدا، کورد شایەنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرین، بەڵام کاتێک دۆخەکە هەندێک جێگیربوو، ئیدی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دارێژرانەوە، کورد خرایە دەرەوەی هەموو شتێک.

بەشێکی زۆری کوردستان لە تورکیادا مایەوە کە لەو کاتدا بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی تورکیای بەڕێوەی دەبرد و سەرکردەی نوێی تورکیا (مستەفا کەمال) دواتر بە (ئەتاتورک ناسرا) ڕایگەیاند، "ئەو دەوڵەتەی تازە دروستمان کردووە دەوڵەتێکی تورکییە". حکومەتی تورکیا پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە کوردەکان "تورکی شاخ"ن و قوتابخانە و بڵاوکراوە و ئۆرگانی ئایینی کوردی قەدەغە کران. بەفەرمیی بەریتانیا هاوسۆزی کوردی عێراق بوو، بەڵام هەرگیز هەڵوێستێکی باشی یەکلاکەرەوەی لەبارەی دڵنیاییەکانی بۆ کورد نەبوو. یاداشتێکی بەریتانی کە لە ساڵی ١٩٣٠ نووسرابوو، بیرۆکەی نیشتمان و دەوڵەتێکی کوردی بە "خەیاڵی" ڕەتکردەوە و دەشڵێت "هەرچەندە دان بەوەدا دەنرێت کە خاوەنی چەندین سیفەتی (ستێرلینگن)، بەڵام کوردی عێراق بە تەواوی لەو تایبەتمەندییانەی پەیوەستە بە یەکگرتوویی سیاسی لە ئاستی پێویست نین، کە بۆ خۆبەڕێوەبەریی مەسەلەیەکی جەوهەری و کاکڵدارن".

لە سەرانسەری کوردستاندا بێزارییەکان لەسەر ئاوارەبوون و بێ مافی توندوتیژیی لێکەوتۆتەوە و لەماوەی ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا زنجیرەیەک یاخیبوون لە تورکیا سەریان هەڵدا و حکومەتی تورکیا کاردانەوەی توندی نیشاندا و دیسانەوە هاووڵاتیانی مەدەنی کوردیان لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکرد و لە عێراقیشدا، ئینگلیزەکان دووجار ڕاپەڕینەکانیان بە سەرۆکایەتی (شێخ مەحموود)، کە خۆی بە "پاشای کوردستان" ناودەبرد، لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٢٣ لەنێو بردووە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی، بەریتانیا بە بۆردومانکردن گوندە کوردنشینەکانی کردۆتە ئامانج، ئەمەش یەکێک بوو لە سەرەتایترین تەکنەلۆژی نوێ کە بۆ سەرکوتکردنی کورد و دژی هاولاتیانی مەدەنی بەکاریاندەهێنا، هەروەها لەهەمان ماوەدا ڕاپەڕینێکی دیکەیان لەساڵی ١٩٣٣ بە سەرۆکایەتی شیخ ئەحمەدی بارزانی سەرکەوت کرد. ئەمەش وەکو بیرهێنانەوەیەک بوو بۆ ئیرادەی کورد کە چۆن ویستوویانە نەخشەی بەدیهێنانی نیشتمانێک بەبێ گوێدانە ئەگەرەکان بۆ خۆیان دابرێژن. حکومەتەکانی ناوچەکە ئەم ئیرادەیان وەک هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر سەقامگیری ناوچەکە دەبینی، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٧ ئێران و عێراق و تورکیا پەیماننامەی سەعد ئابادیان واژۆ کرد، کە تێیدا کاری سەربازی هاوبەش لە دژی ڕاپەڕینەکانی کورد بەکار دەهێنن.

کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد، کەمینە نەتەوەییەکان، کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەژیان، ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی سەخت بوونەتەوە. زۆر لە مێژبوو ئارەزووی جیابوونەوەیان لە دەسەڵاتی عوسمانی دەکرد و پەرەسەندنی

جەماوەریــی ناســیۆنالیزمی تــورک هەڕەشــەی تێکدانــی ناســنامە و ســەربەخۆیی نەتەوەکانــی غەیــرە تورکــی لەســنوورەکانی ئیمپراتۆریەتــدا دەکــرد. شــەڕەکە و بوونــی لەنــاکاوی ســوپای داگیرکــەری بەریتانیــا و فەرەنســی و ڕووســیا، دەرفەتێکــی خســتە بــەردەم ئــەم لایەنانــە بــۆ لاوازکردنــی دەســەڵاتی عوسمانــی و دەســتەبەرکردنی پێگەیەکــی بــاشتر بــۆ خۆیــان. کاتێــک ململانێــکان کۆتایــی هــات، ئەگــەری ســەربەخۆیی لــە ژێــر پاراســتنی دەســەڵاتێکی ئیمپریالــی نوێــدا هاتــە ئــاراوە، ئەمــەش دڵەڕاوکــێ و گومانــی لای کوردەکانــی میزۆپۆتامیــا دروســتکرد کــە کەوتبوونــە نێــو دۆخێکــی لــەم جــۆرەوە، کاتێــک ئــەو هێزانــەی بەریتانیــا لەنێــو میزۆپۆتامیــادا گەشــەی دەکــرد و بەنێــو خاکــی پێشــووی عوسمانیــدا پێشــڕەوی دەکــرد، ڕۆژنامــەی جەنگــی ئــەم ســوپایە بــۆ وەرگرتنــی ســەربازانی کــورد تێڕوانینێکــی ســەیری پێشــکەش سـوپای بەریتانیـا دەکات، لەچوارچێــوەی هەوڵــە جەنگییەکانیانــدا، ســەرباری هەوڵــی ســەرکردەکانی کــورد بــۆ ئیســتغلالکردنی ئــەو فراوانخوازییــەی ئیمپراتــۆری بەریتانیــا بــۆ ئامانجەکانــی خۆیــان ئەنجامیــان دەدا، هەروەهــا ئــەم تۆمارانــە ئامــاژەن بــۆ ئامانجەکانــی کــورد لــە دوای جەنــگ و لەکۆتاییــدا دەیانخاتــە ســەنگەرێکەوە لەهاوپەیمانــەوە بــۆ بەرخــودان و ڕاپەڕیــن لــە ناوچەکانــی عێراقــی ژێــر دەســەڵاتی داگیرکــەرەی بەریتانیــادا. لــەم زانیاریانــە بۆمــان دەردەکەوێــت، کوردیــش وەکــو هەمــوو نەتەوەکانــی دیکــەی نێــو ئیمپراتۆریەتــی عوسمانــی بیریــان لــە ســەربەخۆیی و پێکهێنانــی دەوڵەتــی نەتەوەیــی کردۆتــەوە، بــەڵام خەونــی کــوردەکان بۆتــە "خەیــاڵ" و وڵاتــە زلهێــزەکان لەجیاتــی پاڵپشــتی کــورد، هانــی بەهێزکردنــی دەوڵەتــە دەســتکردەکانی خۆیــان داوە.

لەهەمـان کاتـدا بـۆ ڕوبەڕووبوونـەوەی کـورد پەیمانـی سـەعدئاباد دژی کـورد مـۆر دەکرێـت، ئەمـەش بەکـردەوە دەری دەخـات کـە زلهێـزەکان هیـچ ڕێگرییەکـی بەکردەوەیـان دژی کـورد نیشـان نـەداوە، کـورد وەکـو نەتەوەیەکـی قوربانـی و زۆرلێکـراو لەناوچەکـەدا دابەشـکراوە و ئـەم دابەشـکردنە بۆتـە سـەرچاوەی ئـازار و دواکەتـوون و ژێردەسـەتیی.

جارێکـی دیکـە دەگەڕێینـەوە سـەر نامـە نهێنییـەکان، لەهەمانکاتـدا نامەیەکـی نهێنـی لەنێـو بەڵگەنامەکانـی بەریتانیـا نوسـخەی ١١/١٧٤ ١٤٤٦٣٧ لەبـارەگای سـەرکردایەتی ئاسمانـی – هۆبـەی ئێـراق – هینـدی، نهێنـی وەکـو نامـەی شەخسـی بـە ژمـارە ئـای، ئایـس ١٠٣٧١/٤ دەرچـووی ٦ی نیسـانی ١٩٣٢ لەلایـەن (ئەفسـەری سەرپەرشـتیاری سـەر بەهێـزی ئاسمانـی مەلەکـی بەیتانـی – بەغـدا) پارێـزراوە، لەبەشـێکی ئـەم نامـە نهێنیـەدا نووسـیوویەتی "مـن و هەمفریـس کـە ئـەو چالاکییـە هەتـا دەکرێـت پرسـێکی عێراقـی بێـت، ڕۆڵـی هێـزی ئاسمانـی بەریتانـی سـنووردابێت و هـاوکاری هێزەکانـی عێراقـی بێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەڵێـن دراوە فڕۆکەکانـی هێـزی ئاسمانـی بەریتانـی هـاوکاری شـەڕگەکان بکـەن، بـەڵام بـۆ هەمـوو لایـەک ڕۆشـن بێـت ئـەو پشـتیوانییە زۆر سـنووردار دەبێـت. ئـەو نەخشـەیەمان بـۆ ئەوەیـە هەتـا هێزەکانـی عێراقـی لەسـەر شـەڕی ناوچەکـە ناوچـە شـاخاوییەکان پڕۆڤـە بکـەن و هێزەکانـی عێراقـی دەرفەتیـان بدرێتـێ هەیبەتـی خۆیـان بسـەلمێنن و ئیـرادەی خۆیـان بەسـەر کـوردەوە فـەرز بکـەن، ئێمـە هەتـا ئێسـاتش پـێمان وایـە لەکاتـی پێویسـتدا بەشـدار بیـن". (د. عەلـی عـوسمان، ٢٠١٩، ٢٧٥- ٢٧٦).

بۆیـە ڕوونـە لەشـیکردنەوەی ئـەم بۆچـوون و زانیاریانـەی نێـو ئـەم گوتـارە نهێنییـە بۆمـان دەردەکەوێـت سیاسـەتی فەرمیـی بەریتانیـا ئـەوە بـووە:

**یەکـــەم:** لـــە جەنگـــی عێـــراق دژی ڕاپەڕینـــی بارزانییـــەکان لـــە سـیيەکانی سـەدەی ڕابـردوو ئەوەبـووە هـاوکاری سـوپای عێـراق بکـەن بـۆ سـەرکوت و کۆتایـی پێهێنانـی ئـەو ڕاپەڕینـە، چونکـە ئـەوان هـەم وەکـو داگیرکـەر و هاوبەشـی عێـراق بـوون، هەمیـش دەیانویسـت دوای بڕیـاری کشـانەوەیان لـە ١٩٣٢ بـە ڕای گشـتی بەریتانـی بڵێـن، عێـراق وڵاتێکـی کارامـە و ئـارام و گەشـەکردووە.

**دووەم:** هـاوکاری سوپاسـی عێراقیـان کـردووە، تاکـو ببنـە خاوەنـی توانایەکـی سـەربازی بەهێـز بـۆ کۆنترۆڵـی ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردسـتان، ئەمـەش بەشـدارییەکی فەرمییـە لـەو تاوانانـەی لـە سـەد ساڵی ڕابـردوو دژی کـورد لەژێـر نـاوی پاڵپشـی و پاراسـتنی بەرژەوەندیـی و پەیوەندییـەکان (سـەروەریی دەوڵەتـی عێـراق) ئەنجـام دەدرێـت.

**سـێیەم:** لـە شـوێنی دیکـەی ئـەو بەڵگەنامانـەدا بەریتانییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن، نابێـت (عێـراق) چەکـی بەریتانیـای دژی کـورد بەکاربهێنێـت، بـەڵام لـەڕووی پراکتیکییـەوە ئەمـە تەنیـا شـاردنەوەی ئـەو (تـاوان و کوشـتار و جینۆسـایدەی عێراقـە)، کـە دژی کـورد ئەنجامـی داوە و هەوڵێکـی فەرمیـی بەریتانییەکانیشـە بـۆ دروسـتکردنی گوتـاری (تێوەنـەگلان) لـە سیاسـەتی سـەرکوتی کـورد لەلایـەن عێراقـەوە.

**٥-١ بەکارهێنانی کورد دژی عوسمانییەکان**

سوپای بەریتانیا بە درێژایی ئەو هەڵمەتە زانیاری لەسەر کوردەکانی میزۆپۆتامیا کۆکردەوە، سەرەتا ئامانجی هەڵسەنگاندنی سوودی ئەوان بوو وەک هاوپەیمان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە وەسفێکی درێژدا، (لیوا جی) دەڵێت: تۆمارەکانی بەریتانیا نموونەی هەوڵەکانی کورد بۆ تێکدانی هەوڵی جەنگی عوسمانی لەخۆدەگرن، وەک هەڵکوتانە سەر هێڵی پەیوەندییەکانی تورکیا لە حوزەیرانی ١٩١٦ لەلایەن "کوردەکانی کیزیل باش [قیزیلباش]" جگە لەوەش بەریتانیا گرنگییەکی زۆر بە خراپکردنی پەیوەندییەکانی کورد و ڕووسیا داوە. ڕۆژنامەی جەنگ بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ئاماژە بە "ڕێوشوێنی سزا" دەکەن کە هێزەکانی ڕوسیا لەو ناوچانەدا بەکاریان هێناوە کە داگیریان کردبوو. ئەم ڕاپۆرتانە تیشک دەخەنە سەر ئەو کێشانەی هێزێکی داگیرکەر بەهۆی خراپی پەیوەندی لەگەڵ کەمینە ناوخۆییەکان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها زیاتر هانی ئەفسەرانی بەریتانیا دەدەن، سوودەکانی کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ کوردانی دژە عوسمانی لەبەرچاو بگرن.

لەم بۆچوونە ئەوە ئاشکرا دەبێت، گوتاری کارکردنی بەریتانیا ئەوە بووە:

**یەکەم:** نەهێڵێت کورد و ڕوسیا پەیوەندییەکی دۆستانەی چاکیان هەبێت.

**دووەم:** ئیستغلالی ئەو کوردانە بکەن، کە دژی عوسمانییەکانن.

**سـێیەم:** ئەمــە نیشــانە و هێمایەکــی زەق و ئاشــکرایە، کــە کــورد وەکــو کارتــی نێــو ململانێکانــی ناوچەکــە بەکارهــێنراوە، بەریتانیــا بــاش هەســتی بەپێویســتی بوونــی کــورد وەکــو هێزێکــی جەنــگاوەر و دژ بــە عوسمانییــەکان کــردووە، بۆیــە کاریــان کــردووە بەپێــی بەڵگەنامــە و ســەرچاوە مێژووییــەکان هێــزی ناوچەیــی کوردیــی بەکاربهێنــن و لەخۆیــان نزیــک بخەنــەوە. ئــەم وێنــە مێژووییــە ســادەیە، لــەم سەردەمەشــدا هەیــە، کــورد لەململانێــی نێــوان دەوڵەتــە دوژمنــەکان بەکاردەهێنرێــت. کــورد هێزێکــی شــەڕکەر و خــاوەن هێزێکــی ڕێکخــراوی خــاوەن بیروبــاوەڕە، ئەمــەش وایکــردووە بەشــێوەیەکی ســەرکەوتوو بگەنــە ئــەو ئامانجانــەی لەپێشــیانە، بــەڵام لــەڕووی ستراتیژییــەوە هەمیشــە وەکــو کارت و هێزێکــی بەکارهــێنراوی کاتــی بــووە.

**١-٦ "شێخ مەحموود" بۆ ترساندنی دیکاتۆرەکان**

پەیوەندی نێوان بەریتانیا و شێخ مەحموود بەرزنجی وێناکردنی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئینگلیز و کوردە، تاکو بەهاری ساڵی ١٩١٩ بەریتانیا هەوڵی دەدا دەسەڵاتی بەرزنجی سنووردار بکات و هەندێک ناوچە لەژێر کۆنترۆڵی خۆی دوور بخاتەوە و ئەفسەری سیاسی بەریتانیا بەسەر هەندێکی دیکەدا بسەپێنێت. ئەفسەرە سەربازی و سیاسییەکانی بەریتانیا هاتنە سەر ئەوەی، کە بە بێ ڕێزییەوە وەک "منداڵێکی سادە سەبارەت بە عەقڵ و فراوانی دیدگا" سەیری شێخ مەحموود بکەن، کە "تێگەی گەمژانە"ی پەرە پێدابوو بەو واتایەی دەیەوێت "حوکمڕانی هەموو کوردستان" بێت. شێخ مەحموود لەمانگی ئایاردا یاخیبوونێکی چەکداری لەدژی هێزەکانی بەریتانیا دەستپێکرد، ئەمەش وایکرد فەرمانڕەوایە سیاسییەکان نیگەران بن لەوەی ڕەنگە ئەمە ئیلهامبەخش بێت بۆ سەرهەڵدانی هاوشێوە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و باکووری کوردستان. وەڵامی بەریتانیا خێرابوو، لەئەنجامدا ئەوەبوو لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا سەربازەکانی بەریتانیا هێزەکانی شێخیان تێکشکاند و سلێمانییان داگیرکرد و هێرشی تۆڵەسەندنەوەیان بۆ سەر گوندە کوردنشینەکان ئەنجامدا. حاکمی سیاسی هەموو ئەو هەڕەشانەی ڕەتکردەوە، کە شێخ مەحموود دروستی دەکرد و ئاماژەی بەوەدا ئەو لە هیچ کاتێکدا هیچ پشتیوانییەکی جەماوەری نەبووە و "ڕووخانی دەسەڵاتی شێخ کاریگەرییەکی وریاکەرەوەی باشی لەسەر دیکتاتۆرەکانی دیکە دەبێت". "کورد ئیتر چی دیکە هاوپەیمانێکی پێشنیارکراو نەبوو،

وەک کەمایەتییەکی کێشەدار سەیر کرابوو، کە هەڕەشە لەسەقامگیری دۆخی ئیمپراتۆری نوێ دەکات.

لەم زانیاریانە ڕوون دەبێتەوە لای ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، کە شوێنی ئیمپراتۆریەتێکی نەخۆشی داهێزراوی گرتۆتەوە، کورد چی دیکە "هاوپەیمانێکی پێشبینیکراو نییە"، واتە:

**یەکەم:** ئەوان کوردیان خستۆتە دەرەوەی ئەو بازنە ستراتیژییە بەهێزەی لەئایندەدا ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی. بۆیە لەزۆربەی بەڵگەنامەکانیشدا لە قۆناغی حەفتاکانیش بە ڕاشکاوی دژی ئەوەن کورد باسی "دەوڵەتی کوردستان" بکات و ئەوان کێشەکە بەنێوەخۆیی حیساب دەکەن.

**دووەم:** بەرپرس و حاکمی سیاسی بەریتانیا "ڕووخاندنی حکومەتی باشووری کوردستان وەکو کارتێک بەکار دەهێنێت بۆ چاوترساندنی دیکتاتۆرەکانی دیکە".

**سێیەم:** گوتاری بەریتانییەکان ئەوە بووە، لەڕووی پراگماتیکییەوە دژایەتی و ڕووخانی دەسەڵاتی مەلیکی کوردستان (کردەی وریاکردنەوەی) دیکتاتۆرەکانی بەدواوەیە. ئەمەش لەکردەوەدا (ڕاپەڕاندنی کردە قسەیە) و دواتریش دەبێتە هەقیقەت و دەسەڵاتەکەی دەڕووخێنن.

## ١-٧ ئینگلیــز بیرۆکــەی دەوڵەتــی کــوردی دەکاتــە قوربانــی تورکیــا دژی ســۆڤیەت

لێکنزیکبوونــەوەی ڕووداوەکان کــە لــەدوای شــەڕ ڕوویــان دا ڕێگربــوو دەوڵەتێکــی کــوردی ببێتــە واقیــع و بەتێپەڕاندنــی ئــەو پرســە وەک ئــەوەی لــە ســیڤەر پێشــکەش کرابــوو. ئــەو بەڵگەنامەیــەی لەئەنجامــی کۆنفرانســی ئاشــتی پاریســەوە هاتــە ئــاراوە و نەخشــەکانی پەیوەســت بــوو بــە بیرۆکەیــەک بــۆ کوردســتان، لەکاتێکــدا شــتەکان ڕەمــزی بــوون لەناســاندنی کــورد وەک گەلێکــی خــاوەن مافــی نیشــتمان. ئــەو پەیماننامەیــە بــە بەهێزکردنــی بیرۆکەکانــی ناســیۆنالیزم و خــاک وەک خاڵــی کۆبوونــەوە بــۆ بزووتنــەوە ناسیۆنالیســتییەکانی داهاتــووی کــورد کەڵکــی لێوەرگیــرا. هەوڵەکانــی کــورد بــۆ دەســتەبەرکردنی کوردســتانێکی ســەربەخۆ، بەهــۆی نەبوونــی یەکگرتوویــی و ئــەو هێــزە جیۆپۆلیتیکییــە سەرســەختانەی کــە دەوریــان داوە، شکســتی هێنــا. ئینگلیــزەکان ڕێگەیــان بــە کوردســتانی ســەربەخۆ نــەدا، چونکــە بارودۆخــەکان ســەبارەت بــە پەیوەندییەکانــی بەریتانیــا لەگــەڵ تورکیــا گــۆڕا. بــۆ ئینگلیــزەکان تورکیــا هاوســەنگییەکی باشــی بــۆ ناوچەکــە دابینکــرد، بــۆ ئــەوەی یەکێتــی ســۆڤیەت لــە ناوچەکــەدا لەژێــر کۆنترۆڵــدا بمێنێتــەوە. تورکــەکان ڕێگەیــان بــە دەوڵەتبوونــی کــورد نــەدا، چونکــە پێیــان وابــوو مانــەوەی کــورد تەنیــا وەک هاووڵاتــی و ســەرباز و کرێکارێکــی خــاوەن شوناســی مەدەنــی تورکیــی بــۆ کۆمــاری نوێــی تورکیــا مەســەلەیەکی جەوهەرییــە.

(ئــەم گوتــارە ئاشــکرا و ڕوونــە، کــە بەرژەوەندییــە نوێیەکانــی ئینگلیــز خــۆی لــە گوتــاری (پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی لەگــەڵ تورکیــای نــوێ

و ڕێگەگرتــن لەبوونــی هێزەکانــی ســۆڤیەت لــە ناوچەکــەدا) بەهێزتــر و کاریگەرتــرە لــە بایەخــدان بــە دۆزی کــورد و بەدیهێنانــی بەندەکانــی ســیڤەر، لــە ئاکامــدا:

**یەکــەم:** بەریتانیــا بەرژەوەندییەکانــی لەگــەڵ دەوڵەتــی نوێــی تورکیــا هاوســەنگ بــوو، هەمــوو دژایەتــی و ناکۆکــی و جەنگەکانیــان لەگــەڵ عوسمانییــەکان لەبیرکــرد و کوردیــان کــردە قوربانــی ئــەم بەرژوەندییــە نێودەوڵەتییــە.

**دووەم:** بەریتانیا لـە دەسـەڵات و پێگـەی سـۆڤیەت لەناوچەکە ترسـاون، بۆیـە دەوڵەتـی تورکیـا بـۆ ئـەوان لـە دۆزی کـورد گرنـگتر و کاریگەرتـر بـوو.

**ســێیەم:** تورکیــا لەگــەڵ ئــەوە نەبــووە کــورد دەوڵەتــی هەبێــت، ئــەوان کوردیــان تەنیــا وەکــو هاوڵاتییەکــی دەوڵەتــی تورکیــی ویســتووە کــە (کرێــکار و ســەرباز) بــن.

**چــوارەم:** بەکــردەوە لــەوێ ڕۆژێــوە تاکــو ئەمــڕۆش پێگــەی تورکیــا و هەڕەشــەکانی ڕوســیا (ســۆڤیەتی کــۆن) و ململانێــی نێــوان تورکیــا و ئەوروپــا و بەرژەوەندییەکانــی ئەمەریــکا لــە ناوچەکــە و فشــار و فروانخوازیــی شــیعەگەرایی ئێــران ئەوەیــان ســەپاندووە، کــە کــورد وەکــو (کارت و هێزێکــی شــەڕکەری ناوەخۆیــی) ســەیر بکرێــت، هەمیشــە و بــەردەوام کــورد ترســی لــەوە هەیــە هەمــان ســیناریۆ و سیاســەتی دژی دووبــارە بێتــەوە. ئــەم نیگەرانییــە وەکــو کێشــە و گرفتێکــی مێژوویــی لەنێــو فکــر و کەســایەتی و واقیعــی کوردیــدا درێــژەی هەیــە.

**١-٨ نیشتیمانێکی ئۆتۆنۆمی (دەوڵەتی کوردی)**

سەرچاوەکان بە ڕوونی ئاماژە بە مەیلی کوردی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و نیشتمانێکی سەربەخۆ دەکەن. دوای ئەوەی عێراق لەلایەن ئینگلیز داگیر دەکرێت، کورد دەرفەتێکی مێژووی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی بۆ دەڕەخسێت و بەکردەوە ئەم حکومەتە لەلایەن(مەلیک مەحموود) بەهاوکاری ئینگلیزەکان دروستکراوە، بەڵام لەماوەیەکی یەکجار کورتدا شتەکان هەڵدەگێڕنەوە و لەڕێگەی پەلاماری سەربازیی و بەکارهێنانی فڕۆکە بنەماکانی ئەم کیانە کوردییە سەربەخۆیە تێک دەشکێنن.

سەرچاوەکان گووتویانە "کورد وەک گەلێکی بێ دەوڵەتی سەربەخۆ دەمێنێتەوە و دوابەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەو خاکەی کورد تێیدا نیشتەجێیە، لەنێوان سێ دەوڵەتی جێنشیندا دابەشکران کە بریتین لە عێراق، سوریا و تورکیا (ئێرانیش/ غازی)،. بەم شێوەیە کورد بوو بە کەمینەیەکی چڕ لەنێو دەوڵەتە مەرکەزییە نوێیەکان، کە لە پراکتیکدا ئەم دەوڵەتانە یەک سیاسەتیان پەیڕەو کردووە و ئامانجیشیان سەرکوتکردنی ناسنامەی کورد و هەوڵی سەرکوتی سەربازی بووە بەدرێژایی سەدەی بیستەم دژی کورد و سەرکوتکردنەش بەردەوام بووە. کوردەکان لەژێر فشار و هەندێک جاریش هێرشی ئاشکرا لەلایەن ئەم ڕژێمانەوە ژیاون، ئەمەش وایلێکراوە زۆرجار تەنیا لەلوتکە و کانییە نارێکەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسدا پەناگەیان بۆ خۆیان دۆزیبێتەوە، بۆیە دەکرێت ئەمە بە سەرچاوەی قسەیەکی کاریگەر و باوی کوردیی دابنێین، کە دەڵێن: "هیچ دۆستێکمان نییە جگە لە چیاکان نەبێت".

ئـەم دۆخـە بـەردەوام و هاوچەرخـە لەنێـو قسـەی زل و هەڵوێسـتە باوەکانـی بەرپرسـانی بەریتانیـا بەرامبـەر بـە کـورد لەسـەردەمی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و ڕاسـتەوخۆ دوای جەنگـی جیهانییـەوە سـەرچاوەی گرتـووە. سـەرەڕای کۆتایـی هاتنـی بـە فەرمیـی شـەڕەکانی نێـوان بەریتانیـا و تورکیـا لـە ٣٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩١٨ و واژۆکردنـی ئاگربەسـتی (مـودرۆس)، بـەڵام لەبـەر هـۆکاری ستراتیـژی سـەربازەکانی بەریتانیـا لەهەنگاوەکانیـان بـەرەو مووسـڵ بـەردەوام بـوون، تـا لەئاکامـدا لـە ١٠ی تشرینـی دووەمـی ١٩١٨ داگیریـان کـرد. لـەو ماوەیـەدا و لەکاتـی داگیرکارییەکـەدا کـوردەکان ئامادەیـی خۆیـان بـەلای کـەم بـۆ بەدیهێنانـی نیشـتمانێکی ئۆتۆنۆمـی نیشـاندا و ئەوەشـیان بەدەستیشـیان هێنـا.

بەمە بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

**یەکـەم:** گوتـاری بەریتانیـا لەمێـژە و ماوەیەکـی درێـژە بەهەمـان فـۆرم بەردەوامـە.

**دووەم:** کـورد سـوودی لەدەرفەتـی داگیرکردنـی مووسـڵ لەلایـەن ئینگلیـز وەرگرتـووە و حکومەتـی سـەربەخۆی خـۆی ڕاگەیانـدووە. بـە واتایەکـی دیکـە کـورد هـەر دەرفەتێکـی بـۆ هاتبێتـە ئـاراوە، هەوڵـی داوە سـوود وەربگرێـت و کیانێـک بـۆ خـۆی دروسـت بـکات. ئەمـەش نیشـانی دەدات خەونـی کـوردی پێکهێنانـی "دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانە".

**سێیەم:** کوردسـتان داگیـر و دابەشـکراوە بـۆ سـەر سێ دەوڵـەت، بـەڵام ئـەم سـەرچاوەیە نەیویسـتووە نـاوی (ئێـران و کـوردەکان) بهێنێـت، ڕەنگـە ئەمـەش سـەرچاوەی لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان بەریتانیـا و ئێـران گرتبێـت، بـۆ ئـەوەی ئێـران تـووڕە نەکـەن، ئاماژەیـان بەنـاوی ئێـران نەکـردووە.

### ١-٩ دروستکردنی عێراق

بەریتانیا لە کۆنفرانسی سان ڕیمۆ لەساڵی ١٩٢٠، کە خەڵاتی کۆمەڵەی نەتەوەکانی بۆ میزۆپۆتامیا پێ بەخشرابوو، دوای ئەم ڕووداوە عێراقیان کردە "شانشینی عێراق" ئەمەش دوای واژۆکردنی پەیماننامەی ئینگلیز و عێراق لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ هات. ئەو ڕاپۆرتەی کوردستان و کورد، کە لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن ئەرکانی گشتیی هیندستانەوە بڵاوکراوەتەوە، ڕاپۆرتەکە لەبنەڕەتدا لە توێژینەوەیەک وەرگیراوە کە لەلایەن (سێر مارک سایکس)ەوە لەبارەی "خێڵە کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی" لەساڵی ١٩٠٨ نووسراوە. کاریگەری (سایکس) لەسەر پێکهاتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن دیارە، دواتر سنووری نوێ ئاسیای بچووک دەکێشرێتەوە کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە ١٦ی ئایاری ١٩١٦ واژۆکرابوو. بەپێی ڕێککەوتنەکە سەردەمی سایکس- پیکۆ دەستی پێکرد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە "هێڵێک لە "e" لە ئاکرێ تاکو "K" لە کەرکووک"، پێشبینی دەوڵەتێکی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیای کردبوو کە دواتر بە عێراق ناسرا.

هەروەها ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩١٩ یش بەسوود وەرگرتن لەبابەتی گەشتەکانی ئەفسەرە سەربازیی و سیاسییەکان لە (کوردستان) ئامادەکراوە، کە نەخشە و ڕاپۆرتەکە ناتەواون، چونکە نەخشەکە ڕاست و دروست نییە. مەحاڵە بە وردی شوێنی خێڵە کۆچەریی و نیمچە کۆچەرییەکان تێدا دەدۆزرێتەوە، هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە بەرپرسانی بەریتانیا بە گومانەوە سەیری کوردیان کردووە، کوردیش بەشێوەیەکی سروشتی دژایەتیی سروشتی هەوڵەکانی بەریتانی لە بنیاتنانی دەوڵەتی نوێی عێراق کردووە.

لـە کۆتایـی جەنگـەوە تاکـو ئێسـتاش تاکـە هێزێـک و پێکهاتەیەکـی کوردسـتان بـێ پسـانەوە بەرەنگاریـی سیاسـەتی ئینگلیـز و دواتـر حکومەتـی دروسـتکراوی عێراقیـان کردبێـت (بارزانییەکانـن). ئـەوان لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی عوسمانـی و دواتریـش ئینگلیـزەکان و ئینجـا حکومەتی پاشـایەتی و سـەردەمی دەسـەڵاتی عەبدولکەریـم قاسـم و هاتنـە سـەر حوکمـی بەعسـییەکان و تاکـو ڕاپەڕینـی ١٩٩١ و ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام حوسێن، بارزانییـەکان ئـەو هێـزە کاریگـەر و بزوێنـەرە لەشـکان نەهاتـووە بـوون، لـە بەرەڤانـی لـە دۆزی کوردسـتان و خەبـات لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد پاشەکشـەیان نەکـردووە و بـێ پسـانەوە لـە قوربانـی و تێکۆشـان بـەردەوام بوونـە. واتـە کاتێـک باسـی پێکهێنانـی دەوڵەتـی عێـراق و سیاسـەت و دیپلۆماسـیەتی بەریتانیـا لـەم وڵاتـە و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکەیـن، بـێ هیـچ گومـان و گریمانـە و لێکدانەوەیەکـی پچـڕ پچـڕ، دەبێـت ئامـاژە بـە خەبـات و تێکۆشـانی نەپچـڕاوە و بەیەکـەوە بـەستراوی بارزانییـەکان لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوو دژی هێـزە داگیرکـەر و ئـەو هێزانـەش بکەیـن، کـە نەیانویسـتووە دان بـە مافـی ڕەوا و دروسـت و بەردەوامەکانـی نەتـەوەی کـورد بنێـن.

(گێرتـرود بێـڵ وەزیـری ڕۆژهـەڵات) و ( تـی ئـێ لۆڕێنـس و وینـستن چەرچـڵ) بـەوە ڕازی کرابـوون کـورد بخەنـە نێـو ئـەم چوارچێوەیـە بـۆ ئـەوەی مەلیـک فەیسـەل لـە بەڕێوەبردنـی عێـراق، کـە سـونەیە بەرانبـەر زۆرینـەی شـیعە سـەرکەوتوو بێـت. کـورد بـە دەوڵەتـی عێراقـەوە لکێنـدرا بۆئـەوەی دڵنیابـن لـەوەی پاشـاکەیان فەیسـەلی یەکـەم، حوکمڕانـی بەنـاوی زۆرینـەی سـوننەدا دەکات، لەکاتێکـدا لەچـاو ئـەوان پێکهاتـەی دیکـەی

عــەرەب زۆرینەیــان شــیعە بــوو. ئــەو بۆچوونــە بەســەر بۆچوونەکانــی (مەیجـر ئێـدوارد نۆئێـل) ئەفسـەری سیاسـی لـە سـلێمانی سـەردەکەوێت، کــە لایەنگــری دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ، یــان ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد بــوو. (بڕوانــە یاداشــتنامەی مەیجــر نۆئێــل، دیاربەکیــر ڤیلایــات).

بـا هەندێـک پتر بگەڕێینـەوە سـەر ڕووداوەکانـی ئـەوکات، ئینگلیـزەکان ڕێکخـــراوی "کۆمەڵـــەی گەلان"یـــان بـــۆ گەیـــشتن بـــە ئامانجەکانیـــان بەکارهێنــا. لــە پــاش مۆرکــردنی ئاگربەســتی مــۆدرۆس، تورکــەکان کەوتنــە داواکـردنی ویلایـەتی مووسـڵ بـە بیانـووی ئـەوەی لەشـکری بەریتانیـا پـاش مۆرکـردنی ئـەو ئاگربەسـتە چووەتـە نـاو مووسـڵ. بـۆ پووچەڵکردنـەوەی داواکانی تورکیـــا، ئینگلیـــزەکان کەوتنـــە هەوڵـــدان بـــۆ دەستنیشـــانکردنی سـنوورێکی کاتیـی لـە نێـوان ویلایـەتی مووسـڵ و تورکیـا بەهـۆی کۆمەڵـەی گەلانــەوە. لــە مانگــی تشرینــی یەکەمــی ١٩٢٤ ئەنجومــەنی کۆمەڵــەی گــەلان، لــە بڕیارێکــدا هێڵــێکی وەهمــی داڕشــت بــە نــاوی «هێڵــی بروکسـێل" وەکـو سـنوورێکی کاتیـی لەنێـوان تورکیـا و ویلایـەتی مووسـڵ. هـەر لـەو بڕیـارەدا دەسـتەیەکی لێکۆڵینـەوە پێکهێنرا تـا بچێتـە ویلایەتەکـە بـۆ لێکۆڵینـەوە و دەستنیشـانکردنی پاشـەڕۆژی سیاسـیی ویلایەتەکـە. ئـەو دەسـتەی لێکۆڵینــەوە لــە ١٦ ی حوزەیــرانی ١٩٢٥ ڕاپۆرتــێکی پۆزیتیڤانــەی پێشــکەش بــە ئەنجوومــەنی کۆمەڵــەی گــەلان کردبــوو، تیایــدا پێشــنیازی کردبـوو ویلایـەتی مووسـڵ بخرێتـە ژێرچاودێـری (ماندێتـی) بەریتانیـا بـۆ مــاوەی ٢٥ ســاڵ. هــەر لــەو ڕاپۆرتــەدا داواکرابــوو بەڕێوەبــردنی کاروبــاری ئیـــداری و دادوەری و پـــەروەردە بـــە دەســـتی کـــوردەوە بێـــت و زمـــانی کــوردی لــە ویلایەتەکــە زمــانی فەرمــی بێــت.

ئینگلیــزەکان ئــەم ســەرهەڵدانەی کــوردی باکووریــان (مەبەســت شــێخ ســەعیدی پیرانــە) قۆســتەوە و داوایــان لــە کۆمەڵــەی گــەلان کــرد "هێڵــی برۆکســێل" بکرێــت بــە ســنووری یەکجــارەکی لــە نێــوان تورکیــا و عێــراق. هــەوڵ و کۆششــیان لەگــەڵ بەکارهێنــانی هەژموونــی سیاســییان لەنــاو ئــەو ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەدا بــووە هــۆی ئــەوەی لــە ١٦ ی کانــوونی یەکەمــی (دیســەمبەر) ١٩٢٥ لەلایــەن ئەنجوومــەنی کۆمەڵــەی گــەلان بڕیــارێکی نــوێ دەربچێــت، تێیــدا هێڵــی بروکســێڵ وەکــو ســنوورێکی فەرمــی لــە نێــوان عێــراق و تورکیــا قبووڵکــرا. هــەر لــەو بڕیــارەدا عێــراق بــە ســنووری تازەیــەوە، کــە هەرســێ ویلایەتــی بەغــدا و بــەسراو مووســڵی دەگرتــەوە، بــۆ مــاوەی ٢٥ ســاڵ خرایــە ژێــر ماندێتــی بەریتانیــا. بەشــێك لــە مێژوونووســان دەســتێوەردانی ئینگلیــزەکان بــەدوور نابینــن لــە هانــدانی ســەرانی ئــەو شۆڕشــەی کــورد لــە باکــوور، تاکــو پەلــە بکــەن لــە بەرپاکــردنی ســەرهەڵدانی چەکــداری.

(مەســعود بارزانــی) لــە کتێبــی (بۆمێــژوو) لەبــارەی ڕووداوە مێژووییــەکان و گوتــاری بەریتانیــا و ناکۆکییەکانــی کــورد دەنووســێت: "کــورد ویلایەتــی مووســڵی لەدەســت تورکیــا ڕزگار کــرد، بــەڵام ئایــا عــەرەب ئــەوەی بەبیرمــا؟ هەروەکــو (سیســیل جــی ئیدمۆنــدز) مەندووبــی بەریتانیــاش لــە کتێبەکــەی خــۆی (کــورد و تورک و عــەرەب) ئامــاژەی داوە، ئایــا حکومەتــی عێــراق دەتوانــێ لەبەرانبــەر ئەمــەدا چــاوی بکاتــەوە و سیاســەتێکی دووربینانــەی دڵفــراوان لــە ئاســت کوردەکان بگرێتــە بــەر".

بێگومــان ئــەم بۆچوونــەی (ســەرۆک بارزانــی) لــە لێکدانــەوەی ڕووداوە مێژووییــەکان دروســتە، چونکــە هیــچ لایەنێــک هێــز و پێگــە و

بەشـداری کوردیـان لـەدوای سـەرکەوتن، یـان کۆتایـی قۆناغـە مێژوویـە باسـکراوەکان لەبیـر نەمـاوە. بۆیەشـە پێـم وایـە (بارزانییـەکان) کـە دواتـر لـە سـەرکردایەتی بـزاڤ و شۆڕشـەکانی کوردسـتاندا دەبنـە خاوەنـی ستراتیژێکـی جیـاواز لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە، هیـچ کاتێـک متمانەیـان بـە دوژمـن و ناحەزەکانـی کـورد نەبـووە، هەمیشـە کـە بیریـان لـە ئاشـتی کردۆتـەوە، ئەوەیـان لەبیـر نەکـردووە دوژمنـەکان نیەتـی ئاشـتیان تـا ئـەو سـنوورەیە کـە مەرامەکانیـان بەدەسـت دەهێنـن و دواتریـش بادەدەنـەوە. بۆیـە ئـەوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) وەکـو دامەزراوەیەکـی سیاسـی بەدەسـتەوە دەگـرن.

### ۱-۱۰ گۆڕانی ئەمەریکا بەرانبەر کورد

ئەمەریـکا دوای ئـەم هەموو سـاڵە، دوای کشـانەوەی بەریتانیا لەناوچەکە و لەترسـی باڵادەسـتبوونی سـۆڤیەت لەناوچەکـە و بەتایبەتیـش دوای هاتنـە سـەر حوکمـی بەعسـییەکانی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦٨، بەدیاریکـراوی لـە نیسـانی ١٩٧٢ دوای ئـەوەی "ڕێنمایـی (کلیگـۆر) ئەوەبـوو کـە (سیسـکۆ) پوختـەی باسـەکە بگەیەنێتـە (ڕۆگـەرس)ی وەزیـر و ئـەو نامەیەشـی ڕادەسـت بـکات، کـە (زەیـد عـوسمان) لـە بارزانییـەوە هێناویەتـی. زۆر بەڕوونـی لـە بەرایـی نیسـانی ١٩٧٢دا گۆڕانێـک لـە بیرکردنـەوەی لەبـارەی کـورد هاتـە ئـارا. مایـەی سـەرنجە ئـەم گۆڕانکارییـەش لەوکاتـەدا پەیدابـوو کـە عێـراق و سـۆڤیەتییەکان پەیوەنـدی دۆسـتایەتی خۆیـان لـە بۆتـەی ڕێککەوتننامەیـەک دارِشـت. ئەمـە بەکـردەوە دەبێتـە سـەرەتاییەکی نـوێ و دەسـتپێکی گرنـگ لـە پەیوەنـدی دیپلۆماسـی لەنێـوان شۆڕشـێکی چەکداریـی بـێ دەوڵـەت و دەوڵەتێکـی مەزنـی وەکـو ئەمەریـکا.

بێگومـان نابێـت لێـرەدا ئـەوە لەبیـر بکەیـن (مسـتەفا بارزانـی) کـە سـەرکردەیەکی نەفەسـدرێژ و دووربین و شـارەزا بووە، سیاسـەت و ململانێی وڵاتـە زلهێـزەکان و ڕکابـەری نێـوان بلۆکـی سۆسیالیسـتی (بەسـەرکردایەتی سـۆڤیەت) و سـەرمایەداری (بەسـەرکردایەتی ئەمەریـکا) قۆزتۆتـەوە. دوای چەندیـن سـاڵ لـە کاری دیپلۆماسـی بـۆ کردنـەوەی دەرگاکانـی ئەمەریـکا بـەڕووی کـورد، لەکۆتایـدا بەهـۆی هەژموونـی سـۆڤیەت و دروسـتبوونی پەیوەنـدی نێودەوڵەتـی لەنێـوان بەعسـییەکان و بـەرەی نیشـتیمانی لەگـەڵ حزبـی شـیوعی عێـراق، ئەمەریـکا دەگاتـە ئـەو بڕوایـەی پێویسـتە دەرگا دیپلۆماسـییەکانی بـەڕووی کـورد و شۆڕشـی ئەیلوولـدا بکاتـەوە.

کــورد لەنێــو گەمــەی نێودەوڵەتییــە تــووش و ناســەقامگیر و پــڕ ناکۆکییەکانــدا، بەتایبەتیــش لەســەردەمی جەنگــی ســاردی نێــوان بلۆکــی سۆسیالیســتی و ســەرمایەداریدا، وەکــو نەتەوەیەکــی چەوســاوە تووشــی کۆســپ بــوون و ئــازاد نەبــوون لــە هەڵبژاردنــی دۆســت و دوژمــن، ســەرباری کاریگەریــی هاوکێشــە هەرێمایەتییــەکان چ وەکــو دوژمنــی کــورد و چ وەکــو لایەنگرانــی زلهێزەکانــی دونیــا. کــورد قوربانــی گەمــە نێودوڵەتییەکانــە، لەهەمانکاتــدا ســوتماکی ناکۆکــی و ناتەبایــی و کێشــە ناوەخۆییــە کوردییەکانیشــە.

لــە ســەرچاوە مێژووییــەکان و دواتریــش لەلایــەن خــودی کوردیشــەوە ئامــاژە بــەوە کــراوە کــە ناکۆکــی و ململانێــی ناوەخۆیــی کــە گومــان دەکرێــت دەســتکردی دەرەکــی بێــت، زیانێکــی یەکجــار زۆر بــە کــورد دەگەیەنێــت. ئەمــە بۆتــە برینێــک و دەردێــک هەتــا ئێســتاش وەکــو ئــازار و مەینەتــی لەگــەڵ کــوردا دەژیــت.

### ١-١١ خەونی دەوڵەت و ڕیفراندۆم ٢٠١٧

"جگە لەشاخەکان هیچ هاوڕێیەکیان نییە". دوابەدوای بێ چارەسەر هێشتنەوەی کێشە دەستوورییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای سەدەیەک لە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بڕیاری دا، ڕیفراندۆمێک بۆ سەربەخۆیی لە ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجام بدات. لەم ڕیفراندۆمە نزیکەی لەسەدا ٩٣ دەنگەکان بە بەڵێ بوو. دوای چەندین ساڵ کورد لە عێراق توانی بەشداری پرۆسەی چارەی خۆنووسین بکات، گوزارشت لەبیرکردنەوە و هەست و خواستەکانی خۆی بکات لەسەر ئەگەری سەربەخۆیی و بەدەوڵەت بوون، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوانە ئەمەریکا، بەریتانیا، نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا، پشتیوانیان لە ڕیفراندۆم نەکرد، چونکە بەڕێوشوێنێکی ناسەقامگیریی و تاکلایەنە بیریان لێکردەوە و بە دژی خواستی سەروەری دەوڵەتی عێراق دانرا. دەوڵەتانی دراوسێ تورکیا و ئێران، یان لەڕاستیدا حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، وەڵامی باشیان بەرانبەر پرۆسەی دەنگدانەکە نەبوو، لەجیاتی وەڵامێکی ئەرێنی هەرێمی کوردستانیان خستە ژێر گەمارۆی دەستبەجێی گواستنەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتی و دواتر لەشکرکێشی سەربازی بۆسەر "ناوچە جێناکۆکەکان" دەستی پێکرد، لەئاکامی ئەوەشدا دابەشبوونێکی مەترسیدار لەنێو کوردەکانی عێراق بە ئاشکرا دەرکەوت.

(سەرۆک مەسعود بارزانی) لەبارەی ڕیفراندۆم نووسیویەتی: "وڵاتە بەرژەوەندخوازەکان لایەنگیری حکومەتی عێراقیان کرد و ڕێیان پێدا بەشێوەیەکی نایاسایی هێز لە دژی خەڵکی کوردستان بجووڵێنێت".

«زۆر بەر لە ڕێفراندۆم من ئەو ڕاستیەم دەزانی کە هێزەکانی عێراقی بۆیان بڕەخسێت پەلاماری ناوچە جێناکۆکان و هەرێم دەدەن. ئەوەم چەندین جار لەگەڵ ئەمەریکایی و ئەوروپایی و لایەنە کوردستانییەکانیش باس کردووە. ڕیفراندۆمیش ڕێگەیەک بوو بۆ ئەوەی چارەیەک بخرێتە ڕوو و ڕێ لەهەڵگیرسانی شەڕ بگیرێت، بەڵام هەروەک بینیمان ڕۆژی دوای کۆبوونەوەی دوکان لە شازدەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا لە گەلەکۆمەکییەکی هەرێمایەتی و بە ڕێخۆشکەریی ناپاکی ناوخۆیی و بە بەرچاوی ئەمەریکا و بە چەک و دەبابەی ئەمەریکی هێزەکانی حەشد بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆر پاسداری ئێرانی و بە فەرماندەیی پاسدارێک بەناوی ئیقبالپوور پەلاماری کەرکووک و ناوچە جێناکۆکان درا».

لە ڕاستیدا ئەم وڵاتانەی بانگەشەی دیموکراسی دەکەن، ئامادە نەبوون بەشێوەیەکی هاوچەرخانە و مەدەنیانە پێشوازیی و پشتگیری ئەم پرۆسە هاوچەرخەیان نەکرد:

لێرەدا ناکرێت ئاماژە بۆ هەموو ئەو دۆکیمێنت و ڕووداوانە بکەم کە بوونەتە هۆی لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عێراق، بەڵام دەکرێ دەستنیشانی بەشێکیان بکەم، بەتایبەتی ئەو دۆکیمێنت و نووسین و یاداشتانەی چەند کاربەدەستێکی ئینگلیزی ئەو سەردەمە تێیدا بە ڕوونی پەردەیان لەسەر ڕۆڵی خۆیان و هاوکارانیان لابردووە لە پێناو لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە. ویلایەتی مووسڵ تاکو ساڵی ١٨٧٨ بە ویلایەتی شارەزوور ناوبراوە و کەرکووك مەڵبەندی بووە، ئەم ویلایەتە بەشێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانی

تـا داگیرکـردنی لەلایەن لەشـکری بریتانیـاوە لە کۆتایی جەنگـی یەکەمی جیهانی نـاسراوە. زۆربـەی دانیشـتوانی ویلایەتەکـە کـورد بـوون بەپێـی ئـەو ئامارانـە ئینگلیـزەکان خۆیـان و حکوومـەتی ئـەو سـەردەمەی عێـراق لە سـاڵی ١٩٢٤ بە مەزەنـدە کردوویانـە. بەپێی ئەو ئامـارە باری نەتەوەیی دانیشـتوانی ویلایەتەکە بـەم شـێوەیە بـووە: ٧٠,٦ ٪ کـورد و ٢٣,٨ ٪ عـەرەب و ٥,٥ ٪ تـورکمان.

وەکـو (د. نـووری تاڵەبانـی) نووسـیویەتی: سـەبارەت بەو «ڕاپرسـییەی» کـە گوایـا کـورد بەشـداری تێداکـردووە و دەنگـی بـۆ لکانـدنی ویلایەتـی مووسـڵ بـە عێـراق داوە، لـە ڕاسـتیدا پڕۆسـەیەکی ڕواڵـەتی بـووە و زۆربـەی زۆری خـەڵکی کوردسـتان بەشـدارییان تێدا نەکـردووە، بەتایبەتی دانیشـتوانی ناوچـەکانی سـلێمانی و کەرکـووك. لـە کەرکـووك جگە لـە کورد کـە زۆربەیان بەشـدارییان تێـدا نەکردبوو، تورکمانەکانیـش هەمان هەڵوێسـتیان هەبووە، بـەڵام بـۆ مەرامـی خۆیـان لـە پێنـاوی ڕێکخسـتنی کار و چالاکییەکانیـان بـۆ بەشـداری نەکـردن لـەو ڕاپرسـییە، ڕێکخـراوێکی تایبەتییـان پێکهێنابـوو بـۆ پڕوپاگەندەکـردن دژی ئـەو پرۆسـەیە. تورکمانـەکانی کەرکـووك لـەو سـەردەمەوە ئـەو ناوچەیـە بـە بەشـێك لـە تورکیـا دەزانـن، بۆیـە ناشـێ و ناکـرێ پرۆسـەی ڕاپرسـی لەسـەر دواڕۆژی بکرێـت. (د. نـووری تاڵەبانـی، سـایتی دەنگـەکان، ٣١ ئابـی ٢٠٢١).

واتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

**یەکـەم:** بەریتانیـا ڕاپرسـییەکی ناتـەواوی لەپێناو بەسـتنەوەی مووسـڵ بە بەغـدا ئەنجـام داوە و خۆیـان ڕەزامەندیـان نیشـان داوە، کـە ئەمـە بریتییـە لـە بڕیـار و خواسـتی کـورد لەبارەی ئـەم مەسـەلەیە، لەکاتێکدا سـەرچاوەکان ئـەوە نیشـان دەدەن، کـە هەمـوو کـورد بەشـداری لەم ڕاپرسـییە نەکـردووە.

**دووەم:** بەریتانیـا و ئەمەریـکا و ئەوروپـا بـە ڕاپرسـی خـودی کـورد بـۆ بڕیـاردان لـە چارەنووسـی خۆیـان لەگـەڵ عێـراق، کـە تەنیـا (ڕاپرسـییە) ڕازی نابـن و دژی بڕیـار و ڕاپرسـی خەڵکـی کوردسـتان دەوەسـتنەوە، کەچـی لـە ڕاپرسـی دەسـتکردا کـە خۆیـان بەمـەرام کردوویانـە پاڵپشـتی دەکـەن.

**سـێیەم:** بـــە چـــەک و چاوپۆشـــی ئەمەریـــکا و پیلانگێـــڕی باڵوێـــزی بەریتانیـــا لـــە بەغـــدا پلانـــی هاوبـــەش و هێرشـــکردنە ســـەر کەرکـــووک و ناوچـــە جێناکـــۆکان و هەولێـــر و دهـــۆک لـــە پرۆســـەیەکی هاوبەشـــی حەشـــد و ســـوپا و پاســـدار و حزبـــوڵڵای لوبنانـــی ئەنجـــام دەدرێـــت.

**چـوارەم:** هەمـوو تێکۆشـانە دیپلۆماسـییەکانی ئەمەریـکا و بەریتانیـا و ئەوروپـــا لەلایـــەک و هەرێمـــی کوردســـتان لەلایەکـــی دیکـــە چ لـــە ساتەکانی پێـش ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و چ دوای ئەنجامدانـی نەیانتوانـی چارەســـەرێکی گونجـــاو بـــۆ کێشـــە و بۆچوونـــە جیـــاواز و پێشـــبینییەکان بدۆزێتـەوە. واتـە دیپلۆماسـییەت سـەرکەوتنی بەدەسـت نەهێنـا، لـەو گاڤـــەی بەرپرســـانی هەرێـــم و بەرپرســـە دیپلۆماســـییە بیانییـــەکان بەشـــێوەیەکی گەرموگـــوڕ لـــە بیـــروڕا گۆڕینـــەوەدا بـــوون.

**پێنجـــەم:** لەکاتێکـــدا وەکـــو (د. نـــووری تالەبانـــی) دەنووســـێت " زۆربـەی خـەڵکی کوردسـتان لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقـەوە بەشـــدارییان لـــە بنیاتنـــانی ئـــەم دەوڵەتـــە نەکـــردووە، بۆیـــە ئەمڕۆکـــە دەتوانـێ داوای دامەزراندنـەوەی ئـەم دەوڵەتـە بـکات و ئاینـدەی خـۆی دەستنیشـان بـکات بـەو چەشـنەی خـۆی دەیـەوێ". (د. نـووری تاڵەبانـی، سـایتی دەنگـەکان، ٣١ی ئابـی ٢٠٢١). واتـە ئەمـە نیشـانی دەدات کـورد دەتوانێـت بەپێـی خواسـت و ویسـتی خـۆی ئاینـدەی خـۆی دەستنیشـان

بــکات، ئــەم هەنــگاوەش لــە ڕیفرانــدۆم نمایشــکرا، کــە نمایشــێکی پراگماتیکــی گرنــگ و چارەنووســساز بــوو.

لێـرەدا دەبێـت ئاماژەیەکـی مێژوویی بـە ڕووداوە دراماتیکی و سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان بکەیـن. لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم تەنیـا بارزانییەکان دژی دەسـەڵاتی بەریتانییـەکان جەنـگاون و قوربانیـان داوە. هـەر ئەوانیـش لـە سـەرەتای (دەوڵەتـی کۆمـاری عێـراق) کاریگەریـان هەبـوو و لـە سـاڵێ ١٩٦١ (مسـتەفا بارزانـی) ڕێبەرایەتـی گەورەتریـن و کاریگەرتریـن شۆڕشـی چەکداریــی و میللــی دەکات و کوردیــش لەســایەی ئــەم شۆڕشــەدا کــورد لـەڕووی دەسـتوری و یاسـایی و بەفرەمـی دەبێتـە خاوەنـی (حوکمـی زاتـی). دەرگا و دەرفەتێکـی نـوێ لەبـەردەم کـورد لـەڕووی دیپلۆماسـی و ناسـین و پەیوەندیکـردن بـە دەرەوە دروسـت دەبێـت.

## ١-١٢ چەمکی دیپلۆماسی

ئـەم زاراوەیـە وەکـو زۆر لـە زاراوە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و زانسـتییەکان ڕیشـەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ یۆنانییـەکان. ئـەم زاراوەیـە پێکهاتـووە لـە دوو بـەش (دیپلۆمـا DIPLOMA) کـە لـە کـرداری (-DIP LOM) وەرگیـراوە، بەواتـای بەڵگەنامـە دێـت، کـە لەلایـەن دەسـەڵاتداران و سـەرۆکە سیاسـییەکانی شـارەکان دەردەچێـت و هەندێـک مافـی دیاریکـراو بـە هەڵگرانـی بەڵگەنامـەکان دەدات. ڕۆمانـەکان دواتـر وەکـو ئاماژەیـەک بـۆ بەڵگەنامـەی پێویسـت و ویـستراو، یـان نـووسراو کـە بەشـێوەیەکی تایبـەت پێچراوەتـەوە بەکاریـان هێنـاوە. ئـەم بـوارە هەندێـک دەسـتکەوت بـەو کەسـانە دەبەخشـێت، کـە هەیانـە وەکـو پاسـپۆرت و ڕێککەوتنامـە بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندیـی کۆمەڵگـەکان و گروپـە بیانییەکانـی دیکـە. بـەم شـێوەیە وشـەی دیپلۆماسـی بـۆ ئـەو کاغـەز و بەڵگەنامـە فەرمییانـە و چۆنیەتـی پاراسـتنیان بەکارهـێنراوە، سـەرباری وەرگێڕانـی وشـەکان و دۆزینـەوەی ڕەمـزەکان لەنێـو ئـەو کتێبـە پسـپۆبیریانەی لـەم بـوارە بەکاردەهێنرێـن. ئەوانـەی ئـەم کارانـەش دەکـەن پێیـان دەگوترێـت دیپلۆماسـی (دیپلۆماتـکار). ( الرشـدان، والموسـی، ٢٠٠٥، ١٥).

ئـەم وشـەیە دیپلۆماسـی (Diplomacy) لەکۆتایـی سـەدەی هـەژدەم و بەدیاریکـراوی لەسـاڵی ١٧٩٦ لـە زمانـی ئینگلیزی لـە ئینگلتـەرا بەکارهێنراوە. ئـەم وشـەیە وەکـو ئاماژەیـەک بـۆ ئیدارەدانـی پەیوەندیـی نێودەوڵەتـی بەکارهـێنراوە و بـەو کەسـانە دەگوترا، کـە نوێنەرایەتی دەوڵەتـە بیانییەکانیان دەکـرد و بەفەرمیـی نـووسراوی دەوڵەتەکانـی خۆیـان پێبـووە. لەسـەردەمی شۆڕشـی فەرەنساشـدا بەواتـای ئـەو کەسـەی گفتوگـۆ دەکات، بەکارهـێنراوە.

واتە دیپلۆماسی ئەو کەسەیە کە گفتوگۆ دەکات. ئەم گەشەکردنە بەردەوام دەبێت تاکو لەکۆنگرەی ڤیەنا ساڵی ١٨١٥ شێوەیەکی تایبەتمەند وەردەگرێت و ئەو کات کادری دیپلۆماسی تایبەتمەندی پسپۆر لە کەسانی سیاسی جیاکراونەتەوە. (عبد الفتاح الرشدان، محمد خليل الموسى، ٢٠٠٥، ١٥). تا کار دەگاتە ئەوەی وشەی باڵوێزخانە بۆ یەکەم جار لەلایەن ئیسپانییەکانەوە بەکارهێنراوە و سەرەتا وشەی (Ambactus) بەواتا خزمەتکار و دواتریش (Ambassy) بە واتای باڵوێزخانە بەکارهێنراوە.

لەڕاستیدا هەندێک ئەرکی فەرمیی دیپلۆماسی هەیە، وەک لە ڕێککەوتننامەی ڤیەنا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا هاتووە. ئەم بوارە لەساڵی ١٩٦١ دروستکراوە و پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییە، کە ڕێنمایی بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان دابین دەکات. هەنووکە لەلایەن ١٩٣ دەوڵەتی جیاوازەوە لەسەر ئاستی جیهان پەسەند کراوە و باس لەوە دەکات، کە ئەرکەکانی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی بریتین لە:

- نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتێک وەکو نێردراو لە دەوڵەتی میوانداردا، ئەمەش لەئاستێک دایە بواری کۆمەڵایەتی و ڕێوڕەسمەکان دەگرێتەوە.
- پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی نێردراو و هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە، لەنێو دەوڵەتی میوانداردا، لەوانەش موڵک و پشکەکانیان لە کۆمپانیاکان دەپارێزێت.
- دانوستان و واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی میواندار بەتایبەتی لەوکاتەی ڕێگەپێدراوە و ڕاپۆرتنووسین و کۆکردنەوەی زانیاری بەهەموو ڕێگایەکی یاسایی لەسەر مەرج و پێشهاتەکانی وڵاتی میواندار، دواتر بۆ حکومەتەکەی خۆی دەنێرێت.

- پێشخستنی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان هەردوو دەوڵەت و پێشخستنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی و کولتووری و زانستییەکانیان.

(Rhiannon Wardle, Exploring international relations: What is diplomacy?,https://www.futurelearn.com/info/blog/what-is-diplomacy)

دیپلۆماسی شێوازێکی کارە، کە حکومەتەکان بەکاری دەهێنن بۆ پەیداکردنی کاریگەریی لەسەر کردە و هەڵوسکەوتی حکومەتە بیانییەکان لەڕێگەی تاکتیکی ئاشتیانەی وەک دانوستان و وتووێژ. ئەم کارانەش بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن نوێنەرانی وڵاتێکەوە لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێت، بەڵام کارەکانی دیپلۆماتکار تاکو ڕادەیەکی زۆر لەلایەن ئەو حکومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، کە خزمەتیان دەکات. دەتوانرێت دەستەواژەی دیپلۆماسی بەکاربهێنرێت بۆ وەسفکردنی کەسێک، کە بەشێوەیەکی لێهاتووانە مامەڵە لەگەڵ کەسێک، یان دۆخێکی سەختدا دەکات، بەشێوەیەک چارەسەرێکی ئاشتیانە دەرەخسێنێت، بەبێ ئەوەی لایەنەکانی دیکە تووڕە بکات، یان ناڕەحەتیان بکات.

(Rhiannon Wardle, Exploring international relations: What is diplomacy?, https://www.futurelearn.com/info/blog/what-is-diplomacy).

بەم جۆرە دەکرێت ئەم سەرەتا و پێناسە کورتە ببەستینەوە بەدوو جۆر زاراوە:

**یەکەمیان:** بە مانای بەڵگەنامەیەکی فەرمیی دێت کە سیفەتی نوێنەرایەتی تێدا بەرجەستە دەکرێت، ئەرکی وەفد و ڕاسپاردنی تێدایە و لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوە پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش پێشوازی لێ بکرێت و ئاسانکاری بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی بکرێت.

**دووەم:** بەو واتایە دێت، کە کاتی ڕۆمەکان بەکاریان هێناوە و بواری دیپلۆماسی و نوێنەرایەتی و باڵوێز دەگرێتەوە. ئەمەش بەڕێنوێنی بۆ نوێنەرایەتییەکان و ئیلتیزام کردن بەنەریت و ئەتەکێت و خۆدوورگرتن لەهۆکاری ڕەخنەگرانەی تێدایە. (عزالدین فودە، ١٩٦١، ٤٧-٤٨).

دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی دیپلۆماسی وا لێک بدەینەوە بریتییە لە: هونەر و زانستی پاراستنی پەیوەندیی ئاشتیانەی نێوان نەتەوەکان، گروپەکان، یان تاکەکان. زۆرجار دیپلۆماسی ئاماژەیە بۆ نوێنەرانی گروپە جیاوازەکان، کە باس لەپرسەکانی وەک ململانێ، بازرگانی، ژینگە، تەکنەلۆژیا، یان ئاسایش دەکەن. ئەو کەسانەی کاری دیپلۆماسی دەکەن پێیان دەوترێت دیپلۆماتکار، دیپلۆماتکاران هەوڵ دەدەن یارمەتی وڵاتی خۆیان بدەن و هانی هاوکاری نێوان گەلان بدەن و ئاشتی بپارێزن. کۆمەڵێک دیپلۆماتکار کە نوێنەرایەتی وڵاتێک دەکەن لە وڵاتێکی دیکەدا و لەوێدا دەژین، پێی دەوترێت نوێنەرایەتی دیپلۆماسی. نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەمیشەیی پێی دەوترێت باڵیۆزخانە. باڵوێز دیپلۆماتکاری سەرەکییە لە باڵیۆزخانەیەکدا. ڕەنگە نوێنەرایەتییەکی گەورەی دیپلۆماسی جگە لەیەک باڵیۆزخانە نوێنەرایەتی هەبێت و لەشوێنەکانی دیکەدا ئەم نوێنەرایەتییەش پێی دەوترێت کونسوڵخانە. (https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy/).

بەکورتی ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مانا و مەبەستی کاری دیپلۆماسی لە فەرهەنگی (وێبستەر) هاتووە: "هونەر و پراکتیکی ئەنجامدانی دانوستان لە نێوان گەلان، هەروەها لێهاتوویی لەمامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارەکاندا بەبێ وروژاندنی دوژمنایەتی بە دیپلۆماسی مامەڵەی لەگەڵ دۆخە نائاساییەکەدا بکرێت".

(https://www.merriam-webster.com/dictionary/diplomacy).

یـان لەفەرهەنگـی ئینگلیزیـدا بـەم شـێوەیە پێناسـەی دیپلۆماسـی و کارەکـە کـراوە: "دیپلۆماسـی بریتییـە لەلێهاتوویـی و وریابـوون لـە گووتـن، یـان ئەنجامدانـی ئـەو شـتانەی کـە خەڵـک تـوڕە نـاکات."

(https://www.collinsdictionary.com/us/dictionary/english/diplomacy).

لـە فەرهەنگـی کەمبریجیشـدا بـەم شـێوەیە پێناسـەی ئـەم زاراوە و کارە کــراوە: "بەڕێوەبردنــی پەیوەندییەکانــی نێــوان وڵاتانــە، هەروەهــا دیپلۆماســی بریتییــە لەتوانــای کۆنترۆڵکردنــی دۆخێکــی ســەخت بەبــێ ئــەوەی کــەس دڵتەنــگ بــکات."

(https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/diplomacy).

لێـرەدا جەخـت لەسـەر چەنـد بوارێکـی گوتـاری دیپلۆماسـی بـەم جـۆرە کراوەتـەوە: (گوتـن، وریابـوون، تووڕەنەکردنـی خەڵـک و دەوڵەتێکـی دیکـە و دڵتەنـگ نەکـردن و چارەسـەری ئاشـتیانەیە). واتـە گوتار بریتییـە لەکردەی گوتـن و ئاخاوتـن، ئەمـەش یەکێکـە لـەو سێ بنەمـا گرنگـەی لـە فەرهەنگی ئینگلیـزدا جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە، کـە ئێمـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا جەخــت لەچۆنیەتــی بەکارهێنــان و دروســتکردنی گوتــاری دەوڵــەت و بەتایبەتیـش دیپلۆماسـی لەبـارەی لایەنێـک، یـان دۆزێـک دەکەیەنـەوە، کـە لەلایــەن ئیمپراتۆریەتێکــی مەزنــی دونیــا (بەریتانیــای مــەزن/ ئینگلیــزی) لەبـارەی دۆزی کـورد ڕاپـەڕێنراوە و بەدیاریکـراوی گوتـاری نێـو بەڵگەنامـە نهێنییـە دیپلۆماسـییەکان لـە سـاڵەکانی ١٩٦١-١٩٧٦.

لەهەمـان کاتـدا شیکاری بیـر و بیرکردنـەوەی سـەرکردایەتی شۆڕشـی

ئەیلـوول و رێبـەری مـەزن (مسـتەفا بارزانی)مـان کردووە، کە چـۆن لە چەمک و ئەرک و پیشـە و پێویسـتی دروستکردنی لۆبی و کاری دیپلۆماسی گەیشتوون.

مـن بـڕوام وایـە تـا دەسـتپێکردنی شۆڕشـی ئەیلـوول کـورد خاوەنـی هیـچ نوێنەرایەتییەکـی دیپلۆماسـی و بیرکردنـەوە لـە کاری دیپلۆماسـی نەبـووە. بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی بەریتانیـا ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەکاتـەوە، کـە سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلـوول، بریتییـە لەسـەردەمی دامەزراندنـی (نوێنەرایەتـی فەرمیـی کوردیـی لـە ئەوروپـا و دەسـتپێکردنی بزاڤـی دیپلۆماسـی بەواتـا زانسـتییە سیاسـییەکەی).

لەهەمـان کاتـدا ئێمـە دەزانیـن (پراگماتیـک ئەرکـی شـیکردنەوەی بەکارهێنانـی زمانـە)، دیپلۆماتکارەکانیـش هەمیشـە دەیانەوێـت (زمانێکـی دوور لـە تووڕەکـردن و دەسـتێوەردان لەکاروبـاری تایبەتـی بەرانبەرەکەیـان و ئاشـتیانە بەکاربهێنـن) کـە پشـت بـە (گوتـن، وریابـوون، تووڕەنەکردنـی خەڵـک و دەوڵەتێکـی دیکـە و گفتوگـۆ و بەکارهێنانـی زمـان لەجیاتـی هێـز) دەبەسـتێت. ئەمـەش لەکـردەوەدا خۆدوورگرتنـی تێدایـە. لەنێـو ڕاپـۆرت و نامـە نووسراوەکانیشـاندا بنەماکانـی ڕاپەڕاندنـی کـردە قسـە وەکـو پێکهاتەیەکـی بنەڕەتـی پراگماتیـک پەیـڕەو دەکـەن، کـە (هوشـداری، فەرمـان و نمایـش و ڕیـکلام و هانـدان و وروژانـدن و گفتوگـۆ و بڕیـار و دروسـتکردنی ڕای گشـتی و سەرنجڕاکێشـان و پێدانـی زانیاریـی و. .. تـاد) تێدایـە.

نامـە دیپلۆماسـییەکانی (مسـتەفا بارزانـی) بـۆ نەتـەوە یەکگرتـووکان و سـەرۆک دیگـۆل و سـەرۆک و بەپرسـە فەرمییەکانـی ئەوروپـا و ئەمەریـکا نیشـانەی وریایـی و لێهاتوویـی و ستراتیـژی بیرکردنـەوەی ئـەو ڕێبـەرە مەزنەیـە، کـە بناغـە بـۆ کیـان و بـوون و بەردەوامـی کوردسـتان دادەڕێژێت.

**١-١٣ دیپلۆماسی لە مێژوودا**

هونـەری دیپلۆماسـی لـە کۆنـەوە دەسـتی پێکـرد. پەیماننامەکانـی نێـوان شـارە جیاوازەکانـی میزۆپۆتامیـا، لـە ئێسـتادا عێـراق، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ٢٨٥٠ پ.ز. سـەرکردەکانی مـیسر و کەنعـان (وڵاتێکـی کـۆن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت) لـە سـەدەی ١٤ پێـش زاییـن نامـەی دیپلۆماسـییان ئاڵوگـۆڕ کـردووە. نووسـین لەسـەر دیـواری بینـا کۆنەکانـی سـەردەمی مـادەکان هەمـان شـتە. باڵیۆزخانـەکان بـۆ یەکەمجـار لـە باکـووری ئیتاڵیـا لـە سـەدەی ١٤ پەیدابـوون، زۆربـەی کارەکانـی دیپلۆماسـی لـەڕووی مێژووییـەوە بەپەیوەندییـە دووقۆڵییـەکان، یـان دانوسـتانەکانی نێـوان دوو نەتـەوەی جیـاواز و ناکـۆک پەیوەسـتە. زۆرجـار وڵاتێـک، یـان هەرێمێـک دەیـان ڕێککەوتنـی بازرگانـی و سـنوور لەنێوانیانـدا هەبـووە، کـە هەریەکەیـان لـە یـەک وڵاتـدا، یـان هەرێمێکـی جیـاوازدا بـوون. پەیوەنـدی دوو قۆڵـی تاکـو ئێسـتاش فۆرمێکـی زۆر بـاوی دیپلۆماسـییە و لەسـەدەی بیسـتەمدا کار و بـواری دیپلۆماسـی بەشـێوەیەکی بەرچـاو فـراوانتر بـووە. ئەمـڕۆ ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان (UN) کـە ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتییـە و کاردەکات بـۆ بەرەوپێشبردنـی هـاوکاری و یەکلاکردنـەوەی ناکۆکـی نێـوان گـەلان، ڕۆڵێکـی گـەورە لـە کاری دیپلۆماسییدا دەگێڕێـت. ئەنجوومەنـی گشـتی کـە ئۆرگانـی سـەرەکی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە، ١٩٥ ئەندامـی هەیـە.

(https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy/).

بـۆ نموونـە باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە واشـنتۆن دی سـی پایتەختـی ئەمەریکایـە، هەروەهـا شانشـینی یەکگرتـوو کونسـوڵخانەی لـە شـارەکانی ئەمەریـکا و لـە ئەتلەنتـا لـە ویلایەتـی جۆرجیـا و بـۆستن و ماساشوسـتس

و شـــیکاگۆ، ئیلینۆیـــس و دێنڤــەر و کۆلــۆرادۆ و هیــوستن و تەکســاس و لــۆس ئەنجلــس و کالیفۆرنیــا و میامــی و فلۆریــدا و شــاری نیویــۆرک و ئۆرلانــدۆ و فلۆریــدا و ســان فرانسیســکۆ لــە ویلایەتــی کالیفۆرنیــا هەیــە. باڵیــۆزی بەریتانیــا و باقــی نوێنەرایەتــی دیپلۆماســی بەریتانیــا بەرپرســیارن لــە نوێنەرایەتیکردنــی سیاســەتەکانی بەریتانیــا لەنێــو خاکــی ئەمەریــکا و لەگــەڵ حکومەتــی ئەمەریــکا، هەروەهــا هاوکاریکردنــی خەڵکــی بەریتانیــا لــە ئەمەریــکا زۆرجــار ئەمــە بریتییــە لــە یارمەتیدانیــان لــە بابەتــە یاســاییەکان، وەک ڤیــزا یــان مۆڵەتــی کارکــردن. دیپلۆماتــکارە ئەمەریکییــەکان لــە لقێکــی وەزارەتــی دەرەوە کاردەکــەن بــە نــاوی خزمەتگــوزاری دەرەوە، زیاتــر لــە ١٢ هــەزار کــەس لــە وەزارەتــی دەرەوە کار دەکــەن، هــاوکاری ئــەو ئەمەریکییانــە دەکــەن، کــە گەشــت بــۆ دەرەوەی وڵات دەکــەن و سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریــکا پەیــڕەو دەکــەن. ئەمەریــکا ٢٦٥ نوێنەرایەتــی دیپلۆماســی لــە سەرانســەری جیهانــدا هەیــە، گەورەتریــن نوێنەرایەتــی دیپلۆماســی ئەمەریــکا لــە مەکســیکە و باڵیۆزخانەکــەی لــە شــاری مەکســیکۆ و ٢٢ کونســوڵخانە و دەزگای کونســوڵگەری لەسەرتاســەری ئــەم وڵاتــدا هەیــە.

(https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy/).

ئــەم ئامــاژە خێرایــە بــە مێــژووی بوونــی کاری دیپلۆماســی لــە میزۆپۆتامیــای کــۆن و لــە ڕۆژهەڵاتــی ناڤینــدا بەڵگــەی ئەوەیــە، مــرۆڤ لەهەمــوو ســەردەمێکدا پێویســتی بــە (کار و پەیوەندیــی و شــێوازی دیپلۆماســی) لەپێنــاو ڕاپەڕاندنــی (کــردەی پەیوەندیکــردن و گەیاندنــی پەیام و گفتوگــۆ و ئاگاداریــی و دوورکەوتنــەوە لــە توندوتیــژی و جەنــگ) هەبــووە.

کـورد لەکۆنـەوە لـەم ناوچەیـەدا ژیـاوە، لەنێـو شـوێنەوارە کۆنەکانـدا، لەلێکدانـەوەی مێـژووی کۆنـدا و لەنێـو دەقـە فۆلکۆرییەکانـدا و قسـەی نەسـتەق و پەنـدە کۆنەکانـدا ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەبێتـەوە، کـە کـورد پەنـای وەبـەر پەیوەندیـی دیپلۆماسـی لەپێنـاو (گوتـن و وریاکردنـەوە و خـۆ دوورگرتـن لـە تووڕەکـردن و شـەڕ و هەتا چارەسـەری کێشـەکانیش) بردووە، لـەم پێناوەشـدا لـەڕووی پراگماتیکییـەوە پەنـای وەبـەر بەکارهێنانـی زمـان لەپێنـاو گەیاندنـی پەیـام و مەبەسـتەکان و کـردەی پەیوەندیکـردن بـردووە.

لــە شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١- ١٩٧٥ زۆرتریــن کار کــراوە کــە کــورد لەڕێگــەی کاری دیپلۆماســیی و بەکارهێنانــی زمــان و ئاخاوتــن مافەکانــی بەدەسـت بهێنێـت، ئەمـەش لەچەنـد بوارێکـدا بەڕوونـی بەدیـار دەکەوێت:

**یەکــەم:** شــەڕ و ئەنجامدانــی چەندیــن دانوســتانی سیاســی لەگــەڵ دەسـەڵاتی بەغـدا. واتـە (مسـتەفا بارزانـی) لەیـەک کاتـدا کۆشـاوە سـوود لـە فشـاری جەنگیـی و هەروەهـا دیپلۆماسـی وەرگرێـت. ئەمـەش یەکێکـە لـە قووڵاییـە ستراتیژییەکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول.

**دووەم:** لەتـەک شـەڕ لەگـەڵ عیـراق، بـەردەوام تێکۆشـاون پەیوەنـدی نێوەدەوڵەتـی دروسـت بکـەن و ئـەو ئابلووقـە جیۆسیاسـییە تێکبشـێنن کـە دژی کوردسـتان بەکاردەهێنرێـت.

**سـێیەم:** دانانـی چەندیـن کـەس بەفەرمیـی وەکـو نوێنـەری شـۆڕش لـە ئەوروپـا و ئەمەریـکا نیشـانەی بایـەخ دانـە بـەکاری دیپلۆماسـی.

## ١٤-١ ململانێی سیاسی و پرەنسیپی کاری دیپلۆماسی

دیپلۆماسی بە دانوستان، یان خستەڕووی خواستەکان بەدی دێت، بەگشتی هەر گروپێک لەپرۆسەی دانوستانەکاندا داوای زیاتر لەوە دەکەن، کە چاوەڕێی دەکەن بەدەستی بهێنن. دوای ئەم هەنگاوە دەست بەسازش دەکەن، یان دەستبەرداری هەندێک لەو شتانە دەبن، کە دەیانەوێت لەنێو پرۆسەی دانوستانەکادا بەدەستیبهێنن. لەپێناو گەیشتنە ڕێککەوتن، گەلێک جار دیپلۆماتکارێکی دەرەکی لە دانوستانەکاندا ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینێت. بۆ نموونە (مارتی ئەهتیساری) دیپلۆماتکارێکی فینلەندییە و لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاردەکات، لە ساڵی ١٩٩٠ یارمەتی نامیبیا دەدات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە باشووری ئەفریقا. هەندێک جار لایەنێک لە دانوستانەکاندا سازش ڕەت دەکاتەوە، کاتێک ئەمە ڕوودەدات، ڕەنگە کەسانی دیکەی بەشدار لەنێو دانوستانەکەدا، پەنا وەبەر سزای دیپلۆماسی ببەن. سزا دیپلۆماسییەکانیش بریتین لە (کەمکردنەوە، یان دوورخستنەوەی سەرجەم کارمەندانی باڵیۆزخانە لە وڵاتی سەرپێچیکار، سزای دیپلۆماسی سووکتر لەوانەیە بریتی بێت لە ڕەتکردنەوەی سەرۆکێک سەردانی وڵاتی سەرپێچیکار، یان کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو وڵاتە ئەنجام بدات. بۆ نموونە نیکاراگوا لە ساڵی ٢٠١٠دا هەموو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پچڕاند، نیکاراگوا ناڕەزایەتی دەربڕی بەرانبەر هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کاروانێکی هاوکاری، کە بۆ کەرتی غەززەی نێو دەسەڵاتی فەلەستینی دەنارد ململانێ لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیل لەئارادایە.

هەروەهـا ڕەنگـە وڵاتـان هەڕەشـەی بەکارهێنانـی سـزا ئابوورییـەکان، یـان سـزای دیکـە بکـەن. لەسـاڵی ٢٠٠٦دا زۆربـەی وڵاتـەکان ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی بازرگانـی لەگـەڵ کۆریـای باکـوور نەکـەن، ئەمـەش وەکـو فشـارێک بەکارهـێنرا بـۆ ئـەوەی ئـەو وڵاتـە تاقیکردنـەوەی چەکـی ئەتۆمـی بـە شـێوەیەکی نایاسـایی ڕابگرێـت، لەهەندێـک کاتـی دیکـەدا دیپلۆماتـکاران هەڕەشـەی بەکارهێنانـی هێـز دەکـەن، ئەگـەر کێشـەکان لەڕێگـەی گفتوگـۆ و دانوسـتاندن یەکلایـی نەکرایـەوە. لەسـاڵی ١٩٩٠ عێـراق، کوێتـی دراوسـێی داگیرکـرد. کاتێـک عێـراق ڕەتیکـردەوە کوێـت بەجـێ بهێڵێـت، نەتـەوە یەکگرتـووەکان هێـرش و وەڵامـی سـەربازی دژی عێـراق پەسـەندکرد و هاوپەیمانییـەک، یـان کۆمەڵـە دەوڵەتێـک بەیەکـەوە کاریـان کـرد، لەئاکامـدا شـەڕی سـوپای عێراقیـان کـرد و ناچابیریـان کـرد لـە کوێـت دەربچێـت.

ئەنجامـی دانوسـتانی سـەرکەوتوو ڕێککەوتنـی دیپلۆماسـی لـێ دەکەوێتـەوە و دیارتریـن شـێوەی ڕێککەوتننامەکـەش بریتییـە لـە پەیماننامـە و گرێبەسـتێکی نـووسراوی نێـوان وڵاتانـەکان. بـۆ نموونـە پەیماننامـەی ڤێرسـای بـە فەرمیـی کۆتایـی بـە جەنگـی یەکەمـی جیهـان هێنـا، ئەمـەش لـە ڤێرسـای فەرەنسـا واژۆ کـرا و دیپلۆماتکارانـی وڵاتـە زلهێـزەکان لەوانـەش ئەڵمانیـا و نەمسـا، ڕێگەیـان پێنـەدرا دانوسـتان لەسـەر پەیماننامەکـە بکـەن، بـەڵام دیپلۆماتکارانـی وڵاتانـی تـری زلهێـزە ناوەندییـەکان و زلهێـزە هاوپەیمانـەکان، لەوانـەش ئەمەریـکا، ئـەو پەیماننامەیەیـان پەسـەندکرد، کـە هەندێـک پەیماننامـە پێویسـتیان بەچەنـد سـاڵێک دانوسـتانی دیپلۆماسـی هەیـە. دانوسـتانەکانی

سـنووردارکردنی چەکــی ستراتیــژی (SALT) لــە نێــوان ئەمەریــکا و یەکێتـی سـۆڤیەت لـە سـاڵی ١٩٦٩ دەسـتی پێکـرد، گفتوگـۆکان تـا سـاڵی ١٩٧٩ بـەردەوام بـوون، ئـەو پەیماننامانـەی لەئەنجامـی ئـەم دانوسـتانە دیپلۆماسـیانە هاتنـە ئـاراوە و نـاوی(SALT I و SALT II) لـێنرا ڕێـژەی بەرهەمهێنانــی چەکــی ئەتۆمــی کەمکــردەوە.

جۆرێکـی تـری ڕێککەوتننامەکـە بریتییـە لـە کۆنفرانـس، کـە لەلایـەن چەنـد نەتەوەیەکـەوە واژۆ دەکرێـت و دەبێتـە یاسـای نێودەوڵەتـی، بەناوبانگترینیـان ڕێککەوتننامەکانـی جنێڤـە، کـە بـاس لەمامەڵەکـردن لەگـەڵ دیلەکانـی جەنـگ و مەدەنـی و کارمەندانی پزیشـکی لەناوچەیەکی جەنگـدا دەکات. یەکەمیـن کۆنفرانـس لەسـاڵی ١٨٦٤ لـە شـاری جنێڤـی سـویسرا واژۆکـرا، چـوارەم و ڕەنگـە گرنگترینیـان بێـت لەسـاڵی ١٩٤٩ دوای جەنگـی دووەمـی جیهـان واژۆکـرا. پرۆتۆکۆڵەکانیـش ڕێـکاری دیپلۆماسـی فەرمیـی و ڕێککەوتنـەکان دەگۆڕێـت، یـان فراوانتریـان دەکات. پرۆتۆکۆڵـی (کیۆتـۆ) بریتییـە لەنوێکردنـەوەی ڕێککەوتننامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـە لەبـارەی گۆڕانـی کەشـوهەوا. ڕێکخـراوی UNFCCC لـە کۆبوونـەوەی بـاڵا لەبـارەی زەوی لـە ڕیـۆ دی جانیـرۆ لەسـاڵی ١٩٩٢ بڕیـاری لێـداروە، پرۆتۆکۆڵـی کیۆتـۆ لەسـاڵی ١٩٩٧ لـە کیۆتۆی ژاپـۆن واژۆکراوە، ئامانجیشـی بەدیهێنانـی سـەقامگیرکردنی ڕێـژەی گازە مەترسـیدارەکانە، کـە دەبنـە هـۆکار بـۆ تێکدانـی ژینگـە.

(https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy/).

واتــە کاری دیپلۆماســی بــوار و شــێواز و ئامانــج و ڕێــکار و جــۆری جیــاواز لەپێنــاو ســەپاندنی ئیــرادەی ئاشــتەوایی بــۆ چارەســەری

کێشــەکان لەنێـوان دوو لایـەن، یـان پتر لـە لایـەن و دۆزێـک دەگرێتـەوە. لـەم سـەد سـاڵەی دوایـدا بەتایبەتیـش دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی و دەرکەوتنـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان (کاری دیپلۆماسـی و پەیوەندیـی دیپلۆماســی و چارەســەری دیپلۆماســی و رێککەوتــن و پەیاننامــەی نێودەوڵەتـی) گەشـەی کـردووە و بەیەکێـک لـە کاراتریـن بوارەکانـی (پەیوەندیکــردن و چارەســەری کێشــە مەترســیدارەکان و دروســتکردنی ئارامــی و خاوکردنــەوەی کێســەکان) دادەنرێــت.

نوێنەرانـی کـورد بەتایبەتـی (مسـتەفا بارزانـی) لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولـدا بەشـێوەیەکی زۆر جـددی بیـری لـە بەکارهێنانـی پەیوەندیـی دیپلۆماسـی لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری دۆزی کوردستان کردۆتـەوە. سـۆڤیەت هانـی مەنگۆلیـای داوە لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان دۆزی کـورد بجووڵێنرێـت، دوای ئـەوەش لـەم سـاڵانەی دوایـدا بەشـێوەیە ناڕاسـتەوخۆ بێـت، یـان ڕاسـتەوخۆ نوێنەرانـی کـورد سـوودی زۆریـان لـە بـواری دیپلۆماسـی وەرگرتـووە. (مسـتەفا بارزانـی) نامـە بـۆ سـەرۆک و بەرپـرس و دەزگاکانـی پەیوەندار دەنووسـێت و داوای هاوکاریی و پاڵپشـتی دۆخـی کوردیـان لـێ دەکات. واتە لـەڕووی دیپلۆماسییەوە دەکرێـت بڵێین لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولدا بنەمایەکی ڕوون و کارا بۆ کاری دیپلۆماسی و پەیوەندیکـردن و بەکارهێنانـی زمان و نووسـین بـۆ (وریاکردنەوەی بێگانە و پێدانـی زانیاریـی دروسـت و هانـدان و سەرنجڕاکێشـان و نمایشـی دۆخ و دۆزی کوردسـتان و داواکارایـی و بەدیهێنانـی کـردەی پەیوەندیکـردن).

لەنێــو ئــەو نامانــەدا (مەســتەفا بارزانــی) لــە ٨ی شــوباتی ١٩٦٨ نامەیـەک بـۆ (دیگـۆل)ی سـەرۆکی فەرەنسـا دەنووسـێت. (دارا عەتـار)

کـە ماوەیەکـی زۆر نوێنەرایەتـی شۆڕشـی کوردسـتانی لـە ئەوروپـا و بەتایبەتـی لـە بەریتانیـا کـردووە دەگێڕێتـەوە: "وەکـو شـاهیدحاڵێک و بەئاگایـەک لـەو نامەیـە گوتـی ئـەو نامەیـە بـە زمانـی کـوردی نـووسرا، سـەرەتا نامەکـە لەلایـەن د. مەحمـوود عـوسمان بەشـێکی وەرگێـڕدرا بـۆ سـەر زمانـی ئینگلیـزی و دواتـر مـن تـەواوم کـرد و وەرمگێـڕا. پاشـان گەیاندمـە دەسـتی (کامـەران بەدرخـان) و ئەویـش گەیاندنـی بـە (دیگـۆل)، لەماوەیەکـی نزیکـدا وەڵامەکـەی لـە ڕێگـەی (کامـەران بەدرخـان) بـە (بارزانـی) گەیشـتەوە. (دیگـۆل) وەڵامەکـەی بـە زمانـی فەرەنسـی نووسـی بـوو. دوای ناردنـی نامەکـە، لـە کۆڤـاری (کوردسـتان)، ژمـارە (١٣)ی مانگـی ٨ی ١٩٦٩ لـە لاپـەڕە ٣٥ یـدا بڵاومـان کـردەوە. ئـەم گۆڤـارە سـاڵی جارێـک لـە لەنـدەن بـە زمانـی ئینگلیـزی لەلایـەن کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا پەخـش دەکـرا، سەرنووسـەرەکەی بەنـدە دارا عەتـار بـوو". (زانیـار سـەردار قڕگەیـی، ڕۆژنامـەی خەبـات ٨-٥-٢٠٢٣).

وەکـو (هـاوار کاکـە زیـاد) لەپەیوەندییەکـی تەلەفۆنـی قسـەی بـۆ توێـژەری ئـەم کتێبـە کـرد، گوتـی "کامـەران بەدرخـان یەکێـک بـوو لـە کەسـە هـەرە کاریگـەرەکان لـە پەیوەندیـی و کاری دیپلۆماسـی و گەیاندنـی دەنگوباسـی شۆڕشـی ئەیلـوول بـە ئەوروپـا و دەرەوە". لـەم بـارەوە (دارا عەتـار) دەڵێـت: "پەیوەندییەکانـی کـورد و فەرەنسـا لـە دوو ڕێگـەوە بـوو، بەشـێکیان لـە ڕێگـەی (کامـەران بەدرخـان) بـوو کـە سـەرۆکی بەشـی کـورد بـوو لـە زانکـۆی (سـۆربۆن) لـە فەرەنسـا. پەیوەندییەکـی زۆر بەتینـی لەگـەڵ حکومەتـی فەرەنسـیدا هەبـوو، ئـەوی

دیکەشـــیان لەڕێگـــەی ئینیســـتیووتی کـــوردی، کــە (د. کەنــدال نــەزان) ســەرۆکی بــوو. ئەویــش ڕۆڵێکــی زۆر گرنگــی بینــی، کــە پەیوەنــدیمان زۆر بەهێــز و جێگیــر بێــت. زۆر یارمەتــی و هــاوکاریمان بەنهێنــی و بەئاشــکرا لــە فەرەنســا وەرگــرت. دوای ئــەو نامەیــە لــە فەرەنسـا بڵاوبــووەوە، ئــیتر ژمارەیەکــی زۆر ڕۆژنامەنــووس لــە فەرەنســاوە هاتــن بــۆ کوردســتان". (زانیــار ســەردار قڕگەیــی، ڕۆژنامــەی خەبــات ژمــارە (٦٥٠٩ )ی ڕۆژی دووشــەممە ٨-٥-٢٠٢٣، لاپــەڕە ٧-٨).

مەبەســتمان ئەوەیــە لــە ســەردەمی شۆڕشــی ئەیلوولــدا پەیوەندییــە نهێنــی و سیاســی و دیپلۆماسییەکانی کــورد بــۆ یەکەمیــن جــار بــەم شــێوەیە لــە ئەوروپــا و ئەمەریکا دەســت پێ دەکات و کاریگەریی لەســەر ڕای گشــتی و ناوەندەکانــی دەســەڵات و دەزگاکانــی ڕاگەیانــدن و رای گشــتی دروســت دەکات. ئەمــەش لەڕێگــەی نوێنــەر و کەســە کاریگەرەکانــی کــوردەوە بــووە کــە لەئاســتی جیــاواز و بەشــێوازی نــوێ و لــە پێگــە و شــوێنی کاریگــەرەوە ئــەم پەیوەندییــە دیپلۆماســیەیان دروســتکرد.

### ١-١٥ گوتاری سیاسی و دیپلۆماسی

زمانــی گوتــاری دیپلۆماســی جیــاوازە لــە زمانــی هەمــوو بوارەکانــی دیکـە، ئـەو جیاوازیـی و تایبەتمەندییـەش ئەوەیـە، کـە گوتـاری دیپلۆماسـی بەرپرســیاریەتی و ئــاواختن بەنێــوی دەوڵــەت، یــان لایەنێکــی فەرمیــی لەخۆدەگرێــت، واتــە دیپلۆماتــکار هەڵوێســتی دەوڵەتەکــەی لەبــارەی هەندێــک کێشــەوگرفت و تێڕوانییــەکان دیاریــی دەکات. دیپلۆماتــکار بەنــاوی دەوڵــەت قســە دەکات، گوتارەکەشــی جێگــەی متمانەیــە و ئیلتزامـی فەرمیـی تێدایـە، بۆیـە دەبێـت گوتـاری دیپلۆماسـی گوتارێکـی ورد و تـەواو و بـە دیقـەت بێـت، بەبایەخـەوە بنووسرێـت، چونکـە وەکـو گوتارەکانــی دیکــە نییــە پاشــەگەزبوونەوە لەنێوەڕۆکەکــەی قســەکەر و دەوڵــەت و لایەنــە بەرپرســەکان دەخاتــە دۆخێکــی قــورس، تەنیــا ڕوونکردنـەوەش لەبـارەی نێوەڕۆکـی بابەتـە قسـەلێکراوەکە کارێکـی سـانا و بـێ بـاج نییـە.

دەبێـت لەئاخاوتنـدا بایـەخ بـە وردەکارییـەکان بەشـێوەیەکی ژیرانـە بـدات و لـە مەبەسـتەکانیدا ڕوون و ئاشـکرا بێـت، لەکاتـی وەرگێڕانـدا بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک بێـت، بـۆ ئـەوەی تووشـی هەڵـەی وەرگێـڕان نەبێـت. (سـلمی لونـاس شریـف، بـدون سـنة، ٣).

سروشــتی گوتــاری دیپلۆماســی ڕێکخســتنێکی فکرییــە، چەندیــن چەمــک و زاراوەی تێــدا کۆدەبێتــەوە، لــە گوتارەکــە ناگەیــن، تەنیــا ئەوکاتــەی لــەم زاراوانــە بگەیــن کــە بــەکار دەهێنرێــت. ڕاپەڕاندنــی ئەرکــی دیپلۆماســی لەنێــو گوتارەکــدا بریتییــە لەبەکارهێنانــی کاتــی دیاریکـراو، واتـە کاتەکانـی ئاخاوتـن تێیـدا کـراوە و بـێ سـنوور نییـە،

سـەرباری ڕوونـی هەڵوێسـت و پتەویـی لەئاخاوتـن، دەبێـت زاراوەکان دەربـڕ و گوزارشـتکەر بـن لـەو چەمکانـە و بەشـێوەیەکی ورد و دروسـت بەکاربهێنرێـن. (سـلمی لونـاس شریـف، بـدون سـنة، ٣).

ئێمـە کـە باسـی گوتـاری دیپلۆماسـی دەکەیـن، بێگومـان مەبەسـتمان شـێواز و چۆنیەتـی ڕاپەڕاندنـی ئـەو پەیوەندییـە نێـو دەوڵەتـی و هەرێمایەتیانـە کـە لەنێـوان دەوڵەتەکانـدا بەڕێـوە دەچێـت. گوتـاری دیپلۆماسـی هەڵگـری پەیامـی دەوڵەتەکانـە، دیپلۆماتـکارەکان هـەر تەنیـا هەڵوێسـت و بۆچوونـی ورد و دروسـتی وڵاتەکانیـان بـە وڵاتەکانـی دیکـە ناگەینـن، بەڵکـو بەپێچەوانـەش لەڕێگـەی گوتـار و ئـەو زانیاریانـەی کۆیـان دەکەنـەوە، وێناکـردن و داڕشـتنی سیاسـەت و هەڵوێسـتیش لەبـارەی وڵاتـەکان و ئاڵوگـۆڕ و تێڕوانیـان و ئینجـا دروسـتکردنی بڕیـار و فەرمانـەکان ڕادەپەڕێنـن.

واتـە گوتـاری دیپلۆماسـی لایەنێکـی ئاشـکرای تێدایـە، کـە دیپلۆماتـکارەکان لەکاتـی ئاخاوتـن بـۆ دەزگا فەرمییـی و ڕاگەیانـدن و ناوەندەکانـی پەیوەندیکـردن ئاشـکرای دەکـەن، سـەرباری ئـەو گوتـارە نائاشـکراو نهێنیانـەی لەبـارەی دروسـتکردنی وێنـە و تێڕوانیـان سـەبارەت بەداڕشـتنی شـێواز و جـۆری پەیوەندییـەکان لەئاینـدەدا لەگـەڵ ئـەو لایـەن و گـروپ و دەوڵەتانـەی باسـیان دەکـەن.

گوتـارەکان بەکـردەوە ژمارەیـەک کـردە قسـەی گرنـگ و بنەڕەتـی ڕادەپەرێنـن، کـە بریتیـن لـە (هوشـداریی، ڕوونکردنـەوە، هانـدان و نمایـش و ئاگادارکردنـەوە و پێدانـی زانیاریـی و فەرمـان و بڕیـار و فشـار و داواکـردن و پێشـنیار و هانـدان و ناڕەزایـی و. .. تـاد). ئەمانـەش

بەکــردەوە پەیوەندییــان بــە پراگماتیــک و چۆنیەتــی بەکارهێنانــی زمــان لەنێــو گوتارەکــە و دەوروبــەری گوتارەکــە هەیــە.

ئێمــە کاتێــک شــیکردنەوەی بەڵگەنامــە نهێنییــە دیپلۆماســییەکان بــە زمــان و گوتــار دەبەســتینەوە پــێمان وایــە وەکــو ئــەوەی (ئــۆستن) ســاخی کردۆتــەوە، مــرۆڤ لــە ڕێگــەی (قســەکردنەوە کار ڕادەپەڕێنێــت) دەتوانرێــت لــەم بوارەشــدا بەکاربهێنرێــت، کــە دیپلۆماتــکارەکان بــە ڕاشــکاوی لەڕێگــەی بەکارهێنانــی زمــان (بڕیــار و ڕاســپاردە و ئامۆژگاریــی و نمایــش و فشــار و بانگەشــە و فەرمــان و داواکاریــی و هوشــداریی و نمایــش. . تــاد) دروســت دەکــەن و بەکاردەهێنــن. وەکــو چــۆن (ئــۆستن) لــە چوارچێــوەی بۆچوونەکانیــدا لەبــارەی تیــۆری کــردە قســەیی پێــی وایــە "زمــان هــەر وەســفی نییــە، بەڵکــو کردەییــە و بــەو ئاراســتەدا دەڕوات، کــە هەندێــک شــت بــەدی دێنێــت، کاتێــک دەڵێیــن قســە کــرداره، واتــە دەتوانرێــت بەقســە کاریگەریــی لەســەر خەڵکــی دیکــە دابنێیــن و هانیــان بدەیــن بــۆ هەڵســوکەوتێک، یــان کردەوەیــەک. یــان ئێمــە خۆمــان کردەوەیــەک بکەیــن". (غــازی حەســەن، ٢٠١٦، ٣٠). بــۆ زانیــاری پتر بڕوانــە ( میشــال ارمــان و مــاتلار، ٢٠٠٥، ١٥٦). دەکرێــت لــەم بــوارەدا لەشــیکردنەوە و لێکدانــەوەی نێوەڕۆکــی بەڵگەنامــە نهێنییــە دیپلۆماسییەکانیشــدا چ وەکــو گوتــار و چ وەکــو دەقێکــی نــووسراو، کــە هێــز و کاریگەریــی و کــردەی ڕاپەراندنــی تەنیــا لەڕێگــەی بەکارهێنانــی زمانــەوە تێــدا ئەنجــام دراوە، تیــۆری کــردە قســەیی بەکاربهێنیــن.

زمانــی گوتارەکانــی نوێنەرەکانــی (شۆڕشــی ئەیلــوول) لەگــەڵ لایەنــە بیانییــەکان (زمانــی هەڕەشــە و توندوتیــژی و بڕیــار نەبــووە، بەڵکــو زمانــی

داواکـــردن و ڕوونکردنـــەوە و هوشـــداریی و ڕاســـتکردنەوە و نمایشـــی زانیاریـی و ئاگادارکردنـەوەی لایەنـەکان بـووە لـەو کارەسـات و فشـارانەی دژی کوردسـتان بەڕێـوە دەچـن. هیـچ یەکێـک لـە نوێنەرەکانـی شۆڕشـی ئەیلـــوول و پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان ڕوونکردنەوەیـــان لەبـــارەی هیـچ هەڵـە و تێوەگلانێکـی سـلبی، یـان لێدوانێکـی نەگونجـاو و کارە دیپلۆماســـییەکانی خۆیـــان بڵاونەکردۆتـــەوە، لەکاتێکـــدا ئـــەوان وەکـــو دیپلۆماتـــکاری نادیـــار و نیمچـــە شـــاراوەی نافەرمیـــی توانیـــان بەردێکـــی پتـــەو بـــۆ دروســـتکردنی پەیوەندیـــی لەگـــەڵ جیهانـــی دەرەوە لەڕێگـــەی (پەیوەندیـــی و بەکارهێنانـــی زمـــان و گەیاندنـــی زانیاریـــی لەڕێگـــەی بڵاوکـــراوەکان و ڕۆژنامـــە و دەزگاکانـــی ڕاگەیاندنـــی بیانـــی) دابنێـــن.

(مسـتەفا بارزانـی) کـە بـە دوژمـن گەمـارۆ دراوبـوو، توانـی لەڕێگـەی پەیوەندیـی دیپلۆماسـی و بەکارهێنانـی زمانێکـی سـەرکەوتووکە دوور لـە (هەڕەشـە و توندوتیـژی) دۆزی کوردسـتان بگەیەنێتـە جیهانـی دەرەوە. لەهەمـان کاتـدا بەشـێکی گوتـاری بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی بەریتانیـا پەیوەنـدی بـەو گوتـارەی خـودی کـوردەوە هەیـە، چ لـە ئاکامـی پەیوەندییـە نهێنییـەکان دروسـتیان کـردووە، چ لەڕێگـەی چاودێـری و کۆکردنـەوەی زانیاریـی لەنێـو بڵاوکـراوە کوردییەکانـدا بەدەسـتیان گەیشـتووە. مەبەسـتمان ئەوەیـە زمـان و بەکارهێنانـی زمانـی دیپلۆماسـی کاریگەریـی زۆری هەبـووە لەسـەر چۆنیەتـی دارشـتنی نێـوەڕۆک و پەیامـی بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی بەریتانیـا. (مسـتەفا بارزانـی) بـەردەوام و بـێ ئومێـد بـوون نوێنەرەکانـی راپسـاردووە نامەکانـی ئـەو بگەیەننـە بەرپرسـانی بـاڵای دەوڵەتـە مەزنەکانـی دونیـا.

بەریتانییەکان هەر چەندە وەسفی سەرۆک و ڕێبەری ڕۆحی کورد (مستەفا بارزانی) بە عەشائیر و خێلەکی دەکەن، بەڵام ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە، کە ئەو هەتا لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیشی " کاریگەریی لەسەر تاکی کورد و دۆخە سیاسییەکە هەر بەهێز و کاریگەر بووە". من پێم وایە ئەمە پەیوەندیی بە پێگەی بەهێز و متمانەدار و کاریگەریی خودی کاریزمای (مستەفا بارزانی)ەوە هەیە، لەڕێگەی نامە و کردار و سیاسەتەکانی و کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان توانیویەتی سیاسەتێکی دیپلۆماسی و پراگماتیکی پەیڕەو بکات و بۆچوونی بەریتانییەکان ئەگەر تەنیا لەنێو زمانیشاندا بێت، بەم شێوەیە بگۆڕێت.

## ١-١٦ وەرگێڕانی دیپلۆماسی

یەکێکە لەو بوارانەی کەم کەس دەتوانێت خۆی لێ بدات، وەرگێڕانی بەڵگەنامە و ئاخاوتن و زاراوە دیپلۆماسییەکانە، کە پەیوەندیان بە گوتاری (مەبەست و خواست)ی قسەکەرەوە هەیە، کارێکی ئاڵۆز و قورسە، هەر هەڵەیەک لە وەرگێڕاندا، ڕەنگە ببێتە هۆکار بۆ دروستکردنی قەیران و ئاڵۆزی لەپەیوەندیی نێودەوڵەتیدا. بۆیە دەڵێن وەرگێڕان لەچەند بوارێکدا زۆر قورسە، وەکو:

- یەکێکە لەقورسترین بوارەکانی وەرگێڕان لە بەر تایبەتمەندییەکان و دروستی لەبەکارهێنانی زماندا.
- هەمیشە قورس و قورستر دەبێت، چونکە زمانی دیپلۆماسی زمانێکی ڕەوانبێژییە و پشت بەزاراوەی پسپۆریی و تایبەتمەند دەبەستێت.
- پێویستە زاراوەکە کاری کردەیی و ڕاپەڕاندنی تێدا بەکاربێت لە جێبەجێکردنی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا.
- وەرگێڕی دیپلۆماسی دەبێت هەردوو زمان بەتەواوی بزانێت و شارەزا بێت.
- بۆ ئەوەی وەرگێڕێکی سەرکەتوو بێت، دەبێت داهێنان بکات و هونەری زانیاریی باش بێت.
- وەرگێڕ دەبێت زانیاریی پێشوەختەی لەبارەی سیستەمی یاسای نێوەدەوڵەتی هەبێت، کە لە وەرگێڕاندا بەکاری دەهێنێت.
- پێویستە لەگواستنەوەی مانای دەقەکان ورد و دروست بێت، هیچ دەستکارییەکی نەکات. (سلمى لوناس شريف، بدون سنة، ٤).

### ١٧-١ کلیل و پاشخانی فکری و زمانەوانی شیکردنەوە

ئێمە لە کۆمەڵێک گوتەی پەیوەستکراو لەگوتارێک نزیک دەبینەوە، کە هێڵێک لەهێڵەکانی ئارگومێنت بەرەوپێش دەبات، وا لە خوێنەران دەکات سەرەنجیان لەسەر هەندێک پرس بێت، لەکاتێکدا پرسەکانی دیکە دادەخات، یان تەمومژاوی دەکەن. ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە هەیە، کە چۆن واقیعی کۆمەڵایەتی دەبینرێت و ئەزموون دەکرێت (Hajer, M. (1995).

لەژێر کاریگەری دیدگاکانی شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە داین، کە بۆ نموونە (تیون ڤان دایک) و (ڕوت وۆداک)، (Wodak, R. (2015). لەڕێگەی شیکاریی دەقەکانەوە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی تێیدا نووسراون و بڵاودەکرێنەوە، مرۆڤ دەتوانێت لەپەیوەندییەکانی خودی دەسەڵات بکۆڵێتەوە، لەنێو ئەوانەشدا گرنگی دانە بەچوارچێوەی کێشە و چارەسەرییەکانیان و هەڵبژاردنی مێتافۆرەکان. لەتەک ئەوەشدا چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرە زمانییەکانی وەک دەنگی پاسیڤ و سروشتییەکانە، وەکو ئەوەی لەبەشێکی زۆری ئەدەبیاتەکاندا، تەکنیکەکانی شیکاری گوتار بەکاردەهێنن بۆ بواری شیکردنەوەی بەڵگەنامە و ڕاپۆرتە سیاسییەکاندا، ئەوەی لەنێو بڵاوکراوەکانی حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە گەورەکاندا بەرجەستەیە. Moretti, F., & Pestre, D. (2015). 75

لەنێو ئەوانەدا دەتوانین ئاماژە بە لێدوانەکانی سەرکردە سیاسییەکان و نوێنەرایەتییەکانی میدیا و ئەندام پەرلەمان و بەرپرسە هەقیقییەکان بکەین، کە هەندێکیان بوارەکانی گۆڕانی کەشوهەواش دەگرێتەوە، سەرباری بواری دیپلۆماسی. (Rigi, H., & Warner, J. F. (2021).

بۆیـە پێویسـتە لـە شـیکردنەوەی گوتـاری سیاسـیی، یـان دیپلۆماسـیدا ڕەچـاوی هەندێـک بنەمـا بـۆ دەسـتپێکردنی شـیکردنەوەکە بکرێـت لەوانـە (کاتـی گوتـار) و (شـوێنی گوتـار) و (بابەتـی گوتـار) و (مەبەسـتی گوتـار). ئەمانـەش پەیوەسـتە بەئاڵوگۆڕکـردن لەنێـوان هوشـیاریی و خـودی ئـەو بابەتانـەی هـەن، کـە ئەمـەش تایبەتمەنـدی بـە هوشـیارییەکە دەبەخشـێت. (غـازی حەسـەن، ، ٢٠١٦، ٢٨).

دەگەڕێمـەوە سـەر بۆچوونەکانـی (ڤـان دایـک) لـە شـیکردنەوەی گوتـاردا پشـتی پـێ دەبەسـتێت و برییـە لـە:

**یەکەم:** شیکردنەوەی زمانی دەنگی وشە، وشە، زاراوە، واتا.

**دووەم:** شـیکردنەوی پراگماتیکـی بـۆ کـردە قسـەییەکان و کـردەی پەیوەندیکـردن.

**سێیەم:** شیکردنەوەی بەلاغی.

**چوارەم:** شێوازگەرایی.

**پێنجـەم:** شـیکردنەوەی ژێرخانـی تایبـەت (جـۆرەکان و. . تـاد) چیـرۆک، ڕاپۆرتـە هـەواڵ، گفتوگـۆی نێـو پەرلەمـان، و واتـە وتنـەوە و ڕیـکلام.. تـاد.

**شەشەم:** شیکردنەوەی گفتوگۆ لەچوارچێوەی کارلێکردنی ئاخاوتن.

**حەوتـەم:** شـیکردنەوەی گوتـار و ئاماژەکانـی دەنـگ و وێنـە و ئەوانـی دیکـە، تایبەتمەنـدی هەمەلایەنـەی ئاماژەکانـی گوتـار و کارلێکردنـی دەردەخـات. (تویـن ڤـان دایـک، ٢٠١٤، ٣٢).

بـا دیقـەت لـە نامـەی (برجنیـڤ) سـکرتێری گشـتی کۆمیتـەی ناوەنـدی

حزبـی شـیوعی سـۆڤیەت بـۆ (مسـتەفا بارزانـی) بەبۆنـەی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ بدەیـن، ئـەو زمانـەی بەکاریان هێنـاوە، وزە و واتا و مەبەسـت و ستراتیـژی سیاسـی تێدایـە. نامەکـە کورتـە، بـەڵام واتـا و مەبەسـتەکانی درێـژ و بـێ کۆتاییـە. کـە دەڵێـت:

"بــە پێخۆشــبوونێکی قووڵــەوە ئیمزاکردنــی ڕێککەوتنــی چارەســەری کێشـەی کوردمـان بەشـێوەی چارەسـەرێکی ئاشـتیانە زانـی. بەبۆنـەی ئـەم دەسـتکەوەتە گرینگـەی کـە سـنوورێک بـۆ جەنگـی درێـژی نێـوان بیریـان دادەنێـت و دەبێتـە هـۆی چەسـپاندنی یەکیەتـی نیشـتیمانی و دۆسـاتەیەتی لەنێـوان نەتەوەکانـی عێـراق، بێگەردتریـن پیرۆزباییتـان پێشـکێش دەکـەم. بڕوامـان وایـە کـە دانپیانـان و چەسـپاندنی ئاشـتی و متمانـە لـە عێـراق ڕێــی ئــەوە بەکــورد دەدات کــە بەمافــە دیموکراتییــە نیشــتمانییەکانی لەچوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا شـاد بێـت و ئاسـۆی لەبـاری بـۆ دەکاتـەوە بـۆ کارکردنـی بنیاتنەرانـەی ئاشـتییانە بۆ کورد و عـارەب و خۆشـگوزەرانییان. بگومـان ڕێککەوتـن لەسـەر چارەسـەری کێشـەی کـورد زەبرێکـی پشتشـکێن بـە ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی دەگەیەنێـت کـە هـەوڵ و تەقـەڵا دەدەن پوازێـک لەنێـوان هـەردوو گەلـی بـرادا داکوتـن. هیـوای خۆمـان دەردەبڕیـن بـەوەی کاتێـک ئێـوە گیانێکـی نیشـتیمانپەروەرانەی هۆشـیار و هەسـت بـە بەرپرسـیاریەتی کردنـی نیشـتیمانیتان لەمـاوەی وتوێـژ لەگـەڵ حکومەتـدا پیشـان دا، ئێـوە بێگومـان دواڕۆژ و یارمەتیـی بەرفرەوانکردنـی هاوکاریـی نێــوان هەمــوو هێــزە دیموکراتەکانــی دژ بــە ئیمپریالیــزم لــە کۆمــاری عێراقـدا دەدەن لـە پێنـاوی پەرەپێدانـی بـەردەوام لـە ڕێگـەی سـەربەخۆیی نیشـتمانی و دیموکراسـی و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی". (مسـعود بارزانـی،

بارزانــی و بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد بەرگــی ســێیەم، بەشــی یەکــەم شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١-١٩٧٥، ٢٧٧ ).

بەکورتــی لــە شــیکردنەوەی زمانــی نێــو ئــەم نامەیــەدا ئەوەمــان بۆســاخ دەبێتــەوە کــە (مســتەفا بارزانــی) لــە ڕێککەوتنــی ئــاداردا کــە زمانــی دیپلۆماســی بەســەر زمانــی شــەڕدا سەرخســتووە، لەلایــەن سـۆڤیەتەوە لــەم خاڵانــەدا کارەکانــی وەســفکراوە:

**یەکەم:** کارەکەی بە گونجاو و باش وەسفکراوە و پیرۆزبایی لێ دەکەن.

**دووەم:** ئەم ڕێککەوتنە بە پەرپێدانی مافەکانی کورد وەسف دەکەن، واتە ئەوان لەگەڵ گەیشتنی کوردن بە مافەکانی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

**سێیەم:** ئەمە چەکوشـێکی کوشـندە لە ئیمپریالیزم دەدات، واتە سۆڤیەت ئــەم هەنگاوە بــە قازانجی بەرەی دیموکراتی و کۆمۆنیسـتی دادەنێت.

**چوارەم:** گیانــی نیشــتیمانپەروەریی بارزانــی بۆتــە هــۆی ســەرکەوتنی ئــەم هەنــگاوە.

بــەو واتایەکــی دیکــە دەتوانیــن بڵێیــن نامــە و قســەکانی ئــەم بەرپرســەی ســۆڤیەت ئەوەمــان پــێ دەڵێــت "بارزانــی ســەرکەوتنێکی گــەورەی بەدەســتهێناوە لــە پێنــاو بەدیهێنانــی مافەکانــی کــورد و برایەتــی نێــوان نەتەوەکانــی عێــراق. ئــەم جــۆرە لێــدوان و نامــە و ئاخاوتنانــە ئــەوە نیشــان دەدەن کــە زمانــی ئاخاوتنــەکان مــژە بەخــش و هانــدەر و ستراتیژیــن و کــورد وەکــو "نەتەوەیەکــی جیــاواز" لــە عێــراق دەناســن، هەنگاوەکانــی شــۆڕش و (مســتەفا بارزانــی) لــە قازانجــی دیموکراســی و پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتییــە.

# بەشی دووەم
# شیکردنەوەی گوتارنامە دیپلۆماسییە نهێنییەکانی بەریتانیا

### ٢-١ تیۆری کردە قسە و زمانی دیپلۆماسی

چـی وا دەکات قەناعـەت بـە کۆمەڵـە وشـەیەک بکرێـت، هەروەهـا چـۆن دەتوانرێـت زمـان بـە باشتریـن شـێوە بخرێتـە کار لەخزمـەت دیپلۆماسـی و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا؟ هۆشـیاری زمـان وەک ئامرازێـک تواناکان بـەرەو پێـش دەبـات و بەرزیـان دەکاتـەوە و لـە بۆچوونـدا گرنگییەکـی ورد بـە توێژینـەوەی کێشـەی پەیماننامـەکان دەدرێـت لەگـەڵ وتارەکانـی سـەرۆکایەتی و ڕاگەیاندنـی گشـتی و ڕێکلامەکانـی حکومـەت و بابەتـە میدیاییـەکان بـە مەبەسـتی بەیـەک بەسـتنەوەی بابەتـە تیۆرییـەکان بـە پراکتیـک.

ئێمـە دەزانیـن پەیوەندییەکـی کاریگـەر، پەیوەنـدی بـە پرۆسـەی خوێندنەوەیەکـی کاریگـەر و دەوروبـەری دەقەکـە و مەبەسـت و نیـەت و تێڕوانینییـەکان لەبـارەی کەلتـوور و دۆخـی کۆمەڵایەتـی و دۆخـە دەروونییـە گـۆڕاوەکان هەیـە. ئـەم پەیوەندییانـە دەبنـە کاکڵ و بنەمـا بـۆ چۆنیەتـی بەکارهێنانـی زمـان و دواتریـش لێکدانـەوەی خـودی بەکارهێنانەکـە لەبـواری تیـۆری و پراکتیکـدا. زمانـی دیپلۆماسـی لـە ڕووی کـردە قسـەییەوە ژمارەیـەک بـوار و بنەمـا دەگرێتـەوە لەوانـە: حووکـم، هوشـداری، ئاگادارکردنـەوە، پرسـیار و بەشـداری لـە پێشکەشـکردنی هەستونەسـت و نیشـاندانی ڕەوشـت و پێشکەشـکردنی سەرەخۆشـی و پیرۆزبایـی و داوای لێبـووردن و ناڕەزایـی و ڕەخنـە، ئینجـا بوارەکانـی دیکـەی پەیوەندکـردن و بانگەشـە و ڕێـکلام و نمایشـی ئـەو بیروبۆچـوون و بابەتانـەی لـەڕووی پراکتیکییـەوە بـە زمـان ڕادەپەڕێنرێـت.

لەبەرئـەوە پێناسـەکردن و ڕوونکردنـەوەی چەمکـە هەڵبژێـردراوەکان

لەبـواری زمانەوانیـدا، لەوانـە "تیـۆری کـردەی قسـە" لەبـواری ماناسـازی، گـروپ و ژینگـەی قسـەکردن و ئـەدەب پێناسـەکردن و ڕوونکردنـەوەی چەمـک و تەکنیـک و شـێوازە پەیوەنـدارەکان بـە سیاسـەت و شـیکردنەوە گرنگـن، لەنێویانـدا چۆنیەتـی ڕوونکردنـەوە و لێکدانـەوە و بایەخـدان بەئامـراز و کەرەسـتە زمانەوانییـە باوەکانـی وەکـو ناڕوونـی، مەتافـۆر، لێکچـوون و دەرئەنجـام لەچوارچێـوەی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، لەوانـەش هێـزی نـەرم، ڕازیکـردن و سـووڕانەوە بـە دەوری خاڵێکـی بنەڕەتـی و دیپلۆماسـیەتی بێلایەنبـوون و تێوەنـەگلان. بێگومـان مەبەسـتمان ئەوەیـە ئـەم شـتانە هەموویـان لەبـواری بەکارهێنانـی زمانـدا جێگـەی بایەخـن و دەبێـت گرنگیـان پـێ بدەیـن.

چۆنیەتـی شـیکردنەوەی دەقـی بابەتەکانـی (پەیماننامـە، وتـار، ڕیکلامـی حکوومـی، میدیـا و گوتـاری فەرمیـی و نافەرمیـی) و بەکارهێنانـی ئـەو ئامـراز و کەرەسـتە زمانەوانیانـەی لـەم بـوارەدا بەکاردەهێنرێـن و قسـەیان لەبـارەوە دەکرێـت.

لەبیـری نەکەیـن وێنـەش بەهەمـان شـێوە کاریگەریـی لەسـەر تێڕوانیـن و بیروبـاوەڕ و لێکدانـەوە و شـیکاری وێنـەکان لەچۆنیەتـی دروسـتکردنی کاریگەریـی لەسـەر تێڕوانیـنمان لەبـارەی جیهـان دەبێـت.

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

هەروەهـا بڕوانـە (غـازی حەسـەن، ٢٠١٦، شـیکردنەوەی گوتـاری سیاسـی و تیـۆری کـردە قسـەیی). بڕوانـە (اوستن، ١٩٩١) و ( J. L Austin, 1962) و (مصطفـی محمـد الحسـناوی، ٢٠١١).

لەشـــیکردنەوەی بەڵگەنامـــە نهێنییـــە دیپلۆماســـییەکانی بەریتانیـــا لەنێـوان (١٩٦١- ١٩٧٦) ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت، کـە دیپلۆماتـکارەکان لەڕێگـــەی ڕاپـــۆرت و نامـــە و کۆکردنـــەوەی زانیاریـــی و بەڵگەنامـــە تایبەتییەکانـــدا کـــە هـــەر هەموویـــان پەیوەندییـــان بـــە بەکارهێنانـــی زمانـــەوە هەیـــە، کاریـــان کـــردووە (حووکـــم لـــە بـــارەی دۆخێـــک و دۆزێـــک) بـــدەن، یـــان (ئامـــۆژگاری بکـــەن)، (نمایشـــی زانیاریـــی و بیروبـاوەڕ و بۆچونـە جیـاوازەکان دەکـەن)، (ڕەفتـاری فەرمیـی ئەنجـام دەدەن) و (پەیوەندییەکانیـان و شـێوازی ئاخاوتـن و پەیوەندییـە ئاشـکرا و نهێنییەکانیـان دەخەنـەڕوو، بیـر لـە دروسـتکردن و پەرەپێـدان و پاراسـتنی بەرژەوەندییـــە تایبەتییەکانـــی دەوڵەتەکەیـــان دەکەنـــەوە) و (هـــەواڵ و بابەتـە فەرمییەکانـی حکومەتـەکان و بابەتـی نێـو دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامـــەکان بەکاردەهێنـــن).. تـــاد.

### ٢-١-١ هەڵسەنگاندن

تیۆری هەڵسەنگاندن لەلایەن (مارتن و وایت) پێشنیارکراوە و دەتوانرێت بەسەر سێ تیۆر و ڕێبازدا دابەش بکرێت لەچوارچێوەی سیستەمێکی لاوەکیدا: (بەشداریکردن)، (هەڵوێست)، (دەرچوون) ئەمانە ئامرازی سەرەکی شیکاری ئەرێنی گوتارن. سیستەمی هەڵوێست بریتییە لەسیستەمێکی سەرەکی و بنەڕەتی و سەنتریالە لە تیۆری هەڵسەنگاندندا و ئاماژەشە بۆ (حوکمدان و قەدرزانین و ڕەفتاری مرۆڤەکان، دەق). عەقڵ، کە خاوەنی پرۆسە و دیاردەکانە کاریگەریی لەسەر شتەکان دروست دەکات و لەهەمان کاتدا ئەم بوارە دابەشکراوە بەسەر سێ سیستەمی دیکەدا لەوانە: (کاریگەریی، حوکمدان و پێزانین). ئەم سێ سیستەمەش کە بە (ژێر سیستەم) ناوبراوە دۆخی (ئەرێنی و نەرێنی، ڕوونیی و ناڕوونیان) تێدایە، لەڕاستیدا ئەم تیۆرییە لەسەر چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی قسەکەری خاوەن گوتار و هەڵوێستە بابەتییەکانی ئەوان وەستاوە لەپەسەندکردن/ پەسەندنەکردن، حەماسەت/ ڕق، ستایش/ ڕەخنەکردن لەسەر ئەو بابەتەی لەنێو دەقەکەدا باسی دەکرێت. (Lv Jinshuang1,a, Li Rong1,b,2020.)

گرنگە بزانین لەم بوارەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی زماندا چۆن ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان دروست بکرێت و چۆن گروپێکی ئامادەبووانی فکری و بیروباوەڕ بۆ ئەو گوتارە دروست بکەین، کە هەست و بەهاکانیان هاوبەشە، دوای ئەمانەش کاریگەریی، یان تەنانەت گۆڕینی زانین و هەست و هەڵوێستی بینەر نیشان بدەن (Lv Jinshuang1,a, Li Rong1,b,)

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە (بەشداریکردن)، (هەڵوێست)، (دەرچوون)

شـــیکاری دەقـــی نامـــە نهێنییـــەکان بکەیـــن بۆمـــان دەردەکەوێـــت دیپلۆماتـــکارەکان بەشـــدارییان لەپرۆســـەی بەرهەمهێنانـــی گوتـــار لەبـــارەی کـــورد و ئینجـــا دروســـتکردنی بڕیـــار و ڕاســـپاردە و حوکـــم لـــە بەبـــارەی دۆزی کـــورد و چۆنیەتـــی مامەڵەکـــردن لەنێـــوان (عێـــراق و شۆڕشـــی ئەیلوولـــی ١٩٦١) کـــردووە، دوای ئـــەوەش هەمـــوو کۆششـــیان لەڕێگـــەی بەکارهێنانـــی زمـــان، خۆشـــکردنی زەمینـــەی فکـــری و سیاســـی و ڕەوشـــت ئامێـــزە بـــۆ دروســـتکردنی بڕیـــار و بۆچـــوون و وێناکردنێـــک کـــە خزمەتـــی بەرژەوەندییەکانـــی خۆیـــان بـــکات.

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـم ئامـاژە بەدەقـی نامەیەکی (هینری کیسـنجەر) ی وەزیـــری دەرەوەی ئەمەریـــکا بکـــەم کـــە لـــە ٢٢-٢- ١٩٧٥ بـــۆ (مســـتەفا بارزانـی ڕێبـەری نەتەوەیـی کـوردی نـاردووە، ئەمـە دەقـی نامەکەیـە:

ئازیزم جەنەراڵ

بەوەرگرتنـــی نامەکـــەی ڕێکەوتـــی ١١-١-١٩٧٥تـــان زۆر دڵخـــۆش بـــووم و دەمـــەوێ ڕێـــزی خۆمـــان بـــۆ ئێـــوە و گەلەکەتـــان و پاڵەوانیەتییەکانتـــان دەرببـــڕم. ئـــەو گیروگرفتانـــەی ڕووبەڕووتـــان دەبنـــەوە بەڕاســـتی زۆر زلـــن و، ڕێـــزی خـــۆم بـــۆ ئـــەو شـــیکارییە ســـەربازی و سیاســـییانەتان دەردەبـــڕم کـــە لەنامەکەتانـــدا هاتـــووە. دەمـــەوێ لـــەو دڵنیـــا بـــن کـــە نامەکەتـــان جێـــی بایەخێکـــی زۆرە لەســـەر باڵاتریـــن ئاســـتەکانی حکومەتـــی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا لەبـــەر ئـــەو بایەخـــە گەورەیـــەی کـــە ئـــەو بابەتـــە لای ئێمـــە هەیەتـــی.

ئەگـەر ویسـتتان کەسـێکی باوەڕپێکـراو بـۆ واشـنتن بنێـرن بـۆ ئـەوەی زانیاریـــی زیاتـــر بـــدات بـــە حکومەتـــی ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکان لەبـــارەی

دۆخەکە، ئەوا دڵخۆش دەبین و شەرافەتمەند دەبین کە لێرە پێشوازیی لێ بکەین. من دڵنیام کە نەدرکاندن و نهێنی لەبارەی پرسەکەوە هۆکارێکی هەتا بڵێی گرینگ و بەبایەخە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی تا ئێستە تەواومان کردووە. ئەو نهێنییە شان بەشانی پەرۆشیمان بۆ سەلامەتیی خۆتان ئەو هۆیە بوو وای لەمن کرد دوودڵ بم بۆ پێشنیازی چاوپێکەوتنی من لەگەڵ ئێوە لێرە. چاوەڕوانی وەڵام دەبم لەئێوەوە.

ئیدی جوانترین ئاوات و رێزم قەبووڵ بفەرموون. (مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی سێیەم- بەشی یەکەم، ٤٢٩).

تیۆری هەڵسەنگاندن لەم نامەیەی (کیسنجەر) بەڕوونی بەدیار دەکەوێت، کە گوتنەکان و گوتاری نێو نامەکەیدا چەند شتێکی گرنگ دەردەبڕێت و پشت بە بنەماکانی (بەشداریکردن)، (هەڵوێست)، (دەرچوون) دەبەستێت و ئەمەش لەئەنجامی کردەی هەڵسەنگاندنەوە هاتووە، کە گوزارشت لە خاڵە بنەڕەتییەکان گوتاری ئەم دەقە دەکەن، بۆیە دەکرێت ئەم شتانە ئاماژە پێ بکەین:

**یەکەم:** نامەکەی (مستەفا بارزانی) بە بایەخێکی زۆرە لە باڵاترین ئاستەکانی حکومەت و دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەردەگیرێت و پێشوازی لێ دەکرێت.

**دووەم:** وەڵامدانەوەی فەرمیی نیشانەی ئەو هەڵسەنگاندنەیە، کە پشت بەبنەمایەکانی تیۆرە دەبەستێت، کە بریتییە لە (بەشداریکردن)، (هەڵوێست)، (دەرچوون).

**سـێیەم:** بەڕاشـکاوی لـە وەڵامەکـەدا لەبـەر دۆخـی ئەمنـی نایانەوێـت بارزانـی سـەردانی ئەمەریـکا، بـکات کـە ڕەنگـە ئـەم هـۆکارە پتر هۆکارێکـی دیپلۆماسـی و سیاسـی بێـت، بـەڵام پێشـنیار دەکـەن لەپێنـاو بەشـداریکردن بەفەرمیـی پێشـوازیی لەنوێنـەری بارزانـی بکـەن و هەڵوێسـتەکان ڕوون بکاتـەوە و بیـر لـە دەرچوواندنـی بڕیـار و حووکـم و پەرەپێدانـی پەیوەندییـەکان بکەنـەوە.

**چوارەم:** بەپێویستی دەزانن شتەکان بەنهێنیی بمێننەوە.

**پێنجـەم:** کیسـنجەر چاوەڕێـی وەڵامـی مسـتەفا بارزانـی دەکات، بـەو واتایـەی دەیەوێـت بەشـدار بێـت لەپێنـاو شـیکردنەوەی پتری هەڵوێسـت و دەرچـوون لـەو دۆخـەی هەیـە بـەرەو ئەنجامێکـی گونجاوتـر.

لەڕێگـەی ئـەم جـۆرە شـیکردنەوانە لەنێـو گوتـاری نامـە دیپلۆماسـییەکانی نێـوان ڕێبـەری نەتەوەیـی کـورد (مسـتەفا بارزانـی) و (کیسـنجەر) و دامـەزراوە فەرمییەکانـی ئەمەریـکا و وڵاتەکانـی دیکەشـدا، ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەبێتـەوە، کـە لەتـەک داخسـتنی سـنوورەکان بـەڕووی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان و بەنهێنـی پێشـوازیی کـردن لەنوێنەرانـی کـورد و سـەرەتایی بـوون و سـنوورداری چالاکـی دیپلۆماسـیی کوردیـی، کـە خاوەنـی هیـچ کیانێکـی دەوڵەتداریـی نەبـووە، توانـراوە لەڕێگـەی تیـۆری هەڵسـەنگاندن و لێکدانـەوەی هەڵوێسـتەکان گەشـە بـە بزاڤـی دیپلۆماسـی و نامـە گۆڕینـەوە و گەیاندنـی پەیامـی کوردیـی بـدەن. ئەمـەش لەکـردەوەدا دەبێتـە بنەمایـەک بـۆ شـکاندنی بەسـتەڵەکی بێدەنگـی بەرانبـەر کـورد.

### ٢-٢ کاریگەرییەکانی زمان لە کاری دیپلۆماسی

### ٢-٢-١ زمان وەک کردار Language as action:

لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر گرنگی کۆنتێکست و ئەنجامەکان لەچوارچێوەی ئەو تێگەیشتنەی لەبارەی واتای مەبەستدار دروست دەبێت، بە تایبەت کاتێک واتا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، هەروەها ئەو ڕێگا هەمە جۆرانەی بۆ دروستکردنی ئەم واتایە بەکاردەهێنرێن. ئەمانەش لەکردەوەدا بەرهەمی بەکارهێنانی زمانی دیپلۆماسین.

لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا لەبارەی کورد و شۆڕشی ئەیلوول بەتایبەتی ڕەچاوی کات و شوێن و ژینگە و دەوروبەری زانیارییەکان کراوە، واتاکان بەشێوەیەکی گشتی ئاشکرا و ڕاستەوخۆن، زمانی دیپلۆماسی دەقەکان لەهەموو دەربڕین و گوزارشت و وشەیەکدا ڕەچاوی بەرژەوەندی دیپلۆماسی و سیاسی بەریتانیا کراوە.

### ٢-٢-٢ بەدیهێنانی ڕێککەوتن:

ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە چۆن دەتوانرێت دوای ئاشتکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان ڕێککەوتن مسۆگەر بکرێت؟ لەم ڕێگەیەوە ناکۆکییەکان کەم بکرێنەوە؟ بزانین هۆکارەکانی دابەشبوون چین و چۆن دەتوانین نیشانەکانی هۆشداریی نێو بەکارهێنانی زمان بناسین؟. لەنێو گشتاندن و جەمسەرگیری و شتەکانی دیکەدا چۆن ئەو شتانە بناسینەوە. گرنگە بایەخ بە ستراتیژیەتە جۆراوجۆرەکانی سازان بدەین لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ تاک لەپێناو دەستەبەرکردنی خاڵە هاوبەشەکان و فراوانکردنیان.

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

واتە بەکارهێنانی زمان لە بواری دیپلۆماسی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و چارەسەرکردنی قەیرانەکان دەبێت پشت ئەستوور بێت بە بەدیهێنانی خاڵە (هاوبەشەکان) و (فراوانکردنیان). لەکاتی شیکاری ئەم بەڵگەنامە بەریتانیانە بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر کاریش بۆ دروستکردنی (خاڵە هاوبەشەکان) کرابێت، بەڵام نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون مامەڵە لەگەڵ سەرکردایەتی و ڕێبەری نەتەوەیی کورد (مستەفا بارزانی) بکەن، وەکو کیانێک پێشوازیان لە کورد نەکردووە، واتا ئەمە یەکێکە لەو بنەما هاوبەش و هەنگاوانەی بەرەو ڕێککەوتنیان دەبات لەنێو گوتاری بەڵگەنامەکاندا بەرجەستە نەکراوە، سەپاندنی گوتاری (بەرژەوەندی و پاراستنی پەیوەندییە سیاسییەکان و بازرگانی و نەوت لەگەڵ عێراقدا) سەپێنراوە بەسەر لایەنی کوردیدا. بۆیە لەم دۆخەدا نەیانتوانیوە بنەما و سیستەمی (فراوانکردن) لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەنێو گوتاری نامە نهێنییەکاندا پەیڕەو بکەن. ئەمەش لەکردەوەدا پەیوەستە بە عەقڵیەتی سیاسی و بیروباوەڕ و هەڵوێستی بەریتانیای مەزن. وەکو (جون سیرل) زانای بواری زمانەوانی ئاماژەی پێکردووە کردەی بەدیهێنان پشت بە چەند خاڵێک دەبەستێت، لەوانە (سەلماندن، ئاراستەکردن، ئیلتیزام و گوزارشت و دەربڕین، ئینجا لێدوان). (جون سیرل٢٠٠٦، ٢١٧).

گوتاری دیپلۆماسی وەکو کردە قسە پشت بەم شتانە دەبەستێت، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێک ئەو خاڵ و ئامانجانە بەدی بهێنێت.

**٢-٢-٣ دروستکردنی پەیوەندی:**

جیاوازییە هەستیارییەکان لەبواری کولتووریی و تاکە کەسییەکان دەتوانێت کردەی پەیوەندیکردن دروست بکات، یان تێکی بشکێنێت. ئێمە سەیری پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و بێ ئەدەبی دەکەین، چەمکی (ڕووخسار) لەبەرچاو دەگرین و شیکاری بابەتە پەیوەندارەکان دەکەین، کە چۆن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی هەر زمانێکەوە گوزارشتی لێکراوە. لەبیری نەکەین دوورکەوتنەوە لەکەرەستە زمانییەکانی پەیوەست بە ڕێزگرتن مەسەلەیەکی گشتگیرن. گەلێک پرس و کێشە هەن بەهۆی ڕێزەوە دەوروژێنرێن، لەوانە: شتی ڕاستەقینە، ڕەگەز، خۆبەخشی لەپێناو خۆبەرزکردنەوە، سروشت بۆ پەروەردەکردن.

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

ڕێزگرتن یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییەکانی تیۆری کردە قسە و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کردەیەک لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە. ڕێزگرتن پەیوەندی بە (پەیمان و گفتەوە) هەیە. لەکردەوەدا ئەمە لەشیکردنەوەی پراگماتیکی دەبەسترێتەوە بە (ئیلتیزام)، ئەمەش "بەڵێن پێدان و بریکاری و زەمانکردن دەگرێتەوە، لەچوارچێوەی لێداون و ڕاگەیاندنی نیاز و مەبەست بەڕێوە دەچێت، هەروەها لێدوان و مەبەست دەچنە چوارچێوەی پەیماندان". (غازی حەسەن، ٢٠١٦، ٥٨). مەبەستم ئەوەیە بگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە لەبەڵگەنامەکاندا ئەوانەی ئێمە لێکۆڵینەوەمان تێدا کردووە،

هیـــچ ئیلتزامێکـــی (سیاســـی و ئەخلاقـــی و ئابـــووری و کەلتـــووری) فەرمیـــی بەریتانیـــا بەرانبـــەر دۆزی کـــورد و شۆڕشـــی ئەیلـــوول و تەنیـــا تاکـــی پەناهەنـــدەی کوردیـــش بـــەدی ناکرێـــت، واتـــە (پـــەیمان و بەڵێـــن) نەدراوەتـــە کـــورد، تەنیـــا لەبەرانبـــەر وەرگرتنـــی قوتابیانـــی کـــورد لـــە خوێنـــدن و پێدانـــی زەمالـــەش بەئاشـــکرا گوتـــاری ئەوەیـــان هەیـــە (کێشـــەی کـــورد ناوەخۆییـــە و دەبێـــت پـــرس بـــە حکومەتـــی عێـــراق بکرێـــت). بەشـــێوەیەکی دیکـــە بەریتانیـــا ئیلتیزامـــی بەلایەنـــی عێراقییـــەوە هەبـــووە، بـــەڵام بـــۆ کـــورد هیـــچ چەشـــنە خۆبەســـتنەوە و پـــەیمان و لێـــدوان و گفتێـــک بەرانبـــەر کـــورد لـــە گوتـــاری نامـــە و ڕاپۆرتـــە دیپپلۆماســـییەکانیان بـــەدی ناکرێـــت. مەبەســـتمان ئەوەیـــە لێکدانـــەوەی زمانەوانـــی هاوکارمـــان دەبێـــت زۆر پێکهاتـــە و لایەنـــی (مەبەســـت و خواســـت و پەیـــام)ی نێـــو گوتارمـــان بەئاســـانی بـــۆ ڕوون بکاتـــەوە.

**٢-٢-٤ چوارچێوەداری ئارگومێنت:**

ئـــەم وتـــارە ســـەیری شـــێوازە جۆراوجۆرەکانـــی چوارچێوەدانـــان و دووبـارە داڕشـتنەوەی ئارگومێنتەکانـی نێـو ناخـی مـرۆڤ دەکات، لەبـوای جەختکردنـــەوە تاکـــو ئارگومێنتـــی پێشـــوەختە و ئاشـــکراکردنی بابەتـــی هەڵبژێـردراو، بانگەوازکـردن بـۆ دەسـەڵات بـە دەربڕینـی شـتی پێشـینە و هەسـتەکان، هەروەهـا وەکـو دووبـارە کردنـەوەی هەمـان ڕۆڵ بـە سـەرکەوتووی، واتـا، مێتافـۆر، لێکچـوون و کۆکردنـەوە.

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

لـە بەڵگەنامەکانـدا هیـچ جـۆرە ئارگۆمێنتێـک لەنێـوان کـورد و لایەنـە بەریتانییـەکان بـەدی ناکرێـت، ئـەوەی هەیـە تەنیـا کورتکـراوەی سـەرنج و بۆچوونەکانـی کارەکتـەری بەریتانییـە، واتـە (هیـچ ڕۆڵێـک نەدراوەتـە کارەکتـەر و ئەکتـەری کـوردی) بەواتایەکـی دیکـە گوتارەکـە چوارچێـوەدارە و سـەرنج و بۆچـوون و زانیاریـی بـڕوا پێکـەری خۆیانـە. هەندێـک سـەرچاوەی کوردیـان وەکـو ڕۆژنامـە، یـان بینینـی خەڵکـی ئاسـایی لەکاتـی گەشـتدا و ڕاپۆرتنووسـەکانیان بەکارهێنـاوە، بـەڵام هیـچ ئارگومێنتێـک بـەدی ناکرێـت.

لەشیکردنەوەی پراگماتیکیدا ئەمـە دەبەسترێتـەوە بە(بارودۆخـی ڕەفتار و ڕەوشـتەوە، ئەمانـە لایەنـی ڕەوشـت و دابونەریتـی کۆمەڵگـە چۆنیەتـی داوای لێبـوردن و پیرۆزبایـی و سەرەخۆشـی و سـوێندخواردن و جنێـودان و ڕووبەڕووبوونـەوە.. تـا دەگرێتـەوە). (غـازی حەسـەن، ٢٠١٦، ٥٨).

لەنێــو بەڵگەنامەکانــدا باســی ڕەوشــت و پێکهاتــەی چینایەتــی و کەلتــوور و نەریتــی کــوردی و کۆمەڵگــەی کوردســتان و پێکهاتەکانــی کــراوە، بەتایبەتــی لــەو ڕاپۆرتانــەی لەبــارەی پێکهاتــەی کــورد و کوردســتان نــووسراون. لەهەمانکاتــدا ڕەوشــت و شــێوەی هەڵســوکەتی بەریتانییەکانیــش نیشــان دەدات، کــە چــۆن بەنهێنیــی و دزییــەوە کاریــان بــۆ دروســتکردنی پەیوەندیــی لــە گــەڵ (مســتەفا بارزانــی) و (شۆڕشــی ئەیلــوول) کــردووە، لەکاتێکــدا هێنــدە بەوریایــی کاریــان کــردووە ترســیان لــە ئاشــکرا بــوون هەبــووە، چونکــە ئــەوان ڕەفتــار و ڕەوشــتی حکومەتــی عێراقیــان زانیــوە. دەبینرێــت بەرپرســانی عێــراق گلەیــی و ڕەخنــە ئاراســتەی بەریتانییــەکان دەکــەن، لەبــەر بوونــی هەواڵــی کۆبوونــە و کۆنفرانســی پارتــی لــە بەریتانیــا، یــان ڕێگــە پێدانــی چەنــد کوردێکــی پەناهەنــدە بەنــاوی زەمالــەی خوێنــدن.. تــاد.

**٢-٢-٥ ڕازیکردن:**

دەگەڕێینەوە سەر سێ پێکهاتەی کلاسیکی باوی وەکو (لۆگۆس، پاتۆس و ئیتۆس) بۆ چۆنیەتی بەدەستهێنانی قایلکردنی (سەخت)، (نەرم) و (زیرەک). ڕازیکردنی سەخت هێزی عەقڵ و بەکارهێنانی بەڵگە لەخۆدەگرێت. ڕازیکردنی نەرم پەیوەندی بە سەرنجڕاکێشانی سۆزداری و خەیاڵییەوە هەیە، وەک لە ڕێگەی واتا، قسەکردن و... تاد بەدەست دێت. ڕازیکردنی زیرەکیش متمانە و دەسەڵات و شارەزایی (ئیتۆس) لەخۆدەگرێت، بەڵام تێکەڵەیەکی زیرەکانەی وەکو سیفەتە ڕەق و نەرمەکان، وەک لە پرۆسەی ڕازیکردنی زیرەکدا هەیە لە جێگیرکردنیدا تووشی هەڵەی لۆژیکی دەبین.

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

بەکردەوە لەنێو بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکاندا بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی لەزۆر جێگادا ئاماژە بە (ڕازیکردنی سەخت) بەکارهێنانی فشار و توندکردن و هەڕەشە و ئامۆژگاریی سنووردار و تەنیا پەنا بردنە بەر هەڕەشەی هێزیش هەیە. نەک هەر ئەوە بەریتانیەکان لەهەندێک قۆناغدا هاوکاری سەربازی سوپای عێراقیشان کردووە بۆ ئەوەی بزاقی چەکداری و نارەزایەتی کورد سەرکوت بکەن و لەڕازیکردنی نەرمیشدا زمان وەکو بنەمایەکی سەرەکی بۆ لێکگەیشتن و دروستکردنی دۆخێکی ئارام و دوور لە توندوتیژی بەتایبەتی لەو دۆخانەی ئاماژە بەپرۆسەی ئاشتەوایی و ئارامیی دەکات. لەهەندێک قۆناغیشدا لەترسی ئاسایش و ئارامی کەنداو، چاویان لە فشار و هێرشەکانی شۆڕشی کوردستان

نووقانـدووه و پێیـان خۆشـبووه عێـرق بـه شـەڕ دژی کـورد مـژوول بێـت، تاکـو نەتوانێـت بیـر لـه پەلامـاری وڵاتەکانـی کەنـداو بکاتـەوه، لـه کۆتایشـدا سـەدام حوسـین بڕیـاری پەلامـاری کوێتـی دا. دەزانـن بـۆ؟ چونکـه بەریتانیـا و ئەمەریـکا چاویـان لـه کیمیابـاران و ئەنفـال و تێکشـکاندنی بزاڤـی چەکـداری تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٨ پۆشـیی و سـەدام حوسـین و سـوپاکەی دەسـتیان واڵا بـوو بـۆ هێرشـکردنه سـەر کەنـداو و کوێتـی گـرت.

لـه ڕایکردنـی زیرەکیشـدا هیـچ گومانـی تێـدا نییـه دیپلۆماتـکارەکان هەمیشـه بـەدوای (لۆژیـک و هوشـیاریدا) دەگەڕێـن و هەڵسـوکەوت و ئاخاوتـن و قسـەکانیان دەبەسـتنەوه بـه (دەسـتەواژه گەلێـک، کـه پشـت بـه لۆژیـک ببەسـتێت. لەڕوانگـەی تیـۆری پراگماتیکـدا وەکـو (ئـۆستن) ئامـاژەی پێکـردووه ئـەم دۆخـه لەچوارچێـوەی (لایەنـه وەسـفییەکاندا دێـت کـه ئاسـان نییـه پێناسـه بکرێـت، ئەمـەش گوتنـی ئـەو دەسـتەواژانه دەگرێتـەوه، کـه لەکاتـی نارەزایەتـی دەربڕیـن و گفتوگـۆ بەکاردەهێنرێـن). (غـازی حەسـەن، ٢٠١٦، ٥٨).

**٢-٢-٦ هێز و نیعمەت:**

لـەم بـوارەدا کـە پەیوەنـدی بـە هێـز و نیعمەتـەوە هەیـە ئامـاژە بـە بنەماکانـی (پووچەڵکردنـەوە، خۆدزینـەوە، دووبـارە چوارچێوەدانـان، جەختکردنــەوە) دەکرێــت. چــۆن دانوســتان لەبــارەی ژینگــە و ڕووبەڕووبوونــەوەکان و مەشــقکردن و ڕاهێنــان دەکرێــت؟ بــاس لەماوەکانــی بەکارهێنانــی کەرەســتەکان و چۆنیەتــی پەیوەســتکردنی گوتارەکــە و چۆنیەتــی ستراتیژیەتــی بەڕێوەبردنــی میدیایــی دەکرێــت. لەوانــە (دانپێدانــان، پــرد، پەیوەندیکــردن).

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

لــەوە دەگەیــن کەرەســتەکانی زمــان لەبەدیهێنانــی گوتارێکــی گونجــاو، کــە هێــز لەخــۆی بگرێــت و نیعمەتیــش دروســت بــکات لەڕاپەڕاندنـدا دەبێـت بنەماکانـی (داننـان بەیـەکتر و دروسـتکردنی پـرد و کەرەسـتەی بەیـەک گەیـشتن و هـاوکاری و دڵنیایـی و بەدیهێنانـی کـردەی پەیوەندیکــردن)ی لەبــەر دەســت بێــت. لــەم بــوارەدا (ســێرل) ئامــاژە بــە بوارێکــی گرنگــی کــردە قســە دەکات، کــە پێــی دەڵێــت (کــردەی کاریگەریــی و کارتێکــردن ئەمــەش بڕواپێهێنانــی کەســێک دەگرێتــەوە کاتێــک کارێــک دەکات، یــان بەهەڕەشــە کارتێکردنــی لەســەر دروســت بــکات، یــان ڕازیکــردن، تاکــو وای لــێ بــکات کارێــک ئەنجــام بــدات و واز لــە کارەکـەی بهێنێـت و دواتـر بـەو ڕەوشـتە هەڵسـوکەوت بـکات، کـە دەمانەوێــت بەدەســت بهێنرێــت). (غــازی حەســەن، ٢٠١٦، ٥٩).

لەکــردەوەدا گەلێــک لــەم بــوارە لەنێــو بەڵگەنامــە نهێنییەکانــدا

بـــەدی دەکرێـــت لـــە (دان پێدانـــان و دروســـتکردنی پـــردی متمانـــە و ئینجـا پەیوەندیکـردن)، چونکـە هیـچ کارێکـی دیپلۆماسـی بـێ داننـان بەواقیعـی ئـەو شـتەی هەیـە، ناتوانرێـت هـۆکار و شـێوازەکانی ئـەو ڕێگەیـە دیاریـی بکرێـت، کـە دەبێتـە مایـەی دروسـتکردنی پەیوەندیـی.

بەریتانییـــەکان دان بـــەوەدا دەنێـــن، (کـــورد هەیـــە و زمـــان و نەتەوەیەکـــی جیـــاوازە و تایبەتمەنـــدی خـــۆی هەیـــە و شۆڕشـــی ئەیلوولیـش بەکـردەوە هەیـە و کاریگەریـی ناوەخۆیـی و هەرێمایەتیشـی هەیـە و لەهەندێـک شـوێن وەکـو پردێـک بـۆ دزۆینـەوەی چارەسـەر و هێـزی فشـار لەنێـوان بلۆکـی سـەرمایەداری و سۆسیالسـیتی ئـەوکات و کێشـەکانی ناوچـە ئامـاژەی پێکـراوە، ئەمانـەش وەکـو (هێزێـک و نیعمەتێـک) سـەیرکراوە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندیـی (ناڕاسـتەوخۆ و نهێنـی) لەگـەڵ شۆڕشـی ئەیلوولـدا.

**٣-٢ دیپلۆماسی و نەگوتراوەکان:**

بەشێکی زۆری هێزی پەیوەندیکردن لەوەدا بەرجەستەیە، کە هێشتا بەڕوونی شتەکان نەگوتراون، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت بەشێوەی ناڕاستەوخۆ هەمان شت گوترابن. دەبێت ڕۆڵی شتە نەگوتراوەکان لەکاری دیپلۆماسیدا لەبەرچاو بگرین، ئەمانەش لەچوار جۆری جیاوازدا دەستنیشان کراون، کە پەیوەندی ناڕاستەوخۆ دەگرێتەوە، وەکو: بۆشاییەکان، فۆکەس (ناڕوونی لە یەکێکدا و پرسیاری بارگاوی لە لایەکەی تر) دەگرێتەوە و چیرۆکەکانی (کەپسولێک Capsule) بەواتای ئەو پەردە و شتە سەختەی جەستە دادەپۆشێت. ئینجا (فەیسسپەیس Facespace)، کە ڕووی دەموچاو دەگرێتەوە و دەبێتە بیرۆکەیەکی تیۆریی دەرووناسی، ئەمە فەزای فرە ڕەهەندیی ڕووخسارێکی ناسراو دەگرێتەوە، هەر ڕووخسارێک بەپێی تایبەتمەندییە نەگۆڕەکان خودی ڕووخسارەکان نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن.

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

لە لێکدانەوەی ئەم بابەتەدا دەکرێت ئاماژە بە (چەند ڕووی) بەواتای هەڵوێستی دژ بەیەک و خێرای گۆڕان لەهەڵوێست بکەین، کە دەرخەری نیەت و مەبەستە جیاوازەکانی دیپلۆماتکارەکانە، وەکو چۆن ڕووخسابیریان لەدیدارە ڕاستەوخۆکاندا واتا و مەبەست و نیەتی جیاوازی ناڕاستەوخۆش دەگەیەنن. ئەمە لایەنێکی دیکەی شیکردنەوەی گوتاری دیپلۆماسی دەگرێتەوە، کە چۆن لەڕێگەی ڕووخساردا شتێکی جیاواز لەمەبەستە فەرمییەکان دەگەینن.

باڵوێزی عێراق لە بەریتانیا بەشێوەیەک ناڕەحەتی خۆی دەگەیەنێتە بەریتانییەکان، کە لەڕێگەی دەنگی تەلیفۆن کاریگەریی لەسەر بەرپرسە بەریتانییەکان دروست دەکات. یان شێوەی ئاخاوتن و هەڵسوکەوتی وەزیرێکی عێراق لەبارەی ڕاگواستنی کورد بۆ خوارووی عێراق، نیشانەی سەرسوڕمان و گومان لای دیپلۆماتکارە بەریتانییەکان دروست دەکات.

**٢-٤ شیکردنەوەی ڕەوانبێژی:**

ئـەو دیپلۆماتکارانـەی دەیانەوێـت ڕەوانبێـژی سیاسـی شـیبکەنەوە، دەتوانـن سـوود لـە زانینـی زاراوە و تەکنیکەکانـی ڕەوانبێـژی کلاسـیک و هەروەهـا ئـەو تەکنیکانـەی زۆرجـار لـە قسـەکردنی سیاسـی مۆدێرنـدا وەربگـرن و سـوودمەند بـن.

(سـیلڤا ڕیتۆریـکا) ئامـاژە بـە سـەرچاوەکەی (دکتـۆر گیدیـۆن بێرتـۆن) لەبـارەی ڕەوانبێـژی زانکۆی بریـگام یۆنگـەوە دەکات، ڕێنماییەکانـی لەبارەی زاراوەی ڕەوانبێژی کلاسـیک و سـەردەمیانەی لەخۆگرتووە. پێناسـە و نموونەی زاراوەی یۆنانـی و لاتینـی کـراوە، باسـی ستراتیژیەتـی بەکارهێنانـی ڕەوانبێژی گشـتی و نموونـەی جـۆرە جیاوازەکانـی ڕەوانبێـژی شـیکاری دەکات.

ڕەوانبێژی تەنیا دەستنیشـانکردن و ناونانـی تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان لەخۆناگرێـت، بەڵکـو پشـکنینی تـەواوی چوارچێـوەی پەیوەندییەکانیـش دەگرێتـەوە لەوانـە: (قسـەکردن، یـان نووسـین هەرگیـز لەبۆشـایی و لـە خـۆوەڕا ڕوونـادات، بەڵکـو لـە هەندێـک ژینگـەی مێژوویـی، کولتـووری کاتییـدا ڕوودەن، کـە بەشـێوەیەکی زۆر نزیـک بەچۆنیەتـی گوتـاری مرۆڤەکانـەوە لەچوارچێوەیەکـی دیاریکـراودا بەستراوەتـەوە.

ڕەوانبێــژی هەرگیــز لــە ئەبستراکتــدا پەیوەنــدی بــە گوتــارەوە نییـە، بەڵکـو هەمیشـە بـە مەبەسـتی تایبـەت خەمـی ئاراسـتەکردنی قسـەکانی مرۆڤـەوە بـەرەو ئـەو کەسـە تایبەتمەندانـەی لەوێـن هەنـگاو دەنێـت. هەمـوو گوتارێکـی ئاڕاسـتەکراوی ڕەوانبێـژی لەژێـر کاریگەریـی ڕۆشــنایی بیرکردنــەوەی ئــەو کەســانە پێکهاتــووە، کــە ئــەو گوتــارە دەبیــستن، یــان دەیخوێننــەوە.

(بێرتـۆن) لەبـارەی ڕەوانبێژیـی هیتلـەر نووسـیویەتی: ئەڵمانیـای دوای جەنگـی یەکەمـی جیهـان ناڕێکخـراو بـوو. ئەدۆلـف هیتلـەر نـەک تەنیـا بەهـۆی کاریزمـای کەسـی خۆیـەوە و شـارەزایی لـە گەیانـدن سـەرکەوتوو بـوو، نەخێـر بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی لەکاتـی گونجـاودا قسـەی دەکـرد، خاوەنـی ڕەوانبێژیـی خـۆی بـوو.

(پرۆفیسـۆر هیـو ڕانـک) لەزانکـۆی ویلایەتـی گۆڤەرنـەرز، پلانێکـی بۆ(چڕکردنـــەوە/ کەمکردنـــەوە) پێشـــنیار کـــردووە بـــۆ شـــیکردنەوەی شـێوازەکانی پەیوەندیـی سیاسـی و ڕازیکـردن لەنێـو کتێبـی چۆنیەتـی شـــیکردنەوەی ڕەوانبێـــژی سیاســـیدا. لای ئـــەو ئەمـــە پێکهاتـــەی چڕکردنـــەوەی تەکنیکەکانـــی دووبارەکردنـــەوە و پەیوەندیکـــردن لەخۆدەگرێـت، لەکاتێکـدا کەمکردنـەوە بریتییـە لەبەجێهێـشتن و لادان و فڕێدانـــی هەندێـــک شـــت و سەرلێشـــێواوی.

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy/

لـەم بـوارەدا ئـەم چەمکانـەی کـە (هیـو ڕانـک) ئامـاژەی پێکـردن و پەیوەنـدی بـە گوتـار و ڕەوانبێژیـی سیاسـییەوە هەیـە.

بەڵگەنامــە نهێنییــە دیپلۆماســییەکانی بەریتانیــاش لــە بنەڕەتــدا و بەشـێوەیەکی سـەرەکی و متمانـەدار پەیوەندیـان بـە گوتـاری سیاسـییەوە هەیـە و ناتوانرێـت لـە سیاسـەتی بەریتانیـا جیـا بکرێتـەوە و ئـەوان هەمـوو شـتێکیان لەبەرانبـەر کـورد لەسـەر ئـەو بنەمایـە کـردووە:

**یەکــەم:** ئــەو عێراقــەی ئــەوان نەخشــەی پێکهێنانیــان داڕشــتووە ســەرکەوتوو بێــت و بەهێــز بێــت.

**دووەم:** پەیـڕەوەی دەسـتەواژەی ڕەوانبێـژی (تێوەنـەگلان و بێلایـەن بـوون) لـەدژی کـورد پیـادە دەکـەن و لـە بەرانبـەر عێراقیشـدا دەسـتەواژەی دۆسـت و هاوپـەیمان بەکاردەهێنـن.

**سـێیەم:** هەمـوو ئـەو وشـانەی بەکاریـان هێنـاوە یـەک واتامـان پـێ دەبەخشـن ئەویـش ئەوەیـە «نابێـت کـورد ببێتـە دەوڵـەت».

**٥-٢ دووبارەکردنەوە:**

دووبارەکردنـەوەی شـتەکان کاریگـەری خـۆی هەیـە، چونکـە مرۆڤـەکان هەسـت بـە ئاسـوودەیی دەکـەن لەگـەڵ ئـەو شـتانەی کـە پێـی ئاشـنان، دووبارەکردنـەوەش ئاشـنابوون دروسـت دەکات. زۆربـەی خەڵـک گۆرانـی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و سروود و دوعا و ڕێوڕەسم و سەما دووبارە دەکەنەوە. سیاسـەتمەدارەکان زۆرجار وشـەی سەرەکی، یان تەوەری سـەرەکی بەدرێژایی وتارێـک دووبـارە دەکەنەوە. دروشـم، ئامێرێکـی دیکـەی دووبارەکردنەوەیە، کـە سیاسـەتمەداران لەنێـو ڕیکلامەکانـدا بـۆ دووبارەبوونـەوەی بینیـن لای بینـەرەکان شـتەکان دووبـارە دەکەنـەوە بـۆ تێرکردنـی جەماوەر.

لـە بەڵگەنامـە بەریتانییـەکان دەتوانیـن ئامـاژە بـەوە بکەیـن چەنـد چەمکێـک بەشـێوەیەکی بنەڕەتـی دووبـارە کراونەتـەوە:

**یەکـەم:** هیـچ پەیوەندییەکـی ئاشـکرا لەگـەڵ شۆڕشـی ئەیلـوول و کـورد دروسـت نەکـەن.

**دووەم:** عێـراق لـە کـورد و شۆڕشـەکەی گرنـگترە، پەیوەنـدی سیاسـی و بازرگانـی و نەوتیـان هەیـە.

**سـێیەم:** کـورد هۆزێکـی دواکەوتـووی خێلەکییـە، بەواتـای ئـەوەی شـایانی دەوڵـەت و خـۆ بەڕێوەبـردن نییـە.

**چـوارەم:** شۆڕشـی ئەیلـول بـە لایەنگیـری کۆمۆنیسـتی و سـۆڤیەت تاوانبـار دەکـەن، لەکاتێکـدا هـەر خۆشـیان لەهەندێـک بەڵگەنامـە (مسـتەفا بارزانـی) بـە بـەستراوە بـە ئیمپریالیـزم و سـەهیۆنیەت تۆمەتبار دەکـەن. واتا لـە دەسـتەواژە بەکارهێنراوەکاندا هەڵوێسـتی جیاواز بـەدی دەکرێت و نزیک دەبێتـەوە لـە سیاسـەتی دوو ڕوویـی.

**٦-٢ کۆمەڵە:**

کۆمەڵـە بریتییـە لـە پرۆسـەی بەسـتنەوەی بیرۆکەیـەک، یـان بەرهەمێـک بـە بیرۆکـە و ڕووداوێـک، یـان بەرهەمەکانـی دیکە، کـە بینەر حـەزی لێیەتی و ڕێـزی لێدەگرێـت، یـان ڕقـی لێیەتـی و لێـی دەترسێت. لەوانەیـە زمانـی ناڕاسـتەوخۆ بەکاربهێنـن بـۆ کاراکـردن بەدیهێنانـی کـردەی پەیوەندیکـردن. بـۆ نموونـە بەکارهێنانـی مێتافـۆر یـان ئامـاژە، ڕەنگـە پەیوەنـدی لەڕێگـەی وێنـە، مۆسـیقا، ڕەنـگ، ئـاڵا، هەڵبژاردنـی شـوێن و کاتـی پێشکەشـکردنی گوتارەکــە بــەدی بهێنرێــت. کۆمەڵــە دەتوانێــت لەشــێوەی ئامــاژە، یــان ئامـاژەی ئەدەبـی، مێژوویـی و ئایینیـدا بـەدی بهێنرێـت.

**٢-٧ پێکهاتە:**

بریتییـە لەشـێوازی ئامادەکردنـی پێشکەشـکردنێک، کـە دەتوانرێـت وەک تەکنیـک بـۆ چڕکردنـەوە مەبەسـت و گووتـن و دەربڕیـن بەکاربهێنرێـت. جـۆری زمانـی بەکارهـێنراو (نەرێنـی یـان ئەرێنـی، بنیاتنانـی چـالاک، یـان پاسـیڤ، سـادە یـان ئەبستراکـت و. .. تـا) دەگرێتـەوە. لەهەمـان کاتدا ئاسـتی وردەکاری چۆنیەتـی بەکارهێنانـی کەرەسـتەی پێوانەکردنـی ڕەهایانـە لەنێـو زمـان وەکـو (هەمـوو، هەمیشـە، هەرگیـز و. . تـاد) دەگرێتـەوە و لەتـەک ئەوەشـدا بەکارهێنانـی (ڕەنگـە، هەندێـک، ژمـارەی.. تـاد ) دەگرێتـەوە و مەتافـۆر، پرسـیاری ڕەوانبێژیـی، زیـادەڕەوی، ڕێزبەنـدی پێشکەشـکردن و ڕێکخسـتنی گشـتی وتارێـک لەخـۆ دەگرێت و هەمـوو ئەمانـە دەتوانرێت بۆ جەختکردنـەوە لەسـەر هەندێـک بیرۆکە، یان بابـەت بەکاربهێنرێت، هەروەها ئـەو توخـم و شـێوازانە زارەکیـی نیـن دەتوانـن بەشـداربن لەنێـو پێکهاتـەدا، وەکـو: نیشـاندان و گـۆڕانـی دەموچـاو، ئامـاژە، تۆنـی دەنـگ و. .. تـاد.

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy/

بێگومان دەتوانرێت چەندین نموونەی لەنێو بەڵگەنامە بەریتانییەکان لە بارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەنێو دەقەکاندا بدۆزینەوە، کە ئاماژە بە شێوازی پێوانەکردنی هەست و کاردانەوە و بیرکردنەوە و توندڕەویی و پاشەکشە و بادانەوە و گۆڕینی بیرۆکە لەبەکارهێنانی ئەم زاواوانەی تێدایە.

کـە دەڵێـن ڕەنگـە، یـان پێشـبینی دەکـەن)، (هەندێـک لـە کـوردەکان لەگـەڵ ئـەم هەڵوێسـتە نەبـن) و بەشـێک لـە بزاڤـی سیاسـی بـە ڕۆشـنبیر و چەپـڕەو دادەنێـن و بەشێکیشـی بـە خێڵەکـی و عەشـائیری. یـان پێیـان وایـە (مسـتەفا بارزانـی هەندێـک پیـری پێـوە دیـارە).

**٢- ٨ جێهێشتن:**

هەموو پەیوەندییەک بریتییە لە بڕیاردان سەبارەت بەوەی چ جۆرە زانیارییەک بخرێتە ناو قسەکردن و نووسینەکان و چ جۆرە زانیارییەک نەهێڵدرێت و بەجێ بهێلدرێت. بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەو شتانە سنووردار دەکرێن، کە چەشنێک لەمەیلداری و لایەنگریی لایەنێک و گرووپێک و کەسێکی تێدایە، بەڵام زۆرجار سیاسەتمەداران ئەو شتانەی هەڵی دەبژێرن بەئەنقەست ئەم جۆرە زانیارییانە دێخنە نێو بابەتەکان، کە دەربارەی زیانەکانە. بۆیە باشترە شتە مەترسیدارەکان و ئەوانەی کاریگەریی لاوەکییەکین و پێشنیارکراون لاببرێن.

بۆ نموونە کاتێک سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی پێشنیاری بەکردەوە بەکارهێنانی سەربازی دژی وڵاتێکی دیکەدا دەکات، لەم قسانەیەدا بەبیر دانیشتوانی ئەمەریکا دەهێنێتەوە، کە ڕەنگە ئەم کردە پێشنیارکراوەی ئەو دەیکات، ببێتە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی دیاریکراو لە سەربازەکانیان، بەهۆی "تەقەی دۆستەکانیان، نەک بەرگریی و هێرشی دوژمنەکانیان".

دەکرێت چاوەڕوان بکرێت لە سیاسەتمەداران زانیارییە تایبەتییەکان لەبارەی خۆیان لاببرێن و نەهێلێن باسی تاوانکاری و ئابڕووچوونەکانیان و هاوکارەکانیان لە ڕابردوودا بکەن و ئەو زانیاریانەش لەسەر هەڵە و شکستەکانی خۆیان لادەبەن و دەسڕنەوە و بڵاویان ناکەنەوە.

ڕەنگە بەرژەوەندییەکان تووشی ناکۆکیان بکات و ئەمەش ببێتە هۆکار بۆ پەردەپۆش کردنی زانیارییەکان و ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکان بڵاو دەکەنەوە، بۆیە نایانەوێت مشتومڕ لەم بارە

بهێڵـن و لایـان دەبـەن، هەروەهـا سروشـتییە لەکۆتاییـدا ئـەو زانیاریانـە سـەبارەت بـە خاڵـە باشـەکانی ئۆپۆزسـیۆن نەهێڵرێـن.

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy/

لەنێـو بەڵگەنامـە دیپلۆماسـییەکان ئـەو زانیاریانـە لادەبرێـن و ناهێڵدرێـن، کـە لەگـەڵ بۆچـوون و بەرژەوەندییەکانـی ئـەو لایەنـە ناگونجێـن، کـە نامەکـە ئامـادە دەکات. بۆیـە ئاسـاییە ئـەو بەڵگەنامانـەی ئێمـە لێکۆڵینەوەیـان لەبـارەوە دەکەیـن، هەمـوو ڕاسـتییەک و زانیارییـەکان بەشـێوەیەکی ورد و دروسـت بەکارنەهێنـن و هەندێـک لـەو زانیاریانـە نەهێڵدرابـن و سـڕابنەوە، یـان لەقازانجیـان نەبووبێـت بـۆ سـەرووی خۆیـان بـەرزی بکەنـەوە و لەنێـو نامـە نهێنییەکانـدا تۆمـار بکرێـن، یـان سـەرچاوەکانیان جێگـەی متمانـە و بـڕوای ئـەوان نەبـوون و پشـتیان پـێ نەبەسـتاوە.

هەندێـک جاریـش بایەخیـان تەنیـا بـەو زانیاریانـە داوە، کـە خزمەتـی خۆیـان و فۆرمۆلـە کردنـی سیاسـەتێکی دیاریکـراوی خاوەنـی گوتـاری بەڵگەنامـەکان دەکات.

**٢- ٩ لادان:**

تەکنیکەکانی بەکارهێنانی پێکهاتەی (لادان) سەرنجە جدییەکان بەشتی لاوەکی سەرقاڵ دەکەن، یان سەرنج لەسەر پرسە سەرەکییەکان دوور دەخەنەوە، بە زۆری کار دەکەن سەرنج لەسەر پرسە لاوەکییەکان چڕ بکەنەوە، یان ئەو هۆکارانەی بایەخی سەرەکییان نییە و گرنگ و سەرەکی نین.

(تەکنیکەکانی لادان) بریتین لەهێرشکردنە سەر کەسایەتی و ڕابردووی کەسایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆن، نەک ئەو سیاسەتانەی پەیوەندییان بەوانە هەیە. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەم تەکنیکە هۆکارە بۆ بانگەواز لەپێناو (جووڵاندنی هەست و سۆز و ترس، هیوا، ئارەزووی جەماوەرێکی دیاریکراو نەک عەقڵیان. ئەمەش سەرنجەکان بەشێوەیەک ئاڕاستە دەکات کەموکورتییەکانی ئۆپۆزسیۆن ببینن، نەک بۆ خودی لاوازییەکانی مرۆڤ، ئەمەش بۆ ئەوەیە خۆ لە بابەتگەلێکی سەخت بدزنەوە و پتر جەخت لەلایەنە ڕووکەشییەکان دەکرێتەوە. لەکۆتایشدا مەسەلەکە دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی و کات کوشتن و مژولکردنی ئەو شتانەی دەبێت جددی بن.

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy/

لەنێو ئەم بەڵگەنامە نهێنیانە بۆ سەرنج خستنە سەر هەندێک خاڵ لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورستان، وا نیشان دەدەن (کورد خێلەکییە و شایانی دەوڵەت نییە)، ئەمە بۆ ئەوەیە سەرنج لەسەر شتە بنەڕەتییە جدییەکان دوور بخەنەوە و بچنە سەر شتی لاوەکی. ئەگەر نا پرسیارێکی مێژوویی لە خۆمان دەکەین، کە

ئینگلیـز عێراقـی دروسـتکرد، دەوڵەتـی لەسـەر ڕەچاوکردنـی پەیوەندیـی و نەریـت و شـێوەی هەڵسـوکەوت و دانانـی دیوەخـان و میوانـداری لەنێـو دەزگاکانـی حکومـەت لەسـەر بنەمـا و خواسـت و ویسـتی عەشـائیری عەرەبـی لـە خـوارووی عێـراق دروسـت نەکـرد. پاشـای لـەدەرەوەی عێـراق نەهێنـا. ئایـا هەتـا ئێسـتاش ئینگلزیـەکان کار ناکـەن پەیوەنـدی عەشـائیری و خێڵەکـی لەنێـو کۆمەڵگـەی عەرەبـی بپارێـزن و درێـژەی پـێ بـدەن.

**٢-١٠ سەرلێشێواوی:**

دەگەڕێینــەوە ســەر چۆنیەتــی پێشکەشــکردنی گوتــار، ئاخێــوەر/ قســەکەر و خاوەنــی گوتــار (بەتایبەتــی سیاســەتمەدارەکان ئەوانــەی شــتەکانیان بەئاڵۆزیــی و پشــێوی پێشــکەش دەکــەن، ئەوانــەی گوێیــان لــێ دەگــرن مانــدوو دەبــن، ئەمــەش دەبێتــە بارێکــی گرانــە بەســەریانەوە، بۆیــە لەئەنجامــدا پشــت لــە قســەکەر دەکــەن و چــی تــر شــوێنیان ناکــەون. سەرلێشــێواوی لــە قســەکردن بەهەڵــەی ڕێککەوتــەوە بێــت، یــان فریودانــی بــە ئەنقەســت، دەتوانێــت پرســە گرنگــەکان بشــارێتەوە و تەمومژاویــان بــکات. ڕەنگــە سیاســەتمەداران بــە بەکارهێنانــی وشــەی نامــۆ، یــان نــاڕوون و زاراوەی تەکنیکــی، بنیاتنانــی ڕســتەی دەوری لەیەکچواندنــی نەگونجــاو و نــاڕوون، خــراپ بەکارهێنانــی زنجیــرەی بەیەکــەوە بەسترانــی نالۆژیکیــی لەبیرکردنــەوە و خــراپ بەیەکــەوە بەســتنی بیرۆکــەکان، دەســتکاریکردنی ئامــارەکان و نیشــاندانی ئاڵــۆزی زیــاد لەپێویســت ئەمانــە دەبنــە هــۆکار بــۆ لادان.

دوای ئــەم سەرلێشــێواوییە، پێویســتە کەســی سیاســەتمەدار لــەو دۆخــەی تێــی کەوتــووە وەڵامێکــی ئاســان و ســادە پێشــکەش بەگوێرەکانــی بــکات و چارەســەرێکی ســادە بــۆ کێشــە ئاڵــۆزەکان پێشــکەش بــکات و بەئامادەبــووان بڵێــت: "متمانــەم پــێ بکــەن".

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy/

کــردەی متمانــە یەکێکــە لەبنەمــا گرنگەکانــی شــیکردنەوەی کــردە قســە لــە تیــۆری پراگماتیکــدا، بێگومــان دیپلۆماتــکارەکان هەمیشــە بــۆ بەدیهێنانــی ئارامــی و ئاشــتی دەیانەوێــت (متمانــە دروســت بکــەن)، یــان دەیانەوێــت

(متمانـە لەنـاو ببـەن) لەنێـوان گروپـەکان و دەوڵەتـەکان و گروپـەکان و دەوڵەتـەکان، لەهەمـان کاتیشـدا ئەگـەر بیانەوێـت ئاڵۆزیـی و ئـاژاوە و شـلەژان هەبێـت، بـێ گومـان ئامانجیـان ئەوەیـە متمانـە لەنێـو ببـەن.

لەنێـو نامـە نهێنییەکانـدا بەڕاشـکاوی ئامـاژە بـەوە دەکـەن، کـە متمانـە کـردن بـە (مسـتەفا بارزانـی) کارێکـی قورسـە، چونکـە لەلایـەک (بارزانـی بـە نزیـک لـە سـۆڤیەت) و (لەلایەکـی دیکـەش بـە نزیـک لـە ئەمەریـکا و سـەرمایەداری) نـاو دەبرێـت. ئەمـە لـە پراگماتیکـدا ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەکاتـەوە، کـە ئـەم (متمانـە)ی دیپلۆماتـکارەکان ئامـاژەی پـێ دەکـەن، سـەرچاوە بـووە بـۆ چۆنیەتـی (بیرکردنـەوە و تێگەیـشتن و هەڵسـەنگاندن و بڕیـار) و لەهەمـان کاتـدا جۆرێـک لـە (نەبوونـی لۆژیـک لـە هەڵوێسـت بەرانبـەر دۆزی کـورد و شۆڕشـی ئەیلـوول) هەبـووە و ئـەوان لەلایـەک دەیانەوێـت (شـەڕ لـە کوردسـتان هەبێـت، بـۆ ئـەوەی عێـراق سـوپای بەهێـزی نەبێـت بـۆ دژایەتـی کوێـت و کەنـداو)، لەلایەکـی دیکەشـدا (باسـی سیاسـەتی جینۆسـاید دژی کـورد دەکـەن و باسـکردنی ئاشـتی لـە کوردسـتان دەکـەن). ئەمـە لەڕاسـتیدا بنەمایـە بـۆ نەبوونـی متمانـە و لاوازیـی زانیارییەکانیـان و خـراپ بەیەکـەوە بەسـتنی زانیارییـەکان و نەبوونـی هاوسـەنگی لـە بیرکردنـەوەدا.

**٢-١١ هەندێک لە چەمکەکانی نێو بەڵگەنامە بەریتانییەکان:**

قسـەکردن لەسـەر سـەرجەم نێـوەڕۆک و چەمـک و وێنـە و بیرۆکـە و ئـەو ڕووداو و دۆخ و بڕیـار و لێکدانـەوە و سـەرچاوانەی لەنێـو بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی بەریتانیـا، کـە بەنـاوی (جوڵانـەوەی نەتەوایەتـی باشـووری کوردسـتان ١٩٦١- ١٩٧٧ لـە بەڵگەنامەکانـی نهێنیەکانـی بەریتانیـا) چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە، پێویسـتی بەچەندیـن لاپـەڕەی دیکـە و پسـپۆری و تایبەتمەنـدی دیکـە دەبێـت، چونکـە هەندێکیـان پەیوەنییـان بـە (مێـژوو، سیاسـەتی نێودەوڵەتـی و ئابـووری و کەلتـوور و کێشـە نێوەخۆییـەکان و پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـە.. تـاد )هەیـە، مـن لێـرەدا تەنیـا لەسـەر ژمارەیەکـی دیاریکـراوی ئـەو چەمکانـە قسـە دەکـەم و شـیکاری دۆخ و زانیارییـەکان دەکـەم، کـە نزیکـن و پەیوەندییـان بـە تیـۆری کـردە قسـەیی و پراگماتیـک لـە لێکدانـەوە گوتـار هەیـە.

هەروەهـا مـن ڕەخنەگـر، یـان مێژوونووس نیم، تـا پێوانـەی بەراوردکاریی و لێکدانـەوەی مێژوویـی و سـاخکردنەوەی زانیارییـەکان پەیـڕەو بکـەم، ئـەوەی مـن ئەنجامـم داوە بەکارهێنانـی زمانـە لەنێـو بەڵگەنامـەکان بـۆ دروسـتکردنی زەمینـەی بڕیـار و سیاسـەتی فەرمیـی بەریتانیـای مـەزن لەبـارەی کـورد و شۆڕشـی ئەیلـوول بەسـەرۆکایەتی و ڕێبەرایەتـی (مسـتەفا بارزانـی) ئـەو تاکـە سـەرکردەی توانـی بنەمـای ڕێکخـستن و پێکهێنانـی بیرۆکـەی نەتـەوە دابڕێژێـت کـە بەکـردەوە گۆڕانکاریـی مێژوویـی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتـی لـەزۆر بـواردا دروسـتکرد.

**٢-١٢ مستەفا بارزانی**

با پێش ئەوەی لە گوتاری فەرمیی بەڵگەنامە دیپلۆماسییە نهێنییەکانی ئینگیز بدوێین و ئاماژەیان پێ بکەین، دەقی ئەو زانیاریی و بۆچوون و هەڵسەنگاندنەی بەریتانییەکان بخەینە ڕوو، کە لەبارەی (بزوتنەوەی عەبدولسەلام بارزانی ١٩١٤)ە وەکو خۆی بڵاوبکەنەوە، کە پێمان وایە هەموو پێگەی ئایینی و بزوتنەوەکانی بارزان و تێکۆشان و قوربانی بارزانییەکان لە سەد ساڵی ڕابردوو بەیەکەوە بەستراون و یەکتر تەواو دەکەن.

ژمارەی ئەم بەڵگەنامەیە بریتییە لە (EF:FO95/2458..) باریدەدەری کونسڵیەتی بەریتانی لەوان لە ١ی ئاداری ١٩١٤ نووسیویەتی، ئەمە دەقی تەواوی بەڵگەنامەکەیە:

گەورەم "مالیت" باڵوێزی حکومەتی خاوەن شکۆی پاشایەتی بەریتانی/ ئەستەنبووڵ.

بۆ من گەورەییە هێزێکی سەربازی سنووردار لەدژی شێخی بارزان و شوێنکەوتوانی ئامادە بکەم. کەتیبەی سوارەی ژمارە -٢٠- و بەتالیۆنی یەکەم و دووەمی سەر بە کەتیبەی -١٩- دوو، ق.ف بەرگری شاخ و دوو چەکی ڕەشاش بەشداریان لەو شاڵاوەدا کردووە. ئەمڕۆ ئەو هێزە "وان"ی بەجێهێشت و لەگەڵ هێزەکانی دیکە بەشداری دەکەن لە هێرشی سەر بارزان، ئەوان بە هۆی نەخۆشییەوە هێزەکەیان زۆر لاوازە و لە (٥٠٠) پیاو تێپەڕ ناکات.

شێخ بە یەکێک لەو پێنج شەش شێخە بەهێزەی کوردستان دەژمێردرێت، لەناوچە شاخاوییەکانی درێژایی سنووری هەردوو

ویلایەتـی وان و مووسـڵ پێگـەی لەنـاو شـێخ و ئاغاکانـدا هەیـە، دەسـەڵاتی حکومـەت لـەو بەشـەی وڵاتـی تورکیـا لاوازە، قایمقامەکانـی ئـەو ناوچەیـە دەسـەڵاتیان لـەو گونـدەی تێیـدا دەژیـن بـۆ دەرەوەی گونـد تێپـەڕ نـاکات. زۆربـەی بەڕێوەبـەری ناحیەکانـی ئـەو ناوچانـەش لـە ئاغاکانـن، بـەڵام شـوێنی ڕەسـمی ئـەوان زۆر بـە کەمـی لەسـەر حیسـابی دراوسـێکانیان یاخیبـوون و سـەرپێچی هەیـە، زیاتـر لاوازی دەسـەڵاتی ناوەنـدی لـەو ناوچەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سروشـتی شـاخاوی ناوچەکـە، کـە بـەزۆری ڕێـگای هاتوچـۆ لـەو وڵاتـە بـە هـۆی دەربەنـد و ڕێـڕەوی بەردینییەوەیـە، لەهەنـدێ لـەو ناوچانـە هەتـا ڕۆیشـتنی هێستریـش ئەسـتەمە.

ئامادەکردنـی چەندیـن بەرپرسـی ناوچەکـە بـۆ زەمینەسـازی سیاسـەتی وازهێنـان لـە سـەرۆک هـۆزە بچووکـەکان و ئاغـاکان، تـا ڕادەیـەک بـۆ کاروبـاری ناوخـۆ و خۆبـواردن لەجەنگـی ناوخـۆ و قبـوڵ نەکردنـی دەمارگیـری جێگـرەوەی باشـە، زوو سـەرقاڵ دەبـن و ناتوانـن ڕیزەکانـی خۆیـان یەکبخـەن و ببنـە کۆسـپێکی ترسـناک دژی حکومـەت، ناوچەکـە بـۆ حکومـەت دەوڵەمەنـد نییـە، زۆر پێویسـت نەبـووە دەسـەڵات بسـەپێنێ و بـاج وەربگـرێ و دەسـت لەکاروبـاری ناوخۆییـان وەربـدات. لێـرە زۆربـەی کـورد لەناخـەوە دوژمنـی حکومەتـن، بـەم دواییـە حکومـەت گەیشـتە ئـەو بـاوەڕەی بەبـێ لابردنـی پێگـەی ئـەو شـێخانەی کـە خاوەنـی دەسـەڵاتی ئایینـی و سیاسـی و کردەییـن لەناوچەکـەدا ناتوانـێ مەترسـی ئەوانـە لابـەرێ، لەئاینـدە ئـەوان لەبارودۆخێکـی لەبـار دەگەڕێـن بۆئـەوەی ڕووبـەڕووی دەسـەڵاتی ناوەنـدی ببنـەوە و ڕێکخسـتنێکی کۆنەپەرسـتانەی دژ بـە حکومـەت ڕێکبخـەن. شـێخ بـە بەردەوامـی هەڵوێسـتی

دوژمنکارانـەی هەبـووە، لەبەرانبـەر حکومەتـی ئیتیحـاد و تەرەقـی مەڵبەنـد و پێگـەی ئـاژاوە بـووە، دەڵێـن لەگـەڵ عەبـدوڕەزاق بەدرخـان نەخشـەی دژی تـورکان داڕشـتبوو، پـار چووبـووە پـاڵ شـێخی بـارزان، دەگونجێـت بەهـۆی ئەمـە بووبێـت حکومـەت بڕیـاری سـەرکوتکردنی دابێـت، پێـشتر لەگـەڵ شـێخی شـەمدینان دوژمنـی یەکتربـوون، بـەڵام دیـارە هـەردوولا لەسـەر چارەسـەرکردنی ناکۆکییەکانیـان بەڕێگـەی ئاشـتی و بەرەیەکـی یەکگرتوویـان لـەدژی تـورک ڕیککەوتـوون. ئـەوەی جێـی وەبیرهێنانەوەیـە شـێخ عوبێـدوڵلای باپیـری شـێخی شـەمدینان کـە بـە ٤٠ هـەزار چەکـداری کـوردەوە شـاڵاوی بـردە سـەر ورمـێ، نەوەکانـی ئـەو پێگەیەیـان نییـە و تورکـەکان بـەرەو ئێـران دەبیریانکـردن. ئێسـتا پێگـەی شـێخ تەهـا و شـێخی بـارزان بەرفراوانـە، شـیخ تەهـا ئێسـتا لەناوچـەی "ڕاژان"ی ئێـران لـە سـنووری تورکیـا - ئێـران نیشـتەجێیە و چەنـد گوندێکـی بەدەسـتەوەیە.

هەواڵێکـم بەدەسـت گەیشـتووە زۆر لێـی دڵنیانیـم، دەڵێـن ئیـدارەی ڕوس لـە ئازەربایجـان شـێخ تەهـای کـردووە بـە بەرپرسـی کاروبـاری گومرگی ئێـران لەناوچـە سـنوورییەکان و مانگانـە مووچـەی بـۆ بڕیوەتـەوە، ئەگـەر ئـەو هەواڵـە ڕاسـت بێـت ئـەوا ئەرکـی بنەڕەتـی سەرشـانی حکومـەت قەدەغەکردنـی هێنانـی تووتنـە لەناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەوەوە بـۆ ئێـران، چونکـە حکومەتـی تورکیـا بـۆ ئـەو مەبەسـتە زەوی داوە بـە گوندنشـینەکانی شـێخ و داهاتـی تووتنـی قەدەغـە کـردووە، کـە سـاڵانە بەهـەزاران پاوەنـد "جونەیهـی ئیسـتەرلینی" دەخەملێنرێـت، ئەگـەر هەوڵـی ئـەم دوو شـێخە یەکبخرێت "شـێخی شـەمدینان و بارزان" ئـەو کات دەتوانن ببنـە هێزێکـی گـەورە و گیروگرفـت بـۆ حکومەتـی تورکیـا بخولقێنـن، بـەڵام

شاڵاوی ئەم جارەیان پێچەوانەی بزووتنەوەکانی دیکەی کورد دەرفەتی زۆری نابێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و تاڵانی، وەکو ئەوەی لە شاڵاوی سەر ورمێ ڕوویدا. بۆیە هێزەکانی حکومەت لەلایەن کوردەوە تووشی بەرهەڵستی گەورە نابن، واچاوەڕوان دەکرێت ئەو هێرشە بەپەڕینەوەی شێخی بارزان بۆ ئێران دەست پێ بکات، لەوێ بچێتە پاڵ ئەو کۆمەڵانەی بەرهەڵستکاری ڕژێمی تورکیان و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بگەڕێنەوە وڵات و دەست بەسەر ئەو زەوی و سامانەیاندا بگرنەوە، کە حکومەتی تورکیا دەستی بەسەرداگرتبوو.

بۆ من شەرەفێکی گەورەیە بەوپەڕی ڕێزەوە ببمە خزمەتکاری گوێرایەڵ: ج.ن. سمیت، ئەفسەری سوارەی سووک. (د. عوسمان عەلی، ٢٠١٣، ٩٨-١٠١).

لەم بەڵگەنامە بۆمان دەردەکەوێت بەریتانیا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا چۆن دژایەتییەکی سەر سەختی کورد و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و ئەو هێزە کوردیانەی کردووە کە نیازی بەرەنگاریی و ناڕازیبوونیان هەبووە، سیاسەتی دواخستن و بەدواکەوتوویی هێشتنەوە و مژولکردنیان بەناکۆکی ناوەخۆیی لەپێناو لاوازکردن و دابەشکردنیان پەیڕەو کردووە. ئەوەی ئەوان گووتویانە مەرج نییە بابەتگەلێکی ڕاست و دروست بن، بەڵام ئەوەی هەیە زانیارییەکانی ئەوانن لەبارەی ئەو سەردەم و بزاڤە بەرهەڵستکارەکانی کورد و کاریگەرییان بەسەر ڕەوشەکە بەشێوەیەکی گشتی.

بەپێی شیکردنەوەی کردە قسە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە: (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) چەند ئامانجێکی هەبووە، لەوانە:

**یەکـەم:** یەکخسـتنی هێـزی کـوردی لـە باشـوور و باکـوور، بەمـەش دەیتوانـی ببێتـە خاوەنـی هێزێکـی شـەڕکەری گـەورە و ناوچەیەکـی جوگرافـی فراوانـی وەکـو پاڵپشـتی و جووڵـە دروسـت دەکـرد.

**دووەم:** گوتـاری (شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی) چارەسـەری ئاشـتیانەی ناکۆکییـەکان بـووە لەنێـوان هێـز و عەشـیرەت و گروپـە کوردییـەکان.

**سێیەم:** ئینگلیز لەتەبایی و ئاشتەوایی نێوەخۆی کوردیی ترساون.

**چـوارەم:** بیرکردنـەوە لـە بەدیهێنانـی سـەرچاوەی ئابـووری و فرۆشـتنی تووتـن و کـردەی پێچەوانـە بـۆ ئابلوقـە خسـتنە سـەر بازرگانـی و فرۆشـتنی تووتـن دژی کـورد، بەکـردەوە نیشـانی دەدات (بڕیـاری سـزادان و فەرمانـی ئابلوقەدانـی ئابووبیریـان دژی کـورد پەیـڕەو کـردووە).

**پێنجـەم:** (شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی) دژی حکومەتـی ئیتحـاد و تەرەقـی تورکیـا بـووە.

**شەشـەم:** ئـەو کات هێزێکـی ٥٠٠ کەسـی هەبـووە، بـەڵام وەکـو ئاماژەی پێکـراوە و زانیاریـی ئینگلیـزەکان ئـەوە دەخەنـە ڕوو بەهـۆی خراپـی بـاری تەندروسـتی هێزەکـە کێشـەیان تـووش بـووە.

**حەوتەم:** (شـێخ عەبدولسـەلام بارزانی) کەسـایەتییەکی بەهێزی هەبووە، یەکێـک بـووە لـەو چەند شـێخەی لەهەموو کوردسـتاندا پێگە و دەسـەڵات و هێـز و جەماوەریـی هەبـووە. ئەمە زانیارییەکانی خـودی ئینگلیزە.

هەروەهـا (ئایـان سـمیس) لـە ١٦ مایسـی ١٩١٤ بـۆ (نوێنـەری کونسـوڵیەتی بەریتانـی لـە وان) بـە بەڵگـەی نهێنـی ژمـارە (FO.195/2458) نووسـیویەتی: "والـی وان پێشـنیاری کـرد، حکومـەت لەڕێگـەی بەسـتنەوەی

بەوەزارەتـی ئەوقـاف ڕاسـتەوخۆ دەسـت بگرێـت بەسـەر تەکیەکانـدا، بـۆ ئـەوەی پێگـەی شـێخەکان لەنـاو گوندنشـینەکان دابـڕن بـە بەردەوامـی هێزەکانـی جەندرمـە لـەو ناوچانـە دەسـوڕێنەوە، بـەڵام سـەبارەت بـە یاخیی بوویەکـی دیکـەی وەکـو (عەبدوسـەلام بارزانـی) هێزەکانـی تورکی هێرشـیان کردۆتــە ســەر، ســەرەڕای زیانێکــی زۆر دەســتیان بەســەر گوندەکەیــان داگرتـووە، شـێخ لەگـەڵ ٨٠ لـە لایەنگرانـی بـۆ ئێـران هەڵاتـوون و لـەوێ پەیوەندیــان بــە ســەید تەهــای نەهریــەوە کــردووە، هەنــدێ لەســەرۆک کـوردەکان شـێخ عەبدوسـەڵام بـە شـێخ نەسرانـی ناودەبـەن، ئەمـەش بـۆ کەمکردنــەوەی بەهــای ئــەو، چونکــە ئــەو شــێخە زۆر نــەرم و دادگەرانــە لەگـەڵ مەسـیحییەکانی ناوچەکـە مامەڵـە دەکات، بـەڵام ئەمسـاڵ لەلایـەن حکومەتـەوە تاوانبـار کـرا بـەوەی خـۆی لایەنگرانـی هێرشـیان کردۆتـە سـەر گوندێکـی مەسـیحییە ئاشـورییەکان، کەچەنـدان پیـاو و ژنـی تێـدا کـوژراوە، ئێسـتاش ئـەو بـەوە تاوانبـارە کـە چەنـد کەسـێك لەلایەنگرانـی هێرشـیان کردۆتـە سـەر ئـەو هێـزەی جەندرمـە، کە والـی ناردبـووی بـۆ بەدواداچوونی ڕووداوی کوشـتنی ئـەو بازرگانـە موسلاویـەی لەژێـر دەسـەڵاتی سـنووری شـێخ کوژرابـوو. حکومـەت بیـر دەکاتـەوە لەدانانـی ڕێوشـوێنی دادگایکـردن و هێـزی پۆلیسـی". (د. عـوسمان عەلـی، ٢٠١٣، ١٠٩-١١٠).

"سـەرۆکایەتی شـێخ ئەحمـەد و شـێخەکانی دیکـەی بـارزان سـەرۆکایەتییەکی زۆردارانــە و سوودپەرسـتانە نەبـوو. لەڕاسـتیدا هـۆزی بـارزان خۆشـیان بـڕوای ئاییانـیان بـە شـێخ ئەحمەد هەبـوو". ( ئەبولحەسـەن تەفرەشـیان، ١٩٩٦، ٣٥ ). واتـە شـێخ پەنـای بـۆ ئیسـتغلال و زۆرداریـی و سـوودی تایبەتـی نەبـردووە، ئەمـەش وایکـردووە بارزانییـەکان پێگەیەکـی

جـودا و کاریگەریـان لەنێـو کۆمەڵگـە هەبێـت، ئـەم سـیفەت و ڕەفتـار و بیرکردنەوەیـە تاکـو ئێسـتاش پارێـزراوە.

لەبـارەی (مسـتەفا بارزانـی) نـەک دۆسـتەکانی، بەڵکـو دوژمنەکانیشـی پێناسـەیەکی وای دەکـەن، کـە ئـەو بەکـردەوە ڕێبـەری کاریگـەر و جـێ متمانـەی نەتـەوەی کـورد و سـەرجەم کوردسـتانییەکانە. "بارزانـی خـۆی زەویناسـێکی زۆر شـارەزا بـوو. فرەبـاش دەیتوانـی کەڵـک لـە هـەوراز و نشـێوەکان وەربگرێـت و بڕیـاری بـۆ بـدات. بەزیرەکـی و دووربینانـە هەڵسـوکەتی دەکـرد. ئێمـە ئەگەرچـی بەڕواڵـەت شـارەزا و تاکتیـزان و دەرچـووی فێرگـەش بوویـن، دوای تێڕامـان و لێکۆڵینـەوەی نەخشـی زەوی و ڕاوێـژکاری ئەگـەر دروسـتیش بڕیارمـان بدایـە، ئینجـا وەکـو ئـەو کارمـان بـۆ دەچـووە سـەر". (ئەبوئەلحەسـەن تەفرەشـیان، ١٩٩٦، ٢١).

لەبـارەی ڕووسـەکان و هەلومەرجـی سیاسـی و خوێندنـەوە و تێڕوانیـن (ئەبوئەلحەسـەن تەفرەشـیان) دەڵێـت: "تێگەیشـتم کـە بۆچوونـی ڕامیاریـی تـا ئەندازەیـەک ڕۆشـنە. جاروبـار بـە زمانـی نێـو پەڕتـووکان دەیگـووت: ئەمـە هەڵومەرجێکـی تایبەتیـی جیهانییـە کـە ڕوسـەکان کۆمـەک بـە ئێمـە دەکـەن. ئێسـتا ڕوسـەکان لەناوچەکـەدا پێویسـتیان بـە بوونـی ئێمـە هەیـە". (ئەبوئەلحەسـەن تەفرەشـیان، ١٩٩٦، ٢٠).

لەسـەروبەندی گۆڕانکاریـی لـە ئێران و سـەرەتای دروسـتبوونی کۆماری کوردسـتان، چەند وەفدێکی کوردی سـەردانی سـۆڤیەتیان کرد، ئەمەش بۆتە جێگـەی ناڕەزایەتـی ئینگلزییـەکان و بۆیـە "باڵوێـزی ئـەو وڵاتـە لە مۆسـکۆ لـە چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مۆلۆتـۆف وەزیـری دەرەوەی سـۆڤیەتدا ڕەخنـەی لـە هۆکارەکانـی ئـەو سـەردانە و بزواندنی کـوردەکان گرت و لـە بەرامبەردا

مۆلۆتۆف ئەو سەردانەی خستە چوارچێوەی سەردانێکی کولتووری، بەڵام هەردوو لا باش دەیانزانی کە ئەوە پیلانێکە و بە هەڵکەوتی جوگرافی کوردستانەوە گرێ دراوە". (موجتەبا بوروزوویی، ٢٠٠٥، ٣٩٩). مەبەستمان ئەوەیە ئینگلیز لەگەڵ بزواندنی هەستی نەتەوایەتی کورد و هاندانی کورد بۆ بەدیهێنانی مافی خۆبەڕێوەبردن نەبووە.

سۆڤیەت (مستەفا بارزانی) و بزاڤی بارزانیان بە دەستکردی ئینگلیزی وەسف دەکرد و ئەمەریکاش بە پێی بۆچوونەکانی (گاڵمان) نیگەران بووە لە (مستەفا بارزانی) و ئەمەریکییەکان و کاربەدەستانیان نیگەرانبوون لەهاتنەوەی بارزانی بۆ عێراق و پێی دەگوترا (مەلای سوور)، پێیان وابووە لە قازانجی سۆڤیەت دەجووڵێتەوە. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ٥٣).

کەمێک دەگەڕێمەوە نێو مێژوو، بۆ ئەوەی بزانین بارزانییەکان و ڕێبەرەکانی ئەم هۆزە لە چ ئازارێکدا ژیاون و چۆن هەڵوێستیان لەپێناو ماف و هەق نواندووە و قوربانییەکانیان گەیشتۆتە چ ئاستێک. (سەرۆک مەسعود بارزانی) لە کردنەوە (یادگای نیشتمانی بارزان) لە وتارێکدا لەبارەی بەشێکی ئەم مێژووە زۆر بەکورتی گووتی: "لە ١٩٣١ فەوجێك بە قیادەی عەقید بەرقی شەوێك هاتن دەوری بارزانیان گرت و داوایان کرد شێخ خۆی تەسلیم بکات، ئەویش فەرمووی ئێمە هیچمان تەسلیم نەکردووە بۆ خۆم تەسلیم بکەم؟ شەڕیان کرد، فەوجەکە شکا و تار و مار بوون. دوای ئەوە بە فڕۆکە، تەبعەن ئەو وەختە فڕۆکەی بەریتانی بوون کە یارمەتیی عێراقیان دەدا، گوندی بارزان و ناوچەی بارزانیان بۆردومان کرد، بۆ یەکەمجار بوو بۆمبای تەوقیت لە گوندی بارزان بدەن، ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ شەهید کران.

مـن نامـەوێ بچمـە نـاو هەمـوو وردەکارییەکـەوە، بـەڵام ئەنجـام پـاش شـەڕێکی شـەش مانگـی، دیسـان ناچاربـوون هیجـرەت بکـەن بـۆ تورکیـا، لـەوێ تورکـەکان کـە ئـەو وەختـە ئەتاتـورك بـوو، شـێخ ئەحمەدیـان تەسـلیم بـە حکوومەتـی عێـراق کـرد. جارێـك ١٢ سـاڵ لـە زینـدان بـوو، جارەکـەی تـر ١٤ سـاڵ لـە نەفـی بـوو، لـە ناسریـە بـوون، لـە بەغـدا بـوون، لـە سـلێمانی بـوون، بـەڵام ئـەو ١٢ سـاڵەی کـە بـە ئیعـدام حوکـم کـرا، ١٢ سـاڵ قەیـد و زنجیـر لـە دەسـت و پێـی بـوو، چەندجـار نامەیـان بـۆ نـارد، داوایـان لـێ کـرد نامەیـەك بنووسـێ بـۆ نـووری سـەعید یـان بـۆ وەسـی، داوای عەفـوو بـکات، گوتـی مـن داوای عەفـوو لـە ئێـوە ناکـەم، چونکـە ئێـوە غەدرتـان لـە ئێمـە کـردووە، مـن هیچـم نەکـردووە و داوای عەفـوو لـە خـوا دەکـەم و لـە ئێـوەی ناکـەم. ١٢ سـاڵ مایـەوە و ئـەو نامەیـەی نەنووسـی، تـا ڕۆژی ٢٠ی تەمـووزی ١٩٥٨ کـە شۆڕشـی تەمـووز، ئـەوەی پێـی دەڵێـن شۆڕشـی عەبدولکەریـم قاسـم، لـەو ڕۆژە لـە زینـدان هاتـە دەرێ. ئـەو وەختـە ئێمـە منـداڵ بوویـن، بـەڵام هەمـوو چوویـن بـۆ پێشـوازی، ڕۆژێکـی زۆر زۆر مێژووییـە و لەبیـر ناکـرێ". (ڕۆنامـەی خەبـات، ڕۆژ ١١ی ئایـاری ٢٠٢٣، https://xebat.net/ku/?p=162399).

بەپێـی بۆچوونەکانـی (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن) «ئەمەریکییـەکان لـە واشـنتندا لـەوە سـەرنەکەوتن (بارزانـی) بناسـن. هەرچەنـدە بـەم ڕەفتـارە وڵاتـە یەکگرتـووەکان دەرفەتێکـی لەدەسـتچوو تـا شـتی زیاتـر لەبـارەی سـەرکردەیەک بزانـێ، کـە وێـڕای تاراواگەبوونـی بەکـردەوە نەبـووە هەڕەشـە بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانـی ئەمەریـکا و دەکـرا

ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێزیش. ١٥ ساڵی ڕەبەقی دیکەی خایاند تا وڵاتە یەکگرتووەکان ڕاستی شتەکەیان بۆ دەرکەوت. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ٥٤).

دەبێت چەندە کارێکی سەخت و دۆخێکی ئاڵۆز بووبێت (مستەفا بارزانی) لەنێو شاخەکاندا و لەم دۆخەدا کە هەر وڵاتێک بەجۆرێک گومانی لێکردووە، لەپێناو ڕزگاریی کوردستان بێ دۆست و پەنا لەدژی هەموو پەیوەندییە دوژمنکارییەکان و سوپای عێراق جەنگا بێت. ئەمە تەنیا بەقسە خۆشە، کەچی لەکۆتایدا دەتوانێت بیروبۆچوون و ڕای زۆر لەو وڵاتانە لەڕێگەی (نامە و قسەی دیپلۆماسی و پەیوەندییەوە بگۆڕێت).

ڕاپۆرتە نهێنییە دیپلۆماسییەکانی بەریتانیا کە خاوەنی گوتارێکی فەرمیی و لەهەمانکاتدا پێشنیار و ئامۆژگاریی و پێدانی زانیارین لە وەسفی (مستەفا بارزانی) ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوول دەڵێت: "بارزانی لەڕووی تەندروستییەوە جێگیرە ئەو ئێستا تەمەنی ٧٠ ساڵە پێناچێت پێگەکەی وەکو سەرکردەی گشتی کوردانی عێراق بکەوێتە لێژی". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٥٠). لەو کاتەی ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەشێوازی ڕێکخستنی شۆڕشی ئەیلوول و دامەزراوەکانی نێو شۆڕش کردووە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەپێکهاتەی ئیدارەدانی دەوڵەت دەچێت. "لەساڵی ١٩٦٦- ١٩٧٠ ئەنجوومەنی شۆڕش و دەستەی کارگێڕی و مەکتەبی سیاسی پدک، ئەنجوومەنی شۆڕش وەکو پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوە، کە لە ٦٢ ئەندام پێکهاتووە، باڵاترین دەسەڵاتی هەیە و هەموو چوار مانگ جارێک کۆدەبێتەوە،

ئەگــەر لەلایــەن ســەرۆک یاخــود زۆرینــەی ئەندامانــی ئەنجوومەنەکــە یاخــود لەلایــەن مەکتەبــی ساســییەوە بــە پێویســت بزانرێــت زیاتــر کۆدەبێتــەوە. مەکتەبــی ساســی وەکــو کابینــەی وەزاریــی وایــە بەرپرســە لــە کۆنترۆڵکردنــی هەمــوو ئۆرگانەکانــی شۆڕشــی کــورد، کــە ســوپاش دەگرێتــەوە. مەکتەبــی سیاســی پــدک دەســەڵاتێکی زۆری هەیــە بەســەر ئۆرگانەکانــدا و یەکێــک لەئەندامەکانــی دەکاتــە بەرپرســی ئۆرگانــەکان. بارزانــی ســەرۆکی هــەر ســێ دەســتەکە و فەرمانــدەی گشــتی ســوپایە، بۆیــە لــە پێگەیەکدایــە بەســەر تێکــڕای سیســتەمەکەدا باڵادەســتە". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٥٢).

لەگــەڵ هەمــوو ئــەو تێڕوانینــەی دژی (مســتەفا بارزانــی)، یــان وەکــو پاڵپشــتی ئــەو وێنایــان کــردووە، ناتوانــن لــە تێڕوانینــی سیاســی و ستراتیــژی ئــەم ڕێبــەر و ســەرکردەیە، کــە خــۆی لــە ستراتیــژی کوردســتان و دروســتکردنی کیانــی کــوردی دەبینێتــەوە گومــان و هەڵەیــەک بدۆزنــەوە. لەبــارەی هەنــگاوە دیپلۆماســییەکانی (مســتەفا بارزانــی) لــەدەرەوەی وڵات و چۆنیەتــی دروســتکردنی ڕای گشــتی و گەیاندنــی پەیامــی ئــەو گوتــارەی ناتوانرێــت بەئاشــکرا بگوترێــت لــە ڕاپۆرتێکــی نهێنــی لەبــارەی (کوردســتانی عێــراق و ئێــران و هەڵوێســتەکانی بەریتانیــا. هەڵوێســتی فەرمییــی دەوڵەتــی بەریتانیــای مــەزن ســەبارەت بــە یاخیبوونــی کــوردەکان) لەلایــەن بەشــی خۆرهەڵاتــی وەزارەتــی دەرەوەی بەریتانیــا لــە ٢ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٦٨ بەنهێنــی ئامــاژە بــەم چالاکــی و کارە دیپلۆماســییەی شــۆڕش بەســەرۆکایەتی (مســتەفا بارزانــی) دەکــەن "جــارە جــارە وەفدەکانــی مــەلا مســتەفا بارزانــی هەوڵیــان داوە

بــرەو بــەو تێــزە بــدەن کــە بڵێــن: پرســی کــورد پرســێکی نێودەوڵەتییــە و تەنیــا لەچوارچێــوەی پرســێکی ناوخۆیــی عێراقــدا قەتیــس نییــە. بــۆ ئەمــەش پشــتیوانی بەریتانیــا لــە پــڕۆژە هەڵوەشــاوەکەی دوای جەنگــی یەکەمــی جیهانــی بــە بەڵگــە دەهێننــەوە کــە ســەبارەت بەدروســتکردنی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کــوردی بــوو. دەوڵەتــی بەریتانیــای مــەزن ســوورە لەســەر ئــەوەی کــوردەکان بــە دەوڵــەت نەزانێــت و ڕەتیشــی کردۆتــەوە مشــتومڕ لەســەر ئــەو هەڵوێســتە بــکات، کــە لەســەر بنەمــای پەیماننامەکانــی ســاڵانی ١٩٢٠ەکانــدا دامــەزراوە، جــار جــارە کــوردەکان ڕای گشــتی لــە بەریتانیــا و وڵاتانــی دیکــە لەپێنــاو دۆزەکەیانــدا دەجووڵێنــن بەتایبەتــی لەکاتــی بەردەوامبوونــی شــەڕەکاندا کــە کــورد لــە هەواڵەکانــدا دەردەکەوێــت و توانیوایانــە بڕێکــی کــەم لــە پشــتیوانی پەرلەمــان بەدەســت بهێنــن". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٧٥).

**٢-١٣ دیداری قەیسەر**

یەکێـک لـە کارە دیپلۆماسـییەکانی بزاڤـی بـارزان پەیوەندیکـردن بـە سـەرکردە دیارەکانـی نێوەخـۆ و کۆبوونـەوەی هـۆز و سـەرۆک عەشـیرەت و شـێخەکان بـووە لـە دەوری یـەک ئامانـج، ئەویـش هاوکاریـی و یەکبـوون و هاوئاهەنگـی کوردبـووە. لەگـەڵ پەیوەندیکـردن بـە سـەرۆک دەوڵـەت و ئیمپراتـۆرە مەزنەکانـی دونیـا.

ئـەو زانیارییـە نوێیـە مێژووییانـە ئێسـتا سـاخ بۆتـەوە، لـە سـاڵی ١٩١٤ (عەبدولسـەلامی دووەمـی بارزانـی) بەپێـی زانیارییـە یەکلابووەکانـی (سـەرۆک مەسـعود بارزانـی) دیـداری (قەیسـەری ڕوسـی) کـردووە، ئەمـەش بـە یەکێـک لـە کۆشـش و تێکۆشـانە دیپلۆماسـییە هـەر دیـارەکان دادەنرێـت، کـە کەسـایەتییەکی مەزنـی وەکـو (عەبدوسـەلام بارزانـی) کەلایـەن هێزەکانـی عوسمانـی و بەریتانییـەکان لەناوچەکەکـەی دەخرێتـە ژێـر فشـارێکی سـەختەوە و پاشەکشـە دەکات و دەچێتـە بەدلیـس، لـەوێ وەکـو کەسـێکی خـاوەن مـاف و هـەق، کەسـێک کـە بـەدوای ڕزگاری و بەدیهێنانـی بەختـەوەری بـۆ قەومەکـەی بـووە، دیـداری (قەیسـەر) دەکات، لـەم بـارەوە شـتەکان بـەم شـێوەیە دەگێڕنـەوە: "کـە نەفیرعامەکـە ڕاگەیانـدرا، لـە دوو سـێ جەبهـەوە سـوپای عوسمانـی پەلامـاری بارزانیـان دا، موقاوەمەیەکـی زۆر قارەمانانـە کـرا، دوای ئـەوە (شـێخ عەبدولسـەلام) ناچـار بـوو ناوچەکـە بەجـێ بهێڵێـت و چـوو بـۆ ئێـران. لـەوێ بەرنامەیەکـی گەورەیـان بەدەسـتەوە بـوو. چـوون بـۆ بەدلیسـی، ئێمـە هەروامـان دەزانـی و لـە نـاو عایلـەی ئێمـە و لـە بـارزان کـە نوێنـەری (قەیسـەر)ی بینیـوە ئـەو سـەردەمە، بـەڵام (لاڤـرۆڤ)ی

وەزیـری دەرەوەی ڕووسـیا پێـش دوو سـێ سـاڵ هاتـە هەولێـر و گوتـی ئێمـە لـە ئەرشـیفی خۆمـان تەماشـامان کـردووە، (قەیسـەر) لـەوێ بـووە و (قەیسـەر)ی دیـوە. لـە گەڕانـەوە چەنـد خاینێـك خیانەتیـان کـرد و بـە نامـەردی گرتیـان و تەسـلیمی عوسمانییەکانیـان کـرد لـە ١٩١٤ لـە مووسـڵ شـەهید کـرا و ئیعـدام کـرا". (ڕۆژنامـەی خەبـات، ١١ی ئەیـاری ٢٠٢٣، https://xebat.net/ku/?p=162399).

ئەمــە ئەوەمــان بــۆ ســاخ دەکاتــەوە بیرکردنــەوە لەپەیونــدی دیپلۆماســی لــەو کاتــدا بەشـێوەیەکی ستراتیـژی بیـری لێکراوەتـەوە و بەکـردەوەش هەنـگاوی بـۆ نـراوە. بـڕوا ناکـەم پێـش ئـەو دیـدارە گرنگـە، هیـچ کەسـایەتییەکی ڕێبـەری کـورد دیـداری ڕاسـتەوخۆی لـەم جـۆرەی ئەنجـام دابێـت و بـۆی ڕێککەوتبێـت دەسـەڵاتدارێکی بەهێـزی وەکـو (قەیسـەر) ببینێـت.

## ٢- ١٤ لە پەیوەندی لەگەڵ مستەفا بارزانی ترساون

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا شـیکاری گوتـاری نهێنـی ئـەو وڵاتانـە دەکەیـن، کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆیان لەنێـو بزاڤـی شۆڕشـگێڕیی و سیاسـی کوردسـتاندا هەبـووە. مەبەسـتمان لـە بەکارهێنانـی بەڵگەنامـە نهێنییـە دیپلۆماسـییەکان لـە ڕاسـتیدا شـیکردنەوەی بەکارهێنانی زمان و زانیارییە لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆکان و لەهەمانکاتـدا دوور کەوتنەوەیـە لەگێڕانـەوەی ئاسـایی و مێژوویـی. ئـەم دەقانـەی بەکاریـان دەهێنیـن بریتیـن لـە بەڵگەنامەی گرنـگ و مێژوویـی. دەسـتکاری ناکرێـن و لەشـوێنی تایبەتی خۆیـان پارێزراون و بۆچـوون و بیـروڕا و هەڵوێسـتی سـەردەمی نووسـینی بەڵگەنامەکانمـان نیشـان دەدەن و قسـە لەبـارەی عاتیفـە و پیاهەڵـدان و گرنگی هیچ لایێک و کەسـایەتی و ڕێبەرێـک ناکەیـن. ئـەوەی قسـەمان بـۆ دەکات خـودی بەڵگەنامەکانـە.

بەڵگەنامەیەکـی دیپلۆماسـی نهێنـی دیکـەی بەریتانییـەکان ئەوەیـە، کـە (ئـەی. ئـەی. ئەکلانـد) لەنامەیەکـی نهێنـی بـۆ (پی. ئـار. هینچلیف لەبەشـی خۆرهەڵاتـی نزیـک، وەزارەتـی دەرەوە و کۆمۆنوێڵـز و مسـتەر بلاکییێـرن و کوردەکان ١٩٦٩) نووسـیویەتی و لەبەشـێکی نامەکەیدا ترسی خۆیان لەبارەی پەیوەندیـی و سـەردانی (مسـتەفا بارزانـی) ناشـارنەوە و نایانەوێـت کـەس بـەم پەیوەندییانـە بزانێـت، یـان وانیشـان بـدەن ئـەوان نوێنەرایەتـی گوتاری فەرمیـی بەریتانیـا لەکاتـی سـەردانەکانیان دەکـەن و لەنێو نامەکـەدا دەڵێت: "لەسـەر هاندانـی مـن، مسـتەر بلاکییێـرن جەختـی لـەوە کـردەوە کـە ئەگـەر جارێکـی تـر سـەردانی مەلا مسـتەفای کـردەوە، یاخود ئەگەر هـەر پەیامێکی تـری بـۆ نـارد، ئـەوا بەتـەواوی لەچوارچێوەیەکـی نهێنیـدا ئەنجامـی دەدات. ئـەو بەهیـچ شـێوەیەک خـۆی وەک گوێـزەرەوەی پەیامـەکان بـۆ حکومەتـی

خاوەنشـکۆ "شـاژن" نیشـان نـەداوە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٠٦).

واتە:

**یەکـەم:** (مسـتەفا بارزانـی) هەرچەنـدە ئابلوقەیەکـی سـەختی لـەدژی پیادەکـراوە، بـەڵام بەهــەر شـێوەیەک بووبێـت پەیوەنـدی دیپلۆماسـی لەگـەڵ بەریتانییـەکان و وڵاتەکانـی دیکـەش دروسـتکردووە، چونکـە ئـەو گرنگـی و بایەخـی گوتـاری دیپلۆماسـی زانیـوە.

**دووەم:** بەریتانییەکان بە شێوەیەکی نهێنی و ئاراستەکراوی زۆر کۆنترۆلکراو هەوڵی بینین و دیداری (مستەفا بارزانی) ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوولیان داوە.

**سـێیەم:** دەیانەوێـت وا نیشـان بـدەن ئـەو کەسـانەی ئـەم دیدارانـە دەکـەن، بەهیـچ شـێوەیەک گوێـزەرەوەی پەیـام و ڕاسـپاردەی فەرمیـی دەوڵەتـی خاوەنشـکۆ (شـاژن) نیـن.

**چـوارەم:** ئەم گوتارە ئەوەمان نیشـان دەدات، کـە بەریتانییەکان لەڕێگەی بەکارهێنانـی زمـان و ئاماژە و ڕاسـپاردە و زانیارییەوە ئەوەیـان کردۆتە (بڕیار و ئاراسـتەیان کـردووە و ئامۆژگاریـی نوێنەرەکانـی خۆیان دەکـەن و ئاگاداری دەکەنـەوە)، کـە لـە بنەڕەتـدا ئەمانـە بنەمـای گرنگـی تیـۆری (کـردە قسـە) ن و لەشـیکردنەوەی پراگماتیکـدا بەکاردێـن بـۆ شـیکردنەوەی چۆنیەتـی بەکارهێنانـی زمـان لەنێو گوتـار و دەوروبەری قسـەکەر و وەرگرەکانی خودی گوتارەکـە، بـۆ ئـەوەی (ترسـی خۆیـان و نیگەرانیـی و هەنگاوی هوشـیارانەی خۆیـان بەئاگایـی و ئاگادارییـەوە) بگەیـنـن و بیکەنـە فەرمـان و ئامۆژگاریـی و بڕیارێکـی دیپلۆماسـیی و لەپێنـاو خـۆ دوورگرتـن لـە (ڕەخنـە و گلەیـی و ناڕەزایەتـی ئـەو دەوڵـەت و لایەنانـەی نیگـەران دەبـن لـە نزیکبوونـەی بەرپرسـە دیپلۆماسـییەکانی بەریتانیـا لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی).

**٢- ١٥ لە واشنتن پۆستدا**

لەیەکێــک لەبەڵگەنامــە نهێنییەکانــی بەریتانیــا کــە پشــتی بــە ڕاپۆرتێکــی ڕۆژنامەنووســی ئەمەریکــی (جیــم هۆگلانــد) لــە ڕۆژنامــەی واشــنتن پۆســت بەســتووە، کــە لــە ٣١ حوزەیــران لــە حاجــی ئۆمەرانــەوە ئامـادەی کـردووە و لەبەشـێکی بـەم شـێوەیە وەسـفی (مسـتەفا بارزانـی) دەکات: "مــەلا مســتەفا بارزانــی کــە فەرمانــدەی پارتیزانــە کوردەکانــە لــە بارەگاکەیــدا لــە چیــا دوور دەســتەکانی باکــووری خۆرهەڵاتــی عێــراق بــاس لــە پەیوەندییەکانــی لەگــەڵ عەرەبــدا دەکات و دەڵێــت: لەهەمــوو جێگایــەک سیاســەتی نەشــەڕ و نەئاشــتی گیراوەتــە بــەر. جەنــەراڵ بارزانــی کــە تەمەنــی حەفتــا ســاڵە، بەدرێژایــی ئــەم ســەدەیە ســەرقاڵی شــەڕی تــورک و فــارس و عێراقییــەکان و بەریتانیــا و ئــەو خێڵــە ناوچەییانــە بــووە کــە دژی دەســەڵاتەکەی بــوون.... هەمــوو ئــەو حکومەتانــە بــە وریایــەوە لەکردارەکانــی جەنــەراڵ بارزانــی دەڕوانــن...... جەنــەراڵ بارزانــی لەبــارەی ئەمەریــکاوە گوتــی: ئێمــە بەڕاســتی لەگــەڵ سیاســەتی ئەمەریــکا دایــن بــۆ ناوچەکــە، ئەگــەر ئەمەریــکا دژ بــە دووژمنــەکان ماناپارێزێــت، ئەگــەر ئــەو پشــتیوانییە ببــێ.. ئەمــە لەناوچــەی ئێمــە دایــە.. جەنــەراڵ بارزانــی هیــچ هیوایــەک نابینێــت کــە داواکارییەکانــی کــورد قبــوڵ بکرێــن، ئــەو ئامادەیــە بەردەوامیــی بــە وتوێژەکــە بــدات بــۆ ئــەوەی کاتــی دەســت بکەوێــت و هێزکانــی کــۆ بکاتــەوە...". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ١٦١).

بــا ئەمــە دوایــن تێڕوانینــی بەریتانییــەکان بێــت لەبــارەی (مســتەفا بارزانــی) ئەویــش تێبینــی و زانیارییەکانــی (ئــار جــەی ئالســتۆن) باڵوێــزی بەریتانیایــە لــە تــاران، ئــەو نامەیەکــی نهێنــی لــە ٢١ نیســانی ١٩٧٦

بـۆ (پــی. کــەی. ویلیامــز) لەوەزارەتــی دەرەوەی بەریتانیــا و کۆمۆنوێڵــز نــاردووە کــە لەنێــو تۆمــاری ژمــارە ٣٥ی ڕۆژی ٥ی ئایــاری ١٩٧٦ ژمــارە ٢٤٥/٣ پارێــزراوە و دەڵێــت: "هێشــتا خــودی بارزانــی کاریگەرییەکــی گــەورەی هەیــە بــەڵام وادیــارە کــە بەخێرایــی پیــر دەبێــت. بەگشــتی پەیوەندییەکــی تاڕادەیــەک باشــی لەگــەڵ ئێرانییەکانــدا هێشــتۆتەوە و ئــەو ناڕەحەتــی و توڕەییانــەی جڵــەو کــردووە کــە بەهــۆی کۆتوبەندەکانــی بارودۆخەکــە تووشــی بــووە. بەلایەنــی کەمــەوە جارێــک تووڕەییەکــەی تەقیوەتــەوە ئەمــەش کاتێــک بــووە کــە توانــای گەیشــتنی بەکاربەدەســتە باڵاکانــی ئێــران کــەم کراوەتــەوە. هــاوکات ئەوەنــدەش خــۆی لــە ئێرانییــەکان بــەدوور گرتــووە کــە خــۆی لــەو تۆمەتانــە بپارێزێــت کــە بڵێــن بووەتــە داردەســتی ئێــران. خــۆی و ئــەو ٥٠ یــان ٦٠ خێزانــەی ســەرکردایەتی پــدک دەکــەن هەمــوو پێکــەوە لەژێــر چاودێــری ئێــران دان". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٢٤٣-٢٤٤).

لــە شــیکردنەوەی گوتــاری ئــەم نامــە نهێنــی و زانیاریانــە لــەڕووی کردەییــەوە ئەوەمــان بــۆ دەردەخــات، کــە:

**یەکــەم:** (مســتەفا بارزانــی) هەرچەنــدە بەخێرایــی بــەرەو پیــر بــوون دەچێــت، بــەڵام کاریگەریــی لەســەر تاکــی کــورد و لایەنگرەکانــی بەهێــزە و کاریگەرییەکــی گــەورەی هەیــە.

**دووەم:** کۆنترۆڵــی تووڕەیــی و ناڕەزایــی خــۆی دژی ئێــران کــردووە، واتــە لــەوە ڕازیــی نیــن کــە ئێــران بەرانبــەر کــورد دەیــکات.

**ســێیەم:** ڕۆژنامــە ئەمەریکییەکــە بەڕاشــکاوی بۆچوونــە تەکتیکــی و پەیامــە سیاســییەکەی بەرجەســتە کــردووە. (مســتەفا بارزانــی) لــەڕووی

دیپلۆماسییەوە هەوڵی داوە سوود لەهەموو جۆرە دەرفەتێکی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتە مەزنەکان وەرگرێت.

**چوارەم:** واشنتن پۆست دەڵێت: جەنەڕاڵ بارزانی هیچ هیوایەک نابینێت کە داواکارییەکانی کورد قبوڵ بکرێن، ئەو ئامادەیە بەردەوامیی بە وتوێژەکە بدات بۆئەوەی کاتی دەست بکەوێت و هێزکانی کۆ بکاتەوە. ئەم قسانەی نیشانی دەدات (مستەفا بارزانی) چەندە ڕێبەرێکی پراگماتیکی و دووربین و دیپلۆماسی بووە لە ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمان و گەیاندنی پەیامەکانی و کاریگەریی دروستکردن لەسەر بەرانبەرەکەی.

## ٢- ١٦ زوڵم دژی بارزانییەکان

کۆمـاری مەهابـاد لەسـاڵی ١٩٤٦ لـە باکـووری ڕۆژئـاوای ئێرانـی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ناوچـە کوردییـەکان بەپشـتیوانی سـۆڤیەت دروسـت بـوو. لەتەنیشـت ئەویـش کۆمـاری سـەربەخۆی ئازەربایجـان دامـەزرا. لەسـەردەمی جەنگـی جیهانـی دووەمـدا ئەمەریـکا و بەریتانیـا و یەکێتـی سـۆڤیەت ڕێککەوتـن لەسـەر داگیرکردنـی ئێـران و ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی دوای جەنـگ هێزەکانیـان بکشـێنەوە و ئیمتیازاتـی نەوتـی لەوێـدا بەشـێوەیەکی هاوبـەش بەکاربهێنـن. ئەمەریـکا بەهـۆی ئـەو قۆرخکارییـەی لەبـواری چەکـی ئەتۆمـی هەیبـوو، لەڕێککەوتنەکـە پاشـگەز بـووەوە و لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٤٦ دا سـەرۆکی ئەمەریـکا (ترومـان) باڵوێـزی سـۆڤیەت (ئەنـدرێ گرۆمیکـۆی) لـە ئەمەریـکا بانگهێشـت کـرد. ئـەوکات (ترومـان) ٤٨ کاتژمێـر مۆڵەتـی بـە یەکێتـی سـۆڤیەت دا بـۆ ئـەوەی هێزەکانـی لـە باکـووری ئێـران بکشـێنێتەوە، یـان ئەوەتـە ئـەوان (هێـرش دەکەنـە سـەریان). بەپێـی زانیارییەکانـی ئـەو کات سـوپای سـوور لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا لەناوچەکـەدا کشـاوەتەوە. (ترومـان) گووتـی بۆمبـی ئەتۆمـی (گەورەتریـن شـتە لـە مێـژوودا). هێزەکانـی ئێـران لـە حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٤٦دا کۆنترۆڵـی ئازەربایجانـی ئێرانیـان کـردەوە و کۆمـاری مەهابادیشـیان گۆشـەگیر کـرد و دواتـر لـە ١٥ی کانونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٦ هێزەکانـی ئێـران بەپاڵپشـتی سـەربازە بەریتانیـای و ئەمەریکییـەکان شـاری مەهابادیـان دەسـت بەسـەردا گـرت. هـەر دوای گەڕانـەوەی سـوپا کاتێـک چاپخانـەی کوردییـان داخسـت و فێرکردنـی

زمانــی کوردییــان قەدەغــە کــرد، هەمــوو ئــەو کتێبــە کوردیانەیــان ســووتاند کــە دەیاندۆزییــەوە. ڕێبــەری کۆمارەکــە (قــازی موحەمــەد) لــە مانگــی ئــاداری ســاڵی ١٩٤٧دا بــە تۆمەتــی خیانــەت لەســێدارە درا.(Trevor Rayne, 18 March 2016).

ئــەم کورتــە گێڕانەوەیــەم بۆیــە باســکردەوە ئەوەمــان بــۆ دەردەخــات، کــە دەوڵەتــە بەهێــزەکان چــۆن لــە دژایەتــی کــورد و هــاوکاری دەوڵەتــە ناوەندییــەکان هاوکاریــان کــردووە. کــورد هەمیشــە قوربانــی ڕێککەوتنــە نێودەوڵەتییــەکان بــووە. بارزانییــەکان بەشــداری و داکۆکــی و پارێــزەری دەســتکەوتەکانی کۆمــاری کوردســتان بــوون. (ســەرۆک مەســعود بارزانــی) لەبــارەی (مســتەفا بارزانــی) دەڵێــت: "مــەلا مســتەفا پــەروەردەی دەســتی ئــەوە و قوتابیــی ئــەوە، زۆر دڵســۆزانە و فیداکارانــە خزمەتــی ئــەو ڕێبــازەی کــرد، دیســان ناچمــە نــاو هەمــوو تەفاســیلەوە بــەڵام تەنهــا ئــەو ڕێبــازە مێژووییــەی کــە ٧٠٠ کیلۆمەتــری بــە پــێ بــڕی تاوەکــو گەیشــتە سنووری سۆڤیەتی ئــەو ســەردەمە، ئەمــە بــۆ خــۆی لــە موعجیــزە دەچێــت زیاتــر لــەوەی کــە هەقیقــەت بێــت، بــەڵام هەقیقەتــە. چەندجــار تووشــی شــەڕ بــوون و بــە موعجیــزە دەربــاز بــوون، لەوێــش تووشــی گەورەتریــن ناخۆشــی بــوون لەســەر دەســتی باقیرۆفێــك کــە ئــەو وەختــە حاکمــی ئازربایجــان بــوون، تاوەکــو ســتالین مــرد و باقیــرۆف ئیعــدام کــرا، ئینجــا ئــەو زوڵــم و غەدرەیــان لەســەر هەڵگیــرا لــە زەمانــی خرۆشــۆف، ئینجــا گەنجــەکان داخیلــی مەعاهــد و کولیــات بــوون و بارزانــی نەقــڵ کــرا بــۆ مۆســکۆ و ئیحترامیــان گــرت تــا ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبــەری ١٩٥٨ گەڕایــەوە بــۆ بەغــدا

و لـە فڕۆکەخانـەی موسـەننا پێشـوازییەکی زۆر زۆر گـەورەی لـێ کـرا لـە لایـەن گەلـی عێراقـەوە". (ڕۆژنامـەی خەبـات، ١١ی ئایـاری ٢٠٢٣، https://xebat.net/ku/?p=162399). ئەمـە ڕوونـە کـە بارزانییـەکان لەسـەرچاوەیەکی فکـری و ئینـتما بـۆ عەقیدەیەکـی ئایینـی تایبـەت و دادپـەروەر و مافخـواز سـەرچاوەی گرتـووە. کـە ئەمـەش ئایینیـان بـە نیشـتیمان بەسـتاوەتەوە.

لەتـەک ئەوەشـدا مێـژوو ئـەوەی سـاخ کردۆتـەوە لـە سـەد سـالی سـاڵی ڕابـردوودا بارزانییـەکان بەهـۆی بەشـداریان لـە بزاڤـە نەتەوەیـی و سیاسـییەکانی کوردسـتاندا ڕووبـەڕووی زۆرتریـن زوڵـم بوونەوەتـەوە، لەتـەک قوربانـی و ئـازار و مەینەتییـەکان، لەکۆتایـدا ئـەوان سـەرکەوتوون.

## ٢- ١٧ پڕچەککردنی عێراق و بەکاهێنانی دژی کورد

سەرچاوە بیانییەکان تاوانی کیمابارانی هەڵەبجەیان وەکو باسێکی سیاسی و یاسایی و دیپلۆماسیی باسکردووە. بەپێی سەرچاوەیەک هەڵەبجە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ لە باکووری عێراق کەوتە دەست (پێشمەرگە) کوردەکان و هێزەکانی ئێران، کە ئەوکاتە شەڕی ئێران و عێراق لەساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨. لەئاردابوو. دوای ٤٨ کاتژمێر و لە ١٦ی ئاداردا، هێزە عێراقییەکان بە چەکی کیمیاوی هێرشیان کردە سەر شاری هەڵەبجە و نزیکەی پێنج هەزار هاووڵاتی مەدەنی کورد لەم شارۆچکەیەدا کوژران. دواتر هەزاران کەسی دیکە بەهۆی ئاڵۆزییەکان و کەموکوڕییەکانی لەدایکبوون و نەخۆشییەکان بەهۆی هێرشەکەوە گیانیان لەدەست داوە، سەرەڕای قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بە ئێران، یان عێراق لە کاتی جەنگدا، کۆمپانیا بەریتانیاییەکان چەکیان بە عێراق فرۆشتووە و لەوانە "پێکهاتەی خاو ناسراو و ئاسانی دەستنیشانکراو بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی، سیانیدی سۆدیۆم و سۆدیۆم سولفاید". بەریتانیا بایی ٣.٥ ملیار پاوەند وەکو قەرز لەهەناردەکردنی فرۆشتنی چەک بۆ عێراق لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لای ئەم وڵاتە بووە. کاتێک لێپرسینەوە لەگەڵ (ئالان کلارک) وەزیری پێشووی دەوڵەتی لە لیستی پارێزگارەکان بۆ بازرگانی لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٩ سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی بەریتانیا بۆ کوشتنی کورد کرا، (ئالان کلارک) لە بەرنامەی "The Moral Maze"ی (بی بی سی) دا گووتی: (کورد دەنگم پێنادات) ئەمە عێراق گەیتە و پەیوەندی بە: چەک، درۆ و

قازانجەوە هەیە.(Eddie Abrahams, Iraqgate: arms، 1993) بڕوانە (Trevor Rayne, 2016)

ئەمەریکاش بەپاساوی دەرهێنانی عێراق لەژێر هەژموونی سۆڤیەتدا بڕیاری دا لەدوای کودەتاکەی ١٩٦٣ی بەعسییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بەهێزکردنی حکومەتی نەتەوەپەرستی بەعسییەکانی کردە سیاسەتی خۆی و بڕیاری دا چەک بە عێراق بفرۆشێت. لەچوارچێوەی "جێبەجێکردنی ناوونیشانی چوارەمی کۆمەکی خۆراک، ١٠،٠٠٠ دۆلار بۆ حاڵەتی لافاو، لەگەڵ پێفرۆشتنی ٤٠ تانکی سووک، ١٢ تانکی گوێزانەوە و ٥٠٠ بارهەڵگری قورس و ١٥ هەلیکۆپتەری گەورەش. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ١٧٥).

مەبەستمان لەم ئاماژەیە ئەوەیە:

هەرچەندە کورد بەشێوەیەکی چڕ کاری کردووە وەکو دیپلۆماتکارێکی بێ دەوڵەت و کیان فشار دژی ئەم وڵاتانە دروست بکەن، کە بڕیاری هاوکاریی حکومەتەکانی عێراقیان دابوو. ئەم دوو دەوڵەتە (بەریتانیا) و (ئەمەریکا) لەلایەک حەزیان لەوە بووە بزاڤی چەکداری و شۆڕشی کورد وەکو فشارێک بەکاربهێنن بە دوو مەبەست:

- لاوازکردنی پێگەی سۆڤیەت و دەرهێنانی عێراق لە ترس و مەترسییەکانی سۆڤیەت و بزاڤی کۆمۆنیستی.
- بەکارهێنانی دۆخەکە بۆئەوەی عێراق نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر کەنداو.

لەهەمان کاتدا مەیلیان ئەوەبووە بەپێی زانیاریی و گوتارە دیپلۆماسییەکانیان (عێراق) بەهێز بێت و هاوکاری سەربازیی ئەم

حکومەتــە تونــدڕەوە نەتەوەپەرستانەشــیان کــردووە، کــە دواتــر دەبێتــە هەڕەشـە بـۆ سـەر ئاسایشـی ناوچەکـە و چەکـی کیمیاویـی دژی هاووڵاتیانی سـڤیلی کـورد بەکاردەهێنێـت.

کاربەدەسـتانی ئـەم وڵاتـە گەیشـتوونەتە ئـەوەی لـەڕووی دیپلۆماسـی حیســاب بــۆ دەنگــدەری کــورد لەوڵاتەکانیــان نەکــەن و بڵێــن "کــورد دەنگــم پــێ نــادەن"، چونکــە بەشــداری تاوانیــان دژ بەکــوردی کــردووە. لــە کــردەوەدا ئەمــە بیرۆکەیەکــە ئەوەمــان بیــر دەهێنێتــەوە کــە جالیــەی کــوردی دەتوانێــت کاریگەریــی ڕاســتەوخۆ لەســەر سیاســەت و بەرژەوەنـدی و بیرکردنـەوەی کەسـەکان و لایەنـە بیانییـەکان لـە ئەوروپـا و ئەمەریــکا دانێــت.

## ٢- ١٨ گوتاری بێلایەن بوون و لایەنگیری

ئێمە پشتیمان بە تیۆری (بێلایەن) بوون لە کاروباری دیپلۆماسی بەستووە، لەکاتێکدا لەزۆر شوێندا لەنێو بەڵگەنامەکاندا لەژێر ناوی بێلایەنبووندا (لایەنگرییەکی) زەق و ئاشکرای دەوڵەتی گەورەی بەریتانیا بۆ دەوڵەتی نوێی عەرەبی عێراقی بەرانبەر کێشەی نەوت، بەژرەوەندییەکانی بەریتانیا لەمسەلەی ئاشتی لە کەندوا، بەکارهێنانی سوپا و هێزی ئاسمانی بەریتانی لەشەڕدا دژی کورد بۆ ئەوەی عێراق سوپایەکی بەهێز و ڕاهێنراوی هەبێت، سەرباری بەرژەوەندییە بازرگانییەکان و هەناردەی بەریتانی بۆ عێراق و هەڵوێست لە ئیسرائیل و دۆستەکانی بەریتانیا و ئێران بەدی دەکرێت.

توێژەرێک بەناوی (دڵگەش سەعید سەیدۆ) لەپوختەی ئەو توێژینەوەی بەناوی (Britain's Role in Rising the Kurdish Issue in the early Twentieth Century) کردوویەتی و پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلیژی ئاداب زانکۆی سۆران کراوە، هەرچەندە تێنەگەیشتم ئەم بەشە چ پەیوەندیی بەنووسینی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلزیی هەیە و دەڵێت: بە کورتی، ڕۆڵی بەریتانیا لە کوردستاندا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کە لەم توێژینەوەیەدا باسکراوە بریتییە لەشێوازی کاریگەری لەسەر ئەو پرسە سیاسی و نەتەوەیانەی کورد، کە بە هەوڵەکانی بەریتانیا لە کوردستاندا سەرهەڵدەدەن. سەرەڕای ئەوەش لە توێژنەوەکەدا لایەنی مێژوویی کورد و بەریتانییەکان و دەرکەوتنی پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لە کوردستاندا ئاماژەی پێکراوە و ئەم لێکۆڵینەوەیە چەندین دەرئەنجامی تێدایە، گرنگترینیان

ئەوەیــە، مێــژووی کــورد لــەم قۆناغــەدا لــەڕووی نەتەوەیــی و سیاســییەوە زۆر مشــتومڕی لەبــارەوە کــراوە. کوردســتان لەلایــەن زلهێزەکانــی ڕۆژئــاوا بەتایبەتـــی بەریتانیـــا گرنگییەکـــی زۆری پێدرابـــوو. بایەخـــی بەریتانیـــا لــە کوردســتان لــە زیادبــوون بــووە. پرســێکی دیکــە دانانــی نەخشــەی کوردســتانە، کــە بــۆ کــورد لــەو قۆناغــەدا زۆر گرنــگ بــووە، چونکــە کــورد لــەڕووی نەتەوەیــی و ســنووری جوگرافییــەوە لەلایــەن ئەوانــی دیکــەوە بــە باشــی نەناسرابــوو. ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی کــورد دواتــر دەبێتــە بەشــێک لــە هــەر گۆڕانکارییەکــی سیاســی لەلایــەن بەریتانیــاوە، یــان زلهێزەکانـــی تـــری ڕۆژئاوایـــی، کـــە لـــە ناوچەکـــەدا بەڕێـــوە چووبێـــت. هەوڵێکـــی دیکـــە ئـــەوە بـــوو، کوردســـتان بـــوو بـــە بابەتـــی گفتوگـــۆی ڕێبـــواران و سیاســـەتمەدارانی بەریتانیـــا.

بەشـێوەیەکی ڕاسـتەقینە مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی کـورد دەکـرا و دانیـان بــەوەدا نــاوە نەتــەوەی کــورد جیــاوازە لەوانــی دیکــەی دەوروبــەری. ئــەو هەوڵانــەی بەریتانیــا پرســی کوردیــان زیاتــر کــرد، پاشــان لــە ئەنجامــی ئــەو هەوڵانــەدا بڕیــاری دامەزراندنــی یەکــەم حکومەتــی کوردیــان دا. دەرەنجامێکـی تـری گرنـگ ئەوەیـە، لەوکاتـدا سیاسـەتی بەریتانیـا بەرامبـەر کــورد نــە دوژمنکارانــە بــووە و نــە دۆســتایەتی، بەڵکــو دەســەڵاتدارانی بەریتانیـا هەوڵیانـداوە بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان لـە ناوچەکـە بـە گشـتی و لــە کوردســتان بەتایبەتــی بپارێــزن.

https://www.researchgate.net/publication/359635564_Britain's_ Role_n_Rising_the_Kurdish_Issue_ in_the_Early_Twentieth_Century

لــە گەرمــەی ناکۆکــی و ململانــێ و خــۆ ئامادەکــردن بــۆ هێرشــکردنە

سەر کوردستان حکومەتی بەعسییەکان و لەسەردەمی (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) و دواتر لەساڵی ١٩٦٣دا گوتاری بێلایەنبوون و لایەنگیری بەئاشکرا لەئاستی نێودەوڵەتی پیادەکرا و بانگەشەی بۆ دەکرا، شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی هەڵوێست و وریایی (مستەفا بارزانی) لەڕووی دیپلۆماسییەوە لەکێشەیەکی داخراویی ناوەخۆیی بەرەو کێشەیەکی جیهانیی و وەکو بەشێک لەشەڕی سارد سەیر کرا، ئەم جۆرە هەنگاوە لەکردەوەدا دۆزی کوردستانی بردە قۆناغێکی نوێ.

دوای ئەوەی بەعس، کە تازە دەسەڵاتی گرتبووە دەست و ئەمەریکا هاوکاریی سەربازیی دەکرد، ئەوان یەکسەر و لەهەنگاوی یەکەمیاندا بیریان لە لەنێوبردنی شۆڕشی ئەیلوول کردەوە، کە شەڕ دەستی پێکردەوە، ئەمەریکا لەکردەوەدا بێلایەن نەبوو، وەکو بەریتانیاش لەچوارچێوەی سیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق بێلایەن نەبوو. ئەمەریکا بڕیاری دابوو هیچ گوتارێکی فەرمیی لەبارەی ناکۆکییەکان پێشکەش نەکات، بەڵام گوتاری شاراوە و نهێنییەکانی بەکردەوە هەنگاوێکی بێلایەن نەبوو، بەڵکو لەژێر ناوی بێلایەنبوون، دەستیان لە کاروبارەکان وەرداوە و لایەنگیری دەوڵەتبوون. بۆیە «نیگەرانییەکانی ئەمەریکا بەوەی جەنگ دەبێتە ئامرازێکی وێرانکەری سۆڤیەت، بە دروستی سەلمێنرا". (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ١٧٣) ئەمە بۆچوون و لێکدانەوەی ئەمەریکییەکان بوو. ئەم لێکدانەوەشیان بەستابۆوە بەهەڵوێستی سۆڤیەت کە "یەکێتی سۆڤیەت بەچڕی دەستی بەهەڵمەتێکی هێرشبەرانەی دیپلۆماسی کرد، ئیدانەی ڕژێمی بەعسی کرد، پشتگیری و داوای ئۆتۆنۆمی کوردی کرد و داوای لە یەکێک لە

دەوڵەتەکانی پاشکۆی خۆی -مەنگۆلیا- کرد تا پرسی جینۆساید لەدژی ڕژێمی بەعس لەنێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێنێتە سەرمێز، هەرچی ئەمەریکاش بوو هەوڵیدا لەناوەڕاستی مەیدانەکەدا بمێنێتەوە، داوای لەبەعس کرد بەدوای دانوستان لەگەڵ کوردا بگەڕێت، لەکاتێکدا بەپلەیەکی دیپلۆماتی سنووردار و کۆمەکی سەربازییەوە پشتگیری عێراقی کرد. هەرچەندە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت بۆ کورد زیادی دەکرد، ئیدارەی (کەنەدی)ش بەناچاری پاڵپشتی خۆی بۆ عێراق پتر دەکرد. بەکردەوە دەستوەردانی هەردوو زلهێزەکە لەجیاتی دوو هێزی دوژمنکار چوونە نێو کێشەکە، بەمە شەڕی کورد لە شەڕێکی ناوخۆییی خۆجێییەوە گوازرایەوە بۆ بەرەیەکی نوێی جەنگی سارد". (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ١٧٣-١٧٤). لەم لێکدانەوەیدا باشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ململانێی زلهێزەکان لەدژی یەکتر کوردیان چاولێکردووە.

یان بەپوختی و کوردییەکەی دەڵێت: "لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەریتانیای گەورە لەنێو هێزەکانی ڕۆژئاوا دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە کوردستان و زیاتر لەهەموو هێزەکانی تر ئارەزووی خۆی پیشانداوە، بەتایبەتی لەبەشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. لەو سەردەمدا چەند بارودۆخێکی سیاسی گرنگ لەئارا بوون، وەکو ململانێی ئەوروپییەکان بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا، هەروەها لاوازکردنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە بە گرنگییەوە دەوەستێتە سەر ڕۆڵی بەریتانیا لە بەدەرخستنی پرسی کورد. ئەوەی دیارە ئەوەیە کە پرسی کورد بەتەواوی ڕاستەوخۆ لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتە ناو گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان. لێرەدا دەوری بەریتانیا

دەکرێت دیاری بکرێت زیاتر لە ڕێگەی هەوڵەکانیان لە کوردستاندا لە پێش جەنگەکە. کە لەوانەیە هۆکار بێت بۆ دەرخستنی کێشەی کورد. گرنگترین هەوڵەکانی بەریتانیاش ئەمانە بوون: یەکەم: دروستکردنی نەخشەی جوگرافی کوردستان. دووەم: ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی گرنگ سەبارەت بە کوردستان و بڵاوکردنەوەیان لە جۆرنالی "جوگرافیای شاهانەی بەریتانی. سێیەم: بەرزبوونەوەی ژمارەی لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناسەکانی بەریتانی لە کوردستان. چوارەم: گرنگیدان بە مەسەلەی نەژاد و خێلەکانی کوردستان. ئەم هەوڵانەی بەریتانیا گفتوگۆکراوە. دەرەنجانی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە هەرچەندە بەریتانیا بۆ قازانجی خۆی کاری کردووە لە کوردستاندا، لەهەمانکاتدا بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی پرسی کورد، کە دەکرا کورد لە داواکارییە سیاسییەکانیاندا بەشێوەیەک هەنگاوی نابا کە لەگەڵ بەرژەوەندی بەریتانیا بگونجابا".

https://www.researchgate.net/publication/359635564_Britain›s_
Role_in_Rising_the_Kurdish_Issue_in_the_Early_Twentieth_Century

ئەمەریکا بەشێوەیەکی گشتی نیگەرانی لە شۆڕشی کوردستان بەستابۆوە بە (نەوت و چەک و کۆمۆنیستەکان و سۆڤیەت)، ئەو پێی وابوو کورد لەکۆتایدا هەنگاوەکانی بەقازانجی سۆڤیەت و ئێران تەواو دەبێت، بۆیە هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کێشەی کورد، کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقییە. لەدوای هاتنە سەر حکوومی بەعسییەکان لە ١٩٦٣دا "هەر بەڕاستیش کاربەدەستانی ئەمەریکا بەتەواوی لە نوێبوونەوەی شەڕی کورد نیگەرانبوون، چونکە دەبووە بەربەستێک لەهەمبەر چەک پێفرۆشتن و دەبووە هەڕەشەش بەسەر

مانـەوەی ڕژێمـی بەعـس، بەمەشـیان هـەر سـۆڤیەت قازانجی دەکـرد. وەکو ئەنجامێکیـش ئیـدارەی کەنـەدی هەسـتی بـە ئەرکێـک کـرد، بـەوەی عێـراق لەشـەڕێکی نـوێ دووربخاتـەوە". (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن،٢٠١٩، ١٦٩). ئەمەریـکا دوای مشـتومرێکی زۆر بـۆ ئـەوەی عێـراق لـەدوای سـاڵی ١٩٦٣ بەنەمانـی (عەبدولکەریـم قاسـم) لەژێـر هەژموونـی سـۆڤیەت دەربهێنێـت، بڕیـاری دا کۆپتـەر و تانکـی سـووک و چـەک بـە بەغـدا بفرۆشـێت.

(زاتیسـف) باڵوێـزی سـۆڤیەت لـە بەغـدا لـە ڕاپۆرتێکـدا سـەبارەت بەکێشـەی کـورد و هەڵوێسـتی ئینگلیـز لەسـەردەمی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا نووسـیویەتی: "دژی شـەش هـەزار شـەڕوانی کـورد ٢٥ هـەزار لـە ٣٥ هـەزار هـەزاری سـوپای عێـراق لەگـەڵ ٤٥ باڵەفـڕی جەنگـی بەکارهـێنراوە، بـەڵام نەیانتوانـی تێکیـان بشـکێنن، بەپێچەوانـەوە سـوپای عێـراق تووشـی شکسـتێکی تـەواو بـووە و ژمـارەی زۆریـان لـێ کـوژراوە.... سـوپای عێـراق لـە بارێکـدا نییـە بتوانێـت بەرەنـگاری کـوردەکان بـکات، ئەگـەر خیانەتـی هەنـدێ سـەرۆک خێـڵ و خۆفرۆشـی کـورد نەبووایـە سـوپای عێـراق تووشـی شـکان و زیانێکـی گـەورە دەبـوون، نەیاندەتوانـی دژی بارزانـی ڕاوەستن. عێـراق و ئینگیلـز بەچوونـی بارزانـی بـۆ کوردسـتانی ئێـران زۆر پـەرۆش و نیگەرانـن، بۆیـە هێزێکی زۆر و پارەیەکی زۆریشـیان بۆ کڕینـی سـەرۆک هۆزەکانـی کـورد تەرخـان کـردووە. لـە کۆتایـدا (زانیسـف) دەڵێـت: بەڵێنەکانـی ئینگلیـز سـەبارەت بەکێشـەی کـورد لەگـەڵ عێراقـدا هیچـی جێبەجـێ نەکـراوە و چالاکانـە کـوردەکان سـەرکوت دەکات. ئـەم کردەوەیـەی ئینگلیـز کوردەکانـی زیاتـر بـەرەو لای سـۆڤیەت دەکێشـێت". (د. ئەفرسـیاو هەورامـی، ٢٠٠٢، ٥٤).

ئــەو کاتــەی (ڕوســک) وەزیــری دەرەوەی ئەمەریــکا بــوو، لەکۆبوونــەوەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان دیدارێــک لەگــەڵ (ناجــی تالیــب) وەزیــری نوێــی دەرەوەی عێــراق دەکات، ناوبــراو بــە بەرپرســە ئەمەریکییەکــە دەڵێــت کــوردەکان گەلێکــی بەســتەزمانن ئــەو لــەوە سەرسـام بـوو ئاخـۆ ئـەو کوردانـە ئـەو پارەیـان لەکـوێ بەدەستگەیشـتووە تــا ئــەو هەمــوو پــارە لەســەریەک کەڵەکەبــووەی خــۆراک، چــەک و تفاقـی پێبکـڕن، هەروەهـا لێـی پرسـی "تۆبلێـی ئـەو هێـزە تەلیسماوییـە چــی بــن و چییــان بــوێ؟". (ڕوســک)یش (تالیــب)ی خاترجەمکــرد، کــە ئەمەریـکا ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ پشـتگیری جووڵانـەوەی کـورد نـاکا و هیـچ بەرەژەوەندیشـی لەکاروبـاری ناوەخـۆی عێراقـدا نییـە، تەنیـا ئـەوە نەبـێ کـە دەیەوێـت سـەربەخۆیی، یەکپارچەیـی و نەشـونماکردنی عێـراق پارێــزراو بێــت. (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن، ٢٠١٩، ٢١٨).

لەمە دەگەینەوە ئەوەی:

**یەکــەم:** دیپلۆماســیەتی بێلایــەن وەهمێکــی هەقیقییــە، هەمیشــە بەرژەوەندییـەکان پاکانـە بـۆ گەیشـتنە ئامانجەکانـی ئـەو وڵاتانـە دەکـەن، کـە لایـەک بـە قوربانـی لایەکـی دیکـە دەکـەن و دەشـزانن هەنگاوەکانیـان لەســەر بنەمــای (نادادپەروەریــی و نایەکســانی) ڕۆنــراوە.

**دووەم:** بەریتانیــا و ئەمەریــکا بەڕاشــکاوی لەجیاتــی دیپلۆماســیەتی بێلایــەن، هــاوکاری دەوڵەتــی عێراقیــان کــردووە.

**سـێیەم:** شــەڕی ســارد زیانــی بەکــورد گەیانــدووە و لەهەمــان کاتــدا زلهێــزەکان بیریــان لــەوە کردۆتــەوە کــورد وەکــو هێزێــک بــۆ ڕاگرتنــی تەشــەنەکردنی ســۆڤیەت لــە عێــراق بەکاربهینــن.

**چـوارەم:** بەرپرسـی ئەمەریکـی لـە وەڵامـی بەرپرسـی عێراقـی دەڵێـت سیاســەتی بێلایەنبــوون پەیــڕەو دەکەیــن و هیــچ هاوکارییەکــی کــورد ناکەیــن و دەســت لەناوەخــۆی عێــراق وەرنادەیــن، لەگــەڵ گەشــەکردنی عێراقیـن، بەپێـی شـیکردنەوەی تیـۆری زمانەوانـی کـردە قسـە ئـەم گوتنـە لەکــردەودا لــەڕووی پراگماتیکییــەوە سیاســەتی (پشتگوێخســتنی کــورد و هــاوکاری عێــراق نیشــاندانی پەیمانــی نافەرمیــی و گفــت و دڵنیاکردنــەوە و پاڵپشــتی) دەگرێتــەوە.

**٢- ١٩ بەریتانییەکان و گوتاری بێلایەنبوون**

لەنێو بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا، کە لەنێوان باڵوێز و وەزارەتی دەرەوە و دەزگاکانی دیکە و ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان کردووە پێکدێت، ئاماژە بە سیاسەت و دیپلۆماسیەتی بێلایەنبوون دەکرێت. لەڕاستیدا ئەم بێلایەنبوونە، جۆرێکە لە: خۆدزینەوە لەهاوکاری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و لەهەمانکاتدا لایەنگریی دەوڵەتی عێراقیش نیشان دەدات. ڕەچاوکردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیە لە (ئێران و کەنداوی عەرەبی و تورکیا)، هەروەها چاوبڕینە نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت هەمیشە کێشەیەکی دیکە بووە، بەناوی بێلایەنبوون نەک هەر تەنیا پشت لە کورد کراوە و هیچ کاردانەوەیەک لەقازانجی نانوێنن، بەڵکو دژایەتی کوردشیان کردووە. سیاسەتی (تێوەنەگلانیشیان) وەکو پاساوێک بۆ پشتگوێخستنی دۆزی کورد و هاوکاریی نەکردنی کورد بەکارهێناوە. سەرباری ئەمانەش دەرکەوتنی سۆڤیەت و بەهێزبوونی حزبی شیوعی و فکری کۆمۆنیستی لە عێراقدا هۆکارێکی دیکە بووە، تاکو بەریتانیا لەنێوان بێلایەنبوون و لایەنگیریدا لەهەڵکشان و داکشانێکی هەقیقی دابێت.

بەریتانییەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی نێو بەڵگەنامەکان دەڵێن: "پێمان وایە پرسی کورد بابەتێکی ناوخۆیی عێراقییە و بۆ ئێمە ناگونجێت دەستی تێ وەربدەین". ڕاشکاوانە لەبەشی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەڵێن: "بەگشتی دەتوانرێت بگوترێت، کە کورد بەلای کەمەوە هەڕەشەن بۆ سەر بەرهەمی نەوتی عێراق". (شەریف هەژار، ٢٠١٦، ٦١-٦٢).

بـا تەنیـا لـە بەکارهێنانـی بنەماکانـی شـیکردنەوەی پراگماتیکـی زمـان بکۆڵینـەوە و هیـچ باسـی سیاسـەت نەکەیـن. لـەم گوزارشـتانەدا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە (بێلایەنبـوون و دەسـت وەرنـەدان) بەواتـای هەڵوێسـت و نمایـش و ڕاگەیانـدن و بڕیارێکـی نافەرمیـی دێـت. ئەمـەش دەبەسـتنەوە بـەوە (کـورد هەڕەشـەن بـۆ سـەر نـەوت). ئەمـە لەکـردەوەدا گوزارشـتە لـە (دەرخسـتنی هەسـت و نەسـت و ڕەفتـار و ڕەوشـتی بەریتانییـەکان). کـورد بـە هەڕەشـە دەزانـن، واتا کوردیـان وا وێناکردووە (هەڕەشـەیە، مەترسـیدارە، ڕەخنـەی لـێ دەگـرن و لـە ئاکامیشـدا بەکـردەوە دەبنـە دژی).

بـا نموونەیـەک بهێنینـەوە کـە ئاشـکرای دەکات، بەریتانیـا چـۆن لەژێـر پـەردەی "تێوەنـەگلان" پشـت دەکاتـە کـورد و ناهێڵێـت لـە کۆمیسـۆنی مافەکانـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دۆزی کـورد و ئـەو کوشـتارەی دژی دەکرێـت بـاس بکرێـت. پرسـی کـورد لـە پەرلەمانـی بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٩٦٩ باسـکرا، ئـەو کات (مسـتەر ڕۆز) پرسـیاری کـرد ئایـا دەوڵەتـی بەریتانیـای مـەزن بەنیـازە لـە کۆمیسـیۆنی مافەکانـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا باسـی مەترسـییەکانی ئاشـتی لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بووروژێنێـت، کـە سـەرچاوەی بۆمبـاران و خوێنڕێژییەکانـی حکومەتـی عێراقـە. وەزیـری دەوڵـەت بـۆ وەزارەتـی دەرەوە و کۆمۆنوێڵـز لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە و ڕوونکردنـەوەدا گووتیەتـی: "نەخێـر پێـم وانییـە کـە کارێکـی گونجـاو بێـت بـۆ دەوڵەتـی بەریتانیـای مـەزن کـە بـۆ ئـەم بابەتـە لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەستپێشـخەری بـکات. هەڵوێسـتی ئێمـە بەرامبـەر هـەر کردارێـک لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان، کـە لـە کۆمیسـیۆنی مافەکانـی مرۆڤـدا باسـی لێـوە بکرێـت، ئـەوا بەنـدە بـەو بابەتـەوە کـە باسـی لێـوە

دەکرێت. ئـەم وەڵامـە کۆکـە لەگـەڵ سیاسـەتی (تێوەنـەگلان) کـە دەوڵەتـی مەزنـی بەریتانیـا بەرامبـەر پرسـی کـورد گرتویەتییـە بـەر".

هـەر بۆیـەش خۆیـان لـە بەڵگەنامـە نهێنییەکانیانـدا ڕاشـکاوانە ئاماژەیان بـەوە کـردووە کـە "سیاسـەتی تێوەنەگلانەکـەی دەوڵەتـی بەریتانیـای مـەزن، بەمانـای ڕەتکردنـەوەی هەمـوو ئـەو داوایانـە بـوو کـە لەکاتی پەرەسـەندنی جەنگەکانـدا کـوردەکان بـۆ وەرگرتنـی هـاوکاری بەرزیان دەکـردەوە".

ئـەم تێوەنەگلانـە لەکـردەوەدا نیشـاندانی لایەنگریـی بـووە بـۆ لایەنـە ڕکابـەر و دوژمنەکانـی کـورد بەتایبەتـی دەوڵەتـی عێـراق. بۆیـە نایشـارنەوە کـە (ئاشـتی لەکوردسـتان ڕەنگـە مەترسـی لەسـەر ئارامیـی ناوچەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێـوە بێـت". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦،٦٦- ٦٨).

گریمانە:

لـە لێکۆڵینەوەکـەدا دەگەینـە ئـەوەی کـە سیاسـەتی (تێوەنـەگلان) لەکـردەوەدا نیشـانەی (تێوەگلانـە) لـە چۆنیەتـی بێدەنگـی و ڕێگەگرتـن لـە باسـکردنی کێشـەی کود لە کۆمیسـیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمـە لەلایـەک (دژی کـوردە) و لەلایەلی دیکـەدا (لەقازانجـی عێراقە). ڕێک سیاسـەتی (نەرمـە سـەلماندن) و (سـەختە سـەلماندنمان) بیـر دەخاتـەوە.

گریمانـەی ئـەوە دەکەیـن: بەریتانیـا بێلایـەن نەبـووە، چونکـە بەکـردەوە مافەکانـی کـوردی پشـتگوێ خسـتووە. ئەمـە پێشـگریمانەی ئەوەمان نیشـان دەدات، کـە بەریتانیـا لـە قازانجـی عێـراق و بـۆ شـاردنەوەی تاوانەکانـی ئـەم وڵاتـە نایەوێـت لـەم سـەکۆ دیپلۆماسـییە نێودەوڵەتییـە باسـی دۆزی کـورد و ئـەو تاوانانـە بکرێـت، کـە دژی ئەنجـام دەدرێـت.

ئــەوان ڕاشــکاونەوە نــەک هــەر دژی هــاوکاری شۆڕشــی ئەیلوولــی بــوون، نەیانویســتوە پەیوەندییەکــی دۆســتانەش لەگــەڵ کــورد ببــەستن، بەپێچەوانــە گەیشــتۆتە ئــەوەی (لەبەشــی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت) بەپێــی ئــەو ڕاپۆرتــە نهێنییــەی بــۆ (مســتەر لیــدەر، مســتەر ویلیامــز، سـێر ڕێجــارد کینــگ) ناردوویەتــی کــە دەربــارەی هــاوکاری قوتابیانــی کــوردە، لەبەشـێکیدا دەڵێــت: "وەزارەتــی دەرەوە و کۆمۆنۆێڵــز بەتونــدی ئامــۆژگاری دەکات دژی هەرجــۆرە هاوکارییەکــی دارایــی بــۆ خوێنــدکارە کــوردەکان، چونکــە کاری لــەم جــۆرە لەمپــەر دەخاتــە بــەردەم ئــەو هەوڵانەمــان کــە لەپێنــاو گەشــەپێدانی پەیوەندییــە سیاســییەکانمان لەگــەڵ عێراقــدا دەیدەیــن و هەناردەکانــی بەریتانیــا دەخاتــە بــەردەم مەترســی". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٢٣٦).

زۆر نهێنــی نێــو نامــە و نــووسراوە دیپلۆماســییەکاندا هەیــە، کــە بۆمــان ڕوون دەکەنــەوە بەریتانیــا چــۆن لەپێنــاو پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی عێــراق، بەدەســتهێنانی دەســتکەوتی تایبەتــی بــۆ خۆیــان و نــەوت و هەناردەکرنــی کەلوپەلــی بەریتانــی لەژێــر هەژموونــی سیاســەتی تێوەنــەگلان و بێلایەنبــوون کــوردی وەکــو کارتێکــی خــراپ بەکارهێنــاوە، لەنامەیەکــی نهێنــی بەژمــارە (٣٩٨٢ ٢٣٣ ) کــە لەلایــەن (پــی. وێســتماکۆت) لــە تارانــەوە لــە ٥ی تشرینــی دووەمــی ١٩٦٧) دا نــووسراوە، لەبەشـێکی نامــە نهێنییەکــەدا هاتــووە "دەســەڵاتدارانی حکومــەت ســوود لەهەمــوو دەرفەتێــک وەردەگــرن بــۆ ئــەوەی سەرزەنشــتمان بکــەن بەرامبــەر بــەوەی وەکــو پشــتیوانی بەردەوامــی ئێمــە لــەدۆزی کــورد نــاوزەدی دەکــەن. لەگــەڵ ئەوەشــدا (مســتەر لــی)

ڕایگەیاند: دەبێت بەبێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەک بتوانین ئەوە بۆ عێراقییەکان ڕوون بکەینەوە، کە تەنیا لەبەر هۆکاری مرۆیی نەک سیاسی ئەوا حەزمان کردووە کە پەنابەرە کوردەکان لە شانشینی یەکگرتوودا نیشتەجێ بکەین کە ئەمە لەگەڵ نەریتە لیبراڵییەکانی بەریتانیادا دەگونجێت". لەگەڵ ئەم تێبینی و نموونانەی لەم بەشەدا ئاماژەمان پێکردووە، بەپێویستی دەزانین بەم زانیاریی و سەرنجانەی (جەی ئەی هین گراهان) کۆتایی پێ بهێنین کە لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٧٦ تایبەت بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیا و لەڕێگەی ئەویشەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز نێرداوە لەژێر ژمارەی ٢٤٥/٣ پارێزراوە و لەکۆتایی نامەکەیدا کە باسی سەردانی دوو ئەندامە موحافیزکارەکەی پەرلەمان (کراوچ و هیکس) بۆ هەولێر لە ڕۆژانی ٢٣ ٢ ٢٤ی ئەیلولی ١٩٧٦ دەکات نووسیویەتی: "مستەر هیکس پێی گوتم ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە دراوە بەدڵنیاییەوە تەنیا ڕواڵەتە، بەڵام ناوبراو سەرسام بوو بەو بۆچوونە سەربەخۆیانەی کە لەخەڵکی بیستبوون و بەوەش سەرسامبوو کە ئەو خەڵکە متمانەیان بە خۆیان هەیە بتوانن کاریگەریی لەسەر سیاسەتی عێراق لەناوچەکەدا دابنێن". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٣٠٢ – ٣١٢ ).

بەم جۆرە لەشیکاری هەر یەکێک لەم قسە و زانیاریی و بۆچوونانەدا بۆمان ساخ دەبێتەوە، کە گوتاری فەرمیی بەریتانیا خاوەنشکۆ "شاژن" بریتیی بووە لە لایەنگریی دەوڵەتی عێراق بەناوی (تێوەنەگلان و بێلایەنبوون و دەست وەرنەدان" لەکاروباری ناوەخۆی عێراق، مەبەستیان تەنیا خۆدوورگرتن بووە لە کورد و

چاوپۆشـــی لـــەو تاوانانـــەی دەکرێـــن و پاســـاوهێنانەوەیە بـــۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییـــەکان، هەروەهـــا دۆزی کوردیـــان وەکـــو کێشـــەیەکی ناوەخۆیـــی عێراقـــی دانـــاوە و نەیانهێشـــتووە لـــە نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان لەبـــواری مافـــی مرۆڤـــدا پشـــتگیری کـــورد بکرێـــت.

ئایـــا بەڕاســـتی دوای پتر لەســـەدەیەک بەریتانیـــا هێشـــتا ئـــەم دۆزە وەکـــو کێشـــەیەکی ناوەخۆیـــی ســـەیر دەکات، کـــە بەکـــردەوە (خـــودی ناوەندەکـــە نەمـــاوە و بۆتـــە ناوچەیـــی هێـــزی دابەشـــبوو بەســـەر شـــیعە و ســـونە)، یـــان گوتارەکـــەی گۆڕانـــکاری بەســـەردا هاتـــووە؟

تیـــۆری پراگماتیـــک لـــە لێکدانـــەوە و بەتایبەتیـــش شـــیکردنەوەی زمانەوانـــی (کـــردە قســـە) ئەوەمـــان بـــۆ ســـاخ دەکاتـــەوە، کـــە ئـــەم جـــۆرە سیاســـەتە لەبـــواری دیپلۆماســـی پشـــت بـــە (ڕەوانبێژیـــی و واتـــای ناڕاســـتەوخۆ و دوورکەوتنـــە لـــە لۆژیـــک و پاســـاوهێنانەوە بـــۆ شـــاردنەوەی هەقیقـــەت) پیادەکـــراوە.

## ٢-٢٠ دەستوەردان لەکاروباری نێوەخۆیی کوردی

لەتـەک ئـەوەی سیاسـەتی "تێوەنـەگلان" و دیپلۆماسـیەتی "بێلایەنبوونیـان" بەکارهێنـاوە، بـەڵام هەرچەنـدە ویسـتویانە کـورد لەکۆتایی هەمـوو گەمـەکان ببێتـە قوربانـی "سـەروەریی دەوڵەتـی عێـراق و پاراسـتنی بەرژەوەندییـە نەوتییەکانیـان و دۆسـتە تازەکانیـان لەناوچەکـە". نەیانتوانیوە ڕاسـتییەکی دیکـە بشـارنەوە کـە سیاسـەتی حەرامزادەیـی بـووە. (بەشـی خۆرهـەڵات لەوەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیـا لـە ٢ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٨) لەڕاپۆرتێکـی تایبـەت و نهێنـی دەنووسـێت "لەکاتێکـدا حکومەتێکـی خۆشـگوزەران و یەکگرتـووی عێـراقمان بـەلاوە باشـە، بـەڵام لەسـاڵی ١٩٥٨ەوە ئەگـەرە درێژخایەنەکانـی یەکگرتوویـی و خۆشـگوزەرانییەکانم بـەلاوە بـاش نەبـووە. بوونـی شۆڕشـی کـوردەکان هەڕەشـەی جـددی نەخسـتۆتە سـەر بەرژەوەندییەکانمـان و ئەزمـوون دەریخسـتووە: خـودی کـوردەکان کەمتریـن هەڕەشـەن بـۆ سـەر جووڵـەی نەرمـی نـەوت لـە کێڵگـە نەوتییەکانـی باکـووری عێراقـدا. تـا چەنـدە یاخیبوونـی کـوردەکان توانـای عێـراق بـۆ هێرشـکردنە سـەر کوێـت لاواز بـکات، ئەوەنـدە لـە بەرژەوەنـدی ئێمەیـە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٧٣). ئینجـا دەڵێـن "کێشـەی کـورد بابەتێکـی ناوخۆیـی عێراقییـە، کـە بـۆ ئێمـە شایسـتە نییـە دەسـتی تـێ وەربدەیـن". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٧٣).

لـە بەشـێکی دیکـەی نامەکانـدا دەڵێـن، "لەمـاوەی جێـی مەبەسـتی لێکۆڵینەوەکـەدا کـوردەکان بەشـێوەیەکی بـاش یەکبەرەییـان پاراسـتووە و ڕێگەیـان نـەداوە حکومـەت چارەسـەری سـەربازییان بەسـەردا بسـەپێنێت. بـەڵام دابەشـبوون لەنـاو ڕیزەکانیانـدا هەیـە و لەوانەیـە

لەگــەڵ بەدیهێنانـــی ئاشـــتیی بەردەوامـــدا، ئـــەم جیاوازییانـــە قـــووڵتر بنـــەوە. جگــە لەکێبڕکێـــی خێڵکـــی، دابەشـــبوونی ســـەرەکیی لەنێـــوان کەســە خێڵەکییــەکان بــە ســەرکردایەتی مــەلا مســتەفا بارزانــی و ڕۆشــنبیرە شارنشـــینە توندڕەوەکاندایـــە کـــە جـــەلال تاڵەبانـــی و ئیبراهیـــم ئەحمـــەد نوێنەرایەتیـــان دەکـــەن". (شـــەریف هـــەژاری، ٢٠١٦، ٣٣).

لــە ڕاپۆرتێکـــی دیکـــەی نهێنـــی ڕاشـــکاوانە ســـەرۆک وەزیـــران لــە حوزەیرانـــی ١٩٦٥ لـــە پەرلەمـــان ڕایگەیانـــدووە، "دەوڵەتـــی بەریتانیـــای مــەزن بەداخــە بــۆ شــەڕ لــە کوردســتان و بــۆ هەمــوو ناســەقامگیرییەک لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت دا، بــەڵام ئێمــە پــێمان وایــە پرســی کــورد بابەتێکـــی ناوخۆیـــی عێراقـــە و بـــۆ ئێمـــە ناگونجێـــت دەســـتی تـــێ وەربدەیـــن". (شـــەریف هـــەرژای، ٢٠١٦، ٦١).

لـــە (هۆبـــەی خۆرهەڵاتـــی ناوەڕاستیشـــدا بەشـــی لێکۆڵینـــەوەی فەرمانگـــەی دەرەوە و کۆمۆنوێڵێـــز) ڕاپۆرتێکـــی نهێنـــی شـــیکاری دیپلۆماســـی ئامادەکـــراوە، بەدرێـــژی باســـی لایەنـــە هەمـــە جۆرەکانـــی دۆزی کـــورد و کوردســـتان دەکات لەبـــارەی کێشـــەی نێوەخۆیـــی نێـــو شـــۆڕش و دروســـتبوونی دژایەتـــی شۆڕشـــی ئەیلـــوول بـــەم (شـــێواز و زاراوانــە) شــیکاری دۆخەکــە و زانیارییــەکان دەکات: "لــەم کاتــەدا خــودی کوردەکانیـــش بەســـەر دوو دەســـتەدا دابەشـــبوون. دەســـتەی یەکـــەم: لەژێــر ســەرکردایەتی بارزانیــدا بــوو کــە هــەم ســەرکردەیەکی خێڵەکــی دەســەڵاتدار و هەمیــش ســەرۆکی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان (پــدک) بــوو، ئــەم دەســتەیە بڕوایــان وابــوو: پێویســتە هەمــوو ڕێگەیــەک بگیرێتــە بــەر لەپێنــاو تاقیکردنــەوەی سەرڕاســتیی حکومــەت و بزانرێــت ئایــا

دەتوانـن لەگەڵیانـدا ڕێـک بکـەون، یـان نـا. دەسـتەی دووەم: کۆمەڵێـک کەسـانی گەنـجتر و خـاوەن بیـری توندڕەوتـر بـوون و لەلایـەن ئیبراهیـم ئەحمــەد و جــەلال تاڵەبانییــەوە ســەرکردایەتی دەکــران، ئەمــان هــەر زوو گەیشــتبوونە ئــەو بــاوەڕەی کــە مامەڵەکــردن لەگــەڵ حکومەتــدا هیـچ بەرهەمێکـی لـێ ناکەوێتـەوە، ئـەم ناکۆکییـە لەکۆبوونەوەیەکـی پـدک لـە حوزەیرانـی ١٩٦٤ دا لـە قـەڵادزێ گەیشـتە ئەوپـەڕی کـە دەگوتــرێ ٩٠٠ کەســی تێــدا بەشــدار بــوون، چواردەیــان ســەرکردەی بــاڵای پــدک بــوون بــە ئەحمــەد و تاڵەبانییــەوە و هەمــوو ئەندامانــی مەکتەبـی سیاسـی پـدک، جگـە لـە یـەک کـەس، ئـەوا لەڕیزەکانـی پـدک دووخراونــەوە و مەکتەبــی سیاســییەکی نــوێ هەڵبژێــرراوە. پێکدادانــی چەکـداری لەنێـوان ئـەم دوو دەسـتە کێبڕکێـکارە ڕوویـداو و لەئەنجامـدا ئەحمـەد و تاڵەبانـی لەگـەڵ نزیکـەی ٤٠٠ لایەنگیریانـدا دەربـازی ئێـران کـرد. لـەوێ لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی ئێرانـەوە لـە شـاری هەمـەدان شـوێنی پارێزراویـان پێـدرا" لەشـوێنێکی دیکـەی هەمـان ڕاپۆرتـی نهێنـی نـووسراوە: "هەرچەنـدە لەسـاڵانی ١٩٦٦ یاخـود ١٩٦٧دا هیـچ شـەڕێکی بەرفـراوان ڕوویاننـەدا، بـەڵام هێزەکانـی حکومـەت لەباکـووردا مانـەوە و لـە چەنـد شـەڕ و پێکدادانـدا ڕووبـەڕووی هێـزە کوردییـەکان بوونـەوە. حکومـەت بەهاوکارییکردنـی (تاڵەبانـی) کـە دووبـارە پەیوەنـدی لەگـەڵ بارزانیــدا پچڕابــوو، مەبەســتی بــوو پێگــەی بارزانــی لاواز بــکات، لێــرە و لــەوێ پێکدادانــی چەکداریــی لەنێــوان گروپــە کێبڕکێــکارە کوردەکانــدا ڕوویــدەدا، بــەڵام دەســتەکەی تاڵەبانــی لــەوە لاوازتــر بــوو بتوانێــت هەڕەشـەیەکی جـددی بێـت بـۆ سـەر دەسـەڵاتی بارزانـی". دوای ئـەوەش لـە بەشـێکی دیکـەی هەمـان ڕاپۆرتـدا نـووسراوە: "بەعسـییەکان سـاڵی

١٩٦٣ یاخـود ئـەوەی کـە ئیدارەکانـی دیکـە مـاوە مـاوە جێبەجێیـان کـرد. بۆیــە بەردەوامییــان بــەو سیاســەتە دا، کــە لەحکومەتەکــەی پێشــووەوە بۆیــان بەجــێ مابــوو، ئــەوەش بریتــی بــوو لــە: ڕێگرتــن لەفراوانبوونــی ناوچــەی ژێــر دەســەڵاتی کــوردەکان و هاوکارییکردنــی تاڵەبانــی بەپــارە و چــەک". (شــەریف هــەژارەی، ٢٠١٦، ٣٨-٤٢).

یــان لەبوارێکــی دیکــەدا ڕاپۆرتــە نهێنییــە شــیکارییەکانی بەریتانیــا کــە لــە کۆتایــدا لــە ڕووی پراگماتیکییــەوە دەبێتــە بەشــێک، یــان گوتــاری ســەرەکی و سیاســەتی دەوڵەتــی بەریتانیــا، بــەم جــۆرە وەســفی (تاڵەبانــی و ڕەوشــەکەی) دەکات: "ســەرکردە خێڵەکییــەکان کــە مــەرج نییــە لەنــاو خۆیانــدا بــە یەکگرتوویــی بمێننــەوە، حــەز دەکــەن دەســەڵاتی خۆیــان لــە کوردســتاندا بپارێــزن، لەکاتێکــدا کەســە توندڕەوتــرەکان دەیانەوێــت ڕۆڵــی زیاتــری پــدک لــە بەڕێوەبردنــی ناوچەکــە و دارشــتنی سیاســەتی پێشــکەوتنخوازانە، بــۆ نموونــە لــە بوارەکانــی چاکســازی کۆمەڵایەتــی و ئاودێــری دا ببینــن. ڕەنگــە لــە درێژمــەودادا، چینــە ڕۆشــنبیرەکە بــۆی دەبکەوێــت کــە خاڵــی هاوبەشــیان لەگــەڵ سۆسیالیســتە عەرەبەکانــدا زیاتــرە وەکــو لــە هاونەتەوەکانــی خۆیــان، ئەمــەش بەشــێک لــە هــۆکاری ڕابردووەکــەی تاڵەبانــی لەگــەڵ دەســەڵاتدارانی بەغــدا پێــک دەهێنێــت". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٥٠).

لەشــوێنکی دیکــەی ڕاپۆرتەکــەدا، کــە بریتییــە لــە پوختکــراوەی بۆچــوون و زانیارییەکانــی نێــو ڕاپۆرتەکــە و بیروبۆچــوون و ڕایەکیــش دێختــە بەرچــاو، ئەوەمــان نیشــان دەدات لــە گوتــاری فەرمیــی دیپلۆماســی بەریتانیــادا لــە بــارەی (مســتەفا بارزانــی) و (شۆڕشــی

چەکـداری ئەیلـوول) و جیابوونەوەکانــی (جەلالییــەکان) بــەم شــێوەیە بــووە: "دابەشــبوون لەنــاو ڕیزەکانیانــدا هەیــە و لەوانەیــە لەگــەڵ بەدیهێنانــی ئاشــتیی بەردەوامــدا، ئــەم جیاوازییانــە جــددی ببنــەوە. جگــە لــە کێبرکێــی خێڵەکــی و دابەشــبوونی ســەرەکیی لەنێــوان کەســە خێڵەکییــەکان بــە ســەرکردایەتی مــەلا مســتەفا بارزانــی و ڕۆشــنبیرە شارنشــینە توندڕەوەکاندایــە کــە جــەلال تاڵەبانــی و ئیبراهیــم ئەحەمــد نوێنەرایەتیــان دەکات". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٦٩).

یــان دەڵێــن "باڵەکانــی بارزانییــەکان و تاڵەبانییەکانــی نــاو کــوردەکان لایەنــە ســەرەکییەکانن". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٧٤). ئــەم گوزارشــتە خــۆی لەخۆیـدا یەکسـانکردن و دانـان و بەفەرمیـی ناسـاندنی دوو بـاڵ و هێــزە لەنێــو کــوردا، کــە لەنێــو کــورد بــە (مەلایــی و جەلالــی) نــاو دەبــرا.

بەریتانییــەکان بۆچــی ئــەم سیاســەتە پەیــڕەو دەکــەن و لەبەرچــی دەیانەوێــت دوو هێــز لەنێــو کوردســتاندا هەبێــت؟.

لــەڕووی زمانــەوە شــێوازی وەســفکردنەکان خــۆی لەخۆیــدا گوزارشــتە لەتێڕوانیــن و هەڵوێســتی ئاڵــۆز و قورســی بەریتانییــەکان لەبــارەی کێشــە نێوەخۆییەکانــی شــۆڕشــی ئەیلــوول. ئــەوان کــە لایەنگیریــی (عێراقــن)، دوور نییــە مەیلیــان بــەرەو ئــەوە بووبێــت، زەمینــەی فکــری و سیاســی بــۆ (جــەلال تالەبانــی و ئیبراهیــم ئەحمەدی)یــش بدۆزنــەوە، کــە ئــەوان فکــر و بیرکردنەوەیــان لەگــەڵ کــورد ناگونجێــت واتــە لەگــەڵ (شــۆڕش و مــەلا مســتەفا بارزانــی)، بەڵکــو نزیکــن و هاوبەشــیان زۆرتــرە لەگــەڵ (بەعســییە سۆسیالیســتییەکان). واتــە زمــان پەیامێکــی وەســفکراومان پــێ دەڵێــت، کــە پــڕە لــە واتــا و مەبەســتی ناڕاســتەوخۆ.

ئــەم گوتــارە لــە کــردەوەدا کــە تەنیــا زمانــی تێــدا بەکارهــێنراوە پێویســتی کــردە قســەمان بــۆ ســاخ دەکاتــەوە، کــە بەریتانییــەکان لەتــەک وەســفی واقیعــی هەندێــک لــە ڕووداوە ناوەخۆییەکانــی کــورد، بــەڵام کــە هێــزەکان دابەشــی ســەر (خێڵەکــی) و (ڕۆشــنبیریی نوێخــواز) دەکــەن، وەســـفی پێکهاتـــەی هێزەکانمـــان و هەڵویســـتی عاتفیانـــەی شـــاراوەی ناڕاســتەوخۆی خۆشــیان دەکــەن.

لــەم وەســفەدا شــتێکی ئێجــگار گرنــگمان بــۆ ســاخ دەکاتــەوە کــە (ئیبرهیــم ئەحمــەد و جــەلال یالەبانــی) نزیــکترن لــە بۆچــوون و هەڵوێســت و فکــری بەعســییەکان و سۆسیالیســتە عەرەبــەکان، نــەک خــودی کــورد و دۆزی کوردســتان و شۆڕشــەکەیە. ئــەم زانیاریــی و لێکدانــەوە و حوکمدانــە لەســەر ئاراســتە سیاســییەکانی ئــەم گروپــە هەڵگەڕاوەیــە دژی شــۆڕش، واقیعێکــی سیاســی و فکــری وەســف دەکات، کــە بــۆ ئەمــڕۆ دەکرێــت وەکــو ســەرچاوەیەکی گرنگــی لێکدانــەوە ســەیر بکرێــت.

**٢- ٢١ چەکیان بکەن**

(ئەی. ئی. ساومەرز) نامەیەکی نهێنی لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ بۆ (دەیڤد) نووسیوە لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە: "پێیان ڕاگەیاندبوو ئەوانەی سەردانی باکوور دەکەن، تەنیا دوو هەفتە ڕێگایان پێ دەدرێت، ڕەنگە لەدوو هەفتەی داهاتوو شتێک بقەومێت. زانیاری پشتڕاستکراوەم لایە مەلا مستەفا بارزانی داوای کردووە:

١. هەموو هێزە نانیزامییەکان (فورسان) چەک بکات.
٢. هەموو لایەنگرەکانی تاڵەبانی چەک بکات.
٣. وا بکەن باکوور لەماوەی مانگێکدا پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت.

ڕاپۆرتەکان باس لە ئەگەری شەڕ دەکەن ڕەنگە ئامانجیان بێت، کوردەکان لەدژی یەکتری هان بدەن و خۆیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی عەرەب / کورد بپارێزن". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٨٥-٨٦).

لێرەدا هەم ڕاستەوخۆ و هەم ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە (تاڵەبانی) کراوە، کە ئەوکاتە لای حکومەت بووە و لەزاراوەی سیاسی کوردی بە (جاش) ناودەبران. جارێکیش بە ناڕاستەوخۆ بەکارهێنراوە، کە دەڵێت حکومەت "ئامانجیان هاندانی کوردەکانە دژی یەکتر). لەکردەوەدا (تاڵەبانی) ئەوکات ڕاستەوخۆ و ئاشکرا پێش سوپای عێراق دەکەوێت بۆ لێدانی شۆڕش و لاوازکردنی پێگەی (مستەفا بارزانی) بەکاری دەهێنن.

(پی. ئار. ئێم. هینچکلف) لە ڕاپۆرتێکی نهێنی دیپلۆماسی

لــە هەڵســەنگاندن و ناردنــی هەندێــک زانیاریــی دەربــارەی (جــەلال تاڵەبانــی) دەڵێــت: "یەکێــک لــە پێشــهاتە سەرنجڕاکێشــەکان، دیــار نەمانــی جــەلال تاڵەبانییــە لــە شــانۆی سیاســی دا. حکومەتــی بەعــس هــەوڵ دەدات ناوبــراو وەکــو (کــوردی بــاش) لەبەرامبــەر مــەلا مســتەفا بارزانــی دا دروســت بــکات ( کەچەنــد ســاڵێک ناکۆکییــان لەنێوانــدا هەبــوو). ئــەم هەوڵــە ســەری نەگــرت، چونکــە تاڵەبانــی ئەوەنــدە نــەرم نەبــوو، کــە ڕژێــم هیــوای بــۆ دەخواســت. هەرچۆنێــک بێــت، تاڵەبانــی بــە بــەراورد لەگــەڵ مــەلا، شــوێنکەوتووەکانی زۆر کــەمترە". (شــەریف هــەزاری، ٢٠١٦، ١٣٤).

ستراتیــژی بیرکردنــەوەی (مســتەفا بارزانــی) ڕوونــە، کــە دەیەوێــت حکومــەت خــۆی چەکــدارە جاشــەکان چــەک بــکات، بــۆ ئــەوەی هێزەکانــی و ئــەو ناکۆکییــەکان لەنێــو خــودی کــوردا ســنوور دار بکرێــت، چــەک کردنــی ئــەو هێزانــە پێویســتی بــە بەکارهێنانــی هێــز هەبــووە، ئەویــش نەیویســتووە هێــز بــۆ کێشــەی کــورد - کــورد بەکاربهێنێــت، داوایەکــی ژیرانــە و هەنگاوێکــی لۆژیکیــی و زیرەکانــە بــووە.

**٢- ٢٢ دیپلۆماسی**

(کراسینغ) لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧ لەچوارچێوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و ئەو زانیاریانەی پەیوەندی بە ئینگلیز و ئەمەریکا لەئێران ڕیشەیەکیان بە کوردەوە هەیە، دەڵێت: "من وای بۆ دەچم، ئینگلیز هەوڵ دەدەن نەوەک تەنیا چەک لای کورد بمێنێتەوە بگرە چەکی زیاتریشیان دەدەنێ. هاتنی باوکی ژنەکەی (مەلا مستەفا)یش دوور نییە هەر بەدەستی ئینگلیز بێت. جێی سەرسوڕمان و گومانە بۆچی تاکو ئێستە ئینگلیز و دەوڵەتی عێراق گوێ نادەنە هاتوچۆی ئازادی هۆزە کوردەکانی عێراق بۆ ئەم دیو و ئەودیوی سنوور. ئینگلیز هەوڵ دەدەن جێ پێی خۆیان لەناو کورد و ئازەبایجانەکان بەهێز بکەن. ئەمەریکاییەکان زوو زوو گەشتی کوردستان دەکەن. پێویستە ئەم بۆچوونانە و ئەنجامەکانی سەرەوە تاقی بکرێنەوە و ڕوون بکرێنەوە، هەروەها ئەم باڵوێزەی سۆڤیەت لەدیداری (ستون) کونسوڵی ئەمەریکا لە تەورێز دەنووسێت: لەسەرەتای کانوونی دووەمەوە ئەمەریکا و ئینگلیزەکان زۆر هەواڵ و دەنگوباسی کوردستان دەپرسن و باسی کوردستانی گەورە دەکەن. ئێمە هەندێ سەرچاوە و ڕاستیمان بەدەستەوەیە، کە دەوڵەتانی ناوبراو هەوڵ دەدەن (قازی محەمەد و سەدر و حوسەینی قازی) بۆ لای خۆیان ڕاکێشن بۆ ئەم مەبەستەش داوای لێبووردنیان لە دەوڵەتی ئێران بۆ دەکەن، هەروەها دەیانەوێت بە (مستەفا بارزانی) بڵێن خۆی تەسلیمی ئێران بکات واز لە بەربەرەکانێی ئێران بێنێت، بەڵام ئەمەیان نەتوانی لەبەرئەوەی لەکاتی هاتنی (جۆرج ئالین باڵوێز ئەمەریکا) بۆ ناوچەکە (لە ٣١ی

ئـاداری ١٩٤٧ دێتـە تەورێـز و پاشـان دەچێتـە جولفـا و خـوی و شـاپور و ڕەزاییـە)، قازییەکانیـان لـەداردان و (مـەلا مسـتەفا)یش بـە بەربەرەکانێیەکی تـەواو دژی سـوپای ئێـران هەسـتا. ئەفسـەرە ئەمەریکییـەکان بۆ ڕێکخسـتنی پلانـی لەناوبـردن و سـەرکوتکردنی بارزانییـەکان و دەرکردنیـان بـۆ نـاو خاکی عێـراق یارمەتیـی ئێرانییەکانیـان دا". (د. ئەفراسـیاو هەوارامـی، ٢٠٠٢، ٥٧).

لــە یاداشــتێکی دیکــەی دیپلۆماســی (ئاشــۆمۆڤ)ی سەرکونســوڵی ســۆڤیەت لــە ڕەزائییــەدا دەنووســێت لــە ٢٧ی مایســی ١٩٤٧ ئاشــکرابوو بەشــێک لــە کوردەکانــی بارزانــی بەســەرۆکایەتی (مــەلا مســتەفا) گەڕاونەتـەوە کوردسـتانی ئێـران و کونسـولی تورکیـا (نەجیـب بـەگ) بەپەلـە ئاگـەداری کردمـەوە و ڕایگەیانـد: "بارزانییـەکان نیازیـان وایـە بڕۆنـە نـاو خاکـی سـۆڤیەت، بۆیـە ئەوانـە کورتریـن و نزیکتریـن ڕێگەیـان بەنـاو خاکـی تورکیـادا هەڵبـژاردووە. لەناوچـەی گونـدی گەڤەر تورکیـا گوایـە بارزانییەکان بـەرەو ڕووی پاسـەوانانی تورکیـا بوونـە و ناچابیریـان کـردوون خاکـی تورکیـا بەجێبهێڵـن. ئێرانییـەکان بەتەمـان لەناوچـەی ماکـۆ گەمـارۆی بارزانییـەکان بـدەن، بۆیـە سـوپای زۆریـان نـاردوو بـۆ ئـەوێ. پاشـان بەگاڵتەجارییـەوە وتـی "هەرچۆنێـک بێـت ئێرانییـەکان ناتوانـن هیـچ لـە (مـەلا مسـتەفا) بکـەن لەبەرئـەوەی لێهاتوویـی و شـەڕوانیی یـەک کـورد لـە دە سـەربازی سـوپای ئێـران زیاتـرە". (د. ئەفراسـیاو هەوارامـی، ٢٠٠٢، ٥٩).

(ســەرۆک مەســعود بارزانــی) دەڵێــت: واتــە تەکییــەی بــارزان لــەدوای شــێخ عەبدولســەلام، لــەوە دەرچــوو کــە تەنیــا تەکییەکــەی ئایینــی بێــت، بــوو بــە ناوەندێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی .حــەز ناکــەم بچمــە نــاو وردەکاری مــەلا مســتەفا، تەنیــا بڕینــی ٧٠٠

کیلۆمەتـر بـە پـێ لـە ئێـران، تورکیـا، عێـراق تـا گەیـشتن بـە خاکـی سـۆڤییەتی جـاران، ئەمـە تەعبیـر لەهەمـوو شـتێك دەكات، پێویسـت نـاكات مـرۆڤ هیچـی تـر بڵێـت". (ڕۆژنامـەی خەبـات، بـە ئامادەبوونـی سـەرۆک بارزانـی دووەمیـن ڕۆژی کردنـەوەی مۆزەخانـەی نیشـتیمانی بارزانـی بەڕێوەچـوو(https://xebat.net/ku/?p=16242)

(بارزانـی) لـە شەڕیشـدا دیپلۆماسـیەتی مانـۆر و دواخـستن و خۆدوورگرتـن لـە نیەتـی شـەڕ و شـەڕخوازیی پەیـڕەو کـردووە. لـە هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلوولـی مەزنـدا لەگـەڵ دەسـتپێکردنی شـەڕ نەبـووە، وەکـو ( بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن) دەڵێـت «لـە ١٠ی ئەیلوولـدا گرووپێکـی کـوردی غەیـرە بارزانـی بۆسـەیەکیان بـۆ ژمارەیـەک لـە سـەربازانی سـوپای عێراقـی دانایـەوە و هەموویـان لەناوبـردن. شـەڕەکە ئەوەنـدە چڕوپڕبـوو، داوا لەهێـزی ئاسمانـی عێراقـی کـرا بەهانـای هێـزی سـەربازی گەمـارۆدراو بچـێ. دوو ڕۆژ دواتـر لـە بۆسـەیەکی دیکـەدا ٢٣ سـەرباز کـوژران. ئەوسـا (قاسـم) ڕووبـەڕووی ئـەوە بـووەوە، لـە ئەگـەری لەدەسـتدانی باکـوور، فەرمانـی بـە جۆشـدانی هێـزی زەمینـی و ئاسمانـی کـرد. لـە ١٤ی ئەیلوولـدا هێـزی ئاسمانـی عێراقـی بـە شـێوەیەکی بـەردەوام بۆمبابارانـی باکووبیریـان کـرد و گوندەکانیـان کـردە ئامانـج، تـا ئـەو کاتـەش (بارزانـی) توانیبـووی خـۆی لـە دەرەوەی بازنـەی بەیەکدادانەکـە بهێڵێتـەوە، بـەڵام ئـەو ڕەوشـە لـە ١٩ی ئەیلوولـدا گـۆڕا. ئەمـەش ئـەو کاتـە بـوو کـە (قاسـم) فەرمانـی بۆمبارانکردنـی دەڤـەری بارزانـی دەرکـرد. لـە کاردانەوەشـدا، (بارزانـی) ڕەگـەڵ شـەڕەکە کـەوت، لەگـەڵ خۆیـدا زانیارییـە قووڵەکـەی سـەبارەت بەشـەڕی پارتیزانـی و

کادرە مەشـقدراوەکانی سـۆڤیەت و جەنـگاوەرە لێهاتووەکانـی هێنایـە نێـو مەیدانــی جەنــگ. (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن، ٢٠١٩، ١١١-١١٢ ).

پێــش شۆڕشــی ئەیلــوول لەمانگــی ئابــدا بارزانــی دەگەڕێتــەوە بــارزان و ڕکابــەرە خێڵەکییــەکان ســزا دەدات و ئێــران و تورکیــا بەپێــی قســەی کونســوڵی ئەمەریــکا لــە تەورێــز هانــی ڕکابەرەکانــی بارزانــی دەدەن، کەچـی "بارزانـی سـەرکەوت، کارێکـی وایکـرد لەڕووی سـەربازییەوە بەسـەر باکــووردا زاڵبــێ". (بیریــان ڕۆبــەرت گایبســن، ٢٠١٩، ١١٠).

(بیریـان ڕۆبـەرت گایبسـن) لە بـارەی بیرۆکـە و کردەی دیپلۆماسـییەکانی (مســتەفا بارزانــی) ئامــاژەی بــەوە کــردووە، کــە "بارزانــی بەمەبەســتی بەدیهێنانـی پشـتگیری نێودەوڵەتـی بـۆ دۆزەکـەی دەسـتی بـە هەڵمەتێکـی دیپلۆماتیانــە کــردووە". (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن، ٢٠١٩، ١٣٩-١٤١).

پـێ دەچێـت (مسـتەفا بارزانـی) کـە هێشـتا لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەمدا بـووە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئەمەریـکا نەگەیشـتۆتە پەیوەندییەکــی ئاشــکرا و ڕاســتەوخۆ، وەکــو ئەمەریکییــەکان ئاماژەیــان پێکــردووە بەشــێوەیەکی نهێنــی بــووە، (بارزانــی) بــەوردی هەڵوێســت و تێڕوانینەکانــی ئەوانــی لێکداوەتــەوە. ئەمەریــکا پاڵپشــتی حکومەتــەی (عەبدولســەلام عــارف)ی دەکــرد، (بارزانــی)ش ویســتوویەتی لەڕێگــەی دانوسـتان و فشـاری دیپلۆماسـی و نیشـاندانی نیـازی ئاشـتخوازانەی کـورد لــە ١١ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٦٤دا بــۆ چارەســەری کێشــەکان نامەیــەک لــە داواکاری و گلەیــی بــۆ (عــارف) بنێرێــت و حکومەتــی بــە لەباربردنــی مەرجەکانـی فێبرایـەر بـۆ شـەڕ ڕاگرتـن تاوانبـار کردبـوو. (عارف)یـش دانـی بـە داواکانـی (بارزانـی) نەنـا و سـووربوو لەسـەر ئـەوەی هێـزی کـورد، کـە

بـە پێشـمەرگە نـاسراون "ئەوانـەی بـەدوای مەرگـدا دەگەڕێـن". لەسـەر ڕێگـە گشـتییەکان بکشـێنەوە و دەسـت لـە جمووجۆڵـی میلیشـیایانەی خۆیـان هەڵبگـرن، ئـەو چەکانـەی گرتووشـیانە ڕادەسـتی سـوپای عێراقـی بکەنـەوە و ڕێگـەش بـە حکومەتـی ناوەنـدی بـدەن کاروبـاری هەرێمەکـە بەڕێوەببـات و هەڵیسـووڕێنێ. ئـەو وەڵامـە سازشـنەکەرانەی ڕژێـم بـۆ نامەکـەی (بارزانـی)، بـۆ کاربەدەسـتانی ئەمەریکـی لـە بەغـدا مایـەی سەرسـوڕمان بـوو. (ڕەیـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ٢١٢ ).

لەکاتێکـدا لەتـەک چالاکـی دیپلۆماسـی و سەرنجڕاکێشـانی بیناییـەکان بـۆ پاڵپشـتی دۆزی کوردسـتان، (مسـتەفا بارزانـی) هەمیشـە نەیهێشـتووە دەرگای پەیوەندیـی و گفتوگۆکانیـش لەگـەڵ بەغـدا دابخرێـن. وەکـو لـە ڕاپۆرتێکـی ڕۆژنامـەی (الاخبـار) لـە ٣٠ ئـاداری ١٩٦٧ بەزمانـی عەرەبـی بڵاوکراوتـەوە و ڕاپۆرتەکـەش بریتییـە لـەوەی "سـەرۆک مەسـعود بارزانـی کە سـاڵی ١٩٦٧ بەسـەرۆکایەتی شـاندێک، بـۆ گفتوگـۆ و لەسـەر داوای سـەرۆک کۆمـاری ئـەوکات عەبدولـرەحمان عـارف چۆتـە بەغـدا". (دڵشـاد وەسـانی، ، https://xebat.net/ku/?p=161934). لـە هەمـان دیـداری ڕۆژنامەوانیـدا (مەسـعود بارزانـی) گوتیەتـی : "لەلایـەن هەنـدێ لـە سـوودمەندبووانی شـەڕ و ئەوانـەی دژی بەرژەوەندیـی ئـەو گەلـە کار دەکـەن، شـەڕ بەسـەر هەمووانـدا سـەپێندرا، ئەوانـە نایانـەوێ ئاشـتی و خۆشـگوزەرانی و سـەقامگیری وڵاتمـان بگرێتـەوە. ناکـرێ شـەڕ لەنێـوان بیریانـدا ڕووبـدات". (دڵشـاد وەسـانی،https://xebat.net/ku/?p=161934). واتـە سیاسـەتی دیپلۆماسـیی شۆڕشـی ئەیلـوول هێشـتنەوە کەناڵەکانـە بـۆ بەردەوامـی دان بـە گفتوگـۆ و لەهەمـان کاتیشـدا بەرگـری.

لەکاتێکـدا ئەمەریـکا پێـی وابـووە (نـاسر) و بەریتانییـەکان و ئێـران دەیانەوێـت کـورد هـان بـدەن بـۆ دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ دژی (عـارف) و ئەمەریـکاش کاری کـردووە دۆخەکـە ئـارام بێـت و پاڵپشـی (عارف)یـان کـردووە دژی سـۆڤیەت و شـیوعییەکان کـە باڵادەسـتبوون لەنێـو شـەقامدا.

لــەو کاتــەی حکومەتــی عێــراق دەیەوێــت هێرشــی ســەربازیی دژی شـۆڕش و ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی شۆڕشـی ئەیلـوول ئەنجـام بـدات (مسـتەفا بارزانـی) بەپێـی بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی بەریتانیـا لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٨، داوای کـردووە حکومـەت (جاشـەکان) و ئینجـا (لایەنگرانــی تاڵەبانــی) چــەک بــکات و پاشــانیش (کوردســتان ئــاوەدان بکرێتــەوە). (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٨٥).

(د. کامـەران بەدرخان)یـش لـە ١٨ تشرینـی دووەمـی ١٩٦٨ لـە نیۆیـۆرک ، نامەیـەک بـۆ (یـو پانـت)ی سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەنووسـێت و لـە بەشـێکیدا دەڵێـت : "هـەر حکومەتێکـی عێراقـی بڵێـت پرسـی کـورد بابەتێکـی ناوەخۆییـە، ئـەوا مەبەسـتی چەواشـەکردنە... تـا لـە کۆتایـی نامەکـەی دەبێژێـت : ئێمـەی کـورد نەتەوەیەکیـن کـە حەزمــان لــە ئاشــتییە.. بۆیــە بەنــاوی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد و سـەرکردەکەی کـە بەرێـز جەنـەراڵ مسـتەفا بارزانییـە، داوا لـە بەڕێزتـان دەکـەم کـە لەنەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە ناوبژیوانێـک دەستنیشــان بکەیــت وەکــو چــۆن بەشــێوەیەکی حەکیمانــە ســەبارەت بەبابەتگەلـی هاوشـێوە ئەنجامتـان داوە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٩٩).

لـەم قۆناغـە هەسـتیارەدا گوتـاری شۆڕشـی ئەیلـوول گـەڕان بـووە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندییەکـی دیپلۆماسـی متمانـەداری بەهێـزی کـوردی،

کۆشـاون لەڕێگـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا لیژنەیەکـی تایبـەت سـەبارەت بـە کێشـەی کوردسـتان دروسـت بکرێـت، ئـەم هەنـگاوە ئەگـەر سـەری بگرتبایـە، کێشـەی کـورد بەئاسـانی دەبـووە کێشـەیەکی نێودەوڵەتـی و چارەسـەرکردن و پاڵپشـتی ئاسـانتر دەبـوو. ژیـری و دووربینـی سـەرۆکی نەتەوەیـی (مستەفا بارزانـی) لـەوەدا بەرجەسـتە دەبێـت، کـە هەمیشـە پێداگـری لەسـەر چارەسـەری ئاشـتیانە و دۆزینـەوەی پاڵپشـتی نێودەوڵەتـی و گەیشـتنە نێـو نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـووە.

**٢- ٢٣ بەریتانیا سیاسەت لە کورد قەدەغە دەکات**

لـە دۆخێکـی دیکـەدا ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، بەریتانییـەکان کـە بانگەشـەی (دیپلۆماسـیەتی بێلایەنبـوون و تێوەنـەگلان) دەکـەن بەڕاشـکاوی ئاماژەیـان بـەو بڕیـار و فەرمانـەی خۆیـان کـردووە، کاتێـک ڤیـزا بـە کـورد دەدەن بــۆ ئــەوەی بچێتــە نێــو خاکــی وڵاتەکەیــان "مەرجیــان ئەوەیــە نابێـت کاری سیاسـیی بکـەن". ئەمـە کـردەی (قەدەغەکـردن و هوشـداریی و ئاگاداریـی و فەرمـان و سـزا) دژی پەناهەنـدەی کـورد دەگرێتـەوە، وەکـو ڕاپەڕاندنـی کـردەی گوتـاری سیاسـی نیشـان دەدرێـت.

لەڕاپۆرتێکــی دیکەشــدا گوتــراوە کــە "ئەندامانــی بەشــی خۆرهــەڵات چەنـد وەفدێکیـان بـە نافەرمیـی و بەڕەهایـی لەسـەر بنەمـای "کۆمەڵایەتی" بینیـووە (بـۆ نموونـە چاخواردنەوەیـەک لەیانـەی پـۆڵ مـۆڵ) لـەدەرەوەی باڵەخانــە فەرمیییــەکان. هەوڵدانــی کــوردەکان بــۆ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ وەزیرەکانیشـدا هـەر بـەم تەکنیکـە خـۆی لـێ لادراوە. لەوکاتـەدا، کـە بەباش زانرابێـت، ڤیـزا بـە کـوردەکان دراوە و بەڕوونیـی و بـە ڕاشـکاوی هۆشـداریی زارەکیـان دراوەتـێ کـە لەشانشـینی یەکگرتـوو بەشـداریی هیـچ چالاکییەکـی سیاسـیی ناکـەن. (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٧٦).

ئـەم جـۆرە هەڵوێسـت و فەرمـان و حوکمدانـە لـە کاری دیپلۆماسـیی نیشـانەی ئەوەیـە کـە (تاکـی کـورد) و (کێشـەی کـورد) لای بەریتانییـەکان چەنـدە مەسـەلەیەکی هەسـتیار و بڤـە بـووە. لەهەمـان کاڤـدا ئـەوەشمان بـۆ سـاخ دەکاتـەوە کـە شۆڕشـی ئەیلـوول لـەچ دۆخێکـی سـەخت و ئاڵـۆزدا بـووە، نوێنەرەکانیـان بـەدزی و لـە چایخانـەکان دیدابیریـان لەگـەڵ کـراوە، کـورد نابێـت لـە بەریتانیـا سیاسـەت بـکات و ڤیـزا پێدانیـان مەرجـدار بـووە.

**٢- ٢٤ مانۆری دیپلۆماسی بارزانی**

(مستەفا بارزانی) لەڕووی دیبلۆماسییەوە هەمیشە ویستوویەتی سوود لە بۆچوونی وڵاتە گەورەکان و کێشە ناوەخۆییەکان وەربگرێت و لەتەک پێداگری لەسەر درێژەپێدانی شۆڕشیش، بەردەوام نیشانی داوە، کە ئەو لایەنگیری چارەسەری دیپلۆماسی و ئاشتیانەی دۆزی کوردە لەگەڵ بەغدا. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن) لەبارەی توانا و مانۆرە دیپلۆماسییەکانی (مستەفا بارزانی) لەنێو هەندێک لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٥ دەڵێت "بارزانی نامەیەکی بۆ ڕژێم ناردبوو، تێیدا دانی بەوە دانابوو کە داواکانی پێشوو بە ئەندازە بەدەر بوون و ئیدی ئەو ئێستا لایەنی هەرەکەمی لە ئۆتۆنۆمی خستۆتە ڕوو. ئاخر لەوەتەی ئەو بەرگەی ئەو هەموو گورزە کوشندانەی حکومەتی عێراقی گرتووە و بۆ چەندین ساڵیش بەردەوامبووە، کەچی هیچ بەڵگەیەک لەگۆڕێدا نەبوو بەوەی بارزانی لە هەڵوێستێکی لاوازدا بووبێ. ئەمە وای لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا کرد گومانی بۆ ئەوە بچێت، کە نامەکە بەشێک بێت لە جەنگی دەروونی تا وا لە ڕژێم بکات، ئەو یەکەم جار دەستی خۆی بوەشێنێت و شەڕ دەستپێبکاتەوە. ئەمەش سەرکەوتنێکی مۆڕاڵی دەدایە (بارزانی). بەمەبەست بێت یان نا، کاربەدەستانی ئەمەریکا ڕاپۆرتیان دا، کتومت هەر ئەوەش ڕوویدا، ڕژێم دەستی بە خۆئامادەکردنەوەی شەڕ و کوشتار کردەوە. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ٢٢٠). ئەمە شایەتی دانێکی ڕاشکاوانەیە، کە (مستەفا بارزانی) خاوەنی توانا و دووربینی و هێزێکی کاریگەری دیپلۆماسی و لێکدانەوەی ستراتیژی لە مانۆری سیاسی و جەنگ بووە.

واتە:

**یەکـەم:** مسـتەفا بارزانـی هـەر تەنیـا شـارەزایەکی کاریگەریـی شـەڕ و جەنـگ نەبـووە، بەڵکـو خاوەنـی بیـر و لێکدانـەوە و مانـۆری دیپلۆماسـی گرنـگ و گـەورەش بـووە.

**دووەم:** ئەمەریکییـەکان بـە وردی و بەبایەخـەوە لـە مەبەسـت و نێـوەڕۆک و پێکهاتـە و شـێوازی پەیامـی گوتـاری نامـە و هەنـگاوە دیپلۆماسـییەکەی ڕێبـەری کـورد گەیشـتوون، بـەڵام حکومەتـی عێـراق ئـەو توانایـەی لەتێگەیـشتن و لێکدانـەوە نەبـووە.

**سێیەم:** تەکتیکـی دیپلۆماسـی و جەنـگ هاوشـان بـوون لەچۆنیەتـی ڕاپەڕاندنی کردەی (گەیاندنی مەبەسـت و کارتێکردن و دروسـتکردنی بڕیار).

**٢- ٢٥ کردەی هوشدارییەکانی (جەمال عەبدولناسر)**

ئەوەی لێرەدا دەیگێڕینەوە پەیوەندی بە بەشی پێش ئەم باسەوە هەیە، (مستەفا بارزانی) داوایەکانی بۆ حکومەتی بەغدا کەم دەکاتەوە تاکو نیشانی بدات تواناکانی بەرەو کزی دەچێت، لەکاتێکدا ئەو لەکاتی نووسینی داواکاندا لاواز نەبووە، ئەمە عێراق تووشی غرور و بڕیاری هەڵە و هەنگاوی دوور لە زانیاریی دروست دەکات. ژێری لە بڕیار و بەکردەوە هەڵبژاردنی دۆخێک، کە دەبێتە مایەی بڕیاری سەرکەتوو بەهەموو کەسێک ناکرێت. (جەمال عەبدولناسر) کە ئەوکات بەرنامە و پرۆژەی یەکگرتنی لەگەڵ عێراق و سوریا هەبوو، ئەو کاتەی (تاهیر یەحیا)ی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی میسر دەکات و بە (ناسر) دەڵێت: ڕژێم لەسەروبەندی هێرشێکی چڕوپڕدایە، ئەویش بە دەهریبوونەوە وەڵامی دایەوە. (ناسر) هۆشداری دایە (یەحیا)، کە عێراق هەر شکست دەینێت و بە مکوڕبوونەوە داوای لێکرد دەرفەتێک بەکاری دیپلۆماسی بدات. کەچی هۆشدرییەکەی (ناسر) گوێی لێ کەڕکرا و ئەوەبوو لە ٥ی نیسان ڕژێم لەسێ لاوە و بە ٤٠٠٠٠ سەربازەوە هێرشی کردە سەر کورد. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ٢٢٠). بەم جۆرە دەبینین کە پێگە و هێزی شۆڕشی کوردستان و بارزانی بەراورد ناکرێت بەپێگە و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی حکومەتی بەغدا، کەچی (مستەفا بارزانی) لەڕوانگەیەکی ستراتیژی مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکان کردووە. ئەو (داوایەکی کەمی لەپێناو ئاشتی و ڕوونەدانی شەڕ پێشکەش بەغدا دەکات، کەچی بەغدا

بەغـروری زۆرەوە هێـرش دژی کـورد دەسـت پـێ دەکات و مەزەنـدەی ئەوەیـان کـردووە (بارزانـی) لەپێگـە و دۆخێکـی لاوازەوە داواکانـی کـەم کرۆدتـەوە و داوای چارەسـەری ئاشـتیانە و گفتوگـۆ دەکات). لـە ڕاسـتیدا ڕووداوەکان هەمـوو پێچەوانـە بوونـەوە و هەڵسـەنگاندن و زانیارییەکانـی بەغـدا هەڵـە بـوون، شۆڕشـی ئەیلـوول بـەردەوام بـوو لـە سـەرکەوتن، سـەرکەوتنەکان بـوون حکومەتیـان ناچـار کـرد ڕێککەوتنـی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ مـۆر بـکات، واتـە حکومەتـی بەغـدا لـە دۆخـی لاواز و تێکشـکان چـووە ژێـر بـاری ئـەم ڕێککەوتنـە مێژووییـە، بەمـەش دەرگا بەسـەر کـورد بـەرەو پەیوەندیـی نێودەوڵەتـی و بایـەخ پێـدان و ناسـینی پتر لەلایـەن جیهانـەوە کرایـەوە.

**٢- ٢٦ ئەمەریکا و بەغدا هەڵە بوون**

بەریتانیـا بەئاشـکرا ڕایگەیاندبـوو پەیـڕەو لەسیاسـەتی (تێوەنـەگلان) و (بێلایەنبـوون) پەیـڕەو دەکات، لەهەمـان کاتـدا بەمـەرج ڤیـزەی بەنوێنەرانی کـورد و تاکـی کـورد داوە، کـە نابێـت هیـچ جـۆرە کارێکـی سیاسـیی و پڕوپاگەنـدەی سیاسـی بکـەن. بەریتانیـا دوای جیابوونەوەکـەی (جـەلال تاڵەبانـی و ئیبراهیـم ئەحمـەد) وەکـو لـە ڕاپۆرتـە نهێنییەکانـی دیپلۆماسـی و سـەنتەرەکانی لێکۆڵینـەوەی وەزارەتـی دەرەوە هاتـووە: «چالاکییەکانـی وەفدەکانـی کـورد لـە لەنـدەن هەنـدێ جـار نارەزایـی باڵوێـزی عێراقـی لـێ کەوتۆتـەوە، بەتایبەتـی لـە سـاڵی ١٩٦٥دا ئـەو کاتـەی (جـەلال تاڵەبانـی) لـە کەناڵـی بی.بی.سـی BBCەوە دەرکـەوت. پرسـی پێدانـی ڤیـزا بـە کـوردەکان چەنـد جارێـک باسـی لێـوە کـرا. سیاسـەتەکە ئـەوە بووە: ڤیـزا بدرێـت، بەڵام هەنـدێ جـار لەگەڵیـدا داوا لـە وەرگر کـراوە (بەڵام بەسـەریدا نەسـەپێنراوە) کـە بەشـداریی لـە چالاکیـی سیاسـیی یاخـود لـە پڕوپاگەنـدەی ئەوتـۆدا نـەکات، کـە شـەرمەزاربوونی دەوڵەتـی بەریتانیـای مەزنـی لـێ بکەوێتـەوە. سـەرەڕای ئـەوەش سیاسـەتی تێوەنەگلانەکـەی دەوڵەتـی بەریتانیـای مـەزن، حکومەتـی عێـراق گومانـی ئـەوەی هەبـووە بەریتانیـا بەهەماهەنگـی لەگـەڵ ئێرانـدا کۆمەکـی کـوردی کردبێـت. (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٦٤). پرسـیار ئەوەیـە چـۆن بەریتانیـا ڕێگـە بـە (مـام جـەلال) دەدات لـە (بـی بـی سـی) دەرکەوێـت؟ ئەوکاتـی مـام جـەلال لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق بـوو، دژی شۆڕشـی ئەیلـوول دەجەنـگا، بەریتانیـا ڕێگـەی نـەدەدا هیـچ تاکێکـی کـورد پڕوپاگەنـدەی سیاسـی دژی حکومەتـی عێـراق بـکات و بەشـداری چالاکـی سیاسـی بـکا. ئایا ئـەم جـۆرە دەرکەوتـن و پەیوەندییـە،

ئـەو گومانانـە سـاخ دەکاتـەوە کـە بەریتانییـەکان دەسـتیان لـە هانـدان و لایەنگیـری ئـەم ئاراسـتەیە هەبێـت کـە (تاڵەبانـی) بانگەشـەی بـۆ کـردووە؟ بەتایبەتـی لـەڕووی دیپلۆماسـییەوە و لەنێـو دۆکۆمێنتـەکان بەشـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە (مسـتەفا بارزانـی) بـە خێڵەکـی نـاو دەبـەن و (تاڵەبانـی) یـش بـە پێشـکەوتنخواز و ڕۆشـنبیر و شـاری وەسـف دەکـەن. ئـەم جـۆرە وەسـف و گوزارشـتە لـە شـیکردنەوەی پراگماتیکـی و بـە پشـت بـەستن بـە تیـۆری کـردە قسـە، ئەوەمـان بـۆ ساخ دەکاتـەوە کـە مەبەسـتیان (پەیـام و گەیاندنـی فکـرە و بۆچـوون و بڵاوکردنـەوەی زانیاریـی و بانگەشـە و نمایشـی هەڵویسـت بـووە) سـەبارەت بـە ناکۆکییـە نێوەخۆییەکانـی کـورد، لەکاتێکدا بانگەشـەی سیاسـەتی (تێوەنـەگلان) و (بێلایەنبوونـی دیپلۆماسـی) دەکـەن.

جارێکـی دیکـە نوێنەرەکانـی ئەمەریـکا پێداگریـی لەسـەر سیاسـەتی (دەسـتوەرنەدان) دەکەنـەوە، کـە ئەمـە جۆرێکـە لـە (بێلایـەن بـوون و خـۆ تێکـەڵ نەکـردن) لـە کێشـە ناوەخۆییەکانـی عێـراق و بانگەشـەیە بـۆ دیپلۆماسـیەتی بێلایەنبـوون، لەهەمانکاتـدا (ئـەوان ئـەم دەسـتێوەرنەدانەیان بـۆ خۆدوورگرتـن لـە کـورد و هانـدان و پاڵپشـتی حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی (عـارف و بـەزاز) بـووە. واتـە لەهەمبـەر کـورد بێلایـەن بـوون و لـە هەمبـەر بەغـداش هـاوکار و هانـدەر بـوون. ئەمـە نـەک هـەر بـواری سیاسـی گرتۆتـەوە، نەخێـر بـواری سـەربازیی و پاڵپشـتی هێرشـکردنە سـەر کـورد و بـواری بازرگانـی و نەوتیشـی گرتۆتـەوە. بەپێـی گێڕانـەوەی ڕووداوەکان و ئـەو دۆکۆمێنتـە دیپلۆماسـیانەی لەبەردەسـتی ئێمـەن، لەسـەرەتای مانگـی ئـاداری ١٩٦٥ (شەمسـەدین موفتـی) "پەیکـی بارزانـی بـۆ لای "سـاواک" لـە باڵوێزخانـەی

ئەمەریـکا لـە تـاران بەخـۆی نامەیـەک کـە ئاراسـتەی کۆشـکی سـپی کرابـوو نزیککەوتـەوە. هـەروەک جـاران بـە نامەکـە داوای لـە ئەمەریـکا کـرد، بەڵکـو لەجیاتـی گەلـی کـورد بێتەنـاوەوە، بـەوەی ڕێگـە لـە عێـراق بگرێـت دەسـتی بـە چـەک ڕانـەگا و پشـتی گەلـی کـورد بگرێـت ئـەو دەستڕۆیشـتنەی خۆشـی لـە عێـراق بـۆ چارەسـەری کێشـەی کـورد بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە بـەکار بهێنێـت". (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ٢٣١). لەهەمبـەر ئـەم داوایـەی کـورد ئەمەریکییـەکان پەنایـان وەبـەر تەکتیکـی (سیاسـەتی دەسـتێنوەرنەدان) بـردووە و دەڵێـن "باڵوێزخانەکـە ڕاسـپاردەی ئەوەبـوو سیاسـەتی دەسـتوەرنەدان دووپاتبکەنـەوە و هانـی ئەوەشـی دابـوو، کـورد لەگـەڵ ڕژێـم بـەدوای دانوسـتانی ئاشـتییانەدا بگەڕێـن، وەزارەتیـش ئـەم ڕاسـپاردەیەی پەسـندکرد". (بیریـان ڕۆبـەرت گیبســن، ٢٠١٩، ٢٣١).

کـورد دەوڵەتـی نییـە تاکـو پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی بەپێـی بەرژەوەندییـە سیاسـی و ئابـووری و جیۆپۆلۆتیکـی و بازرگانییـەکان دابڕێژێـت، هەمـوو دونیـا بەرانبـەر خەبـات و شۆڕشـی کوردسـتان نیمچـە داخـراو بـوو، ئەمـە لای هەندێکیشـیان چۆتـە چوارچێـوەی (دژایەتـی و فشـاری پێچەوانـە). ئەمەریـکا تـا درەنگانـی سـاڵی ١٩٦٨ش نەیدەویسـت دیـدار لەگـەڵ نوێنـەری شۆڕشـی کـورد لـە ئەمەریـکا (د. شـەفیق قـەزاز) ئەنجـام بـدات، تـا ئـەو کاتـەی (ولیـام دۆگلاس) سـەرۆکی دادگـەی هەرەباڵی وڵات، کـە لەمێژبـوو لەگـەڵ پرسـی کـورد هاوسـۆز بـوو، داوای لـە کۆشـکی سـپی کـرد، بەڵکـو چاویـان بەنوێنـەری (بارزانـی) (شـەفیق قـەزاز) بکەوێـت، ئەرکەکـەش بـە (هارلـۆد سـاندەرس) شـرۆڤەکارێکی سـی ئـای

ئـەی و پسـپۆڕی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت سـپێردرا. ئەمـە لـە ١٢ی مارتـی ١٩٦٨ بـوو، ئـەوکات نوێنـەری (بارزانـی) گلەیـی کـردووە کـە ڕێککەوتنـی ١٩٦٦ جێبەجـێ نەکـراوە. (رەیـان ڕۆبـەرت گایبسـن، ٢٠١٩، ٢٦٤).

کێشـەکانی عێـراق کشـانەوەی بەریتانیـا لـە کەنـداو و دەڤەرەکـە بـۆ یەکەمینجـار دەرفەتـی بـۆ سـۆڤیەت خۆشـکرد خشـکە بکاتـە ناوچەکـە، گومانەکانـی ئەمەریـکا لـە ڕژێمـی بەعسـی داوای ١٩٦٨ پتر بـووە، بۆیـە ئەمەریـکا بڕیـار دەدات ئەمجـارە بەنهێنـی هـاوکاری کـورد بـکات و " لـە ١ی ئابـی ١٩٧٢ نیکسـن ئۆپەراسـیۆنێکی ژێربەژێـری پڕمەترسـی بـۆ خۆتێهەڵقوتانـدن لـە عێـراق پەسـندکرد، بـەوەی پشـتگیری و کۆمەکـی سـەربازی و دارایـی بدرێتـە کـورد. ئـەم دەسـتوەردانە نـەوەک هـەر کاریگـەری بەسـەر ڕەوتـی شـەڕی کـورد، بەڵکـو بەسـەر ڕێـڕەوی مێـژووی عێراقیشـدا هێنـا، بـەوەی بەشـێوەیەکی زێدەڕۆییانـە ڕێگـەی بـە (سـەدام حوسـین) تەختکـرد کـە دەسـەڵات بـۆ خـۆی پـاوان بـکات. (رەیـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ٢٨٠).

ئەنجـام: شۆڕشـی ئەیلـوول و (مسـتەفا بارزانـی) ڕێبـەر و سـەرۆکی نەتەوەیـی کـورد لەپەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکان لەئاکامـی پشـوودرێژی و بەردەوامبـوون و دانەخسـتنی دەرگاکان و خوێندنـەوەی ناکۆکیـی و ململانێـی گـەورە هێـزەکان لەسـەرەمی شـەڕی سـارد دا توانـی بەسـتەڵەکی (پشـتگوێ خـستن و بایـەخ نـەدان بـە دۆزی کـورد) بشـکێنێت.

(مسـتەفا بارزانـی) لەبایـەخ و گرنگـی ستراتیژیەتـی ئەمەریـکا و گـەڕان بـەدوای هێـز لـە ناوچەکـەدا گەیشـتووە، ئـەو ماوەیـەی لـە سـۆڤیەتیش ژیـاوە، لەنزیکـەوە لـە سیاسـەت و ستراتیژیـەت

و گومانەکانــی نێــو ســۆڤیەت گەیشــتووە، بۆیــە هەمیشــە بیــری لەکردنــەوەی دەرگای دیپلۆماســیی بــووە لــە گــەڵ دوورتریــن هێــزی مەزنــی دونیــا و دەوڵەتــەکان.

لەهەمانکاتــدا ئــەو هیــچ متمانەیەکــی بــە ڕەوتــی نوێــی نەتــەوە پەرســتەکانی بەعــس و بیرکردنەوەیــان نەبــووە، لەکاتێکــدا (جــەلال تاڵەبانــی و ئیبراهیــم ئەحمــەد) خۆیــان وەکــو فکــر و پێکهاتــە بــە نزیــک و هاوئایدیۆلۆژیــا لەگــەڵ نەتەوەپەرســتە سۆسیالیســتییەکان زانیــووە. بــەڕای مــن ئــەم لێکزیکییــە لــە ڕۆژی ڕاگەیاندنــی (یەکێتی)یــش لــە ســوریا پەیوەندیــی بەهەمــان بیرکردنــەوە و لێــک نزیکییــەوە هەیــە، وەکــو لەبەڵگەنامەکانــی بەریتانیــادا هاتــووە، ئەوانــە کــە دژی (مســتەفا بارزانــی) بــوون، ســەرەتا چوونــە ئێــران و لەهەمــەدان گیرســانەوە، هــەر ئەوانــە لەســەرەتادا لەگــەڵ شــەڕ بــوون دژی (ڕژێمــی عەبدولکەریــم قاســم) و شــەڕیان دەســت پێکــرد، کەچــی دواتــر هــەر ئەوانــە دێنــەوە پــاڵ حکومەتــی عێــراق و چــەک دژی شۆڕشــی ئەیلوول هەڵدەگــرن. لەکاتێکــدا بەریتانییەکان ڕێگەیــان نــەداوە هیــچ تاکێکــی کــورد چالاکــی سیاســی لەنێــو ئینگلیزســتان ئەنجــام بــدات، ڕێگــە بــە (جــەلال تاڵەبانــی) دەدەن لــە (بــی بــی ســی) دیــداری ڕۆژنامەنووســی بــکات. ئەمانــە لــەڕووی پراگماتیکییــەوە ئەوەمــان پــێ دەڵێــن، کــە گوتــاری دیپلۆماســی ئــەو وڵاتانــە (بێلایــەن) نەبــووە.

**٢- ٢٧ ترسی سۆڤیەت**

لەیەکێـک لەبەڵگەنامەکانـدا لـە شەسـتەکاندا بەریتانییـەکان ترسـی خۆیـان لەبوونـی سـۆڤیەت لـە عێـراق و گومانکـردن لـە هـاوکاری کـورد و هاندانیـان بـۆ ڕێککەوتنـی ئـادار نەشـاردۆتەوە، بۆیـە لەیەکێـک لـە ڕاپۆرتـە نهێنییەکانـی بەریتانیـادا هاتـووە: "لەسـاڵی ١٩٦٨ ترسـی ئـەوە لەئـارا بـوو کـە ڕەنگـە یەکێتـی سـۆڤیەت بەشـێوەیەکی سـەرەکی لایەنـی کوردانـی عێراقـی بگرێـت. ئەمـە لەوانـە بـوو ئاسایشـی وڵاتانـی ناوچەکـە و خـودی ئاسایشـی عێراقیـش بخاتـە بـەردەم مەترسـییەوە، بـەڵام یەکێتـی سـۆڤێت بەپلـەی یەکـەم پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ عێـراق و جیهانـی عـەرەب درێـژە پێـداوە و تاڕادەیەکـی زۆر بەتـەواوی خـۆی تەنیـا لەپێدانی پشـتیوانی مەعنـەوی بـۆ کـوردەکان قەتیـس کـردووە. گومانـی تێـدا نییـە، کـە یەکێتـی سـۆڤیەت بەشـداربووە لـە بانگەشـەکردن و تەنانـەت لەهەموارکردنـی ڕێککەوتننامـەی سـاڵی ١٩٧٠". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٦٨)

کەواتە:

کـورد هەرچەنـدە لەژێـر فشـارێکی دەروونـی و سـەربازیی و کۆمەڵایەتـی سـەختدا بـووە، ناکۆکیـی نێوەخۆیـی، پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـە ئاڵـۆزەکان هـۆکار بـوون بـۆ ئـەوەی کـورد لەهەمبـەر هەندێـک دۆخـدا لاواز بناسرێـت. لەهەمانکاتیشـدا کـورد سـوودی لـەو ناکۆکـی و ڕکابەرییـە وەرگرتـووە، کـە لەنێـوان سـۆڤیەت و بەریتانیـا و ئەمەریـکا لەبـارەی عێـراق و ناوچەکـە هەبـووە.

گوتـاری دیپلۆماسـی کـورد سـوود وەرگرتـن بـووە لەهـەر کارێـک و هەنگاوێـک دۆزی کـورد بـەرەو پێـش دەبـات و پتـەوی دەکات. ڕێککەوتنـی ١١ی ئاداریـش لەنێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و عێـراق وابـووە.

**٢- ٢٨ ڕۆژنامە**

بە گوتارێکی فەرمیی (سەرۆک مەسعود بارزانی) دەست پێ دەکەم، کە لە ڕۆژی هەینی ١٢ی ئایاری ٢٠٢٣ لە دووەمین ڕۆژی کردنەوەی مۆزەخانەی نیشتیمانی بارزان پێشکەشی کردووە لەبارەی مێژوو و ڕاگەیاندنە مەزنەکانی جیهان دەڵێت: مێژووی خەباتی گەلەکەمان زۆر شێوێندراوە، ئەو دەوڵەتانەی کە زوڵم غەدرێکی زۆری لێکردووین، هەمیشە وایان نیشانداوە کە یاسا جێبەجێ بکەن، ئێمەش ڕێگر و خەڵکێکی دژی یاساین. کەچی بە پێچەوانە بووە، ئەوان زوڵمیان کردووە، میللەتی ئێمەش دیفاعی لەخۆی کردووە، بۆیە ئێستا لە ئەرشیڤی زۆر لەو دەوڵەتانە بەڵگەی تازە دەست دەکەوێت، ئەوان لە ڕاپۆرتەکانی خۆیان ڕاستییەکانیان گوتووە، کە چۆن و چ کراوە.

یەکێك لەو ڕووداوە گەورانە، لەساڵی ١٩٣١ - ١٩٣٢، لە گوندی بارزان بۆمبارانکرا و دووسێجاریش بە بۆمبی تەوقیت، لەتەلەڤزیۆنی بی بی سی، یەکێك لەو فڕۆکەوانانە کەبەشداربووە لەو بۆمبارانکردنە باسیکردووە، دەڵێت کە ڕاپۆرتمان دەکرد، فەرماندەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەیدەهێشت ئەو ڕاپۆرتانە بۆ چەرچڵ و لەندەن بچێت و دەیشاردەوە، نابێت ئەوە نیشان بدرێت، کە لە دێهات و ژن و منداڵ دراوە. (ڕۆژنامەی خەبات، ١٢ ئایاری، ٢٠٢٣، https://xebat.net/ku/?p=162424).

بەپێی بەرپرسێکی سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیست لە بەریتانیا (هاوار کاکە زیاد) لە دیدارێکی تایبەت لە ١٦ی ئاداری

٢٠٢٣ لەڕێگــەی تەلەفــۆن بــە نووســەری ئــەم لێکۆڵینــەوەی ڕاگەیانــد: ئــەوان نوێنــەری شۆڕشــی ئەیلــوول بــوون بــەردەوام کاریــان کــردووە هــەواڵ و دەنگوباســەکانی شــۆڕش بگەیننــە ڕۆژنامەکانــی بەریتانیــا و ئاسانکاریشــیان بــۆ ئــەو ڕۆژنامەنووســانە کــردووە، کــە ویســتویانە بچنــە ناوچەکانــی ژێردەســەڵاتی شۆڕشــی ئەیلــوول، ئەمشــەیان لەڕێگــەی ســوریا و ئێــران ئەنجــام دەدا.

بۆیــە دەبیرنێــت لــەو کاتــدا دەنگوباســی شــۆڕش و خەباتــی کوردســتان لــە ڕۆژنامــە بیانییەکانــدا بایەخــی پــێ دەرێــت و ئــەو هــەواڵ و بابەتانــەی بڵاودەکرانــەوە هــەر تەنیــا کاریگەرییــان لەســەر ڕای گشــتی و سیاســی و بڕیــار بەدەســتەکانی ناوەخــۆی ئــەو وڵاتانــە دروســت نەکــردووە، بەڵکــو لای حکومەتــی عێراقیــش کاردانــەوەی لــێ دروســت بــووە. بــە واتایەکــی دیکــە (مســتەفا بارزانــی) دوای ئــەم هەمــوو ئەزموونــە ناوەخۆیــی و دەرەکییــەی پەیداکردبــوو، دەیزانــی بایــەخ و گرنگــی ڕاگەیانــدن و ڕۆژنامــەکان چەنــدە. چــۆن دەبێــت لەڕێگــەی ڕۆژنامەکانــەوە ڕای گشــتی ئــەو وڵاتــە زلهێزانــە لەپێنــاو پاڵپشــتی دۆزی کوردســتان بجووڵێنرێــت.

### ٢- ٢٨- ١ چیرۆکی فشاری دیپلۆماسی و فیلمێک لە بی بی سی

بـەو نامـە نهێنییـەی (دێنیـس ئالێـن) دەسـت پـێ دەکـەم کـە لـە ٢٢ تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٨ بـۆ (دی. مۆنتیگۆمری) لەبەشـی ڕۆژهەڵاتی نزیک لـە وەزارەتـی دەرەوەی کۆمۆنویڵـز لـە لەنـدەن نووسـیویەتی و وێنەیەکـی نێـردراوە بـۆ (بەغدا، تاران، نیویۆرک، مسـتەر ئەی.تـی. گریگۆری، وەزارەتی وزە، تەیمـس هـاوس سـاوز، میل بانک، لەنـدەن SWI). لەدەقـی نامەکەدا هاتـووە: "ئـەم پاشـنیوەڕۆیە باڵوێـزی عێـراق تەلەفۆنـی بۆ کـردم بۆ ئەوەی پێـم بڵێت کـە لە ڕێگەی BBC یـەوە زانیویەتی لەبەرنامەیەکی ئەمشـەوی BBC٢ لەبـارەی کەمینەکانـەوە، تەلەفزیۆنـی BBC ڕایگەیانـدووە کـە ئەمشـەو دوو فیلـم بڵاو دەکاتـەوە، کـە گوایـە ئەڵمانیـا بەرهەمـی هێنـاوە (بـەڵام بـە ڕوونـی نازانرێـت ئەڵمانیـای خۆرهەڵاتە یـان خۆرئـاوا) و لەبارەی سـلۆڤاکەکانە لـە چیکۆسـلۆڤاکیا و کوردەکانیشـە لـە عێـراق. هەروەهـا باڵوێزەکـە لـەوە تێ گەیشـتووە کـە فیلمـەکان لێدوانی BBCیـان دەخرێتە سـەر و هەندێ لەو کوردانەی لە لەندەن دەژین لە بەرنامەکەدا بەشـداری دەکـەن و وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە دەدەنـەوە کـە لەبـارەی جەنگەکـە و داواکارییەکانـی کـورد و شـتی لـەو جـۆرەوە لێیـان دەکرێت.

٢. باڵوێزەکـە ڕایگەیانـد: نیگەرانـە لـەوەی کـە پێناچێـت هیچ کام لەم شـتانە لـەم قۆناغـەی ئێسـتادا خزمەت بـە پەیوەندییەکانی شانشـینی یەکگرتوو/ عێـراق بـکات، پێدەچێـت شـەرمەزاریی دروسـت بـکات هـەم بـۆ خـۆی و هـەم بـۆ مسـتەر ئیڤانـس کـە لـە بەغدایـە. ڕاشیگەیاند: سـەرەڕای سـەختییەکان هەسـتی کـردووە ناچـارە ئـەم بابەتـە بـە مـن بگەیەنێت و پرسـیاری کـرد کـە ئایـا دەتوانیـن هیـچ کارێـک لەمبارەیـەوە بکەیـن.

٣. بـە باڵویـزم ڕاگەیانـد: پێـم وایە هیچ ڕێگایـەک نییە بـە BBC ڕابگەیەنین کـە ئـەم بەرنامەیـەی ئێوارەیـان هەڵوەشـێننەوە، چونکـە لەبابەتـی لـەم جـۆرەدا کەناڵەکـە خۆیـان گەورەی خۆیانـن. باڵوێز دوای ئـەوە ڕایگەیاند، هیـوای خواسـتووە پەیوەندییەکانـی نێـوان بەریتانیـا و عێـراق بەرزتـر ڕابگیردرێـن، وتەکانـی قبـوڵ کـردم. لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتیـن کـە مـن ئـەم بۆچوونانـەی ناوبـراو تۆمـار بکـەم و سوپاسـم کـرد کـە ئـەم بابەتەی خسـتۆتە بـەردەم سـەرنجی مـن». (شـەریف هـەژاری ، ٢٠١٦، ٨٧-٨٨).

لێـرەدا چەنـد سـەرنجێک بەکورتکراوەیـی دەخەینـە نێـو شـیکاری ئـەم بابەتـە، لەوانـە:

- حکومەتـی بەغـدا بـەوردی چاودێـری چالاکـی و هـەر بزاڤێکـی کـوردی لـە دەرەوە کـردووە.
- دەیانەوێـت دەسـت لەکاروبـاری ڕاگەیانـدن وەر بـدەن و ئـەم بەرنامەیە قەدەغـە بکرێـت، بەواتـای ئـەوەی باڵوێـزی عێـراق وەکـو هەڵسـوکەوت دەکات چـۆن حکومـەت لەبەغـدا دەسـت لەکاروبـاری ڕاگەیانـدن وەردەدات، لـە لەندەنیـش هەمـان شـت دەکرێـت.
- لە ساڵی ١٩٦٨ فیلمێک لەبارەی سلۆڤاکییەکان و کورد بەرهەمهێنراوە.
- بەرپرسـە بەریتانییەکـە ڕاشـکاونە گووتیەتـی (بـی بـی سـی خـۆی گـەورەی خۆیەتـی) و ناتوانـن دەسـت لەکارەکانیـان وەربـدەن، ئەمـەش نیشـانەیەکی بەهێـزی دیموکراسـیی و ڕێزگرتنـە لـە کاری ڕۆژنامەنووسـی.
- کـورد لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولـدا سـەرەتایەکی گونجـاو و باشـی ڕەخسـاندووە بـۆ ئـەوەی دەنگوبـاس و داواکارییەکانی کـورد بگەیەنرێتە

ڕای گشتی دونیا و ئەو دیواربەندە مەترسیدارە بشکێنرێت، کە کێشەی کورد بە کێشەیەکی بچووکی نێوەخۆیی وەسف دەکات، یان بەهۆی ئابلووقەی وڵاتە داگیرکەرەکان ناتوانرێت کورد پەیوەندیی بە جیهانی دەرەوەی خۆی بکات.

لەدرێژەی ئەم بابەتەدا، کە پەیوەندیی بە نیشاندانی فیلمێک لەبارەی کوردەوە هەیە (ئەی ئاڕ) لە ١٩٦٨/١٠/٢٣دا بە شێوەیەکی نهێنی بۆ (بەغدا) نووسیویەتی و وێنەیەکی بۆ (ئەنقەرە و تاران) نێردراوە و ڕاپۆرتی ژمارە ٣٥٦دا تۆمارکراوە و تێیدا هاتووە: «ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەم BBC لە میانەی بەرنامەی «ئەوروپا»ی کەناڵی BBC٢ دا فیلمێکی بەڵگەنامەیی تەلەڤزیۆنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای لەبارەی کوردەوە پەخش کرد. بەشێکی زۆری فیلمەکە مێژوویی بوو و لەسەردەمی پەیماننامەی سیڤەرەوە تا ئێستای دەگرتەوە و تا ڕادەیەکی باش بێلایەن بوو. فیلمەکە باسی لەو ڕێوشوێنە توندانەش دەکرد کە تورکەکان لەنێوان دوو جەنگەکە و ئێرانییەکانیش دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کوردە جوداخوازەکانیان پێ سەرکوت کردبوو. فیلمەکە لەباسکردنی ئێستا و ڕابردووی نزیکدا باسی لەدووڵی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا کرد لەوەی ئۆتۆنۆمی بدەنە کوردەکان و دووڵی کوردەکانیشی باس کرد لەوەی کە هیچ باوەڕێکیان بە حکومەتەکان و کردەوەکانیان هەبێت و هەروەها باسی لە بنبەستە سەربازییەکەی ئێستاش کرد. باسی لە ڕۆڵی (بارزانی) لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کرا و چەند دیمەنێکی ڤیدیۆیی خۆی و پارتیزانەکانی نیشان دا.

بێژەرەکــەی BBC (ئۆلیڤــەر تــۆد) پێشــەکییەکی پێشــکەش کــرد کــە ڕەنگــە بــەلای حکومەتــی عێراقــەوە بەلایەنــدار بزانرێــت. بــەڵام هیــچ دانیشــتنێکی ســتۆدیۆیی تێــدا نەبــوو، بــۆ نموونــە لەگــەڵ ئــەو کوردانــەی لــە وڵاتەکــەدا دەژیــن و جارجــارە لــە بەرنامــەی لــەم جــۆرەدا ڕوونــە، کــە دیمەنــی لــەو جۆرەشــی تێدایــە.

باڵوێــزی عێــراق پێشــوەختە لەبــارەی ئــەم بەرنامەیــەوە تەلەفۆنــی بــۆ (ســێر د. ئالێــن) کــردووە و نیگەرانیــی خۆشــی دەربڕیــوە کــە ڕەنگــە ئــەم بەرنامەیــە شــەرمەزاربوونی خــۆی و زیانــی بــۆ ئــەو هەوڵانــە لــێ بکەوێتــەوە کــە لەپێنــاو گەشــەکردنی پەیوەندییەکانــی نێــوان بەریتانیــا/ عێــراق دەخرێنــە گــەڕ. (ئالێــن) پێــی ڕاگەیانــدووە: BBC تەنیــا خــۆی لــە بەرنامەکانــی بەرپرســیارە، بــەڵام تێبینییەکانــی باڵوێــز تۆمــار دەکات و سوپاســی کــرد کــە ئــەم بابەتــەی خســتە بــەر ســەرنجی". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٨٩-٩٠).

جارێکــی دیکــەش لــەم نامــە نهێنییــەدا جەختیــان لەســەر (دەســتوەرنەدان لەکاروبــاری بــی بــی ســی ) کردۆتــەوە، بــەڵام ئامــاژەی بــەوە نەکــردووە بۆچــی کــوردەکان لەنێــو ســتۆدیۆ بەشــدار نەبــوون، بــۆ ئــەوەی قســە لەســەر هەقیقەتــی فیلمەکــە و ڕووداوەکان بکــەن.

هەمــان ئــەم نامەیــە جارێکــی دیکــە وەکــو خــۆی لەلایــەن (ســتیوارت دابەشــکردنی بەشــەکان بەشــی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت بەشــی عەرەبــی بەشــی ئەوروپــای باشــوور بەشــی سیاســەتی ڕاگەیانــدن) بــە شــێوەیەکی نهێنــی لــە ٢٢ ئۆکتۆبــەری ١٩٦٨ نێرداوەتــەوە بــۆ (ســایفەر/ پۆلینــی ئەلــف & لەلایــەن باگــەوە، ڕۆتیــن وەزارەتــی دەرەوە و کۆمۆنوێڵــز برووســکەی

ژمـارە ٣٦٥ بـۆ بەغـدا) نێـردراوە. لەڕاسـتیدا ئـەم نامەیـەش کۆپـی دەقـی ئـەو نامـە نهێنییـە کـە لەسـەرەوە تـەواوی دەقەکەمـان وەکـو خـۆی بڵاوکردۆتـەوە، کـە دوای بڵاوبوونـەوەی فیلمەکـە نـووسراوە.

کاریگەریـی هـەر ڕاپـۆرت و هەواڵێـک کـە ڕۆژنامـە و دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـی بەریتانیـا بەتایبەتیـش BBC کاریگەریـی لەسـەر حکومەتـی عێـراق دروسـتکردووە و کاردانـەوەی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە. لەوانـە لەنامەیەکـی نهێنیـی (سـیڤەر/ جـۆری A) لـە بەغـدا بـۆ وەزارەتـی بەرگـری FOH9785302 لـە ئـاداری ١٩٦٩)دا بـە شـێوەیەکی نهێنـی بـاس لـە هێـرش بـۆ سـەر دامـەزراوەی نـەوت لـە کەرکـووک دەکات. ڕاپۆرتـی بەغـدا ژمـارە ٢٦٢ی ڕۆژی ٣ی ئـادار بـاس لـەوە دەکات کـە شـەوی ١ لەسـەر ٢ی ئـادار بەهـاوەن هێـرش کراوەتـە سـەر دامەزراوەکانـی IPC و زیانـی پێگەیەنـراوە لەمبـارەوە BBC لـە دوای ٤٨ کاتژمێـر لەڕووداوەکـەوە ڕاپۆرتێکـی بڵاوکردۆتـەوە کـە لـە لقـی IPCی لـە بەیروتـەوە سـەرچاوەی گرتـووە. لەبەشـێکی ئـەم نامەیـەدا «فەرمانـدەی هێـزە ئاسمانییـەکان بەڕوونـی لـە ڕاپۆرتەکـەی نـاڕازی بـوو و بەنیشـانەیەکی دیکـەی لەقەڵـەم دەدا، کـە گوایـە ئێمـە دەمانەوێـت وێنەیەکـی ڕەش لەبـارەی پێشـهاتەکانی عێراقـەوە نیشـان بدەیـن. هـەر ڕاپۆرتێکـی ڕۆژنامەیـی یاخـود ڕادیۆیـی لەبـارەی هێرشـە ئاسمانییەکانـەوە لەلایـەن سـەرچاوە بەریتانییـەکان بڵاوبکرێتـەوە ڕەنگـە کاریگەریـی خـراپ لەسـەر پەیوەندییەکانـی بەریتانیـا - عێـراق دابنێـت و هەروەهـا وادەکات دەکات حوکمـی پێشـوەختە بخاتـە بـەردەم پەیوەندییەکانـی پاشـکۆی سـەر بـە وەزارەتـی بەرگـری لەگـەڵ فەرماندەکانـدا. بۆیـە دڵنیـام لـەوەی، ئـەم

زانیارییــە ناچێتــە دەرەوەی بازنــە فەرمییەکانــەوە. (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ١٠٨).

واتــە ئــەم فیلمــە کــە نیشــاندەری مێــژووی غەدرلێکــراوی کــورد و زوڵمەکانــی داگیرکەرانــی کوردســتانە، بۆتــە جێگــەی نیگەرانــی بەرپرســانی عێــراق و دواتــر بۆتــە بەشــێک لــە نامــە و بیــروڕا گۆڕینــەوەی دیپلۆماســی لەنێــوان بەریتانییــەکان و عێراقییــەکان. مــن پێــم وایــە ئــەم فیلمــە پەیوەندیــی بــە ستراتیژیەتــی شۆڕشــی ئەیلوولــەوە هەبــووە، کــە دەیەوێــت لەڕێگــەی ڕاگەیاندنــی بیانــی دۆزی کوردســتان بــە دونیــا بناســێنێت.

### ٢-٢٨-٢ بارزانی مەلای سوور و کۆمۆنیست نییە

بــا نموونــەی وتارەکانــی ڕۆژنامەنــووس (دانــا ئادەمــز ســمیث) بــە نموونــە بهێنیــەوە کــە لــە ١٠ی ئەیلوولــدا لــە ڕۆژنامــەی (نیۆیــۆرک تایمــز) وتارەکــەی بەســێ بــەش بڵاوکردۆتــەوە. وتــارەکان وێنــەی (بارزانــی) یــان بەشــێوەیەک نەخشــاندبوو، کــە جەنگاوەرێکــی ئازادیخــوازە و بــێ ئومێدانــە بــەدوای پشــتیوانی ئەمەریــکا دەگەڕێــت تاکــو گەلەکــەی خــۆی لەدەســت شــەڕێکی تونــدی بــێ بەزەییانــە بپارێزێــت. بەپێــی بۆچوونەکانــی (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن) "وتــارەکان بەشــێوەیەکی بابەتیانــە نووسرابــن. (ســمیث) خەریکــی ئەوەبــوو ئــەو نازنــاوەی بارزانــی هەیبــوو (مــەلای ســوور) بڕەوێنێتــەوە، مشــتومڕی ئــەو لەســەر ئــەوە بــوو، کــە (بارزانــی) کۆمۆنیســـت نییـــە، بەڵکـــو ناسیۆنالیســـتێکی کـــوردە، بـــەدوای ئـــەوەدا دەگـــەڕێ عێراقێکـــی وەهـــا دابمەزرێنێـــت کـــە وەکـــو قەڵایەکـــی هـــەرە قایمــی هاوپەیمانــی ڕۆژئــاوا بێــت لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا. لەگــەڵ ئەوەشــدا (ســمیث) وردەکاری سەرنجڕاکێشــی لــە وتارەکانــی دەرهێنابــوون لەکۆبوونەوەیەکــی متمانــەداری نهێنــی لەنێــوان کاربەدەســتانی ئەمەریــکا لـــە بەیروتـــدا ئـــەو ئامـــاژەی بـــەوەدا، کـــە کاربەدەســـتانی ســـۆڤیەت لەســێ بۆنــەدا چەکوچۆلیــان خســتۆتە بــەردەم تــا قەڵەمڕەوێتــی خــۆی فــرەوان بــکا و بپەڕێتــەوە ئەودیــو ســنووری خاکــی عێــراق. بەشــێوەیەک هاوتخــوب بــێ لەگــەڵ کۆمارەکانــی یەکێتــی ســۆڤەتدا. (ســمیث) گوتــی (بارزانــی) تــا ئێســتا ئــەو داوایانــەی ڕەتکردوونەتــەوە، بــەڵام لەوانەیــە لەگــەڵ تێکچوونــی زیاتــری ڕەوشــەکە مەیلــی بگۆڕێــت. (بیریانڕۆبــەرت گیبســـن، ٢٠١٩، ١٣٩-١٤٠).

یەکێـک لـە هەنـگاوە گرنگەکانـی شـۆڕشـی کوردسـتان دروسـتکردنی پەیوەندیـی دیپلۆماسـی و سیاسـی و نێودەوڵەتیی بوو، (مسـتەفا بارزانی) کە لەسـاڵانێکی زۆر لـە سـۆڤیەت بـوو، نامەی بۆ بەرپرسـەکان نووسـیوە و داوای لـێ کـردوون لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان بایـەخ بـە دۆزی کوردسـتان بدرێت. بێگومـان لەپێناو شـکاندنی دیوارە بەرزەکان و کرانـەوەی دەرگا بەڕووی کورد نوێنەرایەتـی سیاسـی و دیپلۆماسـی لـە ئەوروپـا و ئەمەریـکا دامەزراندووە.

بۆیـە بـەوردی بیریـان لەبڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیـاری لەبـارەی مافەکانـی کـورد و ڕەوایەتـی شـۆڕش گەیاندۆتـە ڕۆژنامـە بەنێـو بانگـەکان. "ئیـدارەی کەنـدەی بەوتارەکانـی سـمیث دڵخـۆش نەبـوو، هـەر زووش هەنـگاوی هەڵێنـا و خـۆی لە کورد بـەدوور گرت. ئەم وتارانەی بەشـێوەیەکی بەهەنـد هەڵگیـراو لەنێـو ڕای گشـتی ئەمەریکییـەکان کارێکـی وەهـای کـرد، مەیلیـان بەلای کورددا بشـکێتەوە و فشـاریش بۆسـەر ئیـدارەی کەنەدی بێنن بـەوردی هەڵوێسـتی خـۆی لەمـەڕ ئـەم دۆزە دیاربـکات. لـە ١١ی ئەیلوولـدا وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە جەنگـی کـوردی بەپرسـێکی ناوەخـۆ دانابـوو، کـە پێویسـت بـوو بەشـێوەیەکی ناوەخۆییانە چارەسـەر بکرێـت، هەرچۆنێک پشـتگیری کوردانی نەکرد و هیواشـی خواسـت چارەسـەرییەکی ئاشتیانەی بۆ بدرۆزرێتـەوە. (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ١٣٩-١٤٠).

بـەم جـۆرە دەبینیـن ڕۆژنامەنووسـێکی ئەمەریکـی بناغەیەکـی گرنـگ بـۆ شـکاندنی دیـوارە سـەختەکان دژی کـورد دادەرژێـت، ئەمـە دەبێتـە سـەرەتایەکی گرنـگ بـۆ ناسـین و بایەخـدان بـە دۆزی کوردسـتان و دواتریش درووسـتبوونی پەیوەندییەکـی مێژوویـی پـڕ لـە هەڵکشـان و داکشـان و غـەدر و بەزەیـی لەنێـوان کـورد و ئەمەریـکا.

**٢- ٢٨-٣ نیۆیۆرک تایمز و ئیکۆنۆمیست و هەڵوێستی بەریتانیا**

ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز)ی ئەمەریکی لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ لە بەغدا دیدارێکی لەگەڵ (حەمدی پاچەچی) سەرۆک وەزیرانی ئەنجام داوە و پاچەچی دەڵێت: "عێراق زۆر پەرۆشی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانە. پەیامنێرەکە دەڵێت: لە بەغدا وا بڵاوە کە سوپای سوور لە باکووری ئێران یارمەتیی بزووتنەوەی کوردی عێراق دەدات و سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە عێراق (بارزانی)، کە ڕۆیشتووەتە ئەوێ، خواردەمەنی و تفاق و چەکی پێ دەدرێ. ئینجا (حەمدی پاچەچی) ڕایگەیاند: یەکیەتی سۆڤیەت ئەم هەواڵە بەدرۆ دەخاتەوە و ئەگەر (بارزانی) بگەڕێتەوە سوپای عێراق ئامادەیە بەرپەرچی بداتەوە و هۆزەکانی کوردیش ئامادەی بەرەنگاربوونیانن. پاشان سەرۆک وەزیر وتی: بەپێی پەیمانی عێراق - ئینگلیز، جگە لە ڕاوێژکارانی سوپای ئینگلیز نابێ لەناو سوپای عێراقدا هیچ کەسێکی وڵاتێکی تر هەبێت". (د. ئەفراسیاو هەورامی، ٢٠٠٢، ٥٥).

پەیامنێری (دەیلی ئیکسپرێس)یش لە ١٥ی ئابی ١٩٤٧ لە وتوێژێکدا لەگەڵ باڵوێزی عێراق لە تاران سەبارەت بە کوردە هەڵاتووەکانی عێراق بۆ کوردستانی ئێران دەڵێت: بەپێی پەیمانی نێوان عێراق و ئێران تەواوی ئەو کوردانەی عێراق کە هاتوونەتە کوردستانی ئێران بەتایبەتی (مستەفا بارزانی)، لە عێراقدا بەمردن حوکم دراون و دەبێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە دەستگیر بکرێن و بدرێنەوە عێراق، بەڵام ئێستە (بارزانی) و کوردە هەڵهاتووەکانی تر لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتدان و دەستیان پێ ناگات. لە ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٤٦ پەیامنێری ئاژانسی ڕۆیتەر لە بەغدا ڕادەگەیەنێ کەوا سەرکردەی کوردەکانی ئێران

(حەمـە رەشـیدخان) داوای لـە دەوڵەتـی عێـراق کـردووە (شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی) عەفـو بـکات". (د. ئەفراسـیاو هەورامـی، ٢٠٠٢، ٥٦).

لـە ٤ی شـوباتی ١٩٦١ لـە نامەیەکـی زۆر نهێنـی لـە باڵوزخانـەی بەریتانی / ئەنقـەرە بـۆ بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت / وەزارەتـی دەرەوە نـووسراوە: "کاتـێ مەسـەلەی کوردیـم زیادکـرد بـۆ گفتوگـۆ نهێنییەکانـی ئەنجوومـی نوێنەرایەتـی هاوپەیمانـی سـەنتۆ، باڵوێـزی حکومەتـی پایەبڵنـدی پاشـایەتی سـەرنجی ئامادەبووانـی ڕاکێشـا بـۆ ئـەو وتـارەی لەسـەر کـورد لـە گۆڤـاری "ئیکۆنۆمیسـت"ی بەریتانـی لـە ژمـارەی ڕۆژی ١٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٧١ بڵاوکرابـۆوە، لەبەرئـەوەی باڵوێـزی پاکسـتان لـەو کۆبوونەوەیـەدا دووجار ئەو ئەگـەرەی بەناڕاسـتەوخۆ دەربڕی، کە زانیارییەکانی ناو گۆڤاری ئیکۆنۆمیسـت بـە ئـاگاداری ناڕاسـتەوخۆی بەرپرسـانی حکومەتـی بەریتانـی بڵاوکراوەتـەوە، باڵوێـزی بەریتانـی لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە ڕوونکردنەوەیەکـی دا، دەیـوت: ئـەو ڕاپۆرتـە هەڵـەی زۆری تێدایـە و باڵوێـز هاوڕانییـە لەگـەڵ ئـەوەی لەوێدا هاتـووە، بەبۆچوونـی ئـەو حکومەتـی ئێـران و تورکـی بایەخـی گـەورە بـەو مەسـەلەیە دەدەن و زۆر لـێ ئـاگادارن. دوایـی باڵوێـز چووە سـەر بڕگەکانی ٢ و ٣ لـە بروسـکەی وەزارەتـی دەرەوە. (د. عـوسمان عەلـی، ٢٠١٣، ٤٨٢).

ئـەم وتـار و بابەتانـەی لەبـارەی کـورد لـە ڕۆژنامـە جیهانییـەکان بڵاودەکرێتـەوە ئەوەمـان نیشـان دەدات، کـە فکرە و کارە گرنگەکەی (مسـتەفا بارزانـی) لەچۆنیەتـی شـکاندنی دیوارە سـەختەکانی بێدەنگی سـەردەگرێت و کاریگەریی لەسـەر هەڵوێسـت و بەرنامەی حکومەتە مەزەکانی دونیا دروسـت دەکات. بـەم شـێوەیە ئـەوەی ئێسـتا پێـی گەیشـتووین بریتییـە لـە یەکەمیـن هەنـگاو و ئامانجەکانـی دیپلۆماسـی و گوتارە بنەڕەتییەکەی شۆڕشـی ئەیلوول.

**٢-٢٨-٤ دەیلی تێلێگراف**

(پـی. مەککیارنێـی) لەبـارەی ڕاپۆرتێکـی ڕۆژنامـەی دەیلـی تێلێگرافـی بەریتانـی نامەیەکـی نهێنـی دیپلۆماسـی بـۆ (باڵوێزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا لـە ٤نیسـانی ١٩٦٩ و بەڕێـز هینچکیـف) نووسـیووە، کـە لەبەشـێکی ئـەم نامـە نهێنییـەدا نـووسراوە: "لێـرە لەهیـچ سـەرچاوەیەکەوە بەڵگـەی ئەوەمـان بەدەسـتەوە نییـە، کـە بـە هیـچ جۆرێـک جارێکـی تـر شـەڕی ناوخۆیـی سەرتاسـەری لـە باکـوور ڕویـدا بێـت وەکـو ئـەوەی (دەیلـی تێلێگـراف) ئامـاژەی پـێ داوە. ڕاپۆرتـی بـەردەوام هـەن لەبـارەی ڕووداوگەلـی جیاجیـاوە، هەندێـک لـەم ڕووداوانـە کاریگەریـان هەیـە بـۆ سـەر کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق و هێرشـی سـەر دامەزراوەکانـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق لـە کەرکـووک.

ئێمـە دەزانیـن لـەدوای ئـەم هێرشـەوە هێـزی ئاسمانیـی عێـراق بـە موشـەک و ناپاڵـم هێرشـێکی سـزادەرانەی کـردە سـەر گونـدە کوردییـەکان، هەمـوو ئەمانـە دەکرێـت هـۆکاری ئـەو وێرنکارییـە بـن کـە پەیامنێرەکـەی دەیلـی تێلێگـراف باسـی لێـوە کـردووە و ئـەو بڕوایـەی لـەلا دروسـت کردبێت، کـە ئەمـە شـێوازێکی ئاسـایی ڕووداوەکانـە. جگـە لـەم هێرشـە ئاسمانییـە تۆڵەسـێنانە، پێکدادانـی چەکداریـی لەنێـوان کوردانـی (بارزانـی) لەلایـەک و کوردانـی (تاڵەبانـی) لەگـەڵ هێزەکانـی حکومەتـدا لەلایەکـی تـرەوە هەر وەک ڕابـردوو بەردەوامـە. هیـچ ڕاپۆرتێـک لەبـەر دەسـتدا نییـە، کـە عێراقییـەکان تۆپخانـەی قـورس یاخـود تانکیـان بەکارهێنابێـت و هیـچ ئاماژەیەکیـش نییـە کـە ژمـارەی قوربانییـان ئەوەنـدە زۆر بێـت وەکـو نیشـانەی شـەڕێکی قـورس لێـک بدرێتـەوە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١١٣- ١١٤).

ڕۆژنامـەی (The Sphere) ی بەریتانـی لە ١٦ی مارتی ١٩٦٣ پاش مانگێک لەکوشـتنی (قاسـم) و کودەتاکـەی (عـارف) بابەتێکـی بەنـاوی (نیشـتیمانی کـوردان) بڵاوکردۆتـەوە کـە سـێ وێنـەی گرتۆتـە خـۆ، بـاس لـەوە دەکات کـە پـاش سـاڵ و نیوێـک شـەڕی (قاسـم) دژی کـوردان، ئێسـتا کـوردان نوێنەریـان ناردۆتـە بەغـدا بەرێبەرایەتیـی (جـەلال تاڵەبانـی) بـۆ دانوسـان لەگـەڵ وەزیرانـی عێـراق و داوای ئۆتۆنۆمـی دەکـەن، هەروەهـا ئـەوەی کـوردان توانـای کۆنترۆڵکردنـی پەیوەندییەکانـی ناوچـە نەوتییەکانیـان هەیـە و ئەنجوومەنـی شۆڕشـیش لـە بەغـدا جەختـی لـە مافەکانی کـورد کرۆدتەوە بـێ ئـەوەی پەنجـە بخاتـە سـەر ئـەو مافانـە و دەسنیشـانیان بـکات، (مـەلا مسـتەفا)ش پێـی لەسـەر ئۆتۆنۆمـی تـەواو داگرتـووە و هەڕەشـەی ئـەوەی کـردووە گـەر بەغـدا بـەوە ڕازی نەبێـت دیسـانەوە شـەڕ دژی حکومـەت دەسـتپێدەکاتەوە و دانووسـتانیش لـە گوندێکـی باکـوور درێـژەی دەبـێ!!. (پرۆفیسـۆر دکتـۆر یاسـین سەردەشـتی، ٢٠١٨، ٢٥).

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پێـش هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوول نامەیەکـی تونـد بەپێـی قسـەکانی (بیریانڕۆبـەرت گیبسـن) بـۆ (عەبدولکەریـم قاسـم) دەنرێـت، لەهەمـان کاتـدا ئەمەریکییەکانیـش هەرچەنـدە هەندێـک لەبەرپرسـەکانیان نامـە بـۆ سـەرووی خۆیـان لەبـارەی گـرژی و تەقینـەوەی دۆخەکـە لەنێـوان کـورد و عێـراق دەنێـرن، بـەڵام ئەوانیـش پشـتگوێی دەخـەن و ئـەوکات واتـە بەماوەیەکـی ئێجـگار کـورت لەپێـش شۆڕشـی ئەیلـوول پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان داوای (بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی و دەرکردنـی گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان لـە قاسـم) دەکات) و ئـەم نووسـەرە گوتیەتـی: " لەناوەڕاسـتی تەمـووزدا (بارزانـی)

گەڕایەوە باکوور و لەگەڵ خێلە دراوسێکانی دەستی بەهەق و حیسابی کۆنینە کردەوە، ئاخر لەکاتی لە تاراوگەبوونی (بارزانی) لەیەکێتی سۆڤیەتدا ناوچەکەی بن دەستکرابوو... تا دەڵێت: لەناوەڕاستی ئابدا پارتی دیموکراتی کورد حزبێکی چەپڕەوی سیاسی ناسیۆنالیست، کە لەساڵی ١٩٤٦ لە ئێران دامەزرابوو نامەیەکی توند داڕێژراوی بۆ (قاسم) نارد و داوای کردبوو کاربەدەستە عەرەب نەیارەکان و هێزی حکومەت لەناوچەکە لاببا؛ کاربەدەستانی کورد بگوازرێنەوە ئەوێ. زمانی کوردیش لە هەرێمەکەدا بکرێتە فەرمیی، ئازادییە سیاسییەکان دەستەبەر بکرێن و ڕۆژنامە کوردییەکان دەربچنەوە، هەروەک بەرپرسێکی سی ئای ئەی دواتر باسیکرد، کە کاتی خۆی لەوێ بووە، ئەم جارنامەیە نیشانەی دیاری هەڵوێست بوو، ئیدی شەڕ لەنێوان عێراق و کورد بووە شتێکی حەتمی. کونسلی ئەمەریکا لە تەورێز هۆشداریدا کە تورکیا و ئێران خەریکی چەکدارکردنی ڕکابەرەکانی (بارزانی)ن و هانیان دەدەن هێرشبەرن. کاتێکیش ئەمە ڕوویدا هەر (بارزانی) بوو سەرکەوت، کارێکی وایکرد لەڕووی سەربازییەوە بەسەر باکووردا زاڵبێ. (بیریانڕۆبەرت گایبسن، ٢٠١٩، ١٠٩- ١١٠).

**ئاکام:**

**یەکەم:** (مستەفا بارزانی) بەسەر هەموو نەیارەکانیدا زال دەبێت و پێش دەستپێکردنی جەنگ، کێشەکانی لەگەڵ هۆز و عەشیرەتە ناکۆکەکان یەکلایی دەکاتەوە.

**دووەم:** تورکیا و ئێران و دوژمنەکان هەرچەندە دەیانەوێت هۆزەکان دژی بارزانی چەکدار بکەن، بەڵام لە کۆتایدا بارزانی لە کوردستاندا لەڕووی سەربازییەوە زاڵ دەبێت و کۆنترۆڵی ناوچەکان دەکات.

**سـێیەم:** لایەنـە نێودەوڵەتییـەکان لەڕێگـەی تیمـە دیپلۆماسـییەکانیان بـەوردی چاودێـری دۆخـی ناوچەکـە و کـورد دەکـەن.

**چـوارەم:** (مسـتەفا بارزانـی) دوو بۆچـوون دەخاتـە بـەردەم بەغـدا و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، یـان ئۆتۆنۆمـی تـەواو و دروسـت، یـان دەسـتپێکردنەوەی جەنـگ. ئەمـەش نیشـانی دەدات لـەچ پێگەیەکـی متمانـەدار و بەهێـز بـووە.

**پێنجـەم:** بـەم جـۆرە بۆمـان سـاخ دەبێتـەوە گوتـاری (مسـتەفا بارزانـی) لـەڕووی پراگماتیکییـەوە چەنـدە کاریگەریـی لەسـەر دوژمنـەکان دروسـتکردووە، چونکـە بەکـردەوە دەرکەوتـووە خاوەنـی گوتارێکـی واقیعـی و ئامانجـداری ستراتیژیـی بـووە، ئـەو ویسـتوویەتی (بیـری نەتەوەیـی و هوشـیاریی نەتەوەیـی و بـەرەو پێشبردنـی ئـەم بـوارە) دروسـت بـکات و گەشـەی پێبـدات، ئەمەشـی کـرد.

**۲-۲۸-٥ کاردانەوەی قاسم بەرانبەر وتارەکەی (ئادەم سمیث)**

پێ دەچوو وتارەکانی (سمیث) ئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. ڕژێمی (قاسم)یش بەهۆ دەستی بە وتارەکانەوە گرت وەکو ئەوەی بەڵگەیەکی پشتگیری ئەمەریکان بۆ پاڵپشتی کورد و ئیدی بووە بنێشتەخۆشەی بن ددانی (قاسم) بۆ زنجیرەیەک لە وتاری لەبلەبانانەی بەجۆش. هەر بۆ نموونە لە ۳۰ی ئەیلوولدا قاسم هوشداریدا بەوەی چالاکی تاوانبارانەی ئەمەریکا خەڵکی عێراقی دابەشکردووە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گوتانەش باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا داوای لە وەزارەت کرد بە سیاسەت و هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە شۆڕشەکەدا بچێتەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەک لە ئەمەریکا دەرنەکەوت. کە هیچ کردەیەکی لێبکەوێتەوە. (بیریانڕۆبەرت گیبسن، ۲۰۱۹، ۱۳۹-۱٤۰).

پێویستە وەکو مێژوو ئاماژە بە بۆچوون و زانیارییەکانی نێو کتێبەکەی سەرۆک (مەسعود بارزانی) کەناوی (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە) لەبارەی پەیوەندییە سادە بەئەنقسەتەکانی (عەبدولکەریم قاسم) لەبارەی (مستەفا بارزانی) و پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە ئەمە دەمانگێڕێتەوە نێو نیەت و ڕووداوەکان و چۆنیەتی بیر کردنەوەی زەعیم و پێش ئەوەی ئەم بابەتەی ئادەم سمیث بڵاوببێتەوە، دەنووسێت: بەڵام پێوەندیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ساڵی ۱۹٦۱ەوە و بەجۆرێکی ئێجگار تایبەتی لە پاش گەڕانەوەی بارزانییەوە لە کانوونی دووەمی ۱۹٦۱ دا لەسەفەری مۆسکۆ بۆ بەغدا، بەردەوام

ڕووو لــە خراپــی بــووو. گومــان و دوودڵیــی عەبدولکەریــم لــە بارزانــی زۆر زیــادی کردبــوو. ســاردییەک لەنێوانیــان هەبــوو. بارزانــی هــەر کــە هاتــەوە کەوتــە هەوڵــدان بــۆ دیــدار و چاوپێکەوتنــی قاســم. بــەڵام قاســم بەدەسەنقەســت، گوێــی خــۆی لــێ کــەڕ کــرد و دەســتی دایــە خــاوە خاوەکــردن و دەســتبەجێ بەدەنــگ داواکــەی بارزانییــەوە نەچــوو، ماوەیەکــی دوورودرێــژ بەســەرچوو تــا لەشــوباتدا چــاوی پــێ کــەوت. بارزانــی لــەم دیــدارەدا هەوڵــی دا دڵــی قاســم بهێنێتــەوە جــێ، گومانەکانــی برەوێنێتــەوە و گــەرد بەدڵییــەوە نەهێڵــێ و دڵنیــای بــکا کــەوا هەرچــی گومــان لەدڵیدایــە هیچــی لەجێــدا نییــە، ئــەو و پارتــی نیازێکــی خراپیــان بەرانبــەر ئــەو نییــە، هەرچــی بەڵگــە و هۆیەکــی متمانــە پــێ پەیداکردنــی قاســمی شــک بــرد هەمــووی بەکارهێنــا، بــەڵام هیــچ دادێکــی نــەدا و ئەنجامێکــی نەبــوو. کــە مەســەلەکە گەیشــتە ئــەم ڕادەیــە، بارزانــی وای بەبــاش زانــی بــۆ ماوەیــەک بەغــدا بەجــێ بهێڵــێ و بگەڕێتــەوە بــۆ بــارزان، ئەمــە لەمانگــی ئــازاردا بــوو. (مەســعود بارزانــی، بارزانــی .... ســاڵ، ٣٠).

بەپێــی لێکدانــەوەکان و زانیارییەکانــی نێــو ڕۆژنامــەکان و کاردانــەوەی قاســـم بەرانبـــەر کـــورد، لەڕاســـتیدا پەیوەندیـــی بـــە هەڵوێســـت و لێکدانەوەکانــی لــەوە پێشــی ئــەو هەبــووە. ســاردیی و بــێ متمانەیــی گەیشــتۆتە ئاســتێک کــە هیــچ لایــەک نەتوانێــت بــە قاســم بســەلمێنێت کــە ئــەو لەســەر زانیاریــی و نیەتــی هەڵــە بڕیــار دەدات.

**٢- ٢٨- ٦ ڕادیۆکەی سۆڤیەت**

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە عێراق بەرانبەر وتار و ڕاپۆرت و زانیاریی و فیلەمانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا نیگەران بوون و بەردەوام ویستوویانە لەڕێگەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان فشار بێخنە سەر دەزگاکانی میدیا و دەمکوت کردنیان.

دوای ئەوەی بەعس کودەتا دەکەن، ئەمەریکا لەدژی بوون و هاوکاری سۆڤیەت و ترس لەپێگەی حزبی شیوعی عێراق و گومان و ترسە بەردەوامەکەیان لە (مەلا سوورەکە)، هەمیشە کێشەی کوردی وەها دەبینی کە کێشەیەکی ناوەخۆیی عێراقییە. هیچ ڕۆڵێکی ئەمەریکی چ ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی تێدا نابێتەوە و ڕاوێژیش درابووە دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان خۆیان لە دەربڕین و لێدوانی وەها بەدووربگرن، کە (عێراق) و کورد بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی کە مایەی ڕەزامەندی بێت. هەرچەندە دواتر ئەمەریکا خۆی لەپێگەیەکی زەحمەتدا بینییەوە، ئەوەش ئەوکاتەی سۆڤیەتییەکان دەستپێشخەرییان لەدانانی ڕادیۆیەکی نهێنیدا کرد و تێیدا ئەوەی پەخشکرا، کە داوا لە کوردان کرا پاڵبدەنە پاڵ کۆمنیستەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی نوێ و ڕادیۆکە پشتگیری داواکانی کوردی کرد بۆ بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی تەواوی هەرێمی و پشکێکی زۆریان لەداهاتی نەوت هەبێت لەناوچەی کوردیدا بەرهەم دەهات. بۆ ئەمەریکییەکان گرێکوێرەکە ئەوەبوو، ئەوان شکستیان هێنا لەدۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد. (بیریانڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ١٦١).

ئەوکاتەی یەکێتی سۆڤیەت ڕژێمی بەعس بە جینۆساید دژی کورد تۆمەتبار دەکات، کردەوەکانی بەعس بە (پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی

ڕێککەوتنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دانـا و ئـەو پرسـە دەبێـت ببێتـە مایـەی نیگەرانـی هەمـوو دەوڵەتـان). ئـەوکات ڕۆژنامـەی (پراڤـدا) هەمـان خەتابارکردنـی دووپاتکـردەوە، بـەڵام ئەمجارەیـان هەڕەشـەی ئەوەشـی لەگەڵـدا بـوو، کـە سـۆڤیەت کۆمەکـی خـۆی لـە عێـراق هەڵدەپەسـێرێ. ئـەم دوو وتـارە دەسـپێکی هەڵمەتێکـی چڕوپـڕی دیپلۆماسـی سـۆڤیەتی و پڕوپاگەندەکانـە بـوو دژی عێـراق و ئەنجامەکەشـی بەسـەر کێشـەی عێـراق - کـورد دا بـەوە شـکایەوە، کـە ڕووێکـی گرنگـی بایەخپێدانـی لەنێـو جەنگـی سـاردا وەرگـرت. (بیریانڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ١٧٤).

لـە شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی ئـەم گوتـارەی سـۆڤیەت و شـیکردنەوەی (بیریانڕۆبـەرت کیبسـن) شـتێک دەبینیـن، کـە مایـەی لێکدانـەوەی قـووڵ و پێداچوونـەوە و هەڵسـەنگاندنە:

**یەکـەم:** سـۆڤیەت لەڕادیـۆ و ڕۆژنامـەدا ئامـاژە بـەدۆزی کـورد دەکات و هانیـان دەدات بـەرەو کۆمۆنیسـتی بچـن، ئەمـەش لـەڕووی پراگماتیکییـەوە هانـی ئەمەریـکا و بەریتانییـەکان دەدات، جـدیتر بـن لـە چاودێـری مەسـەلەی کـورد و ڕەنگـە بیریشـیان لـەوە کردبێتـەوە ئـەو زەمینـە تێـک بـدەن کـە دەبێتـە مایـەی نزیکبوونـەوەی هـەردوو لا.

**دووەم:** ئەمەریـکا و بەریتانییـەکان ئامـۆژگاری دیپلۆماتـکارەکان دەکـەن خۆیـان لـە لێـدوان لەبـارەی کـورد بـەدوور بگـرن.

**سـێیەم:** لـەڕووی پراگماتیکییـەوە دۆزی کـورد بۆتـە یەکێـک لەبـاس و بابەتـە گرنـگ و کاریگـەرەکان و لەنێـو زمانـی دیپلۆماسـییاندا کـردەی (وریابـوون و بەئاگایـی هەڵسـوکەوت و بڕیـار و ڕێنمایـی و هانـدان و پێدانـی زانیاریـی و ڕەخنـە و لێـدوان.. تاد)یـان پەیـڕەو کـردووە.

**چـوارەم:** نابێـت لەنێـو ئـەم گێژاوەیـە لـە سـەرەتای شەسـتەکان لـە عێـراق دروسـتبووە، پێگـە و گوتـاری کـوردی و شۆڕشـی ئەیلـوول لەبیـر بکەیـن، کـە بەپێـی ئـەم زانیاریانـە کاریگەریـی لەسـەر سیاسـەتی وڵاتـە زلهێـزەکان هەیـە، ئـەم کاریگەریـەش لـە کـردەوەدا بەشـی هـەرە سـەرەکی پەیوەندیـی بـە وریایـی و بەئاگایـی مامەڵەکردنـی (مسـتەفا بارزانـی)ەوە هەیـە لەپێنـاو دروسـتکردنی گوتـار و پێگـەی کـوردی لەنێـو سیاسـەت و دیپلۆماسـیەتی سـۆڤیەت و بەریتانیـا و ئەمەریـکا.

**٢-٢٨-٧ دوو ساڵە سەختەکە**

لەنێوان دوو ساڵی ئێجگار گرنگ و چارەنووسسازدا بۆ کورد لە ١٩٧٣-١٩٧٥ دا کێشەکان بەرەو گەشەکردن و ئاڵۆزیی و کار و کاردانەوە دەچن، بەغدا بەدوای پلان و گومان و شکاندن بوو، کوردیش بەدوای دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکی گونجاوی جێگەی متمانە بوو، ئەمەریکییەکانیش لەپێناو ڕاگرتنی هەژموونی سۆڤیەت و ئەو ئاراستەیەی بەغدا لە خۆماڵیکردنی نەوت دەستی پێکردبوو، بیریانلەشتی نوێ و هاوکاری کورد دەکردەوە. (ئۆپتیس پایک) ئەندامی ئەنجوومەنی پیران بەرپرس بوو لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی لایەنی دارایی و کردە ژێر بەژێرەکە. (پایک) و کۆمیتەکەی سووربوون لەسەر ئەوەی، کە بەسەر کۆمیتەی چلەوە بازیانداوە. لەکاتێکدا ڕاپۆرتی پایک سەبارەت بەدەستوەردان لەکاروباری کورددا زانیاری سەنگینی تێدابوو، بەڵام بەڵگەنامەی ئاشکراکراو پەردەیان لەسەر ئەوە هەڵدایەوە کەوا ڕاپۆرتەکە خودی و کەسەکی بووە (بابەتەکی نەبووە). (کیسەنجەر)یش خاکەڕاییانە بڕوای وەهابووکە (پایک) ویستوویەتی ئەوە نیشان بدات، کە خۆی شەیتانێکی بلیمەتە. لەیەنایری ١٩٧٦دا کاتێک کۆنگرێس دەنگی بۆ ئەوەدا، ڕاپۆرتەکەی (پایک) بەنهێنی بمێنێتەوە، کەچی ئەندامەکانی کۆمیتەکە دزەیان بە ڕاپۆرتەکە بۆ نێو ڕۆژنامەکان کرد. (ویلیەم سافایر William Safire) وتارێکی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکردەوە. تێیدا ئیدارەی فۆردی بە فرۆشتنی کورد تاوانبار کرد. تاوانبارکردنەکەی وتارەکە «بەنهێنی (مستەر فۆرد) کوردی فرۆشت» بەڕوونی دەرهاویشتەکانی ڕاپۆرتەکەی پایکی پێوەدیاربوو. تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا، وەزارەتی کاروباری

دەرەوە وتارەکەی (سافایر)ی وەک کۆکردنەوەیەکی سەرلێشواو و ناڕاست، کە هیچ بەڵگەنامە یان تۆمارنامەیەکی پاڵپشت نییە بەلاوە نا. تەواوی ڕاپۆرتەکەی پایکیش لە ١٦ شوباتدا لە «ڤیلیچ ڤۆیس Village Voice) بڵاوکرایەوە. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ٣٨٠-٣٨١).

پێشبینی ئاکامێکی مەترسیدار:

**یەکەم:** (پایک) ئەوەی ویستی کردی، بەڵام (سافایر) لە وتارەکەی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەڕاشکاوی گووتیەتی (فۆرد) خیانەت لە کورد دەکات و کوردی فرۆشتووە. هەرچەندە حزبەکان ئەم زانیارییە وەها وەسف دەکەن، کە هیچ بەڵگەنامەیەکی لەگەڵ نییە، پاڵپشتی بۆ چوونەکە بکات. لە کۆتایی گەمەکەدا ئەمە ڕاست دەرچوو، کوردیان فرۆشت.

**دووەم:** کورد بەدوای چارەسەرێکی گونجاودا گەڕاوە، بەڵام عێراق بەدوای بەبنەست گەیاندنی دۆخەکە بووە.

**سێیەم:** (مستەفا بارزانی) لەو سەردەمەدا لە مەترسییەکان گەیشتووە، فشارە دیپلۆماسیی و سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەی خوێندۆتەوە، لەم بوارەدا کەسێکی پراگماتیکی و سەرکردەیەکی خاوەن قسە و بڕیار و ئیرادە بووە لەنێو بەرداشی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکاندا بەدوای دۆزینەوەی چارەیەکی بەپەلە و گونجاودا گەڕاوە، بەڵام دیارە موئامەرەکە زۆر لەوە بەهێزترە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات.

**چوارەم:** شەڕی سارد و ململانێی نێوان سۆڤیەت و ڕۆژئاوای سەرمایەداری لەناوچەکەدا توند بووە. بۆیە واقیعی نابین ئەگەر پێمان ئاسایی و سروشتی نەبێت کورد ببێتە قوربانی ئەو ململانێیە.

### ٢-٢٨-٨ ڕۆژنامەی ئەلنور دژایەتی شۆڕش

بەپێـی بەڵگەنامـە بەریتانییـەکان و ئـەو بابەتـەی لەنێـوان دیپلۆماتـکار و ئەوانـەی لێکۆڵینەوەیـان لەبـارەی کـورد و کێشـە و ڕووداوە گەرمەکانـی ئەوکاتـی نێـو کوردسـتان کـردووە، یەکێـک لـەو ڕۆژنامانـەی لەنێـو تۆمـارە نهێنییـەکان پشـتی پـێ بـەستراوە، یـان وەکـو سـەرچاوەیەک بـۆ دروسـتکردنی بۆچـوون ئاماژەیـان پێکـردووە (ڕۆژنامـەی ئەلنـور)ە کـە گروپـی (جـەلال تاڵەبانـی/ جەلالییـەکان) لەسـەردەمی گەڕانەوەیـان بـۆ نێـو حکومەتـی عێراقـی دەریانکـردووە. لەیـەک لـەو بەڵگەنامانـەی (پـی. مەککیارنێـی) بـۆ باڵوزخانـەی بەریتانیـا لەبەغـدا نووسـیویەتی هاتـووە: "عێراقییـەکان سـێ فرقەیـان هەیـە کـە نزیکـەی ٦٠ هـەزار سـەرباز لەخـۆ دەگرێـت و پـێ دەچێـت ئـەو هێـزە بـەس بێـت کـە بەبـێ پاڵپشـتی و هێـزی زیاتـر بتوانێـت دەسـت بەشـەڕەکە بـکات، بـەڵام ئەگـەر ئـەم شـەڕە بـۆ داهاتوویەکـی نزیـک دەسـت بەرنامەڕێـژی بـۆ کرابێـت، ئـەوا پێـم وایـە: دەبـوو هەڵمەتێکـی ڕاگەیانـدن هەبووایـە کـە پاسـاو بـۆ هێرشـە چاوەڕوانکراوەکـە بهێنێتـەوە. تاکـە ئامـاژەی ئـەم بابەتـە ئەوەیـە: ڕۆژنامـەی ئەلنـور کـە ڕۆژنامـەی تاڵەبانییەکانـە لەجـاران ڕاسـتەوخۆتر باسـی لـە پشـتیوانییەکانی ئیسرائیـل بـۆ بارزانـی کـردووە و وەکـو پیلانێکـی ئیمپریالیسـتی لـەدژی عەرەبـەکان نـاوزەدی کـردووە. بـەڵام دەکرێـت ئـەم بابەتـە بـە لێدوانێکـی ڕۆژنامەوانـی سـەبارەت بـە ڕۆژی نـەورۆزی ئـەم دواییـە هاوسـەنگ بکرێتـەوە کـە دەڵێـت: ڕۆژی نـەورۆز لەپێنـاو ڕێزگرتـن لـە کەلتـووری کوردەکانـدا کراوەتـە پشـووی گشـتی". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١١٤- ١١٥).

نامانەوێــت بگەڕێینــەوە ســەر شــیکاریی مێــژووی و ئەرکــی ئــەم ڕۆژنامەیــە، کــە لەلایــەن گروپــی (جــەلال تاڵەبانــی) لــە بەغــدا دەرچــووە و ئەرکــی هێرشــکردنە ســەر شــۆڕش و بارزانــی بــووە. ئــەوەی دەمەوێــت لێــرەدا ئامــاژەی پێبکــەم ئەوەیــە:

ئــەم دیپلۆماتــکارەی بەریتانیــا دەبێژێــت پێــش شــەڕەکە دەبووایــە هێرشــێکی ڕاگەیانــدن دژی بارزانــی و شــۆڕش دەســت پێبکرایــە، بــەڵام تاقــە ڕۆژنامــە کــە لەبەردەســت بێــت و ئەمــەی کردبێــت (ڕۆژنامــەی ئەلنــوری تاڵەبانییــە) شــۆڕش و (بارزانــی) بــەوە تاوانبــار دەکات، کــە ڕاســتەوخۆ لەلایــەن ئیسرائیلــەوە هــاوکاری دەکرێــت، ئەمــەش وەکــو (پیلانێکــی ئیمپریالیســتی دژی عەرەبــەکان وەســف دەکات). بەواتایەکــی دیکــە گوتــاری ڕۆژنامەکــە بریتیــی بــووە لــە پاســاوهێنانەوە بــۆ دەســەڵاتدارانی عــەرەب، تاکــو هێــرش دژی شۆڕشــی ئەیلــوول و (مســتەفا بارزانــی) دەســت پــێ بکــەن. لــەڕووی کردەییــەوە ڕوونــە مەبەســت و ئامانجــی ئــەم جــۆرە گوتــارە چــی بــووە. ئەگــەر ســەیری ئەدەبیاتــی ئــەم ئاراســتەیە لەنێــو کوردســتاندا بکرێــت، لــە دوای ١٩٧٦ هەمــان ئــاواز و قســە و گوتاریــان دژی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و شۆڕشــی ئەیلــوول درێــژە پێــداوە.

مەبەســتمان ئەوەیــە بەریتانییــەکان بــە گروپــی (جــەلال تاڵەبانــی و ئیبراهیــم ئەحمــەد) دەڵێــن (ڕۆشــنبیر و پێشــکەوتنخواز) و (بارزانــی بــە خێلەکــی) دادەنێــن، قســەکانی نێــو ئــەو ڕۆژنامەیــەش، کــە وەکــو بەڵگەیەکــی خــۆ ئامادەکــرن و پاســاوهێنانەوە بــۆ حکومەتــی عێــراق تاکــو هێرشــی نــاڕەوا بکەنــە ســەر کوردســتان و جەنــگ لــەدژی شۆڕشــی

کوردســتان بەســەرۆکایەتی (مســتەفا بارزانــی) دەســت پــێ بکــەن. بــە قەناعــەت و ئیمانیــان پێیــان وایــە لــەم ڕێگەیــەوە خەونــە سیاســییەکانیان دێتــە دی. واتــە ڕۆژنامــەی ئەلنــور لــە دژایەتــی خــودی کــورد و شۆڕشــەکەی پێــش عەرەبــەکان کەوتــووە و دەڵێــت (شۆڕشــی کوردســتان ئیمپریالیــزم و ئیسرائیلــی) لەپشــتە و (دژی عەرەبــە).

لەنامەیەکــی دیکــە (پــی. مەککارنێــی) بــۆ باڵوێزخانــەی بەریتانیــا لەبەغــدا لــە ٥ی نیســانی ١٩٦٩ بەرێــز (هینچکیــف)ی نووســیویەتی و لــە بــارەی ئــەوەی ئایــا (مســتەفا بارزانــی) چەکــی لــە ســەنتۆ وەرگرتــووە یــان نــا دەنووســێت: (ئەلحــاج) گوتــی: چەکــەکان لەئێرانــەوە دێــن. کاتێــک گوشــاری خرایــە ســەر ئەلحــاج گوتــی: لــە کەمپەکــەی بارزانیــدا ڕاوێــژکاری ئێرانــی و ڕەنگــە ئەمەریکیــش هەبــن و بەبــێ هیــچ هاندانێــک گوتــی: هیــچ زانیارییەکــی دیاریکــراوی لەســەر بوونــی ئەفســەری ئیسرائیلــی لەبــەر دەســتدا نییــە.

هــەر بەپێــی نامــە و زانیارییەکانــی ئــەم دیپلۆماتــکارە جارێکــی دیکــە ئامــاژە بــە بابەتەکانــی نێــو ڕۆژنامــەی (ئەلنــور) نووســیویەتی: پرســیارەکە گوشــاری تونــدی خســتۆتە ســەر ئەلحــاج کــە ناچــاری بــکات پەیوەنــدی نێــوان کــورد و ئیسرائیــل/ ســەنتۆ بــاس بــکات. ئەمــە هاوتەریبــە لەگــەڵ ئــەو لێدوانــەی (ئەلنــور)، کــە لەڕاپۆرتــی پێشــوومدا باســم لێــوە کردبــوو، هەروەهــا هاوتەریبــە لەگــەڵ وتارێکــی دیکــەی ئەلنــوردا کــە ئەمــڕۆ بڵاوکراوەتــەوە و بــاس لــەوە دەکات، بزوتنــەوەی کــورد پەیوەنــدی لەگــەڵ ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و ئیسرائیلــدا هەیــە". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ١١٦-١١٧).

واتــە لێــرەدا بەڕوونــی ئامانــج و مەبەســتی گوتــاری ئەلنورمــان بــۆ شــی دەبێتــەوە، کــە گوتارێکــی دوژمنکارانــەی خۆییــە لەلایــەن هەندێــک کــوردەوە دژی خــودی شۆڕشــی ئەیلــوول بڵاوکراوتــەوە، ئــەم جــۆرە کەرەســتە و وشــە و نیــاز و بیرکردنەوانــەی نێــو گوتارەکــەی ئەلنــور دەربــڕی (حوکــم و بڕیــاری چۆنیەتــی بیرکردنــەوەی گروپــی جەلالییــە) لــەدژی شــۆڕش و کوردیــش بەگشــتی.

### ٢-٢٨-٩ سەروتاری ئەلنور و هێرشکردنە سەر شۆڕش

یەکێکـی دیکـە لـەو بەڵگەنامـە نهێنییـە دیپلۆماسـیەی لەنێـو دۆکۆمێنتەکانـی بەریتانیـا دۆزراوەتـەوە ئاماژەیـە بـە سـەروتاری ڕۆژنامـەی ئەلنـور بەنـاوی (پوختـەی ڕۆژنامەکانـی بەغـدا، باڵوێزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا، سێشـەممە ٢٠ ئایـاری ١٩٦٩) پارێـزراوە. ئەمـە دەقـی ئـەو نامـە نهێنییـە دیپلۆماسـییە:

"سەروتارەکان، ئەلنور: گرنگیی زامنکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد:

سـەروتارەکە بـاس لـەو شـەڕە دەکات کـە ئێسـتا لەنێـوان عەرەبـەکان و گەلانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەبەرەیـەک و ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و شـوێنکەوتووانی لەبـەرەی بەرامبەریـان دەکات. سـەروتارەکە دەڵێـت: لەبەرئـەوەی کوردسـتانی عێـراق لەناوچـەی شـەڕەکەدایە، بۆیـە کاریگەریـی شـەڕەکەی کەوتووەتـە سـەر. کوردسـتانی عێـراق لەمـڕۆدا لـە چالاکییەکـی سەرنجڕاکێشـی بەرجەسـتەبووندایە لە"نێـوان هێـزە پێشـکەوتنخوازەکان و هێـزە خراپـەکار و دواکەوتووخـوازەکان"دا. هاوسـۆزییەکی تـەواو بـۆ بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لەژێـر سـەرکردایەتی (حـزب)دا دەبینرێـت چ لەلایـەن چیـن و توێـژە خەباتگێـڕ و چ لەلایـەن ڕۆشـنبیرە شۆڕشـگێرەکانەوە، هـەروەک چـۆن تێبینـی تەریکبوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـە هێـزە چەکدارەکانـی مـەلا مسـتەفا و پەیوەندیکردنیـان بـە (سریـە) نیشـتیمانییەکانی ژێـر فەرمانـی (حیـزب) دەکرێـت. لەلایەکـی دیکـەوە، تێبینـی دەکرێـت هەمـوو ئـەو بەکرێگیـراوە دەرەبـەگ و ناپـاک و دواکەوتووخوازانـەی کـە بەرژەوەندیـی مادییـان بەکەسـانی بیانییـەوە بەستراوەتـەوە پەیوەنـدی بـە مـەلا مسـتەفاوە دەکـەن.

سەروتارەکە باس لەو هەنگاوە نیشتیمانیانەش دەکات، کە حکومەتی ئێستا گرتوویەتیەبەر و ئەو ڕۆڵە دیارەش لەپێناو بەهێزکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دایە، ئەمەش لە قایلکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کورد دادێت لەپێناو پشتیوانکردن لە ئەو خەباتە ڕەوایەی دژی گەلانی عەرەب کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوانە کە جێبەجێ کردنی لایەنە کەلتوورییەکەی ڕاگەیەنراوەکەی ڕۆژی ٢٩ حوزەیران و هەروەها دروستکردنی لیوای دهۆک و بەشداریی کارای کوردە لەبواره ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی عێراق هێشا کاری زیاتری دەوێت. پابەندی بە بنەما پێشکەوتنخوازەکان و ددانپیانانی حکومەتی ئێستا بە قەوارەی کوردیدا لە عێراق وا دەخوازێت کە ڕژێم هەنگاوی خێراتر بنێت بۆ لابردنی هەموو ئەو لەمپەرانەی لەبەردەم هەڵنانی هەنگاوی لەو جۆرەن". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ١٢٠-١٢١).

لەشیکردنەوەی ئەم سەروتارە بەڕوونی بنەمای بیرکردنەوە و کردار و نیەت و پەیامی گوتاری (خاوەنی ڕۆژنامەی ئەلنور) بەرجەستە دەبێت، کە بریتییە لە: ئەمانە خۆیان بە (پێشکەونخواز و لەبەرەی عەرەب عەرەبتر دژی ئیمپریالیزم و ئیسرائیل) دادەنێن و لەسەنگەری حکومەتی بەغدان. لەهەمانکاتیشدا (شۆڕشی ئەیلوول بەسەرکردایەتی (مستەفا بارزانی) بە دواکەوتووخواز و کۆنەپەرست و لەبەرەی ئیمیرپالیزم و ئیسرائیل دادەنێت، بەواتایەکی دیکە شۆڕشی ئەیلوول بە دژی عەرەب و حکومەتی بەغدا دادەنێت).

بۆچی دیپلۆماتکاری بەریتانی پشتیان بەم سەرچاوەیە بەستووە و

بەگرنگییەوە ئاماژە بەم سەروتارانە دەکەن، کە (بریتییە لە هێرشکردنە سەر شۆڕشی ئەیلوول) و (دوژمنکارانەیە) و (خۆی بەستۆتەوە بە بەرەی عەرەب). ئایا بەریتانییەکان هیچ پەیوەندییەکی تایبەتیان بە (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی) و ئەو جیابوونەوەیە هەیە؟ کە سەرەتا دەچنە هەمەدان لەئێران و دواتر دەگەڕێنەوە بەغدا و هاوکاری سوپای عێراق دەکەن بۆ کەمکردنەوەی پێگەی (مستەفا بارزانی) و شۆڕشی ئەیلوول. خوێندنەوەی وردی ئەم دۆکۆمێنتە نهێنی و دیپلۆماسیانە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکەنەوە و ڕەنگە بمان گەیننە سەر ساغەیەکی یەکلاکەرەوەش، کە لای ئێمە هێشتا گریمانە و ئەگەر و پرسیار و گومانە لەبارەی پەیوەندی نهێنی ئینگلیزەکان و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەو جیابوونەوەی ئەنجامیان داوە.

## ٢-٢٨-١٠ دەنگی کوردستانی عێراق

لەڕاپۆرتێکدا لەژێر هەژماری (ME/3191/A/1) لەبارەی دەنگوباس و ڕاپۆرتەکانی (دەنگی کوردستانی عێراق) لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦٩ بەم شێوەیە نووسراوە: "جیهانی عەرەب و ئیسرائیل، ڕاپۆرتەکانی (دەنگی کوردستانی عێراق) (دەنگی کوردستانی عێراق بەزمانی عەرەبی ١٦:٤٠ گرینیچ ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦٩) بەشێک لەڕاپۆرتێک لەبارەی کردەوە سەربازییەکان. هێزەکانمان تا ئێستاش کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر عەمادییەدا هەیە، هێزەکانی دوژمن هێشتا لەژێر گەمارۆدان و کۆمەکیان پێ ناگات. فڕۆکەی عەفلەقییەکان هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی (قەسرێ، ڕێزان و دەلاڵە) بەناپالم و موشەک لە ڕۆژەکانی ٢٦و٢٧ی ئەیلوولدا، بەڵام هێرشەکان هیچ قوربانییەکیان لێ نەکەوتۆتەوە.

لەبنکەی ژمارە یەکەوە

زانیارییەکان لەسەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە پێگەیشتووە کە ئەو تۆپبارانەی کردمانە سەر بنکەکانی (دیبەگە ئەلعدوان) ئەم زەرەو زیانانەی بەدوژمن گەیاندووە. کوژرانی ١٣ سەرباز و برینداربوونی دووان، وێرانبوونی دوو کۆگای سەربازی. چەکەکانی بنکەی یەک لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیلوولدا ئەم بارەگایانەیان تۆپباران کرد لەدوای ئەوەی ئەو هێزانە بەردەوام کردەوەی شەڕەنگێزیان بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە ئەنجام دەدا».

لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا ژمارە (ME/319/A/1) لەنێو بەڵگەنامە بەریتانییەکاندا، کە وەکو ڕاپۆرت و زانیاریی لەنێوان دەزگا دیپلۆماتکارییەکانی ئەم وڵاتە بەکارهێنراوە نووسراوە (دەنگی کوردستانی عێراق) بەزمانی عەرەبی :١٤:٤٠ لەڕۆژی ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٦٩.

١. چەنـد بڕگەیـەک لەبڵاوکـراوەی مەکتەبـی ژمـارە ١ی شۆڕشـی کـوردەوە (ئەنجوومـەن) بـۆ هاووڵاتیانـی پارێزگاکانـی دهـۆک و مووسـڵ:

داوا لەهاووڵاتیـان دەکرێـت لەمـڕۆوە تـا ئـاگاداری داهاتـوو ئـەوا ڕێـگای نێـوان "مووسـڵ، دهـۆک و عەمادییـە" بـەکار نەهێنـن. ئـەم ناوچەیـە و بەتایبەتـی ڕێگاکانـی ئێسـتا مەیدانـی چالاکییەکانـی هێـزە بوێرەکانمانـن. بەپێـی زانیاریـی سـەرچاوە باوەڕپێکـراوەکان، سـەربازانی دوژمـن و ناپاکـە بەکرێگیـراوەکان و دوژمنــە ئاژاوەگێــڕەکان دەیانەوێــت وەکــو گەشــتیار لـە ئۆتۆمبێلـی مەدەنیـدا خۆیـان لەدەسـت سـوپا شۆڕشـگێرەکەمان قوتـار بکـەن.. هیواداریـن هاووڵاتیـان ڕێـگای دەربازبوونیـان پـێ نـەدەن، ئەگـەر نـا بەداخـەوە ناچـار دەبیـن تەقـە لـە هـەر ئۆتۆمبیلێـک بکەیـن کـە بـەو ڕێگایانـەدا تێپـەڕ دەبێـت.

٢. چەنــد بڕگەیەکــی داواکارییــەک لــە زانایانــەوە: زانــا پایەبەرزەکانــی عێــراق، هــەم شــیعە و هــەم ســوننە، پیاوانــی هەمــوو ئایینــەکان، دادوەران و پارێــزەران... ئێمــەی زانیانــی شــەریعەتی ئیســلام لــە کوردســتانی عێـراق "مامۆسـتایان و وتاربێـژان و پێشـەوایان" کـە زیاتـر لـە ٢٥٠ کەسـین بڕوامـان وایـە ئەرکێکـی ئایینـی و مرۆییـە لەسـەرمان داوا لـە ئێـوە بەتایبەتیـی و لەهەمـوو ئـەو کەسـانە بکەیـن کـە بڕوایـان وایـە دەبێـت مـرۆڤ بەئاشـتی بـژی لەچوارچێـوەی ئـەو یاسـایانەدا کـە کەرامـەت و مـاف و ئازادییـەکان دەپارێـزن. داواتـان لـێ دەکەیـن دەنگتــان هەڵبــڕن دژی ئــەو نادادپەروەریــی و ئــەو قەســابخانە خوێناوییـە تۆقینەرانـە کـە لەلایـەن باڵـی ڕاسـتڕەوی لەدینهەڵگـەراوەی بەعسـەوە دژ بـە گەلـە ئاشـتیخوازەکەمان ئەنجـام دەدرێـت. نموونـەی

ئەمەش سوتاندنی ٦٧ کەسە لە ئەشکەوتێکی بچووکی گوندی دوکان کە زۆربەیان مناڵ بوون. هەروەها نزیکەی ١٢٦ مزگەوت بەهۆی تۆپبارانەوە وێران کراون. فڕۆکەکانی بەعس بێ بەزەییانە ناوچە مەدەنییە قەرەباڵغەکان بۆردومان دەکات.

٣. دەقی ڕاگەیندراو: لەڕۆژی ١ی تشرنی یەکەمەوە پەخشەکەمان لەجیاتی کاتژمێر ٦ی ئێوارە لە ٧ی ئێوارەوە دەست پێ دەکات. شەپۆلەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ١٢٩- ١٣٠-١٣١).

مەبەستمان لەم ئاماژەیە ئەوەیە کە دیپلۆماتکارەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی لەسەر دوا ڕووداوەکان چاودێری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراقیان کردووە، بۆیە لەهەموو سەردەمێکدا دەبێت لەوە ئاگادار بین، کە گوتاری ڕاگەیاندن یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی پێویستە بەوردیی و هەستیارییەوە بەکار بهێنرێت. قسە حیساب و لێکدانەوە و بڕیاری بەدواوەیە.

**٢-٢٨-١١ (دەنگی کوردستانی عێراق) ڕەخنە لە (بی بی سی) دەگرێت**

لەژێـر ژمـارەی (ME/320/6/1) ڕاپۆرتێکـی دیکـە دیپلۆماسـی بەریتانـی نـووسراوە بـەم جۆرەیـە: "دەنگـی کوردسـتانی عێـراق لەبـارەی پەیوەندییەکانـی بەریتانیـا و عێـراق، دەنگـی کوردسـتانی عێـراق بەزمانـی عەرەبـی ٤٠:١٥ گرینـچ لـە ڕۆژی ١٥ تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٩:

بەشێک لە پەخشەکە:

١. ئەگـەر بزانیـن دوژمنەکانـی بەعـس کێـن، ئـەوا دەتوانیـن دۆسـتەکانی دەستنیشـان بکەیـن. ئاشـکرایە بەریتانیـا دوژمنـی بەعسـییەکان نییـە. بەڵگەی ئەمەش ئەو ڕاسـتیەیە، کە بەعسـیەکان لەئامانجەکانی خەباتیاندا پرسـی کاریگەریـی کۆمپانیـا گەورەکانـی بەریتانیایـان لە عێـراق وەلاناوە. لەبـڕی ئـەوە سـەدان کەسـییان کردووتە قوربانی لـەو هێرشـانەیانەدا، کە ئامانـج لێـی ناچارکردنـی (پێشـمەرگە)یە بۆ ئـەوەی لەناوچـە نەوتییەکان دوور بکەوێتـەوە، چونکـە دەترسـن لـەوەی ئـەو ناوچانـە وێـران بن.

ڕادیـۆی بەعسـییەکان بەهیـچ شـێوەیەک بـاس لـە چالاکییـە سـیخوڕییەکانی بەریتانیـا لـە عێراقـدا نـاکات، بەهەمـان شـێوەش (BBC) کـە کۆمپانیایەکـی گشـتییە هیـچ ڕاپۆرتێـک سـەبارەت بـە کـردەوەی بەعسـییەکان یاخـود لەبـارەی شـەڕەکانی کوردسـتان بڵاو ناکاتـەوە، کەچـی پەلـەی ئەوەیەتـی ڕاپـۆرت لەسـەر سـەردانی کاربەدەسـتە پلـە نزمەکانـی عێـراق بـکات و بـە وشـەی جـوان پیایانـدا هەڵپـژاوە، بۆیـە گوێگـری بەڕێـز دەتوانێـت ئاسـتی هەماهەنگیـی و هـاوکاری ئـەو دوولایەنـە لەنێـوان بەعسـییەکان و حکومەتـی بەریتانیـا ببینێـت، کـە حکومەتێکـە لەهەمـوو ئەوانـی دیکـە زیاتـر بـە ترسـان لـەڕای گشـتی بەناوبانگـە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٣٢-١٣٣).

گوتـاری ئـەم وتـارەی سـەرچاوەی شـۆڕش ڕوون و ئاشـكرایە كـە ڕوونكردنـەوە و پێدانـی زانیاریـی بـە خەڵـك دەبەخشـێت، بـە گوێرەكانـی دەڵێـت وریـا بـن لـە پەیوەندییەكانـی ئـەم لایەنانـە. ڕەخنەگرتنـە لـە سیاسـەتی بـی بـی سـی و بەریتانیـا. كـردەی هانـدان و هوشـداریی و بەئاگاهێنانەوەیـە.

**٢-١٨-١٢ نەبوونی کاردانەوە**

بڵاوکـــراوە و دەزگاکانـــی ڕاگەیانـــدن یەکێکـــن لـــەو ســـەرچاوانەی دیپلۆماتـــکارەکان پشـــتیان پـــێ دەبـــەستن، یـــان دەزگاکانـــی لێکۆڵینـــەوە وەکـو سـەرچاوە بەکاریـان دەهێنـن. لـە (ئـای. مەککلۆنـی) لـە نامەیەکـی نهێنیـی لـە بەغـداوە بـۆ (باڵوێزخانـەی شـاهانەی سـوێد و هۆبـەی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا بەغـدا، بەرێـز جـی. ئێـس. بێرتـن، بەشـی خۆرهەڵاتـی ناوەراسـت، وەزارەتـی دەرەوە و کۆمۆنوێڵـز لەنـدەن لـە ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانـــی ١٩٧٣) بـــۆ بەڕێـــز (گراهـــام) لەبـــارەی عێـــراق – کـــورد نووســـیوویەتی، ئێمـــە لێـــرەدا دەقەکـــەی وەکـــو خـــۆی بڵاودەکەینـــەوە:"

١. هەنـدێ ورتـەورت لەبـارەی ناکۆکـی لەنێـوان بەعـس و کوردەکانـدا لەئارادایـە.
٢. ڕاپۆرتـــە پچڕپچـــڕەکان لەبـــارەی شـــەڕەکان لەباکـــووردا ماوەیـــەک دەگەنـــە جـــێ. لەناوەڕاســـتی ئایـــاردا وەزیـــری ڕۆشـــنبیریی ئەڵمانیـــای خۆرئـــاوا کاتـــێ ســـەردانی شـــارۆچکەی عەیـــن ســـفنەی دەکـــرد، ئـــەوا خـــۆی لەنـــاو ئابلوقـــەی پەنجـــا چەکـــداری کـــورددا بینییـــەوە و کاتـــێ (کارتراپیـــت) هەوڵـــێ دا ســـەردانی هەمـــان شـــوێن بـــکات لـــە میانـــەی گەشـــتێکی بازرگانیـــدا لـــە ٥ی حوزەیرانـــدا ئـــەو شـــوفێرەکەی ئامۆژگاریـــی کـــرد کـــە ئـــەو کارە نـــەکات و پێـــی گوتبـــوو بـــۆ یارمەتیدانـــی خەڵـــک چـــەک هێنراوەتـــە نزیکـــی شـــارەکان.
٣. بـاس لـەوە دەکرێـت لـەڕۆژی ٢٠ی حوزەیرانـدا دوو فڕۆکـەی مێـک بـە ناپاڵـم هێرشـیان کردۆتـە سـەر گوندێـک لـە نزیـک سنڵێ.

٤. دیـارە جەنـەراڵ بارزانـی چاوپێکەوتنێکـی ئەنجامـداوە لەگـەڵ پایامنێرێکـی ئەمەریکیـدا بەنـاوی هۆگلانـدەوە، کـە تیایـدا باسـی لـە هەڵگیرسـانی شـەڕێکی دیکـە کـردووە لەنێـوان کـورد و بەعسـدا و بانگێشـتی ئەمەریکییەکانـی کـردووە کـە یارمەتـی بـدەن و ئەگـەر پێویسـتی کـرد یارمەتییەکـە بـا لەڕێگـەی ئێـران و ئیسرائیلـەوە بێـت.

٥. تـا ئێسـتا بەعـس بەهێواشـی بەرامبـەر بـەم هێرشـە یەکلایەنەیـە کاردانـەوەی نوانـدووە. حزبـی شۆڕشـگێرانی کـورد (کـە نەیـاری پـدک)ە ڕاگەیەندراوێکیـان بڵاوکردۆتـەوە و وتارەکـەی هۆگلانـد ڕەت دەکاتـەوە و (ئەلسـەورە) ئـەو وتـارەی بەزمانـی عەرەبـی بڵاوکردۆتـەوە و داوای ڕوونکردنـەوەی لـە بارزانـی کـردووە.

(تائێسـتا لـە (ئەلتەخیـدا) کـە ڕۆژنامـەی پدکـە، هیـچ کاردانەوەیـەک نەبـووە، بـەڵام لەسـەروتارێکی پـڕ لەکینـەدا کـە لەبـارەی سـەردانەکەی سـەرۆک بەکـر بـۆ بولگاریـا و پۆلەنـدا بڵاوکراوەتـەوە پێشـنیاری ئـەوەی تێـدا هاتـووە کـە دەبـوو تیمەکـەی سـەرۆک لـە عـەرەب و کـورد پێـک بهاتبایـە". (شـەریف هـەژاری ، ٢٠١٦، ١٦٦-١٦٧).

ئەمـە سـەرەتا و زەمینـە سـازییەکی ئاشـکرایە بـۆ دروسـتکردنی گوتارێکـی نـوێ لەدژایەتـی کـورد و هانـدان و پاسـاو دروسـتکردن بـۆ هـەر ئەگەرێکـی نـوێ بـۆ دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و ناکۆکـی.

**٢- ٢٨- ١٣ ڕوونکردنەوەیەک لە ئەلتەئەخی**

هــەر لەنێــو بەڵگەنامــە نهێنییەکانــی بەریتانیــا لەبــارەی هەڵوێســت و زانیاریــی نێــو ڕۆژنامەکانــدا دەقــی ڕوونکردنەوەیەکــی ئــەم ڕۆژنامــەی پارتــی لەنێــو نامــە دیپلۆماســییەکاندا هەڵگیــراوە و کاری لەبــارەوە کــراوە کــە دەقەیــەک بەتــەواوی بــەم جۆرەیــە:

"وەرگێڕانــی ئەلتەئاخــی ڕۆژی ١ی تەمــوزی ١٩٧٣ ڕوونکردنەوەیــەک بــۆ ڕای گشــتی و عــەرەب ســەبارەت بــە لێدوانێــک کــە دراوتــە پــاڵ ســەید ئەلبارزانــی:

ســەرچاوەیەکی ڕێگەپێــدراو لــە مەکتەبــی سیاســی پارتــی دیموکراتــی کــوردەوە ئــەم لێدوانــەی بــە ڕۆژنامەکەمــان ڕاگەیانــد:

ڕۆژنامـــەی ئەمریـــکان هێراڵـــد تریبیـــون لـــە ژمـــارەی ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانـــی ١٩٧٣دا لێدوانێکـــی بەنـــاوی ســـەید ئەلبارزانـــی ســـەرۆکی پارتــی دیموکراتــی کوردمانــەوە لەلایــەن (جیــم هۆگلانــد)ی پەیامنێرییـــەوە بڵاوکردۆتـــەوە.

بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی ڕاســـتییەکان، ئێمـــە ڕایدەگەینیـــن کـــە ئـــەو وتووێـژەی لەگـەڵ پەیامنێـری ناوبـراودا هەبـووە سـەبارەت بـە ڕێککەوتنـی ئـادار و ڕادەی جێبەجێکردنەکـەی، هەروەهـا ئـەو لەمپەڕانـەی لەبـەردەم جێبەجێکردنەکـەدان، بارودۆخـی گەلـی کوردمـان لـە عێـراق و ئـەو کێشـە و دواکەوتوویــی و بێبەشــیيانەی پێــوەی دەناڵێنیــن بــاس کــرا، هەروەهــا بـــاس لـــە پێویســـتبوونی کوردســـتان بەپەرەپێـــدان و بەرزکردنـــەوەی ســـتانداردی کلتووریــی ڕۆشــنبیریی و کۆمەڵایەتیــی هاووڵاتیانــی کــرا.

ئـەو بابەتانـەی دیکـەی لـە لێدوانەکـەدا هاتـووە و دراوەتـە پـاڵ بەرێـز بارزانـی، هەرگیـز باسـیان لێـوە نەکـراوە.

ئومێدەواریـن هەمـووان لـەوە تـێ بگـەن کـە بۆچوونەکانـی بارزانـی لـە ڕابـردوودا ڕوون و ڕاسـتگۆیانە بـووە سـەبارەت بـە پەیوەندییـە بریانەکـەی نێـوان عـەرەب و کـورد و هەروەهـاش دەمێنێتـەوە. هەروەهـا هەوڵەکانـی ناوبـراو لەپێنـاو تۆکمەکردنـی برایەتـی نێـوان ئـەو دوو نەتەوەیـە لەسـەر بنەمـای ددانپیانانـی مافـە نەتەوەییەکانـی گەلـی کوردمـان لەچوارچێـوەی یەکێتیـی نیشـتیمانیدا بـەردەوام دەبێـت.

بڕوامـان وایـە کـە خسـتنە پاڵـی لێدوانـی لەمجـۆرە بـە بەرێـز بارزانـی ئـەواو کار ناکاتـە سـەر ئـەو هەوڵـە ڕاسـتگۆیانەیەی لـە پێنـاو جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـەی ئـادار و پتەوکردنـی یەکێتـی نیشـتیمانیی و بەهێزکردنـی برایەتـی ڕاسـتەقینە لەنێـوان عـەرەب وکـورد و کەمـە نەتەوەییەکانـی تـردا دەیـدات". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٦٨-١٦٩).

ڕۆژنامـە دەبێتـە بەڵگەنامەیەکـی مێژوویـی، لەهەمانکاتیشـدا هـەواڵ و زانیارییـەکان بەشـێوەیەکی نیمچـە فەرمیـی وەردەگیرێـت، یـان وەکـو زانیاریـی نیمچـە پشتڕاسـتکراوە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت. لـە ١٧ و ١٨ی ئـازاری ١٩٧٣دا سـەدام حوسـین لەگـەڵ (لایەنـە جێـی بایەخـە) پاڵێوراوەکانـدا کۆبوویـەوە، کـە ٢٠٠ نوێنـەری کـورد بەشـداریان تێـدا کـرد. ڕۆژنامـەی ئەلتەئەخـی گووتیەتـی: ئەنجامـی کۆبوونـەوەکان نەزانـراوە. بـەڵام پێـش ئـەوان ڕۆژنامـەی ئەلتەخـی پـدک سـکاڵای ئـەوەی دەکـرد کـە بەشـدارەکان نوێنـەر نیـن و زۆرێـک لـە کەسایەتییە خـاوەن کاریگەرییـەکان لـە لیسـتەکەدا دەرهـێنراون". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٨١).

ئـــەم ڕوونکردنەوەیـــە ئاشـــکرایە لـــە نیشـــانی دەدات (مســـتەفا بارزانـــی) لەســـەر پاراســـتنی برایەتـــی کـــورد و عـــەرەب و کەمایەتییـــە نەتەوەییەکانـــی دیکـــە بـــەردەوام و بەردەوامیـــش دەبێـــت، ئـــەو برایەتیەشـــی بـــەوە بەســـتاوەتە کـــە لەســـەر بنەمـــای دانپیانانـــی مافەکانـــی کـــورد دروســـت بـــووە و پەیوەســـتە بـــە جێبەجـــێ کردنـــی ڕێککەوتنەکانـــی نێـــوان هـــەردوو لا. کـــردەی (ڕەتکردنـــەوەی ئـــەو قســـانەی تێدایـــە) کـــە ڕۆژنامـــە ئەمەریکییەکـــە بڵاوی کردۆتـــەوە. لەتـــەک ئەوەشـــدا ئامـــاژە بـــە کۆبوونـــەوەی کارتۆنـــی و دەســـتکردی (ســـەدام حوســـین) لەگـــەڵ لیســـتێک لـــە کـــورد دەکات و ئەمـــە ڕەت دەکاتـــەوە و پێـــی وایـــە کەســـانی نوێنـــەری هەقیقـــی کـــورد بەشـــداریان تێـــدا نەکـــردووە و ناوەکانیـــان دەرهـــێنراوە. گوتـــاری (ڕەتکردنـــەوە و ڕوونکردنـــەوە و ئاگاداریـــی و ڕەخنـــە) لەنێـــو ئـــەم بابەتـــەدا بـــەدی دەکرێـــت.

## ٢- ٢٨- ١٤ ڕێگای گەلی شوعییەکان

(ئـای مەککۆنـی) لـە ڕاپۆرتێکـی دیکەیـدا لەبـارەی هەڵوێسـت و بۆچوونـی هەندێـک لەڕۆژنامەکانـدا ئەمجـارە پشـتی بـە (ڕێـگای گـەل)ی حزبـی شـیوعی عێـراق بەسـتووە و لـە ڕاپۆرتێکـی نهێنـی بـۆ (باڵوێزخانـەی شـاهانەی سـوێد، هۆبـەی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا بەغـدا، بەڕێـز جـی. ئێـس، بێرتـن ، بەشـێ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، وەزارەتـی دەرەوە و کۆمۆنوێڵـز لەنـدەن ڕاپۆرتـی ژمـارە ١/٢ ڕۆژی ٢٠ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٣ بـۆ بەرێـز گراهـام) لەبـارەی عێـراق: کـورد نووسـیویە: "لـە ڕۆژنامـەی (ڕێـگای گـەل)ی شـیوعییەکاندا لـە ڕۆژی ١١ی تشرینـی دووەم بـاس لـەوە کـراوە کـە فەرماندەیـی هێـزە چەکدارەکانـی پـدک فەرمانێکیـان دەرکـردووە شـیوعییەکان چـەک بکـەن و بیانبەزێنـن. بەپێـی ڕاپۆرتـەکان چەکدارەکانـی کـورد لەنزیـک ئـەو شـارانە کۆبوونەتـەوە کـە شـیوعییەکان و پشـتیوانیەکانیانی لێـن. کـوردەکان تـۆپ و هاوەنیـان پێیـە. ڕۆژنامەکـە ژمـارەی کوردەکانـی لەشـاری دەربەندیخـان بـە ٢٥٠٠ چەکـدار خەملانـدووە کـە چـوار سـەربازی کـورد سـەرکردایەتیان دەکـەن بەنـاوی : فەتـاح ئاغـا، حەمـە شـەمێران، سـاڵح بێـداوی و مـولازم نـەوزاد". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٨٢).

لـە ٢ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٣دا (عەزیـز موحەمـەد) سـکرتێری حزبـی شـیوعی عیـراق نامەیـەک بـۆ (مسـتەفا بارزانـی) دەنووسـێت و لەوێـدا نیمچـە گلەییـەک دەکات و دەڵێـت: ئـەوەی جێـی داخـە بـۆ مـن ئەوەیـە پێتانـی ڕابگەیەنـم کـە هەمـوو هەوڵێـکمان لـەم ڕێگەیـە دا و هەسـتکردنمان بـە بەرپرسـیاریەتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی مێژوویـی

لەلایـەن هەنـدێ بیریانـی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نـەک هـەر بـە هەڵوێسـتێکی ئیجابیانـە، یـان مامەڵەکردنـی وەکـو یـەک سـەیر نەکـرا، بگـرە بێدەنگیـی ڕاگەیانـدن و زۆر پەرۆشـیمان بـۆ ئەوەیـە نەهێڵیـن پێوەندیـی نێـوان هـەردوو حزبمـان بـەرەو هەڵدێـری بچێـت، بـۆ مەبەسـتی بەردەوامـی و سـووربوون لەسـەر دژایەتـی کردنـی حزبـی شـیوعیمان و بەردەوامـی ڕاونانـی ئەنـدام و لایەنگرانـی لـە کوردسـتان خرایـەکار. شـاڵاوی دەسـتدرێژی کردنـە سـەر هاوڕێیـان و ڕێکخراوەکانـی حزبمـان لەزۆربـەی ناوچـە کوردییـەکان بەشـێوە و شـێوازی جیاجیـا، بەتایبەتیـش لەلادێکانـدا بـۆ سـەر حزبمـان هێشـتا بەردەوامـە...... ئەمـەی سـەرەوە بەشـێکە لـەو نامەیـەی کـە گلەیـی کـردووە لـەوەی پارتییـەکان شـیوعییەکان ڕاو دەنێـن. لـە درێـژەی نامەکەیـدا (عەزیـز موحەمـەد) دەڵێـت: ڕێـڕەوی گفتوگـۆ و بەندەکانـی ئـەو ڕێککەوتنـەی نێـوان نوێنـەری هـەردوو حـزب کـە پێـی گەیشـتووین، بەهەمـوو ڕێکخراوەکانـی حزبمـان ڕاگەیانـدووە و ئـەو مافـەی خـۆشمان ڕاگرتـووە لـە بـەردەوام بـوون لـە پـەردە هەڵماڵین لەسـەر ڕاسـتی، سـەبارەت بـەوەی لـە کوردسـتان ڕوو دەدات لەسـەر لاپـەڕەی ڕۆژنامـەی (طریـق الشـعب) و دەسـتەی نووسـینی ڕۆژنامەکـە سـەر وتارێکـی نووسـی ئـەو ڕێککەوتـن و بەیانـەی بـەرز نرخانـد....

(مسـتەفا بارزانی)یـش لـە ٥-١٢-١٩٧٣ وەڵامـی نامەکـەی داوەتـەوە و لەبەشـێکیدا دەڵێـت: ئـەو ڕێککەوتـن و بەیانـە هاوبەشـەی لەنێـوان هـەردوو حـزب بـۆ حاڵەتـە ئاسـاییەکەی پێشـوو، ئێمـە بڕیارمـان داوە بـەم ڕێگەیـەدا بڕۆیـن، ڕێگەی هاوکاری و دۆسـتایەتی، بۆ چارەسـەرکردنی هەر گیروگرفتێـک کـە لەداهاتـوودا ڕووبـدات. بـرای بەڕێـز، مـن بەدۆسـتێکی

ئازیـزت دادەنێـم و پشـت بـە نیـازە پاکەکانـت و بـاش هەڵسـەنگاندنی هەمـوو کاروبارێکتـان دەبەسـتم و زۆریشـم پـێ خۆشـە کـە لـە کوردسـتان پێشـوازیت لـێ بکـەم بۆئـەوەی بەدوورودرێـژی ئاڵوگۆڕکردنـی ڕاوبۆچوون لەبـارەی ئـەو خاڵانـەی لـە نامەکەتانـدا هاتـوون بکەیـن..... (مەسـعود بارزانـی، بـێ سـاڵ، ٣٠٩- ٣١٢).

لـە ڕاسـتیدا ئـەو کات کێشـەیەکی تونـد لەنێـوان هـەردوو حزبـدا هەبـوو، ناکۆکییـەکان گەیشـتبووە هەڕەشـە و پێکدادانـی چەکداریـش، بێگومـان چ نامـە نهێنییەکانـی بەریتانیـا چ نامەگۆڕینەوەکـەی نێـوان (مسـتەفا بارزانـی) و (عەزیـز موحەمـەد) ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنن. نامەکـەی سـکرتێری حزبـی شـیوعی دوورودرێـژە و بەپێچەوانـەش نامەکـەی ڕێبـەری نەتەوەیـی کـورد پوخـت و کورتـە و داوای دانیـشتن و چارەسـەری ڕووبـەڕووی کێشـەکان دەکات، نایەوێـت هەمـوو شـتێک وەکـو بەڵگەنامەیەکـی نـووسراو بنووسـێت، هەروەهـا لـەڕووی دیپلۆماسـییەوە داوای کـردووە داوەتـی کوردسـتانی دەکات بـۆ ئـەوەی لەنزیکـەوە ئـەو شـتانەی نانووسرێـن بەیەکـەوە بـاس بکـەن. مـن پێـم وایـە نامەکـەی (بارزانـی) ئـەوە دەسـەلمێنێت، کـە ئـەوان لـە دۆخێکـی ئاڵـۆز لەپەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتـە زلهێـزەکان دان، نایانەوێـت بەڵگەیەکـی نـووسراو بدەنـە هیـچ لایەنێـک، لەکاتێکـدا ئەمەریـکا و بەریتانیـا و ئێـران دڵیـان بـەوە خـۆش نەبـووە، کـە عێـراق و سـۆڤیەت و شـیوعییەکان پەیوەندییەکـی ستراتیکـی پتەویـان هەبێـت. ئەمـە نیشـانەی ورایـی و دووربینـی (مسـتەفا بارزانـی)ە، نـەک هەسـت نەکـردن بەکێشـە و گرفتـەکان.

### ٢-٢٨-١٥ ڕۆژنامەنووسان لەنامەی نهێنی دیپلۆماسی بەریتانیادا

یەکێـک لـەو بوارانـەی هەمیشـە دیپلۆماتـکارەکان بایەخـی پـێ دەدەن چاودێـری و بەدواچوونـی بـۆ دەکـەن کاری ڕۆژنامەنووسـییە، یـان ئـەو بابـەت و ڕاپـۆرت و هـەواڵ و زانیاریانـەی ڕۆژنامەنووسـان بڵاوی دەکەنـەوە دەبێتـە جێگـەی بایەخیـان. لـە بەڵگەنامەیەکـی نهێنـی لەبـارەی ڕووداوەکانـی سـاڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ (ژمـارە ٣/٢٤٥ کـە ئـای تـی ئێـم لـوکاس لـە بەشـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ مسـتەر ویـەر و سـێر ئـەی. دەف) ی نـاردووە لەبەشـێکی ئـەم بەڵگەنامـە نهێنیـەدا لەبـارەی ڕۆژنامەنووسـە بەریتانییـەکان و ڕەخنەکانـی عێـراق هاتـووە: "هەرچەنـدە ڕۆژنامەنووسـە بەریتانییـەکان دەڵێـن وتارەکانیـان هاوسـەنگ بـوون و بـە هاوسـەنگییەوە مامەڵەیـان لەگـەڵ ئاشـتەوایی عێـراق لـە کوردسـتاندا کـردووە، بـەڵام بەبـێ گومـان هەندێـک لـە ڕۆژنامـەکان مەیلـی ئەوەیـان هەبـووە شـکۆمەندی بـە شـەڕەکە ببەخشـن. بـە بۆچوونـی مـن، ئەمـە هـاوکات لەگـەڵ سـەردانی ڕۆژنامەنـووس و پەرلەمانتـارەکان بـۆ بـەرەی کـوردەکان لەسـەردەمی جەنگەکـەدا هۆکارێکـی سـەرەکیی ئـەم ڕەخنەیـەی عێراقـە. عێراقییـەکان ئەمـە بڕوایانـە، هەرچەنـدە ئەمـە بڕوایەکـی هەڵەیـە، کـە پشـتیوانیی ڕۆژنامەنووسـی بەریتانیـا بـۆ کـوردەکان بەبـێ ڕێنمایـی دەوڵەتـی بەریتانیای مـەزن نەبـووە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٨٨).

لێـرەدا چەنـد سـەرنجێکی گشـتی لەئاکامـی شـیکردنەوەی ئـەم زانیاریـی و هەڵوێسـت و لێکدانەوەیـە دروسـت دەبێـت، لەوانـە:

**یەکـەم:** حکومەتـی بەریتانیـا ئـاگاداری پەیوەندییەکانی ڕۆژنامەنووسـانی بەریتانیـا و کـورد بـووە و ڕێنمایی کـردوون.

**دووەم:** عێـراق ڕەخنـە لەبەریتانیـا و حکومەتەکـەی دەگرێـت، کـە ڕۆژنامەکانیـان لایەنگیـری کـورد دەکـەن. واتـە لـەڕووی شـیکردنەوەی پراگماتیکـی (بـە ڕەوشـت و ڕەفتـاری بەریتانییـەکان ڕازی نەبـوون)، ئـەم ڕاپۆرتـە دیپلۆماسـییە بـواری (وەسـفی) پەیـڕەو کـردووە، ئەمـەش قـورس و ئاڵـۆزە بزانیـن چیـان بەکـردەوە دەوێـت.

**سـێیەم:** ڕۆژنامەنووسـەکان پێداگـرن لەسـەر ئـەوەی کارەکانـی خۆیـان بـە هاوسـەنگی لەنێـوان ئاشـتەوایی عێـراق و کـورد کـردووە.

**چـوارەم:** هەندێـک لـە ڕۆژنامـەکان مەیلـی ئەوەیـان هەبـووە شـکۆمەندی بـە شـەڕەکە بـدەن.

**پێنجـەم:** نووسـەری ئـەم نامـە نهێنییـە دیپلۆماسـییە ڕای خـۆی داوە و پێـی وایـە مەسـەلەکە لـە بنەڕەتـدا هـەواڵ و ڕاپۆرتـەکان نییـە، بەڵکـو پەیوەنـدی بـە (سـەردانی ڕۆژنامەنـووس و پەرلەمانتارە)ەکانـی بەریتانیـاوە هەیـە، کـە لـەو کاتـدا سـەردانی کوردسـتانیان کـردووە، ئەمـە بـە هـۆکاری سـەرەکی ڕەخنەکانـی عێـراق دادەنێـت.

**شەشـەم:** ئـەم کەسـە (ئـای تـی ئێـم کـوکاس) کـە نامەکـەی ئاراسـتەی (مسـتەر ویـەر و سـێر ئـەی. دەف) کـردووە بەڕاشـکاوی گوتیەتـی: "ئەمـە بـڕوای عێراقییەکانـە، بـەڵام بڕوایەکـی هەڵەیـە". بـە پێـی شـیکردنەوەی کـردە قسـە هـەواڵ و زانیاریـی پشـت بـە (درۆ یـان ڕاسـتیی) دەبەسـتێت، دەکرێـت درۆ بێـت، یـان ڕاسـت. لەنێـو ئـەم نامەیـەدا نووسـەر بابەتـی گوتارەکـەی لەسـەر ئـەوە بیناکـردووە کـە بۆچوونەکانـی عێـراق درۆیـە و هەڵەیـە. لەتـەک داننـان بـەو ڕاسـتیەش، کەچـی ئـەوان بەردەوامـن لەسـەر داکۆکـی و پاڵپشـتی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق.

واتــە نووســەری ئــەم نامەیــە بەڕاشــکاوی نەیتوانیــوە دژی کــورد، یــان هەڵوێســتی کــورد نــە بەبــاش و نــە بەخــراپ هیــچ قســەیەک بــکات، داکۆکــی لــە ڕۆژنامەنووســەکان کــردووە و پێــی وایــە (بــڕوای عێــراق لــە ڕەخنەگرتنەکانــی دژی ئــەو ڕۆژنامەنــووس و ڕۆژنامانــەی هەواڵــی جەنگــی کوردســتانیان بڵاوکردۆتــەوە واتــە هەواڵــی ١٩٧٤-١٩٧٥، هاوســەنگ بــوون لــە گواســتنەوەی زانیارییــەکان، حکومەتــی عێــراق هەڵەیــە).

لـە ڕوانگـەی شـیکردنەوەی پراگماتیکییـەوە ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەبێتـەوە هەرچەنــدە بەریتانییــەکان ویســتوویانە لــەڕووی (ئەخلاقییــەوە) هیــچ بڕیــار و حوکمێکــی ڕاشــکاوانە نــەدەن، بــەڵام (ڕەخنــەی عێــراق)، هیــچ زەمینەیەکــی زمانەوانــی بــۆ (ســوپاس و پێشــوازیی) وەکــو کــردە قســە لەبــەردەم بەریتانییــەکان نەهێشــتۆتەوە.

## ٢-٢٨-١٦ عێراق واز لە ڕەخنە دژی ڕۆژنامەکان ناهێنێت

(ئای مەککلۆنی) لەبەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ژمارەی نهێنی ٢٣٣٥٧١ دەبلیو ٩٢ لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ نامەیەکی تایبەتی بە ژمارە ٣/٢٤٥ بۆ (مستەر چەرچ) بەشی هەواڵ دەبلیو ٢١) ناردووە، لەم نامەیەدا ئاماژە بە ڕەخنەکانی حکومەتی عێراق دژی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا دەکات. بە واتای ئەوەی گوتاری فەرمیی بەغدا ئەوە بووە ڕێگە لەو ڕۆژنامانە بگیرێت، کە دەیانەوێت هەواڵی کورد بڵاوبکەنەوە. لەبەشێکی ئەم نامە تایبەتییەدا هاتووە: "عیسام مەحبوب کە وەزیری عێراقە، چەند جارێک باسی ئەوەی لەگەڵدا کردین کە وەکو حەزێکی گشتییان ڕۆژنامەکانی بەریتانیا ئاماژە بە کورد دەکەن، بۆ نموونە تایمز و فاینەنشیەل تایمز و گاردیان کە تیایاندا هەواڵەکان لەبارەی کوردەوە بڵاودەکرێنەوە، زیاتر پشت بە زانیاریی کوردەکان دەبەستن هەتا لە باڵوێزخانەی عێراقەوە وەری بگرن.

دوا نموونە کە ئاماژەی پێ دا هەواڵی کوشتنەکەی ئەم دواییەی د. وانلی بوو لە جنێڤ. باڵوێزخانەکە بە تایمزی ڕاگەیاندووە: ئەو بەیاننامەی لەلایەن کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پدک)ەوە بڵاوکراوەتەوە هەڵەی ڕاستەقینەی تێدایە. بەڵام تایمز هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕاستکردنەوەی ڕاپۆرتەکەیان نەناوە. بۆ نموونە باڵوێزخانەکەی پێی گوتین: کە ماجد ئەلتکریتی کونسوڵی عێراق نییە لە جنێڤ، بەڵکو بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەیە لە بەغدا (لەم ڕووەوە بەڕێکەوت ناوبراو وەکو میوانی فەرمیی دەوڵەتی بەریتانی مەزن بۆ ڤیستڤالی جیهانی ئیسلام سەردانی بەریتانیای کردووە".

لەدرێــژەی ئــەم نامەیــەدا هاتــووە: "بەدڵنیاییــەوە عێراقییــەکان زۆر کــراوە نیــن بەرامبــەر بــەو کەســانەی دەیانەوێــت زانیاریــی پلەبەنــدی نەکــراو لەبــارەی ڕووداوە ناوەخۆییەکانــەوە بڵاوبکەنــەوە. بــەڵام هانــدراون کــە لێــرە پەیوەنــدی ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ ڕۆژنامەکانــدا لەگــەڵ ئەنــدام پەرلەمــان و کەســایەتییە خــاوەن دەســەڵاتەکاندا دروســت بکــەن. ئەمــەش وەک هەولێکــە بــۆ گەیاندنــی بۆچوونەکانیــان و دەبێــت دڵنیــاشبن لــەوەی بەباشــی گوێیــان لــێ دەگیرێــت. بــۆ نموونــە ئەگــەر لــە مەســەلەی کــورددا ، ئەگــەر هێلــی (پــدک) بــەردەوام زانیاریــی بــدات بەبــێ ئــەوەی بۆچوونەکانی عێراقییــەکان دەربــبڕدرێــن، ئــەوا ئەوەنــدەی دیکــە ســارد دەبنــەوە و پاســاوی ئەوەیــان دەداتــێ کــە بەشــێوەیەکی نادادپەروەرانــە مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکرێــت. بۆیــە دەمەوێــت بزانــم ئایــا هیــچ کارێکــت پــێ دەکرێــت، بەبــێ ئــەوەی بچینــە وردەکاری بابەتەکانــەوە، کــە هانــی "ئیــدوارد مۆتایمــەر و جــۆن کاس و ئەونــی دیکــە" بدرێــت تاوەکــو لەکاتــی باســکردنی بابەتــە هەســتیارەکاندا ســەرنجێکی زیاتــر بــە بۆچوونەکانــی حکومەتــی عێراقــی بــدەن. ئایــا ئــەم کارە لەســەر ئاســتی پیشــەیی نــەک سیاســی ئەنجــام دەدرێــت، واتــە لەســەر ئــەو بنەمایــەی بۆچوونــە فەرمییەکانــی عێراقیــش هــەر هەواڵــن؟. " (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٣٠٩-٣١٠).

گوتــاری فەرمیــی لەنێــو نامــە نهێنییــە دیپلۆماتکارییەکانــی بەریتانیــا مایــەی ئەوەیــە دەیــان لێکۆڵینەوەیــان لەبــارەوە بکرێــت. ئــەوان کاتێــک مەســەلەکە پەیوەنــدی بەهاوکاریــی کــوردەوە هەبێــت، بانگەشــەی (تێوەنــەگلان و بێلایەنبــوون) دەکــەن، کەچــی بــۆ عێــراق تاکــو پەیوەندییەکانیــان ســارد نەبێتــە، یــان بەرهەمهێنانــی نــەوت وایــان لــێ

دەکات ڕاشـکاونە لایەنگریـی سیاسـەتی عێـراق بکـەن و لەهەمـان کاتیشـدا لـەڕووی پیشـەییەوە کاریگەریـی لەسـەر ڕۆژنامـە ناوبراوەکانـی بەریتانیـا بکـەن، بـۆ ئـەوەی بایـەخ بـە بۆچـوون و زانیارییەکانـی باڵوێزخانـەی عێـراق بدرێــت.

لەشیکردنەوەی ئەم جۆرە گوتارەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

- بەریتانییــەکان ترســاون بەغــدا لــە پەیوەندییەکانیــدا ســارد بێتــەوە، بۆیـە هاندانـی ڕۆژنامـەکان بـۆ ئـەوەی بـەلای عێراقـدا بشـکێننەوە، بـە کارێکـی عاقڵانـەی خۆیـان دەزانـن.
- پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ٢٨ی تشرینـی ١٩٧٦ واتـە پێـش ئـەم مێــژووە کارا و چــالاک بــووە بــۆ گەیاندنــی هەواڵەکانــی ناوەخــۆی کوردســتان و ئاشــکراکردنی سیاســەتی ڕاگواســتن و بەعەرەبکــردن.
- عێـراق پێـی وایـە تایمـز و فانیەنشـیەل و گاردیـان تـاک لایەنـە بە پشـت بەسـتن بەزانیارییەکانـی کـورد و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هـەواڵ و بابەتەکانیـان بـڵاو دەکەنـەوە.
- لەو کاتدا بەعس هەولی تیرۆری (د. وانلی) داوە.
- عێراقییــەکان کــراوە نیــن بەرانبــەر بڵاوکردنــەوەی زانیارییــەکان، نایانەوێــت هەواڵــی ناوەخــۆی عێــراق بڵاوبکرێتــەوە.

ئــەم ڕاپۆرتــە تایبەتییــە ئەوەمــان بــۆ دەردەخــات، کــە بــواری پەیوەندیـی بـە ڕۆژنامـەی بیانـی و کاروبـاری دەرەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردســتان لــەدوای تێکچوونــی شۆڕشــی ئەیلــوول، بەخێراییــی و بــێ پسـان بـەردەوام بوونـە لـە درێـژەدان بەشـۆڕش و چالاکییەکانـی خۆیـان

ڕانەگرتــووە و هــەواڵ و زانیاریــی کاریگــەر و وردیــان بــە ڕۆژنامــەکان داوە. ئــەم کارەش بریتییــە لــە گوتــاری فەرمیــی دیپلۆماتــکاری بەریتانیــا لەبــارەی دۆزی کوردســتان ئەوەمــان بــۆ ســاخ دەکاتــەوە:

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و نوێنەرەکانیــان لــە بەریتانیــا و ئەوروپــا بــێ پســانەوە درێژەیــان بــەکار و چالاکییەکانیــان داوە.

لەهەمــان کاتــدا حکومەتــی عێراقیــش ترســاون لــەو زانیاریانــەی بڵاودەکرێتــەوە ببێتە ســەرچاوەیەکی زینــدووی هاندانی ڕای گشــتی دەرەکی دژ بــە حکومەتــی عێــراق، بەتایبەتــی ئــەوکات لــە نەتــەوە یکگرتــووەکان کۆبوونــەوە دەربــارەی کــورد و ڕاگــواستن و سیاســەتی بەعــس کــراوە.

### ٢-٢٨-١٧ ڕاگواستن لە گاردیان و تایمز و فاینەنشیال تایمز

کۆنفرانسـی ڕێکخـراوە بەریتانییـەکان بـۆ هاریکاریکردنـی پەنابـەران لـە ڕۆژی چوارشـەممەی ٢٥ی شـوباتی ١٩٧٦ لـە کاتژمێـر ٤ی پاشـنیوەڕۆدا لــە کتێبخانــەی ناوەنــدی پەرەپێدانــی نێودەوڵەتــی پارنێــل هــاوس، ٢٥ ویڵتــۆم ڕۆد، لەنــدەن SW1 گرێــدرا. ســێ کــورد لــەم کۆبوونەوەیــەدا بەشـدار بـوون بەناوەکانـی (ئێـچ غەفـوری/ کـە دەکاتـە هـاواری کاکـە زیـادی کۆیـە) نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و (جـەی عەلـی) نوێنەرایەتـی کـورد لـە ئەوروپـا و (دی میـران/ دارا میـران). لەوێـدا ئامـاژە بــە بابەتــە جدییەکانــی دوو ڕۆژنامــەی بەریتانــی لەبــارەی سیاســەتی ڕاگــواستن لــە کوردســتان لەلایــەن ڕژێمــی بەعســەوە کــراوە و هاتــووە:

"مسـتەر عەلـی ئامـاژەی دا لـە ڕاپۆرتێـک کـە لەلایـەن "ئێـم. جـەی. سـی. لوپـی" سـەر بـە کۆمەڵـەی سـویسرا بـۆ مافەکانـی مرۆڤـەوە ئامادەکرابــوو، ئامــاژە بــەوە دەکات حکومەتــی عێــراق دەیەوێــت نزیکـەی یـەک ملیـۆن کـورد لـە ماڵەکانـی خۆیـان ڕاگوازێـت و ڕەوانـەی باشــووریان بــکات. ئــەم ڕاپۆرتــە پێــشتر خراوەتــە بــەردەم کۆمســیۆنی مافەکانـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتـوەکان و لـە ڕۆژنامـەی گاردیانـی ڕۆژی ٤ی شـوباتدا بڵاوکراوەتـەوە. ئـەم هەواڵـە نیگەرانییەکـی زۆری لـە جڤاتـی کوردیـدا دروسـت کـرد: دیـارە تـا ئێسـتا نزیکـەی ٢٠٠ هـەزار کەسێک ڕاگوێــزاون و جێگاکانیــان لــە باکــوور بــە عــەرەب پــڕ دەکرێتــەوە. وردەکاری ئــەم بابەتــە لــە ڕاپۆرتەکــەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا بەســەر ئامادبووانــدا دابەشــکرا.

ڕاپۆرتــی هاوشــێوە لەلایــەن فاینەنشــیال تایمــز و تایمــز لــە ڕۆژی

٢٧ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٥ەوە بڵاوکراوەتــەوە و هەروەهــا بابەتەکــە لەلایــەن کۆمەڵێــک ڕۆژنامەنووســی هۆڵەندیشــەوە ئامــاژەی پــێ دراوە کــە ســەردانێکی زۆر کورتیــان بــۆ عێــراق ئەنجــام داوە و بەزوویــی داوایــان لێکــراوە ئــەو وڵاتــە بەجێبهێڵــن." (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٢١٩-٢٢٠).

لەشـیکردنەوەی گوتـاری ئـەم دەقـە نهێنییـە پـڕ زانیارییـە کـە لەنێـوان دیپلۆماتکارانــی بەریتانــی لەبــارەی کێشــەی کــورد و هەڵوێســتی ڕۆژنامــە بیانییــەکان لەبــارەی سیاســەتی ڕاگواســتنی بەکۆمەڵــی هاووڵاتیانــی کــورد بــۆ ناوچەکانــی خــوارووی عێــراق و نیشــتەجێکردنی عــەرەب لەشــوێنیان واتــە بــە (عەرەبکــردن و ڕاگــواستن) دەکرێــت، ئــەم چەنــد خاڵــە گرنگــە وەکــو پەیــام و نیــەت و مەبەســتی بنەڕەتــی دیاریــی بکەیــن:

**یەکــەم:** ڕۆژنامــە بیانییــەکان ئــازاد نەبــوون لــە کوردســتان و عێــراق ڕاســتەوخۆ و بــێ چاودێــری پۆلیــس و دەزگای هەواڵگریــی زانیــاری کۆبکەنــەوە و بڵاوی بکەنــەوە.

**دووەم:** لـەو کاتـدا پتر لـە ڕۆژنامەیـەک و ڕۆژنامەنووسێک ئاماژەیـان بـە (ڕاگواسـتنی بەکۆمەڵـی کـورد) کردووە.

**ســێیەم:** لــە ٢٥ شــوباتی ١٩٧٦ کۆنفرانســێک لــە لەنــدەن لەبــارەی هــاوکاری پەنابــەران بــەستراوە، لــەم مێــژووەدا نوێنــەری (پارتــی دیموکراتــی کوردســتان هــاوار کاکــە زیــاد (ئێــچ غەفــوری) بەشــداری کۆنفرانســەکەی کــردووە، نوێنــەری شۆڕشــیش لــە ئەوروپــا (جــەی عەلــی) بــووە. واتــە لــەم مێــژووەدا پارتــی دیموکراتــی کوردســتان چــالاک بــوون و پەیامــی درێژەپێدانــی شۆڕشــی بەکــردەوە هەبــووە.

**چـوارەم:** عێـراق بەرنامـەی هەبـووە یـەک ملیـۆن کـورد بـۆ باشـوور ڕاگوازێـت، تـا ئـەو مێـژووە نزیکـەی ٢٠٠ هـەزار کەسـی گواسـتۆتەوە.

**پێنجـەم:** ئـەم سیاسـەتە بەکـردەوە بڕیار و حوکـم و فەرمانی جینۆسـایدە دژی کـورد. واتـە ئەگـەر شـیکاری ئـەم دەقـە بـە پێـی تیـۆری کـردە قسـە بریتییـە لـە (حووکـم و فەرمـان).

**٢-٢٨-١٨ ڕۆژنامە هۆڵەندییەکان**

لـەو بەڵگەنامـەی پەیوەندییـان بـە دانیشـتنی جنێـڤ ڕۆژەڤـی ژمـارە ٨ی ١٩ی ئابــی ١٩٧٦ نەتــەوە یەکگرتــووەکان ئەنجوومەنــی ئابــووری و کۆمەڵایەتـی و کۆمیسـیۆنی مافەکانـی مـرۆڤ هەیـە لەبابەتێکـدا بەنـاوی (لقـی ڕێگریکـردن لـە هەڵاوێرکـردن و پاراسـتنی کەمینـەکان) دانیشـتنی بیسـت و نۆیـەم ئەنجـام دراوە.

کـە لەباسـێکیدا ئـەم ڕاپۆرتـە گرنگـە سـەبارەت بـە کار و چالاکییەکانـی ڕۆژنامــە هۆڵەندییــەکان بــەم شــێوەیە زانیارییەکانیــان تۆمــار کــردووە: "ئەمـە ئەزموونـی دوو پارێـزەری هۆڵەندیـش نیشـان دەدات، کـە بەهـۆی بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتـی ڕۆژنامەوانیـی لـە هۆڵەنـدا لەسـەر مامەڵـەی خـراپ لەگـەڵ کوردەکانـدا، وەکـو میـوان لەلایـەن حکومەتـەوە بانگێشـت کـران بۆئـەوەی ڕاسـتەوخۆ و وەکـو خـۆی بینـەری بارودۆخەکـە بـن. لـەڕۆژی پێنجەمــی ســەردانەکەیاندا پێیــان ڕاگەیەنــرا کــە داواکەیــان ســەبارەت بەسـەردانیکردنی ئـەو جێگایانـەی کوردەکانـی بـۆ ڕاگوێـزراوە بووەتـە هـۆی ئـەوەی حکومـەت حـەزی بـە مانەوەیـان نەبێـت و هەمـان ڕۆژ ناچارکـران وڵاتەکـە بەجێبهێڵـن. کاربەدەسـتانی وەزارەتـی ڕاگەیانـدن گوتیـان: ئێمـە چاوەڕوانیــی ئەوەمــان لــە میوانــەکان هەیــە کــە لایەنــە درەوشــاوەکانی بابەتــەکان ببینــن. چاوەڕێــی ئەوەیــان لــێ ناکەیــن تەماشــای لایەنــە تاریکەکانـی کاروبـاری ناوخۆمـان بکـەن، کـە بەتـەواوی بابەتێکـە پەیوەنـدی بــە خۆمانــەوە هەیــە". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٢٧٧).

لێــرەدا ڕوونــە گوتــاری حکومەتــی عێراقــی بریتیــی بــووە لــەوەی: ڕۆژنامەنووسـەکان ئـەو شـتانە بگوازنـەوە کـە خۆیـان پێیـان باشـە و لایـان

پەسـندە، نـەک لایەنـە تاریکـەکان، واتـە ئـەو تـاوان و سیاسـەتی ڕاگـواستن و بەعەرەبکـردن و کێشـانەی لـە کوردسـتاندا هەیـە.

لەهەمـان کاتـدا قسـەکانی ئەوانـەی ئـەم بەسـەرهاتە دەگێڕنـەوە دیـار نییـە، بـەڵام ئاماژەکـردن بـەم ڕووداوە و دەرکردنـی ڕۆژنامەنووسـە هۆڵەندییـەکان بەواتـای (نەبوونـی ئـازادی ڕاگەیانـدن و گەیاندنـی زانیاریـی لـە عێـراق دێـت)، سـەرباری ئـەوەش لـەم ڕێگەیـەوە دەیانەوێت پشتڕاسـتی بکەنـەوە، کـە (ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ دژی کـورد) هەیـە.

### ٢-٢٨-١٩ بەریتانییەکان لە ڕۆژنامە ترساون

بەپێی نێوەڕۆکی ئەو نامەیەی کە (جەی ئەی ئێن گراهام) لەباڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لە ٢٦ کانوونی دووەمی ١٩٧٦ بۆ (ئای تی ئێم لوکاس) لەوەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلزی ناردووە لەبارەی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا و هەواڵی ڕاگواستنی هاووڵاتیانی کورد لە کوردستانەوە بۆ خوارووی عێراق و نیشتەجێ کردنیان بەزۆرەملێ، لە گوتاری ئەم نامە نهێنییە بەدیار دەکەوێت، کە بریتییە لە پرسیاری ئەم بەرپرسەی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لەگەڵ (محەمەد سەبری ئەلحەدیسی) جێگری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق، ڕاشکاوانە جەخت لەوە دەکاتەوە، ڕۆژنامەکانی بەریتانیا ڕەخنەیان لەسیاسەتی عێراق هەیە و نووسیویەتی: "ئەم پرسە گشتیەم لەگەڵدا کرد کاتێ باسی وتارێکی ڕەخنەییم لە ڕۆژنامە عێراقییەکاندا دەکرد، پێم گووت سوپاسگوزار دەبم ئەگەر بزانم دەبێت لەبارەی پرسی ڕاگواستنەوە چ قسەیەک بۆ ڕۆژنامەنووسە بەریتانییەکان بکەم کە ڕەنگە پرسیارم لێ بکەن، چونکە پێشبینی دەکەم وەکو بابەتێکی جێی ڕەخنە بایەخێکی زۆر بەم بابەتە بدەن و دەبێت من لە پێگەیەکدا بم بتوانم تێڕوانینی عێراقییەکان لەمبارەیەوە پێ ڕابگەیەنم. (حەدیسی) لە وەڵامدانەوەدا کەمێک ناڕەحەتی پێوەدیاربوو و گوتی: هیچ گواستنەوەیەکی خەڵک لە باکوورەوە بۆ باشوور لەئارادا نییە. ئەوەی هەیە زۆرێک لەوانەی بڕیاریان داوە لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق لەباشووری عێراق نیشتەجێ دەکرێن لەبەرئەوەی شەڕ ناوچەکانیانی لەباکوور وێران کردووە و ئەو

ناوچانــە پێویســتیان بــە ئاوەدانکردنــەوە و بنیادنانــەوە هەیــە. ئەوانــەی ماڵیــان هەبــووە بچنــەوە ڕێگەیــان پێــدراوە، بــەڵام ئەوانــەی ماڵەکانیــان نەمــاوە لــە باشــوور نیشــتەجێکراوە، ئــەو بەتایبەتــی باســی لــە ڕومــادی و کــوت و دیوانییــە کــرد. پرســیارم کــرد ئایــا ئــەم کارە خۆبەخشــانەیە یــان نــا. لــە وەڵامــدا گوتــی: ئەنجامگریەکەمــان خۆبەخشــانەیە، چونکــە ئــەم کەســانە لــە کەمپەکانــی ئێرانــدا بارودۆخەکەیــان بــۆ ڕوونکراوەییــەوە بڕیــاری گەڕانەوەیــان داوە. لێبوردنەکــە بەســەر ئــەو کەســانە جێبەجــێ کــراوە کــە بەشــداریان لــە شۆڕشــەکەدا کــردووە و مەســەلەی نیشــتەجێ کردنەوەیانــی لــێ بــەدەر نەکــراوە. ئەمــە یاســا نەبــووە، بەڵکــو پێویســتییەکی کــرداری و ئابــووری بــووە.

ئینجــا ئــەم دیپلۆماتــکارە باڵایــەی بەریتانیــا دەنووســێت: تێگەیشــتم کــە تــا ئــەم خاڵــە دەتوانــم لەســەری بــڕۆم. ئەمــە بەهیــچ جۆرێــک جێــی ئاســودەیی نییــە و بــڕوا ناکــەم ڕۆژنامەکانمــان جگــە لــە ڕەخنەگرتــن هیــچ هەڵوێســتێکی تریــان ببێــت، کــە لەڕاســتیدا مۆرتایمــەر دەســتی بەڕەخنەکــردووە". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٢١١).

لــەم گوتــارەدا، کــە بریتییــە لــە گفتوگــۆی دیپلۆماتــکاری بەریتانــی (گراهــام) و (حەدیســی) بەرپــرس لــە وەزارەتــی دەرەوەی عێــراق ئامــاژە بــە چەنــد شــتێک دەکــەن:

**یەکــەم:** ئــەم ڕاگواســتنەی کــورد بــۆ خــوارووی عێــراق بەپێــی یاســا و هیــچ دەقێکــی یاســایی نەبــووە.

**دووەم:** ئامــاژە بــە ڕومــادی و کــوت و دیوانییــە دەکات، کــە کوردەکانــی بــەزۆر تێــدا نیشــتەجێ کــردووە.

**سێیەم:** ڕۆژنامە بەریتانییەکان ڕەخنە لەسیاسەتی حکومەتی عێراق دەگرن سەبارەت بەو دۆخە خراپەی بۆ کورد درووستیان کردووە.

**چوارەم:** دیپلۆماتکارە بەریتانییەکە دەزانێت ئەو زانیاریانەی لە عێراقییەکان وەری گرتووە، نابێتە جێگەی متمانەی ڕۆژنامە بەریتانییەکان و خۆشی پێی وایە (ئەمە بەهیچ جۆرێک جێی ئاسودەیی نییە).

**پێنجەم:** وەکو دیپلۆماتکارێکی شارەزا بۆ وەرگرتنی زانیاریی فەرمیی، پاساوی بە (ڕۆژنامەکان) هێناوەتەوە، بۆئەوەی سیاسەتی فەرمیی و زانیاری فەرمیی لە خودی بەرپرسە عێراقییەکان وەرگرێت و خۆی لە ڕەخنەی عێراق بەدوور بگرێت و سیاسەتی نەشیش بسووتێت، نە کەباب پیادە دەکات، ئەمەش جۆرێکە لەزیرەکی و وردبوون لەکاری دیپلۆماسی و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان گوتارە فەرمیی و نافەرمییەکاندا.

## ٢-٢٩ پاڵپشتی سوریا بۆ یەکێتی و دەستپێکردنەوەی شۆڕش

بەپێی هەواڵێکی شیکاری و زانیاریی لەبارەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥دا بابەتێک لە ڕۆژنامەی (The Birmingham post) لە ڕۆژی پێنجشەممەی بەرواری ١٩ی ئابدا کە ساڵەکەی دیار نەکراوە (بەڵام بەپێی وێنەی نێو دۆکۆمێنتەکە ڕۆژنامەکە ساڵی ١٩٧٦ی بەسەرەوەیە- غازی). بەناوی (کوردانی یاخی دیسان گورزیان وەشاند) بڵاوکرۆدتەوە و لەبەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە «تەنیا ساڵێک پێشتر، کە ڕاپەڕینی چەکداری کورد دژی عێراق هەرەسیهێنا، (جونیا ڕۆبەرت) دەریخست حکومەتی عێراق لەوەدا هەڵە دەکات پێی وابێ کێشەکە کۆتایی هاتووە، جەنگاوەرە خێڵەکییەکان دیسانەوە چەکیان کردۆتەوە شان.... لە ١٦ی مانگ لەوەو پێش حکومەتی عێراق لەو بڕوایەدا بووە دواجار لەدەست ئەو کێشەیە ڕزگاری بووە، کە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بەدەستییەوە گیرۆدە بوو، بەڵام وا جارێکی تر پارتیزانانی کورد بەخواستی سیاسییەوە لە چیا سەختەکانی کوردستان لەباکووری عێراق دەرکەوتوونەتەوە و هێرش دەکەنە سەر پێگەکانی سوپای عێراق و هەراسانیان دەکەن. لەبەشێکی دیکەدا دەڵێت: کوردان زۆر دوو دڵن لە بەستنی هەر هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ شا بەهۆی ئەو ناپاکییەی کەپێشتر لە ١٩٧٥ لێی کردوون، هەروەها گومانیشیان لە سوریا هەیە، کە ئێستە خەریکی ڕاهێنانی هەندێک لە یەکینە کوردییەکانە بۆ ئەوەی لەنێوخۆی کوردستان ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدەن.

ڕاپۆرتی ئەم ڕۆژنامە بەریتانییە دەنووسێت: پارتیزانە کوردەکان دەستیان بەهێرشکردنە سەر ئامانجی سەربازیی و مەدەنیی کرۆدتەوە، ئەوانەشی بەو دواییە لە کوردستانی عێراقەوە گەیشتوونەتە ئەورووپا

ئـەو هێرشـانەی کـورد پشتڕاسـت دەکەنـەوە، بەتایبـەت لـە ناوچەکانـی مووسـڵ و دهـۆک کـە پەلامـاری بنکـەی پۆلیـس و پۆسـتی سـەربازیی، ئـەوەی کـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە نکۆڵـی لێدەکرێـت. پارتیزانەکانـی کـورد شـێوازی شـەڕی رووبـەڕوو لەگـەڵ سـوپای عێـراق ناکـەن، چونکـە ئـەو سـوپایە لـە کوردسـتان زۆر بەباشـی پڕچـەک کـراوە، بەڵکـو بەشـێوەی پارتیزانـی شـەڕ دەکـەن و هێرشـی لەنـاکاو دەبـەن. ئـەو دوو گرووپـە سـەرەکییەی ڕاپۆرتەکـە باسـی دەکات (پارتـی دیموکراتە) کـە تاقمە کۆنەکەی پێـش نسـکۆن، لەگـەڵ (یەکێتـی نیشـتیمانی) کـە سـوریا پاڵپشـتی دەکات، گوایـە سـوریا کوردانێکـی ڕاهێنـاوە لەسـەر بەکارهێنانـی ڕۆکێتـی سـام کـە دژە فڕۆکەیـە. ڕاپۆرتەکـە لەسـەر زمانـی بەرپرسـانی پارتییـەوە ڕایگواسـتووە کـە باکـووری عێـراق لەسـەر سـنوورەکانی تورکیـا چالاکـی ئەنجـام دەدەن و لــە ١١ی حوزەیرانــی ١٩٧٦ لەنێــوان دهــۆک و سەرســەنگ پەلامــاری بنکەیەکـی سـەربازییان داوە و٢٥ سـەربازی عێراقیـان کوشـتووە، هەروەهـا باسـی ئـەوە دەکات لـە خانەقیـن لەلایـەن پارتییـەوە هێرشـکراوەتەوە سـەر ئـەو عەرەبانـەی کـە لەپرۆسـەی تەعریبـدا هاتوونەتـە ناوچەکـە. (پرۆفیسـۆر دکتـۆر یاسـین سەردەشـتی، ٢٠١٨، بەرگـی یەکـەم، ٢٩).

لـە شـیکردنەوەی ئـەم ڕاپۆرتـە دەگەینـە ئـەوەی ئـەو زانیارییـە ڕۆژنامەوانییـەی لەنێـو نامـە نهێنییـە دپلۆماسـییەکانی بەریتانیـا پارێـزراون بریتیـن لـە چەندیـن گریمانە و پرسـیارێکی یەکجـار گرنگ لەبـارەی چۆنیەتی هـاوکاری لایەنـە کوردییـەکان و کاتی دەسـتپێکردنی شـەڕی پارتیزانـی، وەکو:

**یەکـەم:** لـە ١١ی مانگـی حوزەیرانـی ١٩٧٦ پێشـمەرگەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ناوچەکانـی دهـۆک و مووسـڵ و خانەقیـن

هێرشـی پێشـمەرگانەیان کردۆتـە سـەر سـوپای عێـراق و ئـەو عەرەبانـەی بـۆ تەعریـب هێنراونەتـەوە خانەقیـن. بێگومـان ئـەم جـۆرە هێـرش و چالاکیانـە لــەڕووی پراگماتیکییــەوە پێشــگریمانەی ئەوەمــان بــۆ ســاخ دەکاتــەوە، کــە هێــزی پێشــمەرگەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان پێــش ئــەو کاتــە بەماوەیـەک بـۆ ئـەم جـۆرە چالاکـی و ئەرکـە پێشـمەرگەیانەیە ئامادەکـراوە و بڕیــاری شۆڕشــی چەکداریــان داوە.

**دووەم:** بەپێـی ئـەو زانیاریانـە سـوریا ڕۆڵـی هەبـووە و بەشـدارە لـە دروســتکردنی یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان و ڕاهێنانــی هەندێــک لــە پێشـمەرگەکانی لەسـەر بەکارهێنانـی چەکـی دژە فڕۆکـە. ئەمـەش لەخۆیـدا گریمانەیەکـە کـە بۆمـان سـاخ دەکاتـەوە یەکێتـی وەکـو هێزێـک لەژێـر کاریگەریـی فکـر و ئایدیۆلۆژیـا و فشـار و خواسـتی سـوریا بـەدەر نییـە، کـە لەشەستەکانیشـدا هـەر ئـەو گروپـە بـۆ داژیەتـی شۆڕشـی ئەیلـوول وەکـو لەپێـشتر لـە بابەتـی وتارەکانـی ئەلنـور شـیکارمان کـرد ئـەوان خۆیـان لەســەنگەری (نەتەوەپەرەســتە سۆسیالســیتەکانی عــەرەب) دانــاوە.

**٢-٣٠ نەوت**

نـەوت تاکـو ئێسـتاش یەکێکـە لـە کێشـە گەورەکانـی بـەردەم کـورد و لەنێوەخـۆی کودستانیشـدا گفتوگۆیەکـی زۆری دروسـتکردووە. لـە حەفتاکان و لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولـدا (مسـتەفا بارزانـی) لەهەندێـک کاتـدا دەیویسـت نـەوت وەکـو فشـارێکی سـەربازیی و جەنگـی دژی دەسـەڵاتدارانی عێـراق و کەمکردنـەوەی فشـاری هێرشـە سـەربازییە تونـدە سـەختەکانی عێـراق دژی پێشـمەرگە بەکاربهێنێـت. لـەدوای ڕاپەڕینیـش حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەتایبەتیـش هەولێـر بەشـێک لـە بەرهەمهێنانـی نەوتـی ناوچەکانـی کوردسـتانی لەژێـر کـۆنترۆڵ دایـە. لەلایـەک دەسـەڵاتدارانی بەغـدا دژایەتـی ئـەم کۆنترۆڵـە دەکـەن و لەلایەکی دیکەشـدا ڕکابـەرە سیاسـییە حزبییـە کودییەکانیـش لەناوەخـۆدا نایانەوێـت نـەوت لەژێـر هەژمـوون و دەسـەڵاتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە واتایەکـی دیکـە (حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بێـت، کەپێیـان وایـە ئەمـە تەنیـا پارتـی بەهێزتـر دەکات).

بـا بگەڕێینـەوە سـەر ڕووداوەکانـی سـاڵی ١٩٧٤، ئـەو کاتـەی عێـراق هێرشـی فراوانـی بەتەکنیـک و سـوپا و هێزێکـی نـوێ بـە فڕۆکـەی مێگـی سـۆڤیەتی دژی شۆڕشـی کوردسـتان دەسـت پـێ دەکاتـەوە. (مسـتەفا بارزانـی) دەیەوێـت هێـرش بکاتـە سـەر نەوتـی کەرکـووک بەنیـازی کەمکردنـەوەی فشـار دژی شـۆڕش، بـەڵام ئـەم بیرۆکەیـە بـێ پـرس و وەرگرتنـی زانیاریـی و بۆچوونـی ئەمەریـکا نـاکات، یـان نایەوێـت کارێـک بـکات زیـان بـە دۆسـتایەتی و ئـەو پەیوەندییـە نوێیـە بگەیەنێـت کـە لـەم مـاوەی دوایـدا دروسـتبووە. لەڕاسـتیدا لـەڕووی دیپلۆماسـییەوە بـەو

واتایـە دێـت کـە (مسـتەفا بارزانـی) نەیوسـیتووە (زمانـی هەڕەشـە) و (بەکـردەوە سـووتاندنی هەمـوو کارەتـەکان) تێکـەڵ بـکات، یـان ئـەوەی دوای تێکۆشـان و پشـوودرێژییەکی سـەخت و بەئـازار دروسـتی کـردووە، هـەروا لەگەمەیەکـی نادیـار لەدەسـتی بـدات. بۆیـە دەیەوێـت لـە بۆچـوون و گوتـاری ئەمەریـکا و دۆسـتەکانی بـگات.

بەپێـی بۆچـوون و زانیارییەکانـی نێـو کتێبەکـەی (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩ بەنـاوی ئـەرێ کـورد بوونـە بەردەبـاز؟) لەبـارەی کاریگەریـی نـەوت لەسـەر پەیوەندیـی و ستراتیـژی ئەمەریـکا لـە عێـراق و ئاینـدەی کـورد دەنووسـێت "خۆماڵیکردنـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق هۆکارێکـی دیکـە بـوو بـۆ سـەر هۆکارەکانـی ئێـران و ئیـدی ئەمەریـکا ڕەوایەتـی دا بـە (دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری کـوردان). بـۆ هەر یەکێکیشـیان هۆکاری ترسـی لێکەوتەکانـی یەکەمیـن دزەکـردن و دەستبەسـەر ڕاگەیشـتنی سـۆڤیەت بـۆ سـەر بەرهەمهێنەرێکـی سـەرەکی نـەوت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەبـوو". (بیریـان ڕابـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ٣٢٤).

لەبـارەی سـۆڤیەت و هەڵوێسـتی لـە کۆمـاری کوردسـتان بەمجـۆرە دۆخەکەیـان لێکداوەتـەوە: سـۆڤیەت پێچەوانـەی دروشـمەکانی یەکسـانی و ڕێزگرتـن لەمافـی نەتـەوەکان و خۆدەرخـستن وەکـو بـرا گـەورەی میللەتـە بێهێـزەکان، هـەر لەسـەرەتای وەرگرتنـی سـەرچاوەکی نەوتـی باکووردا چارەنووسـی کوردەکانـی وەلانـاوە و وەکـو مۆرەیـەک لـە یارییـە سیاسـییەکاندا بـەکاری هێنـاون. (موجتەبـا بوروزوویـی،٢٠٠٥، ٤٠٥).

ئەمەریـکاش لـە بـارەی عێـراق و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەمیشـە سیاسـەتێکی گـۆڕاوی هەبـووە، نەیتوانیـوە پێداگـر بێـت لەسـەر یـەک

ئاراستەی سیاسی، بۆیە بەپێی بۆچوونەکان لەپێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ لەعێراقدا "ئەمەریکا لەناوچەکەدا دوو ئامانجی هەبووە ١- ڕەتکردنەوەی هەژموونی سۆڤیەت ٢- دەستگەیشتن بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ٩٦).

لە ١١/١٠ی تشرینی یەکەمدا کورد پەلاماری دامەزراوە نەوتییەکانیان دا، چەندین کەسیان کوشت و چەندینیشیان بەدیلگرتن و لەکۆتایی مانگەکەشدا هێرشێکی دیکەیان کردە سەر کۆمپانیای نەوتی عێراق، بەپاڵاوگە و بۆڕییە نەوتەکانی ئەوانەی بەرەو بەغدا دەڕۆیشتن، بێمرادانە و لە تۆڵەشدا بەغدا ڕقی خۆی بەسەر کوردە مەدەنییەکان ڕشت. هەر بۆ نموونە لەناوەڕاستی تشرینی دووەمدا کاربەدەستە ئەمەریکییەکان لەبەغدا ڕاپۆرتیان بۆ هات، کە ژن و منداڵی کوردی هەم بۆمباباران هەم تاڵانیش کراون و ڕژێم بە ئەنقەست خۆراک و پۆشاکی لە کوردستان گرتووەتەوە، بەڵکو لەڕێی برسیکردنەوە دەستەمۆیان بکات. بەڵام لەبری تێکشکاندنی کورد، ئەم کاولکارییە کارێکی وای کرد لەدژی ڕژێم یەکگرتووبن، ئەمەش وای لە باڵوێزخانەکە کرد بگاتە ئەو ئەنجامە، کە نزیکەی هەموو کوردە شارنشینەکان وەکو چیانشینەکان پشتگیری شۆڕشەکە دەکەن". (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ١٤١- ١٤٢).

کەواتە، لە زمانی ئەم بەڵگەنامە و شیکردنەوانە دەگەینە ئەوەی، کە:

**یەکەم:** ئەمەریکا بۆ پێشگرتن لەسۆڤیەت و دووەمیش بۆ گەیشتنە نەوت لەناوچەکەدا خۆی بەهێز کردووە.

**دووەم:** لەهەندێک دۆخدا چاپۆشی لە هێرشکردنە سەر نەوت کراوە، کورد هەموو کاتێک لەتوانای دابووە هێرش بکاتە سەر نەوت.

**سێیەم:** عێراق کە تۆڵەی لە کورد کردۆتەوە، پەلاماری خەڵکی سڤیلی داوە، ئەمەش بۆتە هۆکار نەک هەر گوندشین و چیانشینەکان پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلوول بکەن، بەڵکو شارنشینەکانیش بەهەمان شێوە پاڵپشتی شۆڕش بوون، واتە شۆڕشی ئەیلوول سەرتاسەریی و جەماوەریی بووە، خەڵک لەشار و دێهاتەکان پاڵپشتی شۆڕش بوون.

**چوارەم:** شیکردنەوەی پراگماتیکی زمانی ئەو بەڵگەنامە و ئەوانی دیکەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکەنەوە، بەپێی تیۆری کردە قسە: گوتاری بەڵگەنامەکان (کردە و ئەرکێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان) ڕاپەڕاندووە. هەڵوێست و سەرچاوەی ئاخاوتنەکانیان فەرمیی و نافەرمییە.

گوتاری دەقی نامە دیپلۆماسییەکان بریتییە لە: ئامۆژگاری، گەیاندنی زانیاریی، هوشداری، ڕوونکردنەوە، نمایش و پێشکەشکردنی شتەکان، پێکهاتەی دەقەکە لە ڕووی (دەنگ و وشە و ڕستە) دەربڕی مەبەستێکی سیاسیانە و متمانەدارن.

هەر ئەم گوزارشتانەی لەنێو دەقی گوتارەکاندا هەیە کردەی (هەواڵ) و (بەدیهێنانی مەبەست) و (کاریگەریی و کارتێکردن) و (گواستنەوەی زانیاریی) و (نمایشی ڕووداوەکان) لەخۆ دەگرێت

### ٢-٣١ نەوت و کێشەی سنوور

(مستەفا بارزانی) ئامادە نەبوو سازش لەسەر کەرکووک بکات و بیخاتە دەرەوەی مێژوویی سیاسی و ئەخلاقیی و جوگرافیای کوردستان. بەڵگەنامە بەریتانییەکان ڕاشکاوانە ئاماژەیان بە کێشەی کەرکووک و نەوت و سنوور کردووە، کە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەنێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی بەغدا.

لەیەکێک لە ڕاپۆرتە درێژەکەی (هۆبەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشی لێکۆڵینەوە لە فەرمانگەی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز) دا هاتووە: "گەرمترین پرسیش بریتی بوو لە سنووری ناوچە خۆبەڕێوەبەرێتییەکەی کورد، کە دەبوو لەڕێگەی ڕاپرسییەوە یەکلابکرێتەوە، بەچارەسەرنەکراوی مایەوە. لەسەرەتادا ڕاپرسییەکە خرایە تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ەوە، بەڵام ماوەیەکی کەم پێش وادەی دیاریکراو دواخرا بۆ ماوەیەکی نادیار. لەهەمووی سەختر بریتی بوو لە دیاریکردنی سنووری کارگێڕی پارێزگای کەرکووک کە سەرەکیترین ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقە (هەرچەندە گەورە یەدەگی نەوتی وڵات لە باشوورە) و دانیشتوانەکەی تێکەڵییەکە لە تورکمان و کورد و عەرەب. (بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە خێزانە کوردەکان لەسەردەمی شەڕدا لەماڵەکانیان دەرکران و خەڵکی عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێ کران. ئەم بابەتە زۆر ئاڵۆزتر بووە). هەرچەندە لە ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە کێڵگە نەوتییەکان دەبێت لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند دابێت، بەڵام کوردەکان دەمێکە پێدادەگرن کە کەرکووک دەبێت پایتەختی ئەوان بێت و ئامادە نین کەرکووک لەدەرەوەی هەرێمە خۆ بەڕێوەبەرەکەیان قبوڵ بکەن. چاوەڕوانی ئەوەش

لـە حکومـەت نەدەکـرا بـەوە قایل بێت، کە کێڵگـە نەوتییـەکان بکەونە دیوە هەڵەکـەی هێڵـی سـنوورەکەوە. ئەسـتەمبوونی ڕێکەوتنی دوولایەنە لەسـەر ئـەم خاڵـە، ڕەنگـە وا بـاش بووبێـت کـە بـۆ ماوەیەکـی کاتـی ڕاپرسـییەکەی دواخسـتبێت، چونکە ئەگـەر خاوەندارێتییەکەی بکەوتایە لای هەریەکێکیان، ئـەوا ڕەنگـە ببوایەتـە هـۆی تێکدانـی پرۆسـەی جێبەجێکردنـی خاڵەکانـی دیکـەی ڕێککەوتنەکـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێناچێت لـە داهاتوویەکـی نزیکدا بەبـێ ڕێککەوتـن لەسـەر پرسـی سـنوور هیـچ چارەسـەرێکی هەمیشـەیی بدۆزرێتـەوە". (شـەریف هـەژاری ، ۲۰۱٦، ٤٦-٤٧).

لــە تێڕوانیــن و لێکدانــەوەی نێوەڕۆکــی ئـەم بابەتــە و گوتــاری ئــەم دەقـە چەنـد لایەنێکـی گرینـگ لەنێـو خـودی گوتـاری نهێنـی بەریتانیـا و ئـەو زانیاریانـە بەرجەسـتەن، کـە هـەم پەیـام و هـەم هـۆکار و کێشـەن، هەمیشـەش بیرکردنـەوە لەپێنـاو گەیشـتنە چـارەی کێشـەکە ئاڵـۆز بێـت:

**یەکـەم:** ڕاپرسـی بـۆ یەکلایکردنـەوەی ئەم ناوچانە و سـنووری کوردسـتان بکرێـت بـە کەرکووکیشــەوە، بـەڵام حکومــەت ئەمــە دوا دەخــات. واتــە لـە لێکدانـەوەی مەبەسـتی نێـو زمانـی ئـەم دەقـە ئەوەمـان پـێ دەڵێـن "حکومـەت ئامـادە نییـە ئـەم خاڵـە جێبەجـێ بـکات".

**دووەم:** کـورد کەرکـووک بــە پایتەختــی خۆیــان دەزانــن، واتــە کــورد دەســتبەرداری کەرکــووک نابــن، نــەک نەوتەکــەی، بەڵکــو جوگرافیــای پارێزگاکــە دەبێــت لەگــەڵ کوردســتان بێــت.

**سـێیەم:** ژمارەیەکـی زۆری خێزانی کورد ڕادەگوێزێن و عەرەبیان لەشـوێن دادەنرێـت. لـەڕووی پراگماتیکییـەوە بـێ ئـەوەی نـاوی لێبنێـن (سیاسـەتی بەعەرەبکـردن هەیـە و گۆڕینـی دیمۆگرافیـای شـارەکە بەردەوامـە).

**چـوارەم:** نـەوت کێشـەیە و حکومـەت ڕازی نابێـت، کێڵگـە نەوتییـەکان لـەدەرەوەی کۆنترۆڵـی خۆیـدا بێـت.

**پێنجــەم:** پراگماتیکــی ئــەم زانیاریانــە ئەوەمــان بــۆ ســاخ دەکەنــەوە کــە (مســتەفا بارزانــی) ناڵێــت (نەوتــم دەوێــت، بەڵکــو دەڵێــت خاکــم دەوێـــت) ئەمـــەش بەکـــردەوە گوتارێکـــی ستراتیـــژی گرنـــگ و کارایـــە، نیشـانی دەدات (متمانـە و دەسـتبەردار نەبـوون و پێویسـتی بەدەسـتهێنانی مافــەکان) پتــەو دەکات.

لەکـردەی قسـەی (ڕەوشـت)دا (مسـتەفا بارزانـی) بەکـردەوە دەیەوێـت ئــەو مەبەســتانە بــەدی بهێنێــت کــە (شــەرمەزار نەبێــت) و (بایــەخ بــە کەرکــووک دەدات) و (چــاو لــە مافــەکان ناپۆشــی) و (پێداگــرە لەســەر هــەق) و (پێشــوازیی لــە بڕیــار و یاســا و ڕێککەوتــن لەســەر ڕاپرســی دەکات) و (ڕازییـە نـەوت نەبێتـە کێشـە) و (هیواخـوازە لەئاینـدەدا ئەمـە جێبەجـێ بکرێـت) و (ڕووبـەڕووی هـەر بڕیـار و حوکمێـک دەبێتـەوە کـە ئـەم بڕیارانـە بـەدی نەهێنێـت) و (ورەی خەڵـک بـەم یاسـا و ڕێککەوتنـە بــەرز دەکاتــەوە). لەهەمــان کاتــدا لەئەنجامــی شــیکردنەوەی (بنەمــای پاسـاوخوازی) دەگەینـە ئـەوەی ئـەم ڕێککەوتنـە بۆئـەوەی (پاشەکشـەی لـێ بکرێـت) (حکومەتـی بەغـدا پاسـاو بـۆ جێبەجـێ نەکـردن و دواخسـتنی ڕاپرســییەکە دەهێنێتــەوە). ئەمەشــی لەڕێگــەی (هەڵســەنگاندن و ئاراســتەکردن و ڕێنوێنــی و ئــەخلاق و گفتــدان و پــەیمان لەیــەک کاتــدا) ئەنجــام داوە. (غــازی حەســەن، ٢٠١٦، ٤٧).

## ٢-٣٢ کورد هەڕەشە نییە و هەڕەشەشە

لـە ڕاپۆرتێکـی نهێنـی لـە (بەشـی خۆرهـەڵات وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٨) بەنـاوی (هەڵوێسـتی فەرمییـی دەوڵەتـی بەریتانیـای مـەزن سـەبارەت بـە یاخیبوونـی کـوردەکان) لەبەشـێکیدا هاتووە: "لەکاتێکـدا حکومەتێکـی خۆشـگوزەران و یەکگرتـووی عێـراقمان بـەلاوە باشـە بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٥٨ەوە، ئەگـەرە درێژخایەنەکانـی ئـەم یەکگرتوویـی و خۆشـوگوزەرانییەمان بـەلاوە بـاش نەبـووە، بوونـی شۆڕشـی کـوردەکان هەڕەشـەی جـددی نەختسـتۆتە سـەر بەرژەوەندییەکانمـان و ئەزمـوون دەریخسـتووە کـە: خـودی کـوردەکان کەمتریـن هەڕەشـەن بـۆ سـەر جووڵەی نەرمـی نـەوت لـە کێڵگـە نەوتییەکانـی باکـووری عێراقـدا". لـە ڕاپۆرتێکـی دیکەشـدا دەڵێـن: "دەوڵەتـی بەریتانیـای مـەزن سـوورە لەسـەر ئـەوەی کـە کـوردەکان بـە دەوڵـەت نەزانێـت و ڕەتیشـی کردۆتـەوە کـە مشـتومڕ لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتە بـکات". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٧٤- ٧٧).

لـە نامەیەکـی دیکـەی نهێنـی دیپلۆماتکاریـی بەریتانـا لەژێـر ئـەم ناوونیشـانە (سـایفەر/ جـۆری A بەغدا بۆ وەزارەتـی بەرگری FOH 978530Z بەمجـۆرە: ئـاداری ١٩٦٩). لەبەشـێکی لەبـارەی نـەوت و هێرشـکردنە سـەر کێڵگـە نەوتییـەکان دەڵێـت: «هێـرش بۆسـەر دامەزراوەکانـی IPC لـە کەرکـووک ڕاپۆرتـی بەغـدا ژمـارە ٢٦٢ی ڕۆژی ٣ی ئـادار باس لـەوە دەکات کە شـەوی ١ لەسـەر ٢ی ئـادار بـە هـاوەن هێـرش کراوەتـە سـەر دامەزراوەکانـی IPC و زیانـی پـێ گەیەنـراوە کـە لـە لقـی IPC ی لـە بەیروتـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو. لـە نامەیەکـی دیکـەدا لـە (باڵوێزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا لـە ٢ی ئـاداری ١٩٦٩ ١٢/٢ نهێنـی ) لەبـارەی (نەوتـی عێـراق) لـە بەشـێکیدا دەڵێت:

«بـەم دواییـە پەیوەندییەکانـی نێـوان کۆمپانیـای نەوتـی بـەسرە و حکومەتـی عێـراق ئاماژەی دڵخۆشـکەری بەرەوپێشـچوونی بەخۆوە بینیـووە.... (عەماش) وەزیـری ناوەخـۆی عێـراق نامەیەکـی بـۆ بەریتانییـەکان نـاردووە و دەڵێـت: بەداخـەوە گروپـەکان شـتێکی جیـاوازن، هەندێـک لـە ئەندامانـی کۆمپانیاکـە پەیوەندییـان لەگـەڵ کـوردەکان هەیـە، ئـەوان و یاخـود ئێرانییـەکان هانـی کوردەکانیـان داوە پەلامـاری کارگـەری چارەسـەرکردنەکەی کەرکـووک بـدەن". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ١٠٧- ١١١). لەمەســەلەی نــەوت و ســنوور و پاڵپشـتی کـورد دەکرێـت ئـەم بۆچوونـە فەرمییـەی بەریتانیـا کـە لەنێـو بەڵگەنامـە نهێنییـە دیپلۆماتکارەکانـدا پارێـزراوە وەکـو گوتـاری فەرمیی سـەیر بکرێـت، کـە دەڵێـت: "ڕاسـتەوخۆ مامەڵـە لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا بکەیـن. مامەڵەکردنـی فەرمیـی لەگـەڵ کـورد یاخـود کۆمـەک کردنیـان دەبێتـە هـۆی نارەحەتکردنــی زۆری حکومەتــی بەغــدا و بۆیــە ڕەنگــە دژ بــەو هەوڵانــە بێــت کــە لەپێنــاو گەشــەپێدانی ئــەو بەرژەوەندییانــە دەدرێــن". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ١٤٧).

لـە شـیکردنەوەی ئـەم بابەتـەدا دەتوانین چەند ڕاسـتییەک لەنێـو گوتاری بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی حکومەتی بەریتانیا دەسـت نیشـان بکەین:

**یەکـەم:** بڕوایـان وایـە کـورد هەڕەشـە نییـە بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانـی ئـەوان و کۆمپانیاکانـی نـەوت.

**دووەم:** ئـەوان ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا مامەڵـە دەکـەن، نایانەوێــت لەگــەڵ کــورد مامەڵــە بکــەن، چونکــە ئەمــە دەبێتــە هــۆی تووڕەکردنــی حکومەتــی بەغــدا و بەرژەوەندییــەکان و پەیوەندییەکانیــان دەکەوێتــە مەترســییەوە.

**سێیەم:** زانیارییەکانیان هەندێکی لە حکومەتی عێراق و بەرپرسەکانی بەغدا وەرگیراوە، لەوانە کە باسی هاندەرانی هێرشکردنە سەر کێڵگەی نەوتی کەرکووک دەکەن، ڕاستەوخۆ پشتیان بەزانیارییەکانی بەغدا بەستووە.

**چوارەم:** گوتاری فەرمیی بەریتانیای مەزن ئەوەیە "کورد بەدەوڵەت نازانێت و پاڵپشتیشی ناکات". واتە ئەم سیاسەتە تاکو ئەمڕۆش درێژەی هەیە و بەریتانییەکان بەلایەنێکی بەهێزی دژ بە بیرۆکە و کردەی (ڕاپرسین لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان) دادەنرێت و ١٦ی ئۆکتۆبەریشدا نموونەیەکی دیکەی درێژبوونەوەی ئەم گوتارە فەرمییەی بەریتانیامان بینی.

**پێنجەم:** لەلایەک کورد بە هەڕەشە نازانن و لەلایەکی دیکەش پێیان وایە ئەوان دەبێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بن، لەکاتێکدا دان بەوەشدا دەنێن لەدوای ١٩٥٨ (عێراقی یەکگرتوو و خۆشگوزەران) ئەوە نییە، کە ئەوان دەیانەوێت. ئەم گوتارە لەکردەوەدا (کوردی) کردۆتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە زلهێزانە و گوتارەکە بەکردەوە و لەپراگماتیکدا ئەوەمان نیشان دەدات، کە بەریتانیا لەگەڵ ئەوە نییە (کورد) ببێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان لە بواری (نەوت / بازرگانی) و (پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان/ سیاسی)، لەهەمان کاتدا لەپێناو پاراستنی ئاسایشی کەنداو و ئیسرائیل، بوونی شۆڕشی کوردستانیان پێ ناڕەوا نەبووە.

**شەشەم:** ئەوان لە بەڵگەنامەکانیاندا ئەوە ناشارنەوە، کە (حکومەتی عێراق دەیەوێت جەلال تاڵەبانی وەکو (کوردی باش) بەرانبەر (مەلا مستەفا بارزانی) دروست بکات. (شەریف هەژاری،٢٠١٦، ١٣٤).

### ٢-٣٣ هەڵگیرسانەوەی شەڕ و کیسنجەر

لەمێــژووی کارەســاتباری کوردســتاندا (کینســجەر) وەزیــری دەرەوەی ئەمەریـکا یەکێکـە لەو کەسـانەی پێشـوازی لـێ ناکرێت و بەیەکێـک لەوانە دادەنرێـت، کـە ڕازیبـووە، یـان بەشـداری لـە پیلانێکـی نێودەوڵەتـی دژی شۆڕشـی ئەیلـوول و گەلـی کوردسـتان کـردووە. لەنێـو ڕووداوە گەرمەکانـی هەڵگیرســانەوەی شــەڕی حکومەتــی عێــراق دژی کوردســتان، کێشــەکان پێیـان نایـە قۆناغێکـی مەترسـیدار. لـەم پێوەندییـەدا ئامـاژە بـە زانیارییـە نهێنــی و دیپلۆماتییەکانــی ئەمەریــکا دەکەیــن. (کســینجەر)ی وەزیــری دەرەوەی ئەمەریــکا لەنێــوان هــاوکاری کــورد و مەیلــی دروســتکردنی پەیوەندیــی دیپلۆماســی و ئابــووری لەگــەڵ عێــراق و دەرهێنانــی لەنێــو بازنــەی ســۆڤیەتدا، بیــری لای نــەوت بــوو. لەکۆتایــی ئــاب و ســەرەتای ئەیلوولـدا شـەڕ تەشـەنەی سـەند و سـی ئـای ئەیـش پەیامێکـی "شـا"ی بــۆ کســینجەر نــارد، تێیــدا داوای ڕاوێــژی لەبــارەی ئــەوە کردبــوو، ئاخــۆ کـوردەکان پەلامـاری دامودەزگاکانـی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق لـە نزیـک شــاری کەرکووکــی دەوڵەمەنــد بــە نــەوت لــە باکــووری عێــراق بــدەن. (مســتەفا بارزانــی) داوای کردبــوو، کــە ڕێگــەی پــێ بدرێــت مووشــەکی کاتیۆشـای ١٤٠ بـۆ بۆمبابارانکردنـی دامـەزراوە نەوتییـەکان بەکاربهێنێـت، چونکـە لـەو بڕوایـەدا بـوو بـەو ڕێگەیـە ڕژێـم لەداهاتـی نەوتەکـە بێبـەش دەکات. (کیســنجەر) لــە ١٨ی ئەیلوولــدا وەڵامــی پرســیارەکەی (شــا)ی دایـەوە، گوتبـووی "بەتونـدی لـەو بڕوایـە دایـە، کـە پەلامـاری کـورد بـۆ سـەر دامـەزراوە نەوتییەکانـی کەرکـووک هەڵەیەکـی ڕاسـتەقینەیە". ئـەو لەبیرەوەییەکانــی ئــەم ڕەتکردنەوەیــە بــەدوو هــۆکار دەبەســتێتەوە،

**یەکـەم:** ئـەو نیگەرانبـوو لـەوەی هـەر هێرشـی کـورد ببێتـە مایـەی زیاتـر قووڵبوونـەوەی ئـەو سـاختانگەی وزە، بـەوەی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەسـت لەدامـەزراوە نەوتییـەکان بوەشـێنرێت.

**دووەم:** ئـەو دەترسـا بـەم کارانـە دەسـتی ناحەزانـی دەسـتوەردان لـە کاروبـاری کـورد لەنێـو حکومەتـی ئەمەریـکادا بەهێـز ببێـت، بـەوەی ڕێگەیـان پـێ بدرێـت بڵێـن، پێویسـتە کـورد سـەرچاوەی ئەوەیـان لەبەردەسـتابێت کـە پێگەکانـی خۆیانـی پـێ بپارێـزن، بـەڵام ئەگـەر چەکـی زێدەتریـان بکەوێتـە دەسـت ئـەوا دەسـت بەهێرشـی سـەرەکی دەکـەن. (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ٤١٨-٤١٩).

لەگوتـاری نامـە و پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکانی ئەمەریـکا و ئێـران و کۆششـی دیپلۆماسـی (مسـتەفا بارزانـی) بـۆ بەدەسـتهێنانی چـەک و هـاوکاری پتری شـۆڕش، کـە بەڕاسـتی ئـەو کات نزیـک بۆتـەوە لـەو پیلانـە نێودەوڵەتییـە ترسـناکەی شۆڕشـی ئەیلـوول کۆتایـی دێـت، بـەڵام بەرەنگابوونـەوەی کـورد کۆتـای نایـەت و (ڕژێمـی بەعسـی عێـراق) بەشـێک لەخـاک و جوگرافیـای ئـاو پێشـکەش بـە ئێـران دەکات و (شـا)ش پێـی وایـە لـەم ڕێگەیـەوە کۆتایـی بـە مەترسـییەکانی عێـراق دەهێنێـت و لـە بـاوەش و تـەوەری سـۆڤیەتی دەری دەهێنێـت.

بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم گوتارە بەکردەوە چەند شتێکمان پێ دەڵێت:

**یەکـەم:** مسـتەفا بارزانـی بـەردەوام بـووە لەتێکۆشـانی دیپلۆماسـی و بڕواهێنـان بـە ئەمەریـکا و ئێران بـۆ ئـەوەی شـۆڕش کاریگەریـی و توانـا و هێـزی خـۆی بپارێزێـت.

**دووەم:** هێرشـکردنە سـەر نەوتـی کەرکـووک هـەم کارێکـی نیمچـە (بڤـە بـووە)، هەمیـش بەرژەوەندییـە بازرگانیی و پەیوەندییەکانـی وڵاتە زلهێزەکان و مەسـەلەی وزەی دەخسـتە بـەردەم ئەگـەر و گریمانـەی هەمەجـۆرەوە، بۆیـە (مسـتەفا بارزانـی) بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی و هەروەهـا دروسـتکردنی فشـار و گەیاندنـی پەیـام و مەبەسـت کردنـەوەی دەرگای هـاوکاری پتر بـۆ ئـەوەی بـەو لایەنانـە بڵێـت ئێمـە خاوەنـی هێزیـن و دەتوانیـن هـەر کاتێـک بمانەوێـت هێرشـی لـەم جـۆرە بکەیـن.

**سـێیەم:** ململانـێ و جیـاوازی لەبـارەی کـورد لەنێـو دامەزراوەکانـی ئەمەریـکا هەبـووە، (کیسـنجەر) یـان نووسـەری ئەمـە بابەتـەی لەبـارەی ئـەم بەرپرسـەی ئەمەریـکای قسـە دەکات، دەیەوێـت شـتەکان وا وەسـف بـکات، (کیسـنجەر) نەیویسـتووە ئەوانـەی لەگـەڵ هـاوکاری کـورد نەبـوون، ئـەم مەسـەلەیە بقۆزننـەوە و بـەکاری بهێنـن و لـێ نەگەڕێـن کـورد بەهێـز بێـت و چەکـی زۆرتـری ڕادەسـت بکرێـت. لەکاتێکـدا ئـەو خـۆی بەشـداری کـردووە لـە ڕێککەوتنـی شـومی جەزائیـر دژی کـورد.

**٢-٣٤ جینۆساید**

هیچ گومانێک نەماوەتەوە کە بەکردەوە پتر لە نیوە سەدەیە لە کوردستانی عێراقدا سیاسەتی جینۆساید دژی هاووڵاتیانی سڤیل لەمێژووی هاوچەرخدا پیادەکراوە، ئەم کردەوانە پێچەوانەی بنەما و ڕێککەوتن و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکانە. کورد لە ئاستی جیهانیدا هیچ دەوڵەتێک بەشێوەیەکی بەردەوام پاڵپشتی نەکردووە تاکو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا پاڵپشت بکەن، یان دۆزەکەی بگەیننە نێو کۆبوونەوە بەردەوامەکانی ئەم دامەزراوە جیهانییە.

لەنێوەخۆشدا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەهۆی نەبوونی یەکگوتاری، واتە یەک کردەوە و ستراتیژ، نەیانتوانیوە لەنێوەخۆی عێراقدا ئەم تاوانانە وەکو جینۆساید ساخ بکاتەوە و عێراق قەرەبووی فەرمیی و دەستووری زیان لێکەوتوان بکاتەوە. تاکو لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قسەی خۆی بکات.

ئەم مەسەلەیە لەنێو نامە نهێنییە دیپلۆماسییەکانی ئەوروپایی و ئەمەریکییەکاندا دانی پیانراوە، یان زانیاریان لەبارەی لەناوبردنی کورد کۆکردۆتەوە. بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا لەنێو کتێبی (جووڵانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٦) لەزۆر شوێندا بە ژمارە و داتا و زانیاریی ورد و ئاماژە بە جینۆساید دژی هاووڵاتی کورد لەچەند بوارێکی جیاوازدا دەکرێت. نابێت لەبیری بکەین لەنێو بەڵگەنامەکانی ئەمەریکاش لەبارەی کورد هەندێک زانیاریی لەم جۆرە تۆمار کراون.

**٢-٣٢-١ کەرکووک و بەعەرەبکردن**

کەرکووک بریتییە لەگرێکوێرەی چارەسەری دۆزی کوردستان، دیارە بەپێی هەموو بەڵگەنامەکان ئەمەش پەیوەندیی بەسەرچاوەی نەوت لەم پارێزگایەدا هەیە، کە زۆرینەی کوردە. (هۆبەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشی لێکۆڵینەوە لە فەرمانگەی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز) لەبەشێکی ڕاپۆرتێکیان لەبارەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٠ دەبێژێت: "کەرکووک دانیشتووانەکەی تێکەڵە لەتورکمان و کورد و عەرەب و بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە خێزانە کوردەکان لەسەردەمی شەڕدا لە ماڵەکانیان دەرکران و خەڵکی عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێ کران". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٤٦).

لەنێو بەڵگەنامە بەریتانییەکاندا نامەیەکی (ئەمیر کامەران ئەی. بەدرخان نوێنەری ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق) بۆ بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨ ئاماژە بەم سیاسەتە کراوە و لەبەشێکی نامەکەدا نووسراوە: "ئەگەر هوشدارییەکی پێشوەخت نەکرێت لەوانەیە توندترین تەقینەوەی لێ بکەوێتەوە و ئەو جینۆسایدە بەدوای خۆیدا بهێنێتەوە کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٦١ەوە لەدژی کوردان جێبەجێی دەکەن". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٩٣).

لەهەمانکاتدا نابێت هەڵوێستی (مەنگۆلیا) لەبیر بکەین، کە لە ٢ی تەمووزی ١٩٦٣ کۆماری گەلی مەنگۆلیا بڕیاریدا ئەو تاوانی جینۆسایدەی حکومەتی عێراق لەدژی نەتەوەی کورد ئەنجامی دەدات بخاتە بەردەم کۆبوونەوەی داهاتوو (دانیشتنی ژمارە ١٨)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها لەڕۆژی ٩ی تەمووزی هەمان ساڵ، سەرۆکی

وەفـدی سـۆڤیەت لەدانیشـتنی ژمـارە ٣٦ی ئەنجوومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا کـە لەجنێـڤ دەبـەسترێ، لەنامەیەکـی فەرمییـدا داوای کـرد ئـەو سیاسـەتیی جینۆسـایدەی حکومەتـی کۆمـاری عێـراق دژی نەتـەوەی کـورد پیـادەی دەکات بخرێتـە نـاو بەرنامـەی کاری دانیشـتنەکانەوە. هەروەهـا جێگـەی وەبیـر هێنانەوەیـە مسـتەر ڕۆبـەرت ماکنامـارای وەزیـری بەرگـری ئەمەریـکا لـە وتەیەکـدا لەبـارەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە ئامـاژەی بـەوە داوە: یەکێـک لـەو سـێ پرسـەی کـە حکومەتـی ویلایەتەیـە یەکگرتـووەکان نیگـەران دەکات بریتییـە لـەو ڕەفتـارە خراپـەی لەگـەڵ نەتـەوەی کـورددا دەکرێـت". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٩٦).

لـەم نامەیـەدا کـە (کامـەران بەدرخـان) نوێنـەری شۆڕشـی ئەیلـوول لـەدەرەوەی وڵاتـدا ئاراسـتەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی کـردووە هەندێـک شـتی گرینـگمان پـێ نیشـان دەدات:

یەکـەم: حکومەتـی کۆمـاری عێـراق، وەکـو دەوڵـەت جینۆسـایدی کـوردی لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە دەسـت پێکـردووە، ئـەم دەوڵەتـە بەرپرسـە لـە کردەوەکانـی دژی (نەتـەوەی کـورد).

دووەم: نوێنەرەکـەی شـۆڕش بەوریایەکـی قووڵ و هەسـتیارەوە مامەڵەی لەگـەڵ ناوهێنانـی (مەنگۆلیـا و سـۆڤیەت و ئەمەریـکا) دەکات، کە لەشـەڕی سـارددا بـوون و دژی یـەک کاریـان دەکـرد. بـۆ ئـەوەی ئـەم حەساسـیەتە بەرانبـەر کـورد دروسـت نەبێـت، کـە لایەنگیـری بلۆکـی سۆسیالسـیتی، یـان سـەرمایەدارییە، هەڵوێسـتی ئەمەریـکا و سـۆڤیەت ئامـاژە پـێ دەکات.

**٢-٣٢-٢ کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا**

لــە نێــو بەڵگەنامــە نهێنییــە دیپلۆماســییەکانی بەریتانیــادا لەگەڵێــک کاتــدا ئامــاژە بــە سیاســەتی پاکتاوکــردن و جینۆســاید دژی کــورد لــە عێــراق کــراوە لەوانــە لەبەڵگەنامەیەکــی نهێنیــدا بــەم شــێوەیە هاتــووە:

لە: نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی

بۆ: بەردەستی گشتی

ژمارە (E /809)

کۆبوونەوەی ٣٦، مادەی ژمارە (١) لەخشتەی کار

«سیاسەتی شەڕی پاکتاوکردن دژی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقی»

داواکاری بۆ زیادکردنی بڕگەی نوێ بۆ نەخشەی کارکردن

نامــەی ســەرۆکی نێــردەی یەکیەتــی ســۆڤیەت بۆ نەتــەوە یەکگرتــووەکان و بــۆ ســەرۆکی ئەنجوومەنــی ئابــووری و کۆمەڵایەتی

بەڕێز میستەر. آ. باتینۆ

سەرۆک

کۆبوونــەوەی ٣٦ی ئەنجوومەنــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی "بەپشــتبەستن بەبەندەکانــی مــادەی ٦٣ی بەڵگەنامــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و بڕیــاری کۆمەڵــەی گشــتی ژمــارە (١٦٩ "١"ی ڕێکەوتــی ١١ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٤٦ ی تایبــەت بــە تاوانــی جەنــگ و پاکتــاوی ڕەگــەزی مرۆڤــی، نوێنــەری یەکیەتــی ســۆڤیەت لەئەنجوومــەن بڕگەیەکــی گرنــگ و بەپەلــە لەبەندەکانی کۆبوونــەوەی ئێســتا بــە ناونیشــانی "سیاســەتی شــەڕی پاکتاوکــردن دژی کورد لەلایــەن حکومەتــی عێراقــی" هاوپێچــی ئــەم یاداشــتنامەی ڕوونکردنــەوە و

ڕەشنووسی بڕیار، لەسەر ئەو بابەتە پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە. سوپاسگوزاری ئێوەم، ئەگەر ئەو نامەیە و هاوپێچی لەناو بەڵگەنامە سەرەکیە بڵاوکراوەکانی لەکۆبوونەوەی ژمارە (٣٦)ی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوبکەنەوە.

ئایس، بورسیف

سەرۆکی نێردەی سۆڤیەتی بۆ ئەنجوومەنی ژمارە (٣٦)ی ئەنجوومەن

(مستەفا بارزانی) داوای کردووە "لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا ناوبژیوانێک دەستنیشان بکرێت، وەکو چۆن بەشێوەیەکی حەکیمانە سەبارەت بەبابەتگەلی هاوشێوە ئەنجامیان داوە". (شەریف هەژاری، ٩٩،٢٠١٦).

(مستەفا بارزانی) لەڕوانگەیەکی ستراتیژی پتەوەوە، بۆ یەکەم جار بیر لە گەیشتنە نێو نەتەوە یەکگرتووەکان دەکاتەوە، وەکو هەنگاوێکی دیپلۆماسی و گەیاندنی پەیام و خواستی شۆڕشی کوردستان. ئەمە لەڕاستیدا لەو سەردەمیدا هەنگاو و بیرۆکەیەکی ژیرانە و ستراتیژی بووە. بۆیە "بارزانی نەمر لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦ نامەیەک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دەنووسێت و تێیدا داوای کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تایبەت بۆ کوردستان بنێرێت هەتا لەنزیکەوە ڕادەی ئەو زوڵم و کاولکارییە ببینن کە دەرهەق گەلی کوردستان دەکرێت". (مەسعود بارزانی، ٢٠٢٠، ٣٥).

یاداشتنامەی پێشکەشکراو بەنێردەی سۆڤیەتی لەسەر سیاسەتی جەنگی پاکتاوکردن دژی کورد لەلایەن حکومەتی کۆماری عێراقەوە لەم ڕۆژانە حکومەتی عێراقی تاوانی شەڕی پاکتاوی مرۆڤی دژی گەلی

کـوردی عێـراق ئەنجـام داوە، حکومەتـی عێراقـی تاوانبـاری شـەڕی پاکتـاوی گشـتییە دژی گەلـی کـورد، لـە ١٦ی حوزەیـران شـالاوێکی سـەربازی چـڕی دژی کـورد ئەنجـام داوە کـە چارەکێکـی دانیشـتوانی وڵاتەکـەی پێکدەهێنـن. ئـەو شــەڕەی حکومەتــی ئێراقــی ئەنجامــی داوە دژی کــورد بەشــێکی فراوانـی ناوچەکانـی باکـوور دەگرێتـەوە، کـە یەکەکانـی فڕۆکـە و دەبابـە و یەکەکانـی زرێپـۆش و تۆپبارانـی ڕەشـەکوژی و لەناوبردنـی خەڵکـی تـەواو سـڤیلی گونـدەکان بەئامانـج گیـراوە، هێزەکانـی حکومـەت لـەو شـەڕەدا قەسـابخانەی بـە کۆمـەڵ و سیاسـەتی سـەرکوتکەرانەی دژی کـورد ئەنجـام داوە، کــۆی زیانەکانــی ئــەم چەنــد ڕۆژەی دوایــی بەهــۆی بۆردومانــی ئاسمانییـەوە وێرانکردنـی ٢١ گونـد و کوشـتنی ١٥٠ منـداڵ و ئافـرەت بـووە.

ئـەو شـاڵاوە بەربەریـەی تووشـی کـورد بـووە بەتەنیـا بـەوە تاوانبـارە، کە لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافـە ڕەواکانـی نەتەوەیـی خـۆی خەباتـی بەردەوامـی گرتۆتەبـەر، داواکاریەکانـی کـورد ڕەوایـە و پشتئەسـتوورە بەبنەماکانـی مافی چارەنووسـی گـەلان، لەسـەر هەمـوو گەلانـە ڕێـزی ئـەو مافـە بگـرن و دان بەخواسـتە نەتەوەییەکانیـدا بنێـن.

گەلــی کــورد هەتــا ئێســتا لەهەوڵدایــە بــۆ بەدیهێنانــی مافەکانــی بەڕێگـەی ئاشـتیانە، لـەو بارەیـەوە دانوسـانی لەگـەڵ حکومەتـی عێراقـی کــردووە، داوای جیابوونــەوە نــاکات و بەتەنیــا دەیــەوێ خودموختــاری هەبێــت لەچوارچێــوەی کۆمــاری عێــراق.

گەلـی کـورد لەڕابـردوو و هەتـا ئێسـتا لەگـەڵ گەلـی عەرەبـی خاوەنـی خەباتــی هاوبەشــە دژی سیاســەتی ئیمپریالیســتی ســەرکوتکەرانە بــۆ بەدیهێنانــی ســەربەخۆیی نیشــتیمانی، دوای پەیوەســت بوونــی ئاینــدەی

کـورد بــە ئاییـنـدەی عــەرەب خواسـتی هاوبەشـیان کاریگـەری هەبـووە لەشۆڕشـی تەمـوزی ١٩٥٨ بـۆ ڕووخانـی ڕژێمـی کۆنەپەرسـت لەبەغـدا.

بــەڵام لەگــەڵ ئــەوەدا لــەدوای پێداگــری عەبدولکەریــم قاســم لــە دیکتاتۆریــەت لەمـاوەی ١٨ مانگـی ڕابـردوو شـاڵاوی سـەربازی بەزەبـری چـەک بـۆ سـەرکوتکردنی بزاڤـی کـورد دەسـتی پێکـرد، بەهـۆی بۆردومانـی ئاسمانـی هێزەکانـی حکومـەت بـۆ سـەر گوندەکانـی کـورد هەتـا ئێسـتا نزیکـەی ٣٠٠٠ کـەس کـوژراوە و ١٢٠ هـەزار لـە گونـدە وێرانکراوەکانیـان ئـاوارە بـوون، هـەر لـەو ماوەیـەدا هێزەکانـی حکومـەت ١٥٠ گونـد و دوو شـاری بچووکیـان وەکـو تۆڵەسـەندنەوە وێـران کـردووە.

حکومــەت ئێسـتا لەسـەر بەرنامـەی ئـەوەی پێشـوو دەڕوات، لەگـەڵ ئـەوەدا حکومـەت ئیدانـەی سیاسـەتی حکومەتـی پێشـووی کـردووە و بڕیـاری چارەسـەری مەسـەلەی کـوردی بەشـێوەی ئاشـتیانە داوە، دانـی نـاوە بـە مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد، بـەڵام دوای ماوەیـەک لەگفتوگـۆ لەگــەڵ سـەرکردایەتی کـورد کەمتریـن مافـی کـورد پەسـند نەکـراوە، وادیـارە حکومەتـی ئێسـتا نیازپـاک نییـە لـەو دانوسـانە و بەتەنیـا سـوودی لـەکات وەرگرتـووە لەگفتوگـۆ لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـورد، بـۆ پتەوکردنـی دەسـەڵات و ناردنـی زیاتـری هێـز بـۆ ناوچـە کوردییـەکان.

ئـەو سیاسـەتە فـرت و فێڵاویـە یەکێکە لەسـیماکانی سیاسـەتی حکومەت لەهەمبـەر کـورد، ئـەو قەسـابخانە خوێناویـەی ئێسـتا دژی کـورد پەیـڕەوی لـێ دەکات شـەڕی لەناوبردنـی ڕەگـەزی مرۆڤـە، مەبەسـت لـەو سیاسـەتە دەسـت بەسـەراگرتنی دووەم پێکهاتــەی گەلـی عێراقـە، بۆیـە نێـردەی یەکیەتـی سـۆڤیەتی دەیەوێـت ئەنجوومـەن چاوێـک بـە بەنـدی مـادەی

٦٢ی بەڵگەنامەی نەتەوەکان و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە (٦٩ "١") ی تایبەت بەتاوانی شەڕی پاکتاوی ڕەگەزی مرۆڤیدا بخشێنێتەوە، سیاسەتی حکومەت بەرانبەر کورد شەڕی لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆڤە و لادانە لەیاسای دەولی و گیانی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەش پێویستی بەبایەخدانی دەولی هەیە، هەروەکو سەرنجی ئەنجوومەنی بۆ بڕیاری کۆمەڵەی گشتی دەرچووی ساڵی ١٩٤٨ی تایبەت بە ڕێککەوتنی لەسەر ڕێگەگرتن لەپاکتاوی ڕەگەزی مرۆڤی ڕادەکێشێ، بەوەی تاوانێکە دەبێت ئەنجامدەرانی سزا بدرین. لەکاتێکدا عێراق لەگەڵ ٧٣ دەوڵەتی دیکە واژۆی لەسەر ئەو ڕێکەوتنامەیە کردووە، ئەو شەڕە دژی کورد و پێشێلکاری ئاشکرای بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنامەیە.

"دەقی ڕێککەوتنامەکە دەڵێت: "ئەو دەوڵەتانەی واژۆیان کردووە لەسەر بەرهەڵستی شەڕی پاکتاوی ڕەگەزی کردووە، لەسەر ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار لەنەتەوە یەکگرتووەکانە ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ ڕاگرتن و سزادانی هەر لایەنێک دژی لایەنەکەی دیکە ئەنجامی دەدات" ئەمە لەکاتێکدا ئەنجوومەنی گشتی لایەنی چاودێرە بەسەر ڕێککەوتنامەی ناوبراوەوە، کە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپاندوویەتی.

هەروەها نێردەی یەکیەتی سۆڤیەت سەرنجتان ڕادەکێشت بۆ ئامانجەکانی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەنەتەوەیەکگرتووەکان، بەپشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەوەی ڕێنومایی تایبەت پێشکەش بکات بۆ باشترکردن و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان.

بۆیــە ئەنجوومــەی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی ناتوانــێ بێنــدەگ بێــت لــەوەی لــە کوردســتانی عێــراق دەکرێــت، ئەنجوومــەن داوا دەکات ئیدانــەی کارەکانــی حکومەتــی عێراقــی بکرێــت و داوا بکرێــت ئــەو شــەڕە نەگریســەی ئێســتا هەیــە ڕابگرێــت.

نێــردەی ســۆڤیەتی جەخــت لەســەر ئــەوە دەکاتــەوە، کــە ئــەوە کێشــەیەکی ناوخۆیــی عێراقــی نییــە، بەڵکــو کێشــەیەکی دەوڵییــە، عێــراق بــە کۆمەڵێــک ڕێککەوتنامــە پەیوەســتە، کــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان لەســەری ڕێککەوتــووە، بۆیــە نێــردەی ســۆڤیەتی ســوورە لەســەر ئــەوەی شــەڕی لەناوبردنــی سەرتاســەری دژی کــورد مەســەلەیەکە دەبێــت بخرێتــە کارنامــەی ئەنجوومەنــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی.

نێــردەی ســۆڤیەتی ڕەشنووســی ئــەو بڕیــارە دەکاتــە پاشــکۆی ئــەو یاداشــتنامەیە هەتــا بــۆ ئــەو مەبەســتە بخرێتــە بەردەســت. (د. عــوسمان عەلــی، ٢٠١٣، ٤٨٣-٤٨٦).

گوتارێکی ڕوون و ئاشکرایە، بەریتانییەکان بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تایبەتــی خۆیــان ئــەم نامەیان وەکــو بەڵگەنامەیەکــی گرنگ لەنێــو دۆکۆمێنتە دیپلۆماســییەکانی خۆیــان پاراســتووە. گوتــاری یەکێتــی ســۆڤیەتی پێشــوو لەبــارەی دۆزی کــورد دەکرێــت لــەم خاڵانــە کــورت بکەینەوە:

**یەکەم:** دۆزی کورد ناوەخۆیی نییە و نێودەوڵەتییە.

**دووەم:** جینۆسایدی ســەخت دژی کــورد لــە عێــراق بە ئاشــکرا و فەرمیی پیــادە دەکرێــت، ئەمەش پێچەوانــەی ڕێککەوتنــە نێودەوڵەتییەکانە.

**سێییەم:** عێــراق واژۆی لەســەر هەندێــک لــەو ڕێککەوتنامانــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان کــردووە، بۆیــە دەبێــت ســزا بدرێــت.

**چـوارەم:** سیاسـەتێکی فرتوفێڵانـە لەلایـەن حکومەتـی عێـراق دژی کـورد پیـادە دەکرێـت و فریودانـی ڕای گشـتی لەخۆگرتـووە.

**پێنجـەم:** نوێنـەری سـۆڤیەت ڕاشـکاوانە ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە " گەلـی کـورد لەڕابـردوو و هەتـا ئێسـتا لەگـەڵ عەرەبـی خاوەنـی خەباتـی هاوبەشـە دژی سیاسـەتی ئیمپریالیسـتی سـەرکوتکەرانە بـۆ بەدیهێنانـی سـەربەخۆیی نیشـتیمانی". ئەمـەش ئـەوە نیشـان دەدات کـە سـۆڤیەت بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد و شۆڕشـی ئەیلوولـی بـە بزاڤێکـی نیشـتیمانی دژی ئیمپریالیـزم دانـاوە.

لێرەدا چەند گریمانەیەک دێنە پێشەوە:

- سۆڤیەت دژی ئەمەریکا لایەنگیری بزاڤی کورد بووە.
- سـۆڤیەت دۆزی کـوردی وەکـو کارتێکـی فشـار دژی حکومەتەکانـی دوای قاسـم بەکارهێنـاوە، بـۆ ئـەوەی عێـراق بخاتـە نێـو بازنـەی سیاسـەت و بەرژەوەندییەکانـی و لـە ئەمەریـکا و ڕۆژئـاوا دوور بکەوێتـەوە، بەکـردەوەش ئەمـە لەهاوپەیمانـی شـیوعییەکان و بەعـس ڕەنگـی دایـەوە.
- لەهەمـان کاتـدا ئەمەریـکا زۆر نیگەرانبـووە لەپەیوەندیـی عێـراق و سـۆڤیەت و بەهێزبوونـی حزبـی شـیوعی عێراقـی، بۆیـە ئەوانیـش هەمیشـە لەگومانێکـی زۆردابوون لەوەی ئایا (مەلا مسـتەفا) کۆمۆنیسـتە و فکـری کۆمۆنیسـتی لە سـۆڤیەت هێناوەتـەوە نێو کوردان، یـان نا؟ کورد لـەم ململانێیـە ڕەنگـە هەندێـک سـوودی وەرگرتبێـت بـۆ فراوانکردنـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئەمەریـکا و سـۆڤیەت، بـەڵام بـێ باجیـش نەبـووە.

### ٢-٣٢-٣ (عەدنان پاچەچی) توورە دەبێت

بەپێـی بەڵگەنامـە بەریتانییـەکان لـە ١٠ی تەمـوزی ١٩٦٣ (عەدنـان پاچەچـی) نوێنـەری هەمیشـەیی عێـراق لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان نامەیـەک بـۆ نەتـەوە یەکگرتـووەکان وەکـو وەڵامێـک بـۆ نوێنەری سـۆڤیەت دەنووسـێت و لەبەشـێکی نامەکەیـدا دەڵێـت: «ئامـاژە بـە بەڵگەنامـەی ژمـارە (S ٥٣٤٥) بـەرواری ٩ی تەمـووز، کـە نامەیەکـی تانـەدەرە لـە نوێنـەری هەمیشـەیی یەکیەتـی سـۆڤیەت لەئەنجوومـەن بـۆ ئەنجوومەنـی ئاسایشـی دەوڵـی نێـردراوە. حکومەتـی کۆمـاری عێـراق زۆر بەتونـدی ئـەو دەسـتێوەردانە ئاشـکرایەی سـۆڤیەتی لەکاروبـاری ناوخـۆی حکومەتـی عێـراق ئیدانـە دەکات، لەڕاسـتیدا ئـەو لێدوانـەی دوایـی حکومەتـی سـۆڤیەتی پێشـێلکردنی ئاشـکرای بنەمایەکی گرنگـی بەڵگەنامەکانـی نەتەوە یەکگرتووەکانـە لەسـەر دەسـتێوەردانەکان لەکاروبـاری ناوخـۆی دەوڵەتانـی ئەنـدام، کـە پێـشتر لەچەندیـن بۆنـەدا یەکیەتـی سـۆڤیەت بەڵێنـی دابـوو ڕێـز لەبەڵێنەکانـی خـۆی بگرێـت.

ئـەو پڕوپاگەندەی یەکێتی سـۆڤیەت لەسـەر شـەڕی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لـە باکـووری عێـراق بنەڕەتێکـی نییـە، چالاکییـە سـەربازییەکان لەناوچەکـە سـنووردارە و لەبنەڕەتـەوە دژی گروپێکـی خیانەتـکار و دەرچـوون لە یاسـایە و لـەدەرەوە ئاراسـتە دەکرێـن بـۆ تێکدانـی یەکێتـی خـاک و گەلـی عێـراق. هەروەهـا ئـەو پڕوپاگەندانـەی یەکیەتـی سـۆڤیەت گوایـە هێـزی نـا عێراقـی بەشـداری کـردووە لـە چالاکییـە سـەربازییەکان دژی کـورد هیـچ بنەڕەتێکـی نییـە، پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت ڕەتدەکەینـەوە لەسـەر بەشـداری هێـز و فڕۆکـەی سـۆڤیەتی لەباکـووری عێراقـدا. تاکـە لایەنـی بێگانـە دەسـتی لـە

کاروبـاری عێـراق وەردابێـت ڕوسـیایە، کە کێشـەی ناوخۆی عێراقـی هێناوەتە بـەردەم ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، سـەرەڕای ئەوە بـەم دواییە هەر وەکـو خۆیـان دانیـان پێدانـاوە هۆیەکانـی ڕاگەیاندنـی یەکیەتـی سـۆڤیەتی و دەوڵەتانـی سۆسـیالیزمی هاوپەیمانـی یاخییـە خیانەتکارەکانیـان هانـداوە چـەک دژی حکومـەت هەڵبگـرن...". (د. عـوسمان عەلـی، ٢٠١٣، ٤٨٨-٤٨٩).

(عەدنـان پاچەچـی) لـەدوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام حوسـین لەلایـەن هاوپەیمانـان بـە سـەرۆکایەتی ئەمەریـکا بەشـداری بـوو لە حوکمڕانـی نوێدا لەتـەک کـورد و شـیعە و سـونە ئامادەبـوو ئیمـزای لەسـەر پـڕۆژە نوێیەکـەی (عێراقـی نـوێ) کـرد، کـە چـی لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکان لـە (گوتارێکـی درۆزنانـەی فریودەرانـە) لەپێنـاو داپۆشـینی تاوانـی جینۆسـاید دژی کـورد هێـرش دەکاتـە سـەر نوێنەری سـۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیسـتییەکان. نامەکەی ئـەم نوێنـەرە عەرەبە لـە نەتەوەیەکگرتووەکاندا چەند بوارێکـی لەخۆگرتووە:

**یەکـەم:** دەیەوێـت مەسـەلەکە هەڵبگێڕێتـەوە و سـۆڤیەت بـە دەسـتوەردان لەکاروبـاری ناوەخـۆی عێـراق تۆمەتبـار بـکات. لـە بـواری کـردە قسـەدا سیاسـەتی (ڕەخنەگرتـن و پێشـوازی نەکـردن و ڕق لێبوونـەوە و درۆی) پیادەکـردووە.

**دووەم:** ڕەتـی دەکاتـەوە کـە لایەنـی دیکـە بەشـداری هێرشـی دژ بـە کوردسـتانیان کردبێـت. لـە ڕاسـتیدا سـوپای سـوریا ئـەو کات بەشـداری هێرشـەکانی کـردووە. وەکـو شـیکردنەوەی زمانەوانـی و پشـت بـەستن بـە بنەماکانـی پراگماتیـک دەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە (ڕوونکردنـەوە و پاسـاوهێنانە و زانیارییەکانـی ئـەو بەرپرسـە)ی عێـراق لەبنەڕەتـدا (ڕەتکردنـەوەی ڕاسـتییەکانە) نـەک (ئاشـکرا کردنـی ڕاسـتییەکان).

**سێیەم:** ناتوانێت بیشارێتەوە کە هێرشیان نەکردووە و سوپا دژی کورد بەکارناهێنن، بەڵکو دەڵێت (هێرشەکانمان سنووردارە)، واتە بەکردەوە دان بەڕاستی و هەقیقەتی ئەو زانیاریانە دادەنێت، کە باسی هێرش دژی کوردستان دەکەن.

**چوارەم:** وەکو گوتاری دەوڵەتێکی توندڕەوی داگیرکەر بەم جۆرە وەسفی شۆڕشی کورد دەکات "دژی گروپێکی خیانەتکار و دەرچوون لە یاسایە و لەدەرەوە ئاراستە دەکرێن بۆ تێکدانی یەکێتی خاک و گەلی عێراق". ئەم تۆمەتانەش لەهەموو سەردەمێکدا دژی شۆڕش و خەڵکی ڕزگاریخوازی کوردستان هەبووە.

### ٢-٣٢-٣ سۆڤیەت: کێشەی کورد نێودەوڵەتییە و ئەمەریکا نا!

ئینگلیز لە گوتاری فەرمیی دیپلۆماتەکانیادا بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێن، کە عێراق جینۆسایدی کوردەکان دەکات. ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی لەسەردەمێکدا یەکێتی سۆڤیەت بە ئاشکرا بەکاری هێنا بۆ بەکارهێنان و جووڵاندنی دۆزی کورد بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی و کارتی فشار. "بەکورتی سۆڤیەتییەکان هەوڵیاندا شەڕی کورد بەنێودەوڵەتی بکەن و تەواو ڕای بکێشنە نێو نەخشەی جەنگی سارد. هەڵمەتی دیپلۆماسی یەکێتی سۆڤیەت دژی عێراق لەسەرەتای تەمووزدا گەیشتە لووتکە، ئەویش ئەو کاتەی مەنگۆلیای هاوپەیمانی خۆی قەناعەت پێهێنا لەکۆبوونەوەی داهاتووی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بابەتێک لەسەر حکومەتی عێراق بجووڵێنێت بەوەی کەوتۆتە شەڕێکی جینۆسایدانە لە دژی کورد. لەوکاتەی ئەو داوایەی مەنگۆلییەکان هەرایەکی گەورەی نایەوە. کەچی شتەکە تەنیا سەرەتایەک بوو. دواتر لە ٩ی ئەیلوولدا مۆسکۆ لێدوانی دژی ڕێکخراوی (سەنتۆ) دا، کە جێگرەوەی پەیماننامەی بەغدا بوو، بەوەی تاوانبارکرد گوایە ڕێکاری هاوبەشیان دژی کورد پرسێکی تەواو ناوخۆییە و بۆ ئەوە بوو بنەمایەک بۆ داخوازییەکی نەتەوە یەکگرتووەکان یان کردەی نێودەوڵەتی دیکەی سەبارەت بە دۆزکە بێتە پێشەوە. سۆڤیەت زیاتر لەوەش پێشنیازی ئەوەبوو پرسی جینۆسایدکردن وەکو سکاڵایەک لەدژی عێراق ببەنە بەردەم کۆمیتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ١١ی تەمووزدا سۆڤیەتییەکان نامەیەکیان بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش نووسی و داوایان لێکرد ئاگاداری ڕەوشێکی ترسناک بێ، کە

وەک دەرکەوتەیەک بەهۆی ڕووداوەکانی باکووری عێراق و بەهۆی دەستوەردانی دەوڵەتەکان ئۆپەراسیۆنێک لەلایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە لەدژی کورد هاتۆتە ئارا. بۆ یەکەمین جاریش بوو ڕەوشی کوێرەوەری کوردان گەیشتە باڵاترین ئاستی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەمەریکا لایەنگری ئەوان نەبوو. (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ١٧٨-١٧٩). مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ کورد نەبوو، هاوکاری حکومەتی عێراقی کردووە.

لەدرێژەی ئەو باسانەی کە دەربارەی جینۆساید لەسەرەتای شەستەکان ئاماژەی پێکراوە بریتی بووە لەو تاوانانەی دژی هاووڵاتیانی مەدەنی کورد ئەنجام دراون لەکاتێدا لە کۆتایی هەشتاکان گەیشتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی قەدەغەکراو لە شاری هەڵەبجە و شێخوەسانان و بادینان و دواتر پرۆسەی ئەنفال و خاپوورکردنی پتر لە چوار هەزار گوند و دەیان تاوانی دیکە، کە دژ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لەدژی کورد ئەنجام دران. مەبەستمان ئەوەیە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا بیرۆکەی کاردانەوە و باسکردنی (جینۆساید دژی کورد) وەکو کارتێک و تاوانێک دژی عێراق خراوەتە بەر باس و گەیەنراوەتە باڵاترین نێوەندە نێودەوڵەتییەکان. ئەو کات سۆڤیەت پاڵپشتی کوردی کردووە و ئەمەریکاش بێدەنگی نواندووە، یان هاوکاری حکومەتی عێراقی کردووە.

**٢-٣٢-٤ ئەمەریکا: سیاسەتی عێراق نزیکە لە جینۆساید**

(سپێین)ی ئەمەریکی نووسیویەتی: "سیاسەتی عەرەبە ناسیۆنالسیتەکان کە بەسەر حکومەتی بەغدادا زاڵن، لەڕاستییدا نزیکە لەکردەی جینۆساید، بەگوێرەی قسەی ئەفسەرێکی پلەباڵای عێراقی کردەکە بریتییە لە: بردنی ئەو دیلە کوردانەی، کە زانیاریان لێوەردەگرن پاشان یەکسەر گوللەبارانیان دەکەن، لە جەوهەریشدا کەمکردنەوەی ڕێژەی نێرە لەنێو دانیشتووانی کورد بۆ ڕێژەی دەیەکی ئەوەی ئێستا هەیە، بەرەلاکردنی ژن و منداڵ بەوەی تەنیا خۆیان بژێوی خۆیان پەیدا بکەن و دەرکردنی خەڵک و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەی ئەواندا". (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩، ١٨٤).

دەگاتە ئەوەی (گیبسن) ئاماژە بەنامە و مشوری (بارزانی) لەبارەی ئاوارەکان بخوات و ئاماژەش بەوە دەکات، کە عێراق سیاسەتی جینۆساید دژی کورد پیادە دەکات و دەڵێت (بارزانی) دەیویست ئەمەریکا هانبدات لەڕێگەی ڕێکخراوە مرۆییەکانی نێو ئەمەریکا و نیودەوڵەتی یارمەتی بگەیننە ئاوارەکان و دەبێژێت "مشووری کوردەکان لەدەستی شاڵاوی جینۆسایدانەی عێراقەوە بخۆن". (بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠١٩،٤٢١).

لەم لێکدانەوە و گوتارە شەرمنانەی ئەمەریکا بەرانبەر تاوانەکانی حکومەتی عێراق دژی کوردستان و جینۆساید چەند خاڵێکی گرنگمان نیشان دەدات:

**یەکەم:** (مستەفا بارزانی) سەرنجی ئەمەریکا بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە سیاسەتی جینۆساید دژی هاووڵاتیانی سڤیلی کورد پیادە دەکرێت و داوای هاوکاری بۆ ئاوارەکان دەکات.

**دووەم:** ئەمەریکییـەکان نایشـارنەوە سیاسـەتی نەتەوەپەرستی عـەرەب نزیکـە لـە جینۆسـاید.

**سـێیەم:** عێـراق نێـر و مێـی کـورد لێـک جیادەکاتـەوە و نێـرەکان دەکوژێـت، بـۆ ئـەوەی ژمـارەی کـورد کـەم ببێتـەوە.

**چوارەم:** کوردەکان ڕادەگوازێت و عەرەبیان لەشوێن دادەنێت.

**پێنجـەم:** سـەرچاوە ئەمەریکییـە لـە کۆکردنـەوەی زانیاریـی دژی کـورد ئەفسـەرێکی عێراقییـە، واتـە لـەم دۆخـەدا ناتوانـن بێـژن ئەمـە بانگەشـەی سیاسـی کوردەکانـە دژی حکومەتـی عێـراق.

### ٢-٣٢-٥ ڕاپۆرتێکی گرنگی هۆڵەندییەکان

(کۆمەڵـەی دەستپێشـخەری هۆڵەنـدی بـۆ کوردسـتان) ڕاپۆرتێکـی گرنـگ و پـڕ لەزانیاریـی بڵاوکردۆتـەوە و ئەمـەش لەنێـو بەڵگەنامـە نهێنییەکانـی دیپلۆماتکارەکانـی بەریتانیـا پارێـزراوە. زانیـاری ورد و بـە بایەخـی لەبـارەی دۆخـی کوردسـتان و جینۆسـاید دژی کـورد تێدایـە. هەروەهـا نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە دانیشـتنی بیسـت و نۆیەمـی ڕۆژەڤـی ژمـارە ٨ی جنێـڤ لـە ١٩ ئابـی ١٩٧٦یشـدا لـە ئەنجوومەنـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کۆمیسـیۆنی مافەکانـی مـرۆڤ لقـی ڕێگرتـن لـە هەڵاوێرکـردن و پاراسـتنی کەمینـەکان کۆبوونەوەیەکـی تایبەتـی لەبـارەی دۆخـی سیاسـی و مرۆیـی کوردسـتان ئەنجـام داوە. لەوێشـدا زانیاریـی ورد لەبـارەی دۆخـی ژیـان و جینۆسـاید دژی کـورد تۆمارکـراوە و نامـەکان لـە نێـو دۆکۆمێنتەکانـی بەریتانیـا پارێـزراون.

**٢-٣٢-٥-١ لێ سەندنەوەی ناسنامە**

لە یەکێک لە بەڵگەنامە نهێنییە دیپلۆماسییەکنی بەریتانیادا گوتاری نامەیەکی (کەی.دی. تێمپڵ)ە کە لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ نووسراوە و بریتییە لە ڕاپۆرتێکی دوور و درێژ و گرنگ و هەمەلایەنەی (کۆمەڵەی دەستپێشخەری هۆڵەندی بۆ کوردستان/ سندوقی پۆستە ١٣٠٥٩) لەڕاستیدا لەم ڕاپۆرتەدا زانیاریی زۆر ورد لەبارەی کورد و ڕاگواستن و تەعریب و جینۆساید دژی هاووڵاتیانی کوردستان تۆمار کراوە، ئێمە تەنیا ئاماژەیەکی خێرا بەهەندێک لەو زانیاریانە دەکەین، کە دەربارەی جینۆسایدە: "ناسنامەی عێراقیبوون لەهەموو ئەو کەسانە دەسەنرێتەوە کە تاوەکو ١ی تشرینی یەکەم یاخود وادەیەکی دواتر نەگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. ئەم زانیارییە لەلایەن بەڕێز نەعیم حەداد لەسەردانیدا بۆ کەمپی پەنابەران لە ئێران باسکراوە". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ١٩٦).

واتە سەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون لە کورد لەکردەوەدا (هەڕەشە و جینۆسایدە)، ئەمە نیشانەی دەرکردن و بێبەشکردن و لێ سەندنەوەی مافێکی سروشتی هاووڵاتیانە. بەکردەوە ئەمە دژی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێناوە.

### ٢-٣٢-٥-٢ تێکدانی گوندەکان

لەناوچەکانــی دەرەوەی ســنووری ئۆتۆنۆمــی بــەم شــێوەیە ئامــاژە بــە چۆڵکردنــی گونــدەکان کــراوە:

**یەکـەم:** لەناوچـە نا ئۆتۆنۆمییە کوردییەکانی باکووری عێراق سـەدان گوندی کـورد بەتـەواوی چـۆڵ کراون مەبەسـت لـەم کارەش پڕکردنـەوەی گوندەکانە بە جوتیـاری عـەرەب، یاخود هۆکاری سـەربازی/ ستراتیژی لە پشـتەوەیە.

لـە پارێـزگای دیالـە، زیاتـر لـە پەنجـا گونـدی سـەر بەشـارەکانی جەلەولا، خانەقیـن و قۆرەتـوو لەسـەر سـنووری ئێـران چۆڵکـراون، هەروەهـا چەندین گونــد لــە شــاری مەندەلــی خۆرهەڵاتــی بەعقوبــە لــە نزیــک هەمــان سـنوورەوە چـۆڵ کـراون.

لەپارێـزگای کەرکـووک: زۆربـەی گوندەکانـی سـەر بەشـارەکانی کفـری و تـوز و داودە و شـوان و دبـس و داقـووق و دەوروبـەری شـاری کەرکـووک چۆڵکـراون نـاوی زیاتـر لـە ٤٠ گونـد دراون.

**دووەم:** لەناوچــە ئۆتۆنۆمییەکانــدا کــە لــە ٣ پارێــزگای تــەواو کــورد پێکهاتــووە چەندیــن گونــدی دوور دەســت چۆڵکــراون. دانیشــتووانەکەی ڕاگوێــزراون بــۆ (کۆمەڵگــەی نیشــتەجێ بوونــی نــوێ) یاخــود گونــدی نموونەیــی کــە نزیکــن لــە ڕێگــە ســەرەکییەکانەوە و ئۆتۆمبێلــی خزمەتگوزاریـی و ئۆتۆمبێلـە سـەربازییەکان بەئاسـانی دەیانگەنـێ. هەروەک گونـدە ستراتیژییـەکان کـە ویلایەتـە یەکگرتـووکان و پورتووگالییـەکان یـەک لـەدوای یـەک لـە ڤێتنـام و مۆزەمبیقـدا سیاسـەتی نیشـەجێبوونیان تێـدا سـەپاند. چەندیـن نموونـە لـە پارێزگاکانـی هەولێـر و دهـۆک و سـلێمانی

لەبەردەستدان، بۆ نموونە شارەکانی سمێڵ و زاخۆ و مەخمور و کەندێناوە و هەڵەبجە و پێنجوین و هەروەها پرۆسەی بەعەرەبکردن لەڕێگەی نیشتەجێکردنی عەرەب لەجێگەی کوردەکان لەم ناوچانەش بەردەوامە. ژمارەی ئەو کەسانەی لەم گواستنەوە زەبەلاحەی خەڵکدا بەشدارن بەتەواوی نازانرێن، بەڵام بە ٢٠٠-٥٠٠ هەزار کەس دەخەملێنرێن. (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ١٩٨-١٩٩).

ئەمە خشتە و زانیاری چۆنیەتی ڕاگواستنی گوندە کوردییەکانن، کە ئەم سیاسەتە لەکۆتایدا بووە هۆی ئەوەی پتر لە چوار هەزار گوندی کوردستان تەخت بکرێن و دانیشتوانەکەی ڕابگوازرێن، سەرباری سووتانی خاک و داراستان و گرتنی کانیاو و سەرچاوە ئاوییە سروشتییەکان.

**٢-٣٢-٥-٣ کوردەکان بۆ خوارووی عێراق**

هەمـان ڕاپۆرتـی هۆڵەنـدی لەبـارەی گواسـتنەوەی ئـەو کوردانـەی لـە دوای تێکچوونـی شـۆڕش گەڕاونەتـەوە دەنێرنـە ناوچەکانـی خـوارووی عێـراق و تێیـدا هاتـووە: "زۆرێـک لـەو پەنابـەرە کوردانـەی لـە ئێـران گەڕاونەتـەوە لەبـڕی ئـەوەی بنێردرێنـەوە بـۆ گوندەکانـی خۆیـان، دەگوێزرێنـەوە بـۆ ناوچـە عەرەبنشـینەکانی باشـووری وڵات. ئەمـە بـۆ زۆرێـک لـەو کوردانـەش ڕاسـتە کـە لـە گوندەکانیـان هەڵدەکەنرێـن. تەنیـا لەناوچـەی دیوانییـە لـە باشـووری بەغـدا، نزیکـەی ٥٠ هـەزار کـورد لـە کوختـەی زۆر سـەرەتاییدا بـە (سـەرایف) ناودەبرێـت لـە کەمپـدا جێگیرکـراون و زۆری تریـش زانیـاری لـە رۆژنامـەی گاردیـان ڕۆژی ١٤ تشرینـی یەکـەم وەرگیـراوە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٩٩).

بێگومـان ئەوانـەی لـەوێ بـوون و بیرەوەرییەکانیـان لەبـارەی ژیـان لـەو ناوچانـە دەگێڕنـەوە، لەکـردەوەدا زیندانێکـی ئـازاد بـووە سـەبارەت بـەو کوردانـەی لـەم شـوێنانە نـە نیشـتەجێ کرابـوون، بەڵکـو سـزا دراوبـوون.

### ٢-٣٢-٥-٤ ئێزیدی و مەسیحییەکانیش بەر دەکەون

لە ڕاپۆرتە هۆڵەندییەکەی نێو بەڵگەنامە پارێزراوە نهێنییەکانی بەریتانیا و جۆرێک لە گوتاری دیکەیدا لەبارەی کورد، کە بریتییە لەنیشاندانی ئەو فشار و بەعەرەبکردن و گۆڕینی نەتەوە و نەژادی (ئیزدیی و مەسیحییەکانە بۆ عەرەب) بەڕاشکاوی نووسیویەتی: "شاری عەقرە هەرچەندە دابڕابوو کە بخرێتە سەر ئەو هەرێمە، بەڵام هێشتا لەژێر دەسەڵاتی پارێزگای نەینەوادا هێلراوەتەوە. ئەمەش پێچەوانەی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادارە، چونکە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧دا کوردێتیی ئەم شارە بەڕوونی سەلمێنراوە. کەمینەکان لەناوچە کوردییەکاندا بۆ نموونە مەسیحییەکان و تەنانەت ئێزدییەکانیش کە بەگشتی خۆیان داوەتە پاڵ کوردەکان، گوشاریان دەخرێتە سەر کە خۆیان بە عەرەب لە قەڵەم بدەن و پەیوەندی بە بەرەی بەعسەوە بکەن". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٢٠٠).

لەم بارە لە نامەیەکی نهێنی دیپلۆماسی دیکەدا وەکو گوتاری فەرمیی بەریتانییەکان لەبارەی سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٧٥، (جەی ئەی ئێن گراهام) نامەیەکی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا بۆ (ئای تی ئێم لوکاس) لەبەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ ناردووە، ڕاشکاوانە نووسیویەتی: "سەبارەت بەڕووداوەکان و هەروەها ئەو ڕاپۆرتانەی لەبارەی ڕاگواستنەوە هەن، ئەمانەش ڕاپۆرتی دڵنیان و جێگەی گومان نین".

(گراهام) جارێکی دیکەش لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ نامەیەکی

دیکـە لەباڵوێزخانـەی بەریتانایـەوە بـۆ (لـوکاس) لـە وەزارەتـی دەرەوە و کۆمۆنوێڵـز لەبارەی ڕاگواسـتنی کـورد دەنێرێت و لەبەشـێکیدا نووسـیویەتی: "بـاسمان لـەو کوردانـە کـردووە، کـە لەباکـووره دەگوێزرێنـەوە و لەباشـووری عێـراق نیشـتەجێ دەکرێـن. بەڵگـەکان جۆراوجـۆرن بـۆ نموونـە بینینـی کەسـانی کـورد لەشـوێنە پێشـبینی نەکراوەکانـی وەکـو دیوانییـە کـە تیایـدا زۆر بەزەقـی دەردەکـەون، یاخـود بینینـی ئۆتۆمبیلـی سـەربازی کـە ماڵـە کـوردی تێدایـە و لەتاریکـی شـەودا لـە شـارێکەوە دەبرێنـە شـارێکی تـر، تـا دەگاتـە زانیاریـی ئـەو کەسـانەی کـە کەسـوکاریان بـەر ئـەم ڕاگواسـتنە کەوتـووە و تەنانـەت پڕوپاگەنـدەی ناوبازاڕیـش گەرمـە لـەم بارەیـەوە.... ". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٠٨- ٢٠٩- ٢١٢).

واتـە لـەم بەڵگەنامانـەدا ئـەوە تۆمـار کـراوە کـە کـورد لـە چ مەینەتیـی و ئازارێکـی سـەختدا ژیـاوە، حکومەتـی بەغـدا بـە چ جۆرێـک سیاسـەتی توندوتیژیـی و تاواندنـەوەی دژی کـورد پیـادە کـردووە. ئـەوان لـە ڕاپۆرتەکانیـان نەیانویسـتووە هیـچ بڕیـار و حوکمێـک لەبـارەی چارەنووسـی کـورد بـدەن، بـەڵام بەشـێک لـەو فشـار و زوڵمەیـان دژی کـورد تۆمـار کـردووە و وێنـە گرتـووە. ئـەم سیاسـتە نەبـووە سـەپاندنی دەسـەڵاتی تـرس لەنێـو کوردانـدا، بەپێچەوانـە شۆڕشـی درێـژەی پێـدراو و خەباتـی ڕزگاریخـوازی کـورد نەپسـایەوە.

### ٢-٣٢-٥-٥ ئاشوورییەک ڕادەگوێزرێت

لەنێو بەڵگەنامە بەریتانییەکاندا، کە بریتییە لە گوتاری دیپلۆماسی و فەرمیی نێوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمی بەریتانییەکان، لەبارەی ڕاگواستنی کورد بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق (جەی ئەی ئێن گراهام) لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغداوە بۆ وەزارەتی دەرەو و کۆمۆنویڵز لە نامەیەکی نهێنیدا نووسیویەتی "تا کاتی نووسینی ئەم نامەیە (واتە ٢٦ کانوونی دووەمی ١٩٧٦) تاکە حاڵەتێکمان بینیوە کە کەسێکی ئاشووری شانبەشانی پێشمەرگە چەکی هەڵگرتبوو، لەگەڵ خێزانەکەیدا لەگوندێکی باکوورەوە ڕاگوێزراوە بۆ گوندێکی دوورەدەست لەچەند میلێک لە دیوانییەوە دوورە. دەگوترێت لەوێدا لە کوختەیەکی قوڕینی یەک ژووریدا دەژین و موچەیەکی ٢٥ دیناریی مانگانەی دەدرێتێ و هیچ کارێکی نییە بیکات". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٢١٠).

ئەم وێنە و گێڕانەوەیە لە ڕووداوە ناخۆش و ئازاربەخشەکانی نێو فیلمێکی سینەمایی دەچێت، خانەوادەیەکی ئاشووری لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بووە، بۆ خواروو ڕادەگوێزرێت، ئەمە نیشانەی ئەوەی حکومەتی عێراق دوژمنی بابە کوشتەی پێشمەرگە بووە، ئەم پێشمەرگەیە هەر نەتەوە و ئاینێک بووبێت، بڕیاریان داوە سزای بدەن. ئەم چیرۆکە، بریتییە لە چیرۆکی کەسێک، بەڵام دەتوانین بڵێین چیرۆکی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە. لای هەموومان ڕوونە لەنێو شۆڕشی ئەیلوول و بە فەرمایشت و سەرپەرشتی خودی (مستەفا بارزانی) پێکهاتەکانی کوردستان وەکو یەک و یەکسان لەنێو

شۆڕشـــدا بەشـــدار بـــوون، ئەمـــەش ســـەرەتایەکی نوێـــی (پێکەوەژیـــان و بەشـــداری هاوبـــەش و تێکەڵبـــوون و بەکـــردەوە ئامادەبوونـــی هەمـــوو پێکهاتـــەکان بـــوو لەنێـــو شۆڕشـــدا). بەپێـــی هەمـــوو لێکدانـــەوەکان ئەمـــە پەیوەندیـــی بـــە فکـــر و ڕێبـــاز و بیرکردنـــەوەی خـــودی بارزانییەکانـــەوە هەیـــە، کـــە هەمیشـــە لەگـــەڵ ئایینـــە جیـــاوازەکان و پێکهاتـــەکان کـــراوە و متمانـــەدار بـــوون.

### ۲-۳۲-٥-٦ هەقیقەتی ڕاگواستن

بەڵگەنامــە نهێنییــە دیپلۆماتییــەکان بەریتانــی ناتوانــن ڕاســتی و هەقیقەتــی ڕاگــواستن بشــارنەوە، یــان وەکــو ئــەوەی عێــراق دەیەوێــت نمایشــی بــکات، نیشــانی بــدەن. (کــەی دی تێمپــڵ) لــە باڵوێزخانــەی بەریتانیــا لــە بەغــدا لــە ۸ی تەمــوزی ۱۹۷٦دا نامەیەکــی نهێنــی بــۆ (ئــای مەککلۆنــی) لــە بەشــی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت لــە وەزارەتــی دەرەوە و کۆمۆنوێڵــز لــە لەنــدەن) نــاردووە لەوێــدا ئامــاژە بــەوە دەکات کــە "ئــەو خاڵــەی کــە ڕاگەیندراوەکــە ســەبارەت بــە ڕاگــواستن جەختــی لەســەر کردۆتــەوە لەگــەڵ ددانپیانــان بــەوەی کــە دەســەڵاتداران گوندەکانــی ناوچــە ســنووریی و ستراتیجییــەکان و دوایەمیــن وەجبــەی پەنابــەرە گەڕاوەکانــی ئێرانیــان ڕاگواســتوە.... حکومــەت کاتــێ بــۆی دەرکەوتــووە سیاســەتی ڕاگــواستن ســەرەکیترین هــۆکاری ناهەموارییــە، ئــەوا سیاســەتەکەی ڕاگرتــووە". (شــەریف هــەژاری، ۲۰۱٦، ۲٥۰- ۲٥۱).

### ٢-٣٢-٥-٧ نەتەوە یەکگرتووەکانیش زانیاری جینۆسایدیان هەیە

جینۆساید کردەوەیەکی دڕندانەی هەمەلایەنە، کە بەکۆمەڵ دەیەوێت گروپێک، یان نەتەوەیەک لەناو ببات، حکومەتەکانی عێراق بێ گوێدانە هیچ دەستوور و یاسا و ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی کوردیان وەکو نەتەوەیەکی جیاواز و ئاشتیخواز بەکۆمەڵ لەنێو بردووە. ئەم قڕکردنە خودی کوشتنی بەکۆمەڵی هاووڵاتیان و ڕاگواستن و تێکدان و خاپوورکردنی گوند و ناوچە سەوزاییەکان و گرتنی کانییەکانی ئاو و تێکدانی ناوچە کەلەپوورییەکان. . تاد دەگرێتەوە.

سیاسەتی ڕاگواستن، کە بریتییە لە سیاسەتی جینۆساید دژی کورد، لە (نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لقی ڕێگریکردن لە هەڵاوێرکردن و پاراستنی کەمینەکان لە دانیشتنی بیست و نۆیەم ڕۆژەڤی ژمارە ٨ی ١٩ی ئابی ١٩٧٦ لە جنیڤ) باس لە ئازار و مەینەتییەکانی کورد کراوە. ئەمەش لەنێو بەڵگەنامە نهێنییە دیپلۆماتارییەکانی بەریتانیادا پارێزراوە، کە لەبەشێکی لەبارەی ڕاگواستن و خاپوورکردنی دێهاتی کورد و پاکتاوکردنی نەژادی و جیاکردنەوەی نێر و مێ لەنێو کوردستاندا نووسراوە: " آ-ڕاگواستنی بە کۆمەڵی کوردان لە باکوورەوە بۆ باشوور. ب- کۆمەک و نیشتەجێکردنی عەرەب و تەنانەت کۆچبەرە بیانییەکان لەو شوێنانەی کە پێشتر شوێنی کوردەکان بووە. ج- لەسێدارەدانی ٢٢٤ کورد لە مانگی ئاداری ١٩٧٥ەوە و دەستگیرکردنی ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەسی کورد لەمانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٩٧٥دا بەهۆی بەشداریکردنیان لە چالاکی سیاسیدا. د- پێدانی ٥٠٠ دینار (١٥٠٠) دۆلار بەو کەسانەی کە هاوسەرگیری نێوان

عـەرەب و کوردێـک ڕێکدەخـەن. ئەمـە کـراوە بـە فەرمانـی کارگێڕیـی و هیـچ ڕێگرێکـی یاسـایی نایگرێتـەوە. ٥- بەردەوامبوونـی سیاسـەتی (بەعەرەبکـردن) کـە ئەمانـەی خـوارەوە لـە خـۆ دەگرێـت:

- قەدەغەکردنـی وتنـەوەی زمانـی کـوردی لـە قوتابخانەکانـی سـێ شـارە کوردییەکـە.
- سێ ڕۆژنامە کە بەزمانی کوردی دەردەکران ئەوا داخران.
- سـتافە کـوردەکان لـە زانکۆکانـدا زۆر کەمکراونەتـەوە و نـاوی شـار و شـارۆچکە و گونـدەکان کـە پێشـتر کـوردی بـوون گـۆڕاون بـۆ نـاوی عەرەبـی". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٧٤).

سـەرۆکی ئەنجوومەنـی فەرماندەیی شـۆڕش لە ٥ی تەمـوزی ١٩٧٦ کراوە کـە دەڵێـت (دەسـەڵاتدارە لێپـرسراوەکان چەنـد ڕێوشـوێنێکیان گرتووەتە بەر بـۆ نموونـە گۆڕینـی جێـگای خەڵکانـی هەندێک لە گونـد و هەنـدێ لەناوچە ستراتیجییـەکان، هەروەهـا گۆڕینـی شـوێنی هەندێـک کـەس بـۆ نموونـە فەرمانبەرانـی کەرتـی گشـتیی و کرێـکار و کەسـانی تـر). لـە ڕاپۆرتەکـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانیشـدا ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە (ئـەم گۆڕینـی شـوێنە بەسـەر ٣٠٠ هەزار کەسـدا لە گەنج و پیر پیادە کراوە، بەشـێک لەم کەسـانە هیـچ پەیوەندییەکیـان بـە سیاسـەت یاخـود چەکدارانـەوە نەبـووە، ئێسـتاش هەمـوو شـتێکیان لەدەسـت داوە. ئەمـەش واتـە هەڵتەکانـدن لـە نیشـتمانی باووباپیرانیـان. بەشـێک لەو کەسـانە بەبێ هیچ ئاگادارییـەک ڕاگوێزراون و لە خێزانەکانیـان دابـڕاون لـە بارهەڵگر ئـاخنراون و لە ٦٠٠ میل لـە بارودۆخێکدا کـە من باسـی لێـوە ناکەم، لە شـاخە فێنکەکانی خۆیانـەوە گواستراونەتەوە بۆ بیابانێـک کە لەم دواییانەدا وشکەسـاڵی دانیشـتوانەکەی ڕاگواسـتووە. ڕۆژانە

لـەو ناوچانـەدا پێنـج تـا ١٠ منداڵـی کـورد بەهـۆی کـەم ئاوییـەوە دەمـرن". (شـەریف هـەژاری، ٢٧٤-٢٧٦)

لەمــەدا دەتوانیــن بڵێیــن دامــەزراوە جیهانییــە گــەورەکان و وڵاتــە مەزنـەکان ئـەو کات ئـاگاداری هەمـوو ئـەو تاوانانـە بـوون، کـە دژی کـورد جێبەجێکـراوە. لێـرەدا هەقیقەتـی ئـەو شـتانەمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە گوتـاری ئەوکاتـی ئـەم وڵاتانـە و دامـەزراوە جیهانییـەکان تەنیـا (تۆمارکـردن و ناوهێنانێکـی نهێنـی و زانینـی هەقیقتێکـی سـەخت و مەترسـیدار بـووە)، کــە حکومەتــی عێــراق چ جــۆرە سیاســەتێکی نامرۆڤانــەی دژی کــورد و هاووڵاتیانــی کــورد و منداڵــی کــورد لــە قوتابخانــەکان و قەدەغەکردنــی زمانــی دایــک پیادەکــردووە، گوتــاری نەتــەوە یەکگرتــووەکان بریتییــە لــە:

**یەکــەم:** ئــەوان دان بــەوە دادەنێــن، حکومــەت ئــەم زانیاریانــە ڕەتدەکاتـەوە، بـەڵام بەپێـی نامـە دۆکۆمێنتکراوەکـەی نەتـەوە یەکگرتووەکان "کـە سروشـتی ڕاپۆرتەکەیـان دەرخـەری بوونـی ئـەو بارودۆخەیـە، ئەمـەش شایسـتەی ئەوەیـە کۆمیسـۆنی مافـی مـرۆڤ لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بـکات". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٧٣). لـەڕووی پراگماتیکییـە (پێشـوازی نەکردنـە لـەم زانیاریانـە، ڕەخنەگرتنـە، دەسـت خۆشـی لـە ڕاپۆرتەکـە نـاکات.. تـاد).

**دووەم:** زامنــی خوێنــدن قەدەغەکــراوە. کــردەی قســەی (بڕیــار و فەرمانــی قەدەغەکــردن)ی تێدایــە. واتــە بەپێداگرییــەوە بەغــدا ئــەم فەرمانــەی جێبەجــێ کــردووە.

**ســێیەم:** هاووڵاتــی کــورد لەبــەر سیاســەتکردن لــە ســێدراوە دراون و زیندانــی کــراون. کــردەی (پێدانــی زانیاریــی و هــەواڵ و ڕاگەیانــدن و ئاشــکراکردن و پێشــوازیی نەکردنــی تێدایــە).

**چوارەم:** ڕاگواستن بەردەوامە و بەعەرەبکردن هەیە.

**پێنجەم:** لەڕووی کۆمەڵایەتی هانی عەرەب دەدات ژنخوازی لەگەڵ کورد بکات، ئەمەشیان بە فەرمانی کارگێڕی و پێدانی پارە، بۆ ئەوەیە کورد لەنێو عەرەبدا بتوێنێتەوە و نەژادی کورد لاواز بکات. کردەی (حوکمدان و هاندان و کردەی ڕەفتاری دەستخۆشی تێدایە).

**شەشەم:** گۆڕینی شوێن لایەنێکی دیکەی سیاسەتی جینۆساید و سڕینەوە بووە.

**حەوتەم:** گوتاری ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافی مرۆڤ و پاکتاوی نەژادی و کۆیلەکردن زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە سیاسەتێکی توندی قڕکردن دژی هاووڵاتی کورد پیادە دەکرێت و بریتییە لە دوورخستنەوەی کورد لە خاکی خۆی، ئازاردانیان و نیشتەجێکردنیان لە بیابانەکان کە شوێنی ژیان نین و منداڵی کورد لەوێ بەهۆی کەم ئاویی دەمرن.

**هەشتەم:** گوتارێکی ئاشکرایان هەیە و دەڵێت (کۆمەڵگە دژی کۆیلایەتی داوا دەکات کە لقی کۆمیسیۆن پێشنیاری لێکۆڵینەوەیەک بکات لەسەر ئەو بارودۆخەی کە باسم کرد). ئەمە بۆچوونی ئەو لیژنەیە و ڕاشکاونەش دەڵێن (ئاشتەوایی) دەبێتە هۆکار و بنەما تاکو "پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان دوو نەتەوە سەرەکییەکەی وڵات زامن بکات". (شەریف هەژاری، ۲۰۱٦، ۲۷٦).

گوتاری ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ ئەنجامدانی جینۆساید و سڕینەوەی نەژاد و ناسنامە و بوونی کورد.

### ٢-٣٣ ئاوارە و کۆچبەر

بـە بەڵگەنامەیەکـی نهێنـی و دیپلۆماسـی بەریتانی دەسـت پـێ دەکەین، کـە بەژمـارەی (NEQ 1/2) ی ڕۆژی ٢١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٩ پارێـزراوە و لەبەشـێکی نامەکـەدا ئامـاژە بـە نامەیەکـی (د. شـەفیق قـەزار) دەکات، کـە بـۆ نەتـەوە یەکگرتووەکانـی نـاردووە. لـە نامـە نهێنییـە بەریتانیەکـەدا ئـەم شـتانە هاتـووە:

"دەبێـت بەوپـەڕی وریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بەنـاو نوێنـەری کوردانـە بکەیـن و هەڵوێسـتی بنەڕەتـیمان ئـەوە بێـت: کـە پرسـی کـورد بابەتێکـی ناوەخـۆی عێراقـە. ئـەوا گومانـم نییـە، ئەمـەش هـەر سیاسـەتیی خۆمانـە، کـە هـەر کاتێـک شـێوازێکی بـەردەم لـە پیشـێلکاری مادەکانـی مـرۆڤ بـەدی کـرا، ئـەوە نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەتوانێـت لەڕێگـەی ئـەو دامـەزراوەوە کـە سـەروکاریان لەگـەڵ مافەکانـی مـرۆڤ دایـە بەشـێوەیەکی یاسـایی بارودۆخەکـە لەبەرچـاو بگرێـت". دواتـر نووسـیویەتی "ئێمـە نامانەوێـت هانـی کـوردەکان بدەیـن، تەنانـەت لـەوەش کـەمترە کـەوا دەربکەویـن هانیـان بدەیـن بۆئـەوەی کێشـەکەیان لـە کۆمیسـیۆنی مافەکانـی مـرۆڤ بوروژێنیـن، ئەگـەر ئەمـە ڕووبـدات تووشـی دایلەمایەکـی زۆر ڕاسـتەقینە دەبیـن. لەکاتـی پشـتیوانیکردنمان لەدۆخـی کـورد لەلایـەک بڕێکـی بـاش هاوسـۆزی بـۆ کـوردەکان دروسـت دەبێـت لـەڕووی مافەکانـی مرۆڤـەوە، بـەڵام لەلایەکـی دیکـەوە ئـەم کارە پەیوەندییەکانمـان لەگـەڵ عێـراق و ئـەو بەرژەوەندییـە بارزگانیانـەی لـەوێ هەمانـە ڕووبـەڕووی کارەسـات دەکاتـەوە، لەڕاسـتیدا ڕەنگـە ڕووبـەڕووی چەندیـن شـەرمەزاری دیکـە بکرێینـەوە لەلایـەن ئێرانییـەکان و تورکەکانـەوە.

" تاکو لەکۆتایی نامەکەدا ڕاشکاونە دەڵێت "بەگشتی لەکاتێکدا دەزانین مەبەست لەداڕشتنی وەڵامەکەی لۆرد کارادۆن ئەوەبوو پاساو بۆ نەدانی لێدوانی ڕاستەوخۆ لەبارەی پرسی کوردەوە بهێنێتەوە، بۆیە وا بەباش دەزانین خۆمان لەو مەترسییە بپارێزین کە وا لە کوردەکان بگەینین پێیان وابێت پرسەکەیان دەخرێتە بەردەم دامەزراوەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو تەنیا هەموو پەیوەندییەکانی داهاتوو وەربگرین و دان بەوەرگرتنیندا بنێین، بەبێ ئەوەی هیچ لێدوانێکی لەبارەوە بدەین". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ١٤٠- ١٤١).

لەم زانیارییە گرنگانەدا ڕاشکاونە لە گوتاری فەرمیی دیپلۆماسی بەریتانیا دەگەین کە ئەوان نایانەوێت بەشێوەیەکی ئاشکرا، یان نائاشکرا پێشوازی لە کۆششە دیپلۆماسییەکانی شۆڕشی ئەیلوول و نوێنەرە کوردەکان بکەن. دەکرێت ئەم خاڵانە لە نێو گوتاری ئەم دۆکۆمێنتە نهێنییە دەست نیشان بکەین:

**یەکەم:** نایانەوێت دان بە نوێنەرە کوردەکانی شۆڕش بنێن. واتە کردە قسەی (ڕەتکردنەوە و پێشوازی نەکردن و دژایەتی و هان نەدان و لایەنگریی و بڕیارێکی ڕانەگەیەنراوی ناڕاستەوخۆی لەخۆگرتووە و بایەخ نەدانە بەدۆزی کورد لەڕووی کردەی ڕەوشت و ڕەفتارەوە... تاد).

**دووەم:** لەبەر بەرژەوەندی بازرگانی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق و ترسیان لە ئێران و تورکیا نایانەوێت کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخرێتە بەر باس و بەرنامەی ئەم دەمەزراوە جیهانییە.

**سێیەم:** نایانەوێت هیچ لێداونێکی فەرمیی لەبارەی کوردە بدەن. ئەمەش بەئاشکرا کردەی (بڕیاردان و حوکمی تێدایە، لەگەڵ ڕەوشتی

بایـــەخ نـــەدان و گلەیـــی و چاوپۆشـــین و ڕەزامەندیـــی و پێشـــوازیی نەکردنـــی تێدایـــە).

**چـوارەم:** کێشـەی کـورد کێشـەیەکی ناوەخۆیـی عێراقـە. ئەمـە کـردەی (حوکـم و بڕیـاری تێدایـە).

**پێنجـەم:** لەبـارەی پێشـێلی مافەکانـی مـرۆڤ، نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەتوانێـت لێکۆڵینـەوە بـکات. بەکـردەوە کـردەی (پێشـنیار و پاسـاو هێنانـەوە و خۆدوورگرتـن لـە مەسـەلەکان) لەخـۆ دەگرێـت.

**شەشـەم:** بەریتانیـا و دیپلۆماتکارەکانیـان گوتارەکەیـان وا داڕشـتووە کـە "نایانەوێـت هانـی کـورد بـدەن".

**حەوتـەم:** ئـەم دیپلۆماتـکارە بەریتانییـە پێـی وایـە هـەر پاڵپشـتییەک لەبـواری دیپلۆماسـی و لەنێـو پێکهاتەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەبێتـە هـۆکار بـۆ "زیادکردنـی پشـتیوانی لـە دۆزی کـورد". لـەم گوتـارەدا کـردە قسـەی (هوشـداریی و خۆدوورگرتـن و نارەزایـی و هەڵپەرسـتی و پێشـوازی نەکـردن و چەپڵـە لـێ نـەدان و دەرخسـتنی هەسـت و نەسـت و وەسـفکردنی تێدایـە).

بەکورتـی دەتوانیـن بڵێـن شـیکردنەوەی پراگماتیکـی و بـە تایبەتـی کـردە قسـە هاوکارمـان دەبێـت لەچۆنیەتـی بەکارهێنانـی زمـان و ئامانجـەکان و مەبەسـتی ئاخاوتـن و بەکارهێنانـی گوتـار لەلایـەن قسـەکەر و نێرەرەکانـەوە بگەیـن و لەهەمـان کاتـدا بـە پێگـە و ئـەرک و ڕۆڵـی وەرگـر و بەکارهێنـەری گوتارەکانیـش ئاشـنا دەبیـن.

**٢-٣٤ نەتەوە یەکگرتووەکان**

شۆرشـــی ئەیلـــوول لەڕێگـــەی نوێنەرەکانییـــەوە دەیەوێـــت بـــە هـــەر جۆرێـک بێـت لەڕێگـەی (پەیوەندیـی کـردن) و (نامـە نووسـین بۆ سـکرتێری نەتـــەوە یەکگرتـــوەکان و ســـەرۆکی لقـــەکان)، (دەوڵەتـــە هاوســـۆزەکان) کێشـەی کـورد لەکۆبوونـەوە و بەرنامەکانـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا تۆمـار بکرێـت و لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بدرێـت.

لەنێـــو بەڵگەنامـــە بەریتانیەکانـــدا ئامـــاژە بـــە نامەیەکـــی (د. شـــەفیق قـەزاز ) کـراوە بـۆ نەتـەوە یەکگرتووەکانـی ناردووە. لـە بەشـەکانی پێـشتر ئاماژەمـان بـە بۆچـوون و هەڵوێسـتی بەریتانییـەکان کـرد، کـە نایانەوێـت پاڵپشـتی کـورد لـەم بـوارە بکـەن.

دیپلۆمـات و بەرپرسـە بەریتانییـەکان پێیـان وابـووە کـە "هەڵوێسـتی دەوڵەتـی بەریتانیـای مـەزن سـەبارەت بـە ئەگـەری وتووێـژ لەسـەر ئـەم بابەتـــە لـــە کۆمیســـیۆنی مافەکانـــی مـــرۆڤ بەدڵنیاییـــەوە ئێمـــە هەوڵـــی دامەزراوەکانـــی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بـــۆ نموونـــە کۆمســـیۆنی مافەکانـــی مـــرۆڤمان بـــەلاوە پەســـندە کـــە کار لەســـەر ئـــەم بابەتانـــە بکـــەن، کـــە بەڕوونـــی دیـــارە، کـــە دەکەوێتـــە چوارچێـــوەی لێهاتووییەکانیانـــەوە. ســـەبارەت بـــە هـــەر وتووێژێـــک لەبـــارەی کوردەکانـــەوە لـــە کۆمیســـۆنی مافەکانـــی مـــرۆڤ ئـــەوا دەبێتـــە ئێمـــە بـــە وریاییـــەوە هەڵوێســـتی خۆمـــان لەبـــارەی تایبەتمەندییەکانـــی ئـــەو کەیســـەوە لەبەرچـــاو بگریـــن کـــە پێشـــکەش دەکرێـــت". (شـــەریف هـــەژاری، ٢٠١٦، ١٤٤).

واتـــە: بەریتانییـــەکان نەیانویســـتوە هانـــی کـــورد بـــدەن و پاڵپشـــتی کێشـــەی کـــورد لـــە نێـــو دامەزراوەکانـــی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بکـــەن،

ئـەم سیاسـەتەش زیانـی بـە پەیوەندییەکانـی کـورد گەیانـدووە و ئـەو کۆششـانەی شۆڕشـی ئەیلـوول تووشـی وەسـتان و گرفـت کـردووە، کـە لەپێنـاو ورووژاندنـی دۆزی کـورد لەنێـو دامـەزراوەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا گرتوویانـە بـەر. گوتـاری کـوردی گـەڕان بـووە بـەدوای دروسـتکردنی پێگـە و پێکهاتـە و شـێوازێکی نوێـی سـەردەمیانەی کاریگەریـی دیپلۆماسـی، گوتـاری بەریتانییەکانیـش ڕێگریـی و بڕیـاری پێشـوازی نەکـردن لـە دۆزی کـورد و هەنـگاوە دیپلۆماسـییەکانی نوێنـەری شۆڕشـی ئەیلـوول بـووە لەنێـو نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ عێراقـدا.

## ٢-٣٥ ئاوارەکان، لە کارەساتدا دەژین

بەپێــی زانیارییەکانــی نێــو کتێبەکــەی (گیبســن) (٤٠٠،٠٠٠ ئــاوارە لەباکــووری عێــراق و ١٠٠،٠٠٠ ئــاوارەی دیکــە لــە ئێــران نیگەرانــن) و ئــەو ژمارەیــە هەیــە. (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن، ٢٠١٩، ٤٢٠). ئەمــە ئاماژەیــە بــە ڕووداوەکانــی زســتانی ١٩٧٥.

لــە ٢٣ ئــاداری ١٩٧٥دا زیاتــر لــە ١٠٠،٠٠٠ جەنــگاوەری کــورد و خاوخێزانیــان ئاودیــوی ســنووری ئێــران بــوون، گەیشــتنە ئــەو هــەزاران ئــاوارەی پێــشتر لــە ئۆردوگاکانــی ئــاوارەکان بــوون... لەدرێــژەی ئــەم باســەدا هاتــووە: ڕژێمــی عێــراق بەدەســتێکی ئاســنین حوکمــی کوردســتانی کــرد، ناوچەیەکــی سەرســنووری بــە درێژایــی ٣٠ کیلۆمەتــر کــردە ناوچەیەکــی ئاســایش پارێــزراو. بەگوێــرەی (مــاک دۆول) بێــت، ئــەم سیاســەتە وای کــرد تــا ســاڵی ١٩٨٧ زیاتــر لــە ١٤٠٠ گونــد ڕابگوزارێــت، کــە نزیکــەی ٦٠٠،٠٠٠ کــورد خرایــە نێــو ئــۆردوگاکان. بــەڵام چارەنووســە هــەرە بەدەکــە بــەر گوندەکانــی دەڤــەری بــارزان کــەوت. دوای نســکۆکەی ١٩٧٥ گوندنشــینان ڕاگوێزرانــەوە ئــۆردوگا زۆرەملێــکان. لــە تەمــووزی ١٩٨٣شــدا کاتێــک یاخیبــووە کــوردەکان لەگرتنــەوەی حاجــی ئۆمەرانــدا پشــتی ئێرانییەکانیــان لــە جەنگــی ئێــران - عێراقــدا گــرت، ئــەوە بــوو هێــزە چەکدارەکانــی عێراقــی نزیکــەی ٨٠٠٠ نێرینەیــان بــە گەنــج و پیــرەوە گــرت و بــەرەو بەغــدا بردیانن. هەرچۆنێــک بێــت ئەمــە دوا کات بــوو کــە بینرابــن. ســەدامیش بــە نــۆرەی خــۆی بەڕاشــکاوی دانــی بــە کوشــتارگەکە دانــا: "ئــەوان ناپاکییــان لــە وڵات کــرد... ئێمــەش بــە تونــدی ســزامان دان و بــەرەو دۆزەخمان ڕەوانەکــردن". (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن، ٢٠١٩، ٤٥٢-٤٥٣).

کـردەی گوتـن و کـردەی بڕیـار و حوکـم بەڕاشـکاوی لەڕاپەڕاندنـی ئـەم گوتـارە بەرچـاوە. لەنێـو کـردە قسـەی ئـەم گوتـارەدا سـەرەتا وەکـو (هـەواڵ و زانیاریـی) و ئینجـا (وەسـف و گواسـتنەوەی وێنـەی هەقیقـی کارەسـاتەکان) و پاشـان (ناخۆشـی و ڕاسـتی ژیانـی ناخۆشـی کـوردە ئـاوارەکان و ژمارەیـان و ئینجـا بڕیـاری ڕاگواسـتنی گونـدەکان و حوکمـی جینۆسـایدی بارزانییـەکان) بـەدی دەکرێـت.

هەواڵەکـە پشـت بەڕاسـتگۆیی دەبەسـتێت و ڕاسـتەوخۆ ئامـاژە بەقسـە ڕاسـتەوخۆ و بڕیـارە ئاشـکراکەی سـەدام حوسـێن دەکات.

**٢-٣٦ کورد لە کەمپەکانی ئێران**

دوای پیلانە نێودەوڵەتییەکەی جەزائیر دژی شۆڕشی کوردستان، کورد بەگشتی ماتەمبار بوو، بەجۆرێک کە چارەنووسی هیچ کەسێک دیار نەبوو. (کۆمەڵەی دەستپێشخەری هۆڵەندی بۆ کوردستان) لە ڕاپۆرتێکیدا لەبارەی دۆخی کورد لەم سەردەمدا ئاماژە بەزۆر شت لەبارەی ئاوارەکان و خراپی دۆخی ژیانیان دەکات، ئەم ڕاپۆرتە لەنێو بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا پارێزراوە، پێ دەچێت یەکێک بێت لەو زانیارییە بڕواپێکراوانەی جێگەی بایەخ بووبێت و گرنگیان پێداوە. لەبەشێکی ڕاپۆرتەکەی ئەم گروپە هاتووە: "لەمانگی ئابی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی عێراق نەعیم حەداد ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعسی عێراقی بە فەرمیی ڕایگەیاند تا کاتی حازر ٩٣ هەزار کوردی عێراق لە ئێران ماونەتەوە و تا کە ٥٠ هەزارایان قایل کراون کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان. بەپێی ڕاپۆرتەکان بۆ زیادکردنی ئەم ژمارەیە و خێراتر گەڕانەوە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە گیراونەتە بەر:

أ. کاربەدەستانی عێراق خۆیان چوونەتە نێو کەمپەکان.

ب. بارودۆخی ژیان لەنێو کەمپەکان لەئاستێکی نزم دایە.

ج. هەموو لیژنە کوردییەکان لەناو کەمپەکاندا هەڵوەشێنراونەتەوە و ڕاستەوخۆ خراونەتە ژێردەستی ساواک. لە کەمپی (ئەنزەل) لەبەرئەوەی دوو کوڕی کورد بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی و بەمەبەستی خۆشۆردن کەمپەکەیان بەجێ هێشتبوو، بەهۆیەوە ٩-٢٧ کورد کوژراون (ئەمە لەڕۆژنامە جیهانییەکاندا لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥بڵاوکراوەتەوە.) لەمانگی ئابی ڕابردوودا

٢٦٣ کـورد کـە هەندێکیـان لێپـرسرای کەمـپ و کاربەدەسـت بـوون و بەهـۆکاری سیاسـی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی ئێرانـەوە تەسـلیم بـە ڕژێمـی عێـراق کراونەتـەوە".

تـا لەشـوێنێکی دیکـەدا ڕاشـکاوانە دەڵێـت: "لەدرێـژەی ڕێککەوتنـی ٦ی ئـاداری جەزائیـردا تاکـو ١ی کانوونـی یەکەمـی ئەمسـاڵ بەخۆشـی بێـت، یان ناخۆشـی بـەزۆر نزیکـەی ٨٠ هەشـتا هـەزار کـوردی دیکـە دەگەڕێنرێنـەوە بـۆ عێـراق. ناسـنامەی عێراقیبـوون لەهەمـوو ئـەو کوردانـە دەسـەنرێتەوە ئەگـەر لـەوادەی دیاریکـراو نەگەڕێنـەوە وڵات. وادیـارە ئـەو ١٠ هـەزار کـوردەی کـە ڕێگەیـان پـێ دەدرێـت لـە ئێـران بمێنـەوە لەنـاو سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری ئـەو وڵاتـەدا یـەک دەخرێـن.

ئـەم ڕاپۆرتـە ڕاشـکاوانە گووتیەتـی "دەسـتبەجێ دوای ڕێککەوتنامەکـەی جەزائیـر لەمانگـی ئـاداری ڕابـردوودا (شـا)ی ئێـران بەڵێنـی بـە کـوردەکان دا، کـە وەکـو میـوان لـە وڵاتەکەیانـدا قبووڵیـان بـکات. لەبـڕی ئـەوە ئـەو ٢٥٠ هـەزار کـوردەی کـە پەنایـان بردووەتـە بـەر ئێـران بەئاشـکرا دەردەکەوتـن. هەرچەنـدە لەبەرانبـەر عێراقـدا مامەڵـەی دیکەیـان پێـوە دەکرێـت. هیـچ وڵاتێـک یاخـود دەسـەڵاتێکی نێودەوڵەتـی فشـارێکی کاریگەریـان دروسـت نەکـردووە کـە ڕێ لـەم کارەسـاتە مرۆییـە بگرێـت. (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ١٩٥- ١٩٦- ١٩٧).

ژمـارەکان ڕەنگـە زۆر دروسـت نەبـن، چونکـە زانیـاری هەریـەک لـە باڵوزخانـەی تـاران و بەشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە وەزارەتـی دەرەوە و کۆمۆنویڵـز لـە جنێـڤ و ڕاپۆرتـی لێکۆڵینـەوەی هۆڵەنـدی بـەم شـێوەیە ئامـاژەی بەژمـارەکان کـردووە» ٢٥٠ هـەزار کـورد لـە ئێـران بوونەتـە

پەنابـەر، بەرزتریـن ژمـارە کـە بتوانـم وەکـو کـۆی گشـتی لـە فایلەکانـدا بەدەسـتی بهێنـم بریتییـە لـە ١٨٦ هـەزار کـورد کـە دەسـتبەجێ دوای داخرانـی سـنووری ئێـران لـەو وڵاتـەدا بـوون بـە گوتـەی نوێنـەری (UNHCR) لـە تـاران، لـە کۆتایـی مانگـی حوزەیرانـی ١٩٧٥دا تەنیـا ٩٠ هـەزار کـوردی عێـراق لـە ئێرانـدا مابوونـەوە و لـەو کاتـەوە ٥٠ هـەزاری دیکـە گەڕاونەتـەوە عێـراق، بەمـەش لەناوەڕاسـتی مانگـی تشرینـی دووەمـدا تەنیـا نزیکـەی ١٥ هـەزار کەسێک لەنـاو کەمپـەکان و نزیکـەی ٣٥ هەزارێـک لـە خاکـی ئێرانـدا ماونەتـەوە". هەرچەنـدە بەریتانییـەکان گومـان لـەم ژمارانـە دەکـەن. (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٠٣). هەمـوو سـەرچاوە مێژووییـەکان ئامـاژە بـەم کارەسـاتە مرۆییـە گەورەیـە و ئەرکـی قورسـی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) لـە خـۆ ڕێکخسـتنەوە و هـاوکاری خەڵـک پەناهەندەکـە و ئـەو هەمـوو خانەوادەیـە دەکـەن. ژیانـی نێـو کەمپـەکان، چاودێـری ساواک و پەیوەندیـی کەسانی هوشـیار و وریـا لەپێنـاو بەردەوامـی دان بەخەباتـی سیاسـی و پەیداکردنـی کار و سـەرچاوەی بژێـوی کارێکـی زۆر ئاڵـۆز و قـورس و ئـازار بەخشـبووە.

### ٢-٣٧ بیرۆکەی دەرکردنی پارتییەکان لە بەریتانیا

(ئیـان مەککلۆنـی) لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە ٩ی ئابـی ١٩٧٦ دا لـە نامەیەکـی نهێنـی لەبـارەی کـوردەکان و ئەوانـەی بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە بەریتانیـا چالاکـی سیاسـی دەکـەن بـەم شـێوەیە دەنووسـێت "مسـتەر گراهـام و مسـتەر دەی هەڵوێسـتی ئێسـتای وەزارەتـی ناوەخۆیـان بـۆ کـوردەکان باسـکرد. مسـتەر دەی ڕوونـی کـردەوە کـە سیاسـەتی وەزرەتـی ناوخـۆ بەڕوونـی ڕێگـرە لـەوەی ئـەو کوردانـە دوور بخرێنـەوە تەنیـا لەبەرئـەوەی بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کـوردەوە چالاکیـی سیاسـییان ئەنجـام داوە، چونکـە بەپێـی هەمـوو پێودانگـەکان قبـوڵ دەکرێـن. دەنگـۆ نوێیەکـە خەرتـوم لەبـارەی بوونـی سـەرکردەی کودەتایەکـی لەباربـراوەوە لێـرە، دەچێتـە خانـەی ئـەم چوارچێوەیـە.

مسـتەر دەی ئەوەشـی ڕوونکردەوە کـە ڕەنگـە سـەخت بێـت قبووڵـی بکەیـن ئـەو کوردانـەی دێنـە بەریتانیا ئـەوا ئاگادارایـان بکەینـەوە کـە لـەم وڵاتەدا بەشـداریی چالاکیی سیاسـی نەکەن". (شـەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٢٦٣).

لـەم گوتـارەدا بۆمـان دەردەکەوێـت دیپلۆماتـکار و بەرپرسـانی بەریتانـی بەڕاشـکاوی گفتوگۆیـان لەبـارەی چارەنووسـی کـورد پەناهەنـدە (پارتییەکان) کـردووە و بەکـردەوەش بیریـان لەبڕیـار و ڕاسـپاردە و هوشـداریی کردۆتەوە:

**یەکـەم:** ئـەو کوردانـەی چالاکـی سیاسـی دەکـەن، لـە بەریتانیـا ڕێگەیـان پـێ نـەدەن.

**دووەم:** هەندێـک ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەهـۆی چالاکـی سیاسـی لـە بەریتانیـا دەربکرێـن.

**سێیەم:** دەڵێن ناتوانین ئەمە ڕاستەوخۆ بەو کوردانە بڵێین کە دێنە بەریتانیا و پەناهەندەن نابێت بەشداری چالاکی سیاسی بکەن.

واتە لەڕووی پراگماتیکییەوە ئەوان لەگوتاری خۆیاندا (گفتوگۆ لەبارەی بڕیار و حوکمێک دەکەن) کە پشت بە (پێشوازیی و لەهەمان کاتدا ڕەتکردنەوە، ڕەخنە و هاندان) دەبەستێت. ئەم گوتارە (ڕاستەوخۆ ئاماژە بە لایەنێک کە پارتی دیموکراتی کوردستانە دەکات) و لەهەمانکاتیشدا (بەناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نیگەرانیی و دوودڵی و نادایەروەریی و نەگونجانی بڕیارەکانی بەریتانیا خۆیان دەکەن).

شیکردنەوەی گوتار لەڕاستیدا پەیوەستە بە لێکدانەوەی پێکهاتە و کەرەستە و ئامراز و شێواز و تەکنیک و زمانی گوتارەکە، پێگەی نێرەر و دەوروبەری وەرگر.

### ٢-٣٨ کۆچ

یەکێـک لـەو بابەتانـەی لەنێـو دۆکۆمێنتـە نهێنییـە دیپلۆماسـییەکانی بەریتانیـادا پارێـزراون، ئـەو بابـەت و زانیاریانـەن کـە بەکـردەوە جۆرێـک لـە گوتـاری ئـەم وڵاتـە لەبـارەی کۆچـی کـورد بـۆ بەریتانیـا و چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کـوردی پەناهەنـدە و سـنووردارکردنی مافـە بنەڕەتییەکانـی کـوردی کۆچبـەر بـەوەی (چالاکـی سیاسـی نەکـەن) و شـتی دیکـەش. ئێمـە تەنیـا چەنـد نموونەیـەک لەنێـو ئـەم هەمـوو دۆکۆمێنتـە وەردەگریـن، کـە نیشـانە و سـاخکەرەوەی هـێما سیاسـییەکانی ئـەو وڵاتـەن.

لـە یەکێـک لـە ڕاپۆرتـە نهێنییەکانـدا (کێنێـت لـی) لـە لەنـدەن لـە ٣١ی ئابـی ١٩٧٦دا کـە ئـەوکات ناوبـراو سـەرۆکی کۆمەڵگـەی دۆسـتایەتی بەریتانـی- کـوردی بـووە لـە سـەردانێکی بـۆ تـاران لـە ٢٩ی تەمـووز بـۆ ٨ی ئابـی ١٩٧٦ دا لەبەشـێکی ئـەم ڕاپۆرتەیـدا دەنووسـێت: " نزیکـەی ١٩٠ هـەزار کـوردی عێـراق پەنایـان بـردە بـەر ئێـران. بەپێـی خەملانـدن تـا ئابـی ١٩٧٦ ئـەوا ٣٥ هـەزار کـوردی عێراقـی لـە ئێـران ماونەتـەوە. چەنـد مەرگەسـاتێک ڕوویـداوە چەنـد کوڕێکـی گەنـج لـە کەمپێکـدا بـە فیشـەک کـوژراون، چەنـد خێزانێـک نێـردراون بـۆ ناوچـەی بەشـەهر لەناوچـەی کەنـداو کـە کەشـوهەوا و گەرمییـە زۆرەکـەی دەبێتـە هـۆی ناڕەحەتکردنـی ئـەو کەسـانەی لەناوچـە شـاخاوییەکان ڕاهاتـوون لـە ڕاسـتیدا چەنـد منداڵێـک مـردن. سـکاڵا گشـتییەکان بـاس لـەوە دەکـەن کـە هەندێکجـار بـۆ هاندانـی گەڕاندنەوەکـە فشـار بەکارهـێنراوە یاخـود گەڕانـەوە وەکـو هەڕەشـەیەک بەکارهـێنراوە بـۆ

ملکەچـــی پەنابـــەران بـــۆ بڕیـــارە ناوخۆییـــەکان بەدەســـت بهێنرێـــت، هەروەهـا شـوێنی نیشـتەجێبوون و دەرفەتـی کار وەکـو پێویسـت نییـە و لەخـوار چاوەڕوانییـە واقیعییـەکان و خواسـتی تازەهاتووەکانـە و کاتێـک پەنابەرێـک کارائێـك بدۆزێتـەوە ڕێـگای پێنادرێـت وەریبگرێـت، پـەرش و بڵاوکردنـەوە وایکـردووە خێزانـەکان لەیـەکتر جیـا ببنـەوە. خێزانـی بـرا لـە خێزانـی براکـەی دابڕیـووە، ئەمـەش بەسـەر نەتەوەیەکـدا هـێنراوە کـە پەیوەندییەکـی توندوتۆڵیـان لەگـەڵ یـەکتردا هەبـووە و هاوخەباتیشـیان لـەو گروپـەدا کـە بەهـۆی شۆڕشـەکەوە ناهەمـواری زۆری بەسـەرهێنان ئەوەنـدەی تـر نزیکـی کردوونەتـەوە..

هەمـان کـەس لەبـارەی (کـۆچ) بـۆ ئەمەریـکا و ئەوروپـا دەنووسـێت: گەورەتریـن گروپـی کۆچبـەران ڕوویانکردووەتـە ئەمەریـکا، بـەڵام بڕیـارە بیرۆکراتییەکـە ماوەیەکـی کاتـی دیـاری کـردووە کـە بووەتـە ڕێگـر لەبـەردەم داواکردنـی هەمـوو ئـەو شـوێنانەی ئامادەییـان بـۆ وەرگرتنـی کۆچبـەر دەربڕیـوە. چـاوەڕوان دەکرێـت ئـەو جێگایانـەی دیکـە کـە ماونەتـەوە لـە داهاتـوودا پـڕ بکرێنـەوە. هەندێـک لەوڵاتەکانـی دیکـە بریتیـن لـە بەریتانیـا و هۆڵەنـدا. ئەوانـەی چوونەتـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لەبـەر هـۆکاری هونـەری بـە ئەڵمانیـادا تێپەڕیـوون و دەسـەڵاتدارە ئەڵمانییـەکان ئەوەنـدە بـە چۆنایەتـی و ڕەفتـاری ڕێبـوارەکان سەرسـام ببـوون، کـە ڕەنگـە ڕێگـە بـدەن خەڵکانـی دیکـە لـە کۆمـاری ئەڵمانیـای دیموکراتـدا بەشـوێن داهاتوویانـدا بگەڕێـن. تێکـڕای وڵاتـان نزیکـەی ١٤٠٠ جێگەیـان دابیـن کـردووە و نزیکـەی نیـوەی ئـەم ژمارەیـە پڕکراونەتـەوە و تـەواو بـوون". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٨٦-٢٨٧).

تێبینی دەکرێت:

**یەکەم:** پرۆسەکە بە خێرایی بەڕێوە ناچێت و سستە.

**دووەم:** ژمـــارەی هـــەر گـــەورەی ئـــەم پەنابەرانـــە کۆچیـــان بـــەرەو ئەمەریـــکا کـــردووە.

**سێیەم:** پتر لـە ٣٥ هـەزار پەناهەنـدەی کـورد لـە ئێـران، تەنیـا نزیکـەی ١٤٠٠ کـەس وەکـو پەناهەنـدە بڕیـاری کۆچیـان پێـدراوە.

**سێیەم:** ئەڵمانیـا سەرسـام بـووە بـە ڕەفتـار و چلۆنایەتـی ئـەو کوردانـەی بـەرەو ئەمەریـکا کۆچیـان کـردووە و لـە ئەڵمانیـا ترانزێتیـان هەبـووە.

**چـوارەم:** وەکـو پێویسـت کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هـاوکاری کـوردی لێقەومـاوی نەکـردووە.

## ٢-٣٩ کۆچ و هەڵوێستی بەریتانیا

لەڕاپۆرتــی ســەرۆکی کۆمەڵگــەی دۆســتایەتی بەریتانــی - کــوردی لەبــارەی کۆچــی چەنــد کوردێــک بــۆ بەریتانیــا و بڕیــاری ئــەو وڵاتــە نووســیویەتی: "ســەبارەت بــە کۆچکــردن بــۆ شانشــینی یەکگرتــوو، مــن یەکێــک بــووم لــەو وەفــدەی کــە چــاوم بــە جێگــری وەزیــری دەرەوە کــەوت کــە ســەردانی وەزارەتــی ناوخــۆی کردبــوو. (مســتەر ئالێکــس، لیــۆن و ، ئێــم پــی پــێمان) ڕایگەیانــد: ئەگــەر ژمــارەی ئــەو کوردانــەی دێنــە ئــەم وڵاتــەوە بــەو ئەندازەیــە ســنووردار بێــت کــە پێشــنیار کرابــوو (ژمــارە پێشــنیارکراوەکە ٥٠ بــوو)، ئــەوا هیــچ ســەختییەک لــە ڕێگەپێدانیــان بــۆ نــاو وڵاتەکــە نایەتــەڕێ، بــەڵام تەنیــا یــەک مــەرج هەیــە کــە ئەوەیــە کەســە داواکارەکــە لــەم وڵاتــەدا کەســێک بناســێت. دڵنیاکراینــەوە کــە دەتوانرێــت ئــەم مەرجــە زۆر بــە بەخشــندەییەوە لێکدانــەوەی بــۆ بکرێــت لەکــردەوەدا هاتنەنــاوەوە بــۆ ئــەم وڵاتــە زۆر خــاو بەڕێــوە دەچێــت. بەشــێک لــە هۆکارەکــەی ئەوەیــە، کــە پرۆســەکە کاتێکــی زۆری پــێ دەچێــت و لــەو ماوەیــەدا ئەگــەر دەرفەتێکــی دیکــەی پەنابەرێتــی بێتــە پێشــەوە پەنابەرەکــە کــە دڵنیــا نییــە لــە قبوڵکردنــی داوای پەنابەرێتییەکــەی لــە شانشــینی یەکگرتــوودا، ئــەوا ئــەو هەســتەی لــەلا دروســت دەبێــت کــە چاوەڕوانکردنــی شــتێکی نادڵنیایــە و زۆر مەترســیدارە. هەروەهــا سروشــتی ئــەو پرســیارانەش کــە دەخرێنــە بــەردەم داواکارەکان تووشــی نیگەرانیــان کردیــن، چونکــە هاوشــێوەی ئــەو پرســیارانە بــوو کــە دەرخرێنــە بــەردەم ئــەو کۆچبەرانــەی نــە پێویســتیی و نــە هەلومەرجــی پەنابەرییــان تێدایــە. بــۆ نموونــە "چەنــدت

پـاره هەیـە؟" و "نـاوی ئـەو کەفیلانەمـان پـێ دەڵێیـت کـە ناهێلـن تـۆ ببیـت بـە بـار بەسـەر دەوڵەتـەوە؟". ئەمـەی دواییـان ئـەو کاتـە ئاشـکرا بـوو کـە پۆلیـس چـوو سـەردانی کەفیلـە ناوهێنراوەکانـی کـرد و پرسـیاری لێکـردن لەبەرئـەوەی ئەنجوومەنـی بەریتانیـا بـۆ هـاوکاری پەنابـەران خزمەتگوزارییەکانـی بەشـی نیشـتەجێکردنی پەنابـەرە کوردەکانـی خسـتووەتە بەردەسـت. هـەروەک چـۆن لەگـەڵ کەسـانی دیکەشـدا ئـەم کارە دەکات". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٨٧-٢٨٨).

ئینجـا لەدرێـژەی ڕاپۆرتەکەیـدا دەنووسـێت: "بەهـۆی ئـەم سـەردانەوە بـۆم ڕوون بووەتـەوە کـە ژمارەیـەک کـورد هەن ڕەنگە شایسـتەی پێویسـتیان تێـدا بێـت بتوانـن بن بـە مۆڵکێکـی بـاش بـۆ ئـە وڵاتـە، ئەگـەر بتوانیـن یارمەتییـان بدەیـن و جێگایـان بکەینـەوە تـا ئـەو کاتـەی شـوێنی گرنگـی خۆیـان لـە کۆمەڵگـە و ئابووریەکەمانـدا دەکەنـەوە. ئـەم کەسـانە لەڕەشـە خەڵکەکـە نیـن، بەڵکـو لـەو توێـژەن کـە پێشـبینیەکی بـاشتری خوێندەواریـی یاخـود توانـای باشتریـان هەیـە و ئـەو کەسـانەن کـە بەڕاسـتی دەتوانرێـت بخرێنـە چوارچێـوەی پێناسـەی پەنابـەرەوە. ئـەو تێڕوانیانـەی لـە ڕێگـەی تێبینەکانـەوە نیشـانی دەدەن کـە ئـەوان خەڵکێکـن شـانازی بەخۆیانـەوە دەکـەن، عەقڵێکـی سـەربەخۆیان هەیـە، هەسـتیارن، ئەقڵانیـی و سـۆزدارن و کاتێـک لـە وڵاتەکەمانـدا جێگەیـان بکەینـەوە پێویسـت نـاکات داوای لێبـوردن لـە هیـچ کەسـێک بکەیـن". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٨٩).

لــە نامەیەکــی دیکــەی نهێنــی بەژمــارە ( ٢٣٣ ٣٩٨٢)ی کــە بــۆ (پــی. وێســتماکۆت) لــە تــاران لــە ٥ی تشرینــی دووەمــی ١٩٧٦ نــووسراوە لەبــارەی کــورد لــە ئێرانــدا بەهەمــان شــێوە (کێنێــت لــی)

سەرۆکی کۆمەڵگەی دۆستایەتی بەریتانی - کوردی بە نووسەری ئەم نامە نهێنییەی ڕاگەیاندووە "زۆرێک لە کوردەکان لە ئێران لە ناهەواریی و قەلەقیی دابینووە، زۆربەیان بێکار بوون، یاخود کارێکی وەهایان نەبووو، چونکە دەرفەتی شوێنی شیاو و باشتریان پێ ڕەوا نەبینراوە، بەڵام پێی وابووە لەڕووی داراییەوە کەموکوڕی لێ نەبینوون"، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت: "پێ ناچێت ئەو سیاسەتە ڕابگیرێت، ئاماژەم بەوەدا کە دەسەڵاتدارانی حکومەت سوود لە هەموو دەرفەتێک وەردەگرن بۆئەوەی سەرزەنشتیان بکەن بەرامبەر بەوەی وەکو پشتیوانی بەردەوامی ئێمە لەدۆزی کورد ناوزەدی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا (مستەر لی) ڕایگەیاند: دەبێت بەبێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەک بتوانین ئەوە بۆ عێراقییەکان ڕوون بکەینەوە، تەنیا لەبەر هۆکاری مرۆیی نەک سیاسی ئەوا حەزمان کردوو کە پەنابەرە کوردەکان لە شانشینی یەکگرتوودا نیشتەجێ بکەین، ئەمە لەگەڵ نەریتە لیبرالییەکانی بەریتانیادا دەگونجێت". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٣١١- ٣١٢).

لە شیکردنەوەی زمانەوانی بە پشت بەستن بە تیۆری (کردە قسە) باشتر لەوە دەگەین، کە ئەم گوتارە نهێنییەی لەپێناو گەیاندنی پەیامی نێو بەڵگەنامەکان لەبارەی کورد و ئەو دۆخەی لەنێو شۆڕشی ئەیلوول و دواتر هاتۆتە ئاراوە چۆن لەلایەن بەرپرسە بەریتانییەکان جێبەجێ کراوە. گوتار بریتییە لە کردەی قسەکردن و ئاخاوتن لەپێناو گەیاندنی مەبەستێک و پەیامێک بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. زمانی نێو دەقەک پێناسەی پێکهاتەی دەقی گوتارەکە دەکات. زمان

کـردەی گەیانـدن و کارتێکـردن و بەدیهێنانـی مەبەسـت ئەنجـام دەدات، هـەر لەقسـەکردنەوە کردەیەکـی بەکـردەوە و هەقیقـی ڕادەپەڕێنرێـت، نـەک لەڕێگـەی بەکارهێنانـی جەسـتەوە. بۆیـە لـەم ڕێگەیـەوە ئاسـانتر لـەوە دەگەیـن، کـە پرۆسـەی کۆچکردنـی کـورد بـۆ بەریتانیـا و وەرگرتنـی کـورد لـەم وڵاتـەدا لـەڕووی فەرمییـەوە چەنـدە قـورس و ئاڵۆزکـراوە، مەبەسـتم لـە وشـەی (کـراوە) بەشـێوەیەکی مەبەسـتدار و بەئەنقەسـت و ئاگاییـەوە ئـەم کارە کـراوە، لەوانـە:

**یەکـەم:** تەنیـا پەنجـا کەسـیان قبوڵکـردووە، ئەمـەش ژمارەیەکـی زۆر کەمـە لەچـاو وڵاتەکانـی دیکـە و ئـەو ژمـارە زۆرەی داوای کۆچیـان کـردووە.

**دووەم:** لەبـەر عێـراق گوتوویانـە لەبـەر هۆکاریـی مرۆیـی، نەک سیاسـی ئـەم کوردانـە وەکـو پەناهەنـدە وەردەگریـن. واتـە حیسـاباتی زۆریـان بـۆ عێـراق کـردووە. زمانـی نێـو دەقەکـە کـردەی (پاسـاو هێنانەوەیـە بـۆ عێراق) ە و شـێوازی (ناڕاسـتەوخۆیە) لەتـەک (ڕاسـتەوخۆ) و کـردەی (هوشـداریی و پـۆزش و ئاگادارکردنـەوە و نمایـش و ڕەوشـتی) تێدایـە.

**چـوارەم:** پرۆسـەکە ئاڵـۆز و لەسـەرخۆ بـووە، کێشـەیان بـۆ کـوردەکان دروسـتکردووە، بەتایبەتـی لـە بـارەی هەبوونـی (بریـکار لەنێـو بەریتانیـا و مەسـەلەی پـارە). بەکـردەوە ئەمـە نیشـانی دەدات (بڕیاریـان هەبـووە کـە **کۆسـپ لەبـەردەم کۆچـی ئـەو کوردانـە دروسـت بکرێـت).**

**پێنجـەم:** ترسـاون بەهـۆی وەرگرتنـی چەنـد پەناهەندەیـەک، عێـراق بەریتانیـا بەدۆسـایەتی کـورد تاوانبـار بکـەن، ئەمـە نیشـانی دەدات ئـەم وڵاتـە گوتارێکـی لاوازی هەبـووە، کـە خـۆی بـە زلهێـزی دونیـا دادەنێـت. (هێـزی پێویسـتی ڕاپەراندنـی گوتارەکـە لەکـردەوەدا جۆرێک لـە خۆدزینەوە

و ڕەچاوکردنـی بەرژەوەندیـی و کـردەی تووڕەنەکردنـی) تێدایـە، ئەمـەش هەڵوێسـتی لاواز و نیگەرانیـی و دڵەڕواکێـی بەریتانییـەکان بەرانبـەر دۆسـیەی کۆچـی ژمارەیـەک کـورد بـۆ ئـەو وڵاتـە نیشـان دەدات.

**شەشـەم:** دۆخـی ژیانـی پەناهەنـدەکان لـە ئێـران زۆر خراپـە، لەچەنـد ڕووێکـەوە (شـوێنی نیشـتەجێ بـوون و بێـکاری)ە.

**حەوتـەم:** ڕاپۆرتـە نهێنییەکـە ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە هەسـتیان نەکـردووە کـوردە پەناهەنـدەکان لەنێـو ئێـران لـەڕووی داراییـەوە وەزعیـان خـراپ بووبـێ، بـەڕای مـن ئەمـە ڕەنگـە بـۆ چەنـد هۆکارێـک بگەڕێتـەوە:

**یەکـەم:** ئـەم کوردانـە پێشـمەرگە بـوون، ئـەوان لەپێنـاو کوردسـاتنێکی ئـازاد و بـێ پـارە و نەبوونـی خەباتیـان کـردووە، نەیانویسـتووە ئـەوە نیشـان بـدەن کـە (بـێ پـارەن و هـەژارن، کـردەی نمایشـی متمانـە بەخۆبـوون و سـەربەرزیی و شـانازیی بەخۆکردنـی تێدایـە)، واتـە نەریتێکـی شۆڕشـگێڕانەیان بەسـەردا زاڵبـووە.

**دووەم:** پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و خـودی (مسـتەفا بارزانـی نەمـر و ئیدریـس بارزانـی)، کـە سەرپەرشـتی ئاوارەکانـی کـردووە ، بەپێـی توانـا هاوکاریـی داراییـی و خزمەتگـوزاری ئاوارەکانیـان کـردووە.

## ٢-٤٠ کۆنفرانسێک بۆ هاوکاری پەناهەندەکان

لـە ڕۆژی چوارشـەممە ٢٥ شـوباتی ١٩٧٦ لەنێـو بەریتانیـا بەئامادەبوونـی نوێنـەری (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هـاوار کاکـە زیـاد (ئێـچ غەفـووری) و (جـەی عەلـی نوێنەرایەتـی کـورد لـە ئەوروپـا/ جەمـال عەلەمـدار) و (دی میرانـی/ دارا میـران) و ژمارەیـەک لـە بەرپـرس لـە بەریتانیـا بـەستراوە. لەوێـدا ئامـاژە بـە چۆنیەتـی هـاوکاری کـوردە پەناهەنـدەکان و قوتابیانـی کـورد کـراوە لـەم وڵاتـەدا، لەبەشـێکی ئـەم گفتوگـۆ و ڕوونکردنەوانـەی لـەم کۆنفرانسـەدا ئامـاژەی پێکـراوە، هاتـووە: "(مسـتەر هیدلـەر) ڕێ و شـوێنەکانی شانشـینی یەکگرتـووی سـەبارەت بـە پێدانـی پەنابەرێتـی ڕوونکـردەوە، پەنابەرێتـی نادرێـت بـەو کەسـانەی لـە دەرەوەی ئـەم وڵاتەن. بۆیـە ئـەو کوردانـەی بـۆ نموونـە لـە ئێرانـن ناتوانـن داوای پەنابەرێتـی بکـەن، بۆیـە تەنیـا ڕەنگـە بتوانـن لەچوارچێـوەی یاسـاکانی کۆچـدا ڕێگـەی هاتنـە ناوەوەیـان پـێ بدرێـت، بـۆ نموونـە: وەکـو خوێنـدکار بـەو مەرجـەی بەڵگەیـان پـێ بێـت کـە بەشـداری کۆرسـەکانی خوێنـدن دەکـەن. کاتێـک ڕەزامەنـدی دامەزراندیـان بۆسـەر کارێـک پـێ بدرێـت. وەکـو کەسـانێک کـە بتوانـن خۆیـان پشـت بەخۆیـان ببـەستن.

بەپێچەوانـەوە داواکارەکان دەخرێنـە ژێـر چاودێـری هێـزە یەدەگەکانـی وەزارەتـی ناوەخـۆ، لەسـەر ئەم بنەمایـەش بوو، کە وەزارەتـی ناوخۆ لەمانگی ئایـاری ١٩٧٥دا لـە پەرلەمـان (کۆمـۆن) ڕاگەیاندنێکـی بڵاوکـردەوە. کارێکـی ئەسـتەم بـوو کـە بزانیـت: بۆچـی وا پێویسـت دەکات پەنابەرانـی کـورد بەچاوێکـی جیـاواز لـە چیللییەکانـی ئەرجەنتیـن یاخـود هیندۆچینییەکانی تر یاخـود وڵاتانـی دیکـە تەماشـا بکرێـن. بەپێـی ئـەو زانیارییانـەی لەسـەرچاوە

کوردەکان و لە ڕۆژنامەکانەوە دەستمان کەوتووە، بارودۆخی زۆرێک لە کوردەکان کە لە ئێرانن تاڕادەیەکی زۆر بارودۆخێکی ناجێگیریان هەیە، یاخود پێشینە مێژووییەکانیان پاساومان دەدەنێ کە لە بارودۆخیان بترسین، ئەمەش لە هەلومەرجێک دایە کە ڕەنگە گۆڕانکاریی زۆر گەورە لەماوەیەکی کورتدا ڕووبدات". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٢١٥).

لەهەمان کاتدا (ئەلێکس لوین) لە ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمدا ئاماژەی بەوە کردووە "ترسی کوردەکان لەوەدایە کە بە زۆر بنێردرێنەوە بۆ عێراق". هەروەها لەبارەی هەڵوێستی دەزگای زانکۆی جیهان و هاوکاری قوتابیانی کورد (ئالن فلیپس) گوتیەتی: "دوو لەمپەرمان لەبەردەمە بۆ هاوکاری خوێندکارانی کورد لەوانە: یەکەم: سەختیی بەدەستهێنانی زانیاریی پێشینەی باش لە ئێرانەوە سەبارەت بەو خوێندکارانەی کە زۆرترین سود لە زەماڵەکانی (WUS) وەردەگرن. دووەم: چەند بەڵێنێکی کاتی دران و چەند بەراییەکی دڵنیاکەرەوە پێشکەش کران. ئۆکسفام ڕەزامەندی دەربڕی کە پێنج هەزار پاوەند بدات". لەهەمان کاتدا (مستەر غەفوری) ئاماژەی بەوە کردووە کە "یاسایەکی نوێ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرکراوە بەوەی هەر کەسێک بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی زەماڵەی خوێندن لەهەر حکومەتێک بەدەست بهێنێت ئەوا دەخرێتە زیندانەوە، باسی حاڵەتی پزیشکێکی کوردی کرد، کە پێشتر هاتووەتە شانشینی یەکگرتوو و داوای بەڵگەنامەی زیاتریان لێکردووە، بۆیە پرسیار سەبارەت بەپێشینەی ناوبراو لە حکومەتی عێراقی کراوە، حکومەتی عێراقیش ڕایگەیاندووە ئەم کەسە شایستە نییە، لەکاتێکدا ئەو کەسە بەڕاستی شایستە بووە". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٢٢١).

ئـەم کۆنفرانسـە ئامـاژە بـە ژمـارەی پەنابەرانـی کـورد بـەم شـێوەیە دەکات ١٤٠ کـەس دەیانەوێـت بچنـە دەرەوەی وڵات لەوانـە ٧٠٠ کەسـیان بـۆ ئەمەریـکا و ١٠٠ کــەس بــۆ ئوسترالیــا و ٧٠ کــەس بــۆ شانشــینی یەکگرتــوو و ڕەنگــە ٣٥٠ کەسیشــیان بــۆ کەنــەدا بێــت. لەبــارەی قوتابییەکانیشـەوە گوتەیەتـی: "ئـەم بەرنامەیـە ئامانجـی یارمەتیدانـی ٥٠ خوێنـدکاری کـوردە کـە بەهـۆی شـەڕی کوردسـتانەوە لـە خوێندنەکانیـان دابــڕاون و دەربــازی ئێــران بــوون و ئێســتا ناتوانــن بگەڕێنــەوە عێــراق ، ناشـتوانن لەوڵاتـی دراوسـێ یاخـود وڵاتانـی عەرەبـی هەڵـی شایسـتە بەدەسـت بهێنـن، ئامانـج لـەم بەرنامـەی پەرەپێدانـە دابینکردنـی زەمالـەی خوێندنـی باڵایـە لـە شانشـینی یەکگرتـوودا بـۆ خوێندکارانـی پزیشـکی ددانسـازی، ئەندازیـاری مەدەنـی، کشـتوکاڵ و زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان. هەرچەنـدە لایەنـە مرۆییـەکان لەبەرچـاو دەگیردرێـن، بـەڵام زیاتـر جەخـت لـە پشـتیوانی ئـەو خوێنـدکارە کوردانـە دەکرێتـەوە کـە ئاواتەخـوازن خزمەتـی خەڵکـی کوردسـتان بکـەن و حـەز دەکـەن لـەو کاتـەدا بتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو ناوچانـە". (شـەریف هـەژاری ٢٠١٦، ٢٢٣).

لـەم کۆنفرانسـەدا ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە زانکـۆی سـلێمانی لـە ڕۆژی ١٢ ئـازاری ١٩٧٤ لەلایـەن سـوپا و تانکەکانیـەوە داگیـر کـرا و لـە نیسـانی ١٩٧٤ زانکـۆ بڕیـاری دا دەرسـەکانی لـە نێـو قـەڵادزێ دەسـت پـێ کاتـەوە و لـە ٢٤ مانگـی ئـاداری ١٩٧٤یشـدا لـە شـاری قـەڵادزێ هێرشـی ئاسمانـی کرایـە سـەر ئـەو شـارۆچکەیە و زۆرێـک لـە بیناکانـی ڕوخانـد زۆرێـک لـە خوێنـدکاران و سـتفای ئەکادیمیشـیان کوشـت و برینـدار کـرد، لەئەنجامـی ئـەوە زانکۆکـە نەیتوانـی خـۆی لەقـەڵادزێ دابمەزرێنێـت.

کۆنفراسەکە بڕیاری داوە: "لەسەرەتادا زەمینە سازییەکە بۆ ئەو قوتابیانە دەبێت کە ئاستی ئەکادیمیان باشە و لە خوێندنەکانیان لە بوارەکانی کشتوکاڵ، ئەندازیاری مەدەنی، پزیشکی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دابڕاون و باشترە ئەم خوێندکارانە زمانی ئینگلیزی بزانن، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە ئامادەییان تێدا بێت خزمەتی گەلەکەیان بکەن گرنگە ئەم کارە نەبێتە هۆی کۆچی خوێندەوارانی کورد، کە دواتر بچنە ناو کلتوورێکی خۆرئاواییەوە حەز بەگەڕانەوە نەکەن...دواتر دەڵێت: قۆناغی سەرەتایی ئەم بەرنامەیە بەدەستهێنانی کۆمەکی داراییە بۆ زامنکردنی زەماڵە بۆ ماوەی سێ ساڵ، لەهەمان کاتدا کاندیدەکان لەڕێگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ناوی خۆیان بۆ دەزگاکانی زانکۆی جیهان تۆمار دەکەن، بەڵام ئەو بەرنامەیە بەهیچ شێوەیەک تەنیا بۆ ئەندامانی ئەم حیزبە نییە".

لەهەمانکاتدا لە ڕاپۆرتێکی بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە نامەیەکی نهێنییە سەبارەت بە هاوکاریکردنی خوێندکارانی کورد و وێنەیەکی بۆ هەریەکە لە (مستەر لیدەر، مستەر ویلیامز و سێر ریچارد کینگ) نێردراوە ئاماژە بە دۆخی خوێندکارانی کورد دەکات و لە بەشێکیدا هاتووە: "چۆنیەتی وەڵامدانەوەی نامەکەی دەزگای زانکۆی جیهان کە دوای ٢٥ هەزار پاوەند دەکەن لە بودجەی هاوکاریی ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٧ بە مەبەستی هاوکاریی خوێندکار و کەسانی ئەکادیمی کورد... چەندین ساڵە کوردەکان لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی لە عێراقدا خەبات دەکەن. ... ئینجا دەڵێت : ئێمە پێشتر لەسەر

ئـەم بابەتـە نامەگۆڕینـەوە و کۆپـی نامەیەکـی "ڕایـت ریڤیتراند تراڤـۆ هەدلسـتۆن"یمان بـۆ وەزیـر (مسـتەر هـاردت) و هەروەهـا وەڵامەکـەی ناوبراومـان بەدەسـت گەیشـتووە. بەگشـتی ئێمـە تەنیـا دەتوانیـن لەسـەر ئاسـتی "حکومـەت بـۆ حکومـەت" هـاوکاری پێشـکەش بکەیـن، یاخـود لـە وەڵامـی داوایەکـدا کـە ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتـی ئاراسـتەی کردبیـن". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٢٨- ٢٣٣-٢٣٤).

## ٢-٤١ هۆکار و ئاکام و بڕیار

بەکورتی لە شیکردنەوەی پراگماتیکی و مەبەستی بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی نێو ئەم نامە نهێنیی و هەروەها کۆنفرانسەکان ئەوەیە:

کارێکــی ئاســان نییــە باســی هەمــوو هــۆکارەکان بکەیــن و شــیکاری پێشــینەی ئــەو هەلومەرجــە بکەیــن، کــە بۆتــە هــۆکار بەدیهێنانــی ئــەم جــۆرە گوتــارە و بۆچــی حکومەتــی مەزنــی بەریتانیــا (شانشــینی یەکگرتــوو) بــەم شــێوە خــراپ و سســتە پێشــوازیان لــە پەنابەرانــی کــورد و قوتابیانــی کوردســتان کــردووە، بــەڵام لــە گوتــاری گشــتی دەردەکەوێــت کــە هــۆکاری بنەڕەتــی ئەوەبــوو ئــەوان مامەڵەکانیــان لــە (حکومەتــەوە بــۆ حکومــەت) بــووە، واتــە عێراقیــان وەکــو دەوڵــەت و حکومــەت پــێ بنەمــا و ســەرەکیی بــووە لــە چۆنیەتــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ کــوردی کۆچبــەری سیاســی، ئەوانــەی بەهــۆی شۆڕشــەوە نەیانتوانیــوە بگەڕێنــەوە ژێــر دەســەڵاتی حکومــەت لــە عێــراق. ســەرباری ئــەوەش پێیــان وابــووە (کــورد نەتەوەیەکــی دواکەوتــووی خێڵەکــی ســادەیە). ســێیەم ویســتوویانە کەســانێک بەمــەرج زەمالــەی خوێندنیــان پــێ بدرێــت، ئەویــش بریتــی بــووە لــە (گەڕانەوەیــان بــۆ کوردســتان و خزمەتــی خەڵــک، زمانــی ئینگلیزیــی بزانــن، ئاســتی ئەکادیمــی بــەرز بێــت و بەشــداری چالاکــی سیاســی نەکــەن).

لەڕاســتیدا ئــەوان بەپێــی یاســای خۆیــان وەکــو پەناهەنــدە پێشــوازیام لــە ئــەم کوردانــە نەکــردووە، بەڵکــو وەکــو داواکارێکــی خوێنــدن و بەپێــی پرۆتۆکــۆل و یاســای فەرمیــی بــووە و مەرجیشــیان ئــەوە بــووە ئەوانــە دوای تەواوکردنــی خوێندنەکانیــان بگەڕێنــەوە عێــراق. کــە لەڕاســتیدا ئــەم قوتابییــە کوردانــە لــە دەســت زوڵــم و چەوســانەوە و

کشــتوبڕی عێــراق هەڵاتــوون. واتــە دۆخەکــە پێچەوانەیــە.

ئەمــەش بــۆ پەناهەنــدەی کــورد ئاکامێکــی خراپــی هەبــووە، چونکــە ژمارەیەکـــی ئێجـــگار کـــەم دەرفـــەت و چانســـی زەمالـــەی هەبـــووە، هەشـــیانبووە نەیانتوانیـــوە بەهـــۆی ڕۆتینـــات و زۆر چاوەڕێکـــردن ئـــەم چانســـە بەدەســـت بهێنێـــت و ڕای خـــۆی گۆڕیـــووە و ئەگـــەر دەرفەتـــی چوونــە وڵاتێکــی دیکــەی بــۆ ڕێکەوتبێــت چۆتــە ئــەوێ. کارێکــی قــورس بــووە هــاوکاری و پــارە بــۆ هــاوکاری قوتابیانــی کــورد کــۆ بکرێتــەوە.

لـــە کردەیەکـــەی دیکـــەدا (بڕیـــار و پێشـــنیار) کـــراوە پرۆســـەکە دەبێـــت و دەبووایـــە ئـــەم قوتابیانـــە لەڕێگـــەی (پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان) ناوەکانیـــان پێشـــکەش بکرێـــت و پاڵپشـــتی بکرێـــن، بـــەڵام مـــەرج نەبـــووە حزبـــی بـــن. ئـــەوەش نیشـــانی دەدات کـــە لـــەدوای تێکچوونـــی شۆڕشـــی ئەیلـــوول و خیانەتـــی نێوەدەوڵەتـــی جەزائیـــر، لـــە مانگـــی شـــوباتی ١٩٧٦ نوێنـــەری پارتـــی لـــە بەریتانیـــا بەشـــداری ئـــەم کۆنفرانســـەی کـــردووە، ئەمـــە نیشـــانی دەات (پارتـــی لـــەکار و خەبـــات و تێکۆشـــانی خـــۆی بـــەردەوام و بـــووە و بەفەرمیـــی لەلایـــەن بەریتانیاییـــەکان و کۆمەڵگـــەی دۆســـتایەتی بەریتانـــی - کـــوردی نـــاسراوە، هەرچەنـــدە ئـــەوکات خـــودی پارتـــی لەدۆخـــی ســـەرەتای خـــۆ ڕێکخســـتنەوەیەکی ســـەخت و ئاڵـــۆز و زۆر نهێنیـــدا بـــووە، بەتایبەتیـــش لەنێـــو ئێرانـــدا دەبووایـــە بـــە نهێنییەکـــی تـــەواو جووڵـــە بـــکات. دواتـــر لـــە بەشـــێکی تایبـــەت شـــیکاری هەندێـــک لـــەو دەنگوبـــاس و ڕاپۆرتـــە نهێنیانـــە دەکەیـــن، کـــە ئامـــاژە بـــە چالاکـــی و کۆنفرانســـەکانی (پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان) لـــەدەرەوەی وڵات دەکـــەن.

بۆیە بڕیار دەدەن:

"پێشـینەی بەشـدارییەکە سـەبارەت بـە خوێنـدکارە چیلـی و هینـدۆ چینییـەکان هاوپێچکـراوە. هیـچ یـەک لـەو حاڵەتانـە لەگـەڵ کەیسـی کوردەکانـدا بەتـەواوی هاوتەریـب نییـە. هەنـدێ هاوتەریبـی لەگـەڵ بارودۆخـی چیلییەکانـدا هەیـە، ئەمـەش لـەزۆر ڕووەوە پێشـینەیەکی سـەختی دروسـتکردوە و ڕەنگـە ببێتـە هـۆی فشـاری زیاتـر لـەدەزگای زانکـۆی جیهانـەوە، تاوکـو ڕێوشـوێنی هاوشـێوە بگرنـە بـەر و فـراوانتری بکـەن بـۆ ئـەوەی خوێنـدکاران لـە لوبنـان و ئۆرۆگـوای و ئیسـیوپیا و ئۆگەنـدا و هەروەهـا کـوردی دیکەیـش بگرێتـەوە. ئەمـە وای کـردووە وەزارەتەکـە بـە بەشـدارییەکەی ئێسـتای سـەبارەت بـە خوێندکارانـی پەنابـەردا بچێتـەوە و چەنـد بنەمایـەک دابڕێژێـت کـە بەهۆیانـەوە کۆمەکـە داراییەکانـی داهاتـوو بـۆ خوێنـدکارە پەنابـەرەکان ڕێکبخـات، ئەمانـەش لـە ڕەشنووسـێکدا کـە لەلایـەن بەشـی پـەروەردە و ڕاهێنانـەوە ئامادەکـراوە باسـیان لێکـراوە و لەلایـەن وەزیرەکانـی ئـەم وەزارەتانـەوە ڕەزامەنـدی سـەرتاییان لەسـەرکراوە". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٣٥).

ئەمـە بڕیـار و ئاکامێکـە، کـە دوور نییـە بەهـۆی کێشـە و ئاسـتەنگەکانی بـەردەم قوتابیانـی کـورد بیریـان لـە ڕێورەسـمی کۆمەکـی دارایـی هەمـوو قوتابیانـی وڵاتەکانـی دیکـەش کردبێتـەوە، هەرچەنـدە ڕاشـکاوانە گووتیانـە، دۆخـی قوتابـی کـورد لـە وانـی دیکـە جیـاوازە.

بۆیـە جارێکـی دیکـە بـۆ بڕیـاردان دەیانەوێـت مەسـەلەکە ببەسـتنەوە بـە عێـراق و لـە ڕەشنووسـی ڕاپۆرتێکـدا بـۆ وەزیـری پەرەپێدانـی دەرەوە سـەبارەت بەهـاوکاری قوتابیانـی کـورد گووتوویانـە: "هـاوکاری ئێسـتامان بـۆ

عێـراق بریتییـە لـە بەرنامەیەکـی ڕاهێنـان لەلایـەن شانشـینیی یەکگرتـووەوە کـە تێچـووی سـاڵانەی ٤٥ هـەزار پاوەنـدە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم بابەتـە لەچوارچێـوەی هاوکارییەکەمـان بـۆ ئـەم وڵاتـە بـە (نـەوت دەوڵەمەنـدە) لەژێـر پێداچوونەوەیـە و ئێمـە بـە کارەبەدەسـتانی عێـراقمان ڕاگەیانـدووە کـە هیـچ کۆمەکێکـی دارایـی دیکـە خـەرج ناکرێـت. مەبەسـتمان ئەوەیـە بەرنامەکـە هێـواش هێـواش کـەم بکرێتـەوە و دواجـار لـە سـاڵی ١٩٧٩دا بەتـەواوی بوەسـتێنرێت. ئێمـە نامانەوێـت لـەم بودجەیـە بەبـێ ڕەزامەنـدی حکومەتـی عێـراق هـاوکاری خوێنـدکارە کـوردەکان بکەین و پێشکەشـکردنی هـاوکاری دارایـی بـە کـوردەکان لەوکاتـەدا کـە هاوکارییەکانمـان لەخوێندکارە عێراقییـەکان دەکێشـینەوە بێگومـان دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی ناڕەزایـی کاربەدەسـتانی عێـراق. هیـچ هۆکارێکـی پەرەپێـدان نییـە کـە پێویسـت بـکات هاوکارییەکـی نائاسـایی بـۆ خوێندکارانـی کـورد دابیـن بکرێـت، ئەمــەش ڕەنگــە داهاتوویەکــی نادیارمــان بــۆ بێنێتــە کایــەوە، چونکـە ئەگـەری ئـەوە لاوازە ئـەو کوردانـەی بڕیاریـان داوە لـەدوای لێبوردنەکـەوە نەگەڕێنـەوە بـۆ عێـراق، لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا بگەڕێنـەوە ئـەو وڵاتـە". بڕیـاری ئـەم وڵاتـە مەزنـە لەنێـوان عێـراق و هـاوکاری کـوردی لێقەومـاوی ئـاوارەی ئێـران و سـەرگەردان گەیشـتۆتە ئـەوەی لـەم ڕاپۆرتـە نهێنییـەدا بڵێـن: "سـەرەڕای ئــەوەش وەزارەتــی دەرەوە و کۆمۆنویڵــز بەتونــدی ئامـۆژگاری دەکات دژی هەرجـۆرە هاوکارییەکـی دارایـی بـۆ خوێنـدکارە کـوردەکان بێـت، چونکـە کاری لـەم جـۆرە لەمپـەر دەخاتـە بـەردەم ئـەو هەوڵانەمـان کـە لەپێنـاو گەشـەپێدانی پەیوەندییـە سیاسـییەکانمان لەگـەڵ عێراقـدا دەیدەیـن و هەناردەکانـی بەریتانیـا دەخاتـە بـەردەم مەترسـی". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٣٥- ٢٣٦).

گوتـاری نێـو ئـەم پـڕۆژە ڕاپۆرتـەی لەبـارەی قوتابیانـی کـورد پێشکەشـی لایەنـە بەرپرسـەکانی بەریتانیـا کـراوە، بریتییـە لـەو گوتـارە دیپلۆماسـییە سیاسـییە نهێنییـەی لەکـردەوەدا لەقازانجـی کـورد نییـە، یـان بـەلای کەمـەوە کـورد لـە پلـەی دووەم و سـێیەمدا دێـت، ئـەوان مامەڵـە لـەم دۆخـە لەگـەڵ دەوڵـەت دەکـەن، واتـە کـورد وەکـو قوربانییەکـی لاواز و بـێ دەوڵـەت مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت. ئەمـەش لەکۆتایـی ڕاپۆرتەکـەدا لەژێـر نـاوی (پێشـنیار) بەڕاشـکاویی و بەڕوونـی نـووسراوە: "لەبەشـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و دەریـای ناوەڕاسـت پێشـنیاری ئـەوە دەکـەن نابێـت وەزارەتـی پەرەپێدانـی دەرەوە کۆمەکـی دارایـی بـە بەرنامـەی دەزگای زانکـۆی جیهـان (WUS) ببەخشـێت کـە تایبەتـە بـە خوێنـدکارە کـوردەکان". (شـەریف هـەژاری، ٢٠١٦، ٢٣٦).

لەبەرئـەوە بەڕوونـی لـەم گوتـارەدا لـەوە دەگەیـن کـە بەرپرسـەکانی بەریتانیـا (حووکـم و بڕیـاری) هـاوکاری نەکردنـی قوتابـی کوردیـان هەیـە، لەپێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ عێـراق، ئـەوان بـۆ ئـەم حوکمـە پەناوەبـەر کـردەی (پاسـاوهێنانە) دەبـەن و شـیکاری لایەنـە یاسـاییەکانی وڵاتەکەیـان دەکـەن لەچۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ دۆخـی لـەم جـۆرە و پێدانـی ڤیـزای زەمالـە.

هەروەهـا لـەڕوی کردەییـەوە وەکـو لێکدانـەوەی پراگماتیکـی فێرمـان دەکات ئـەوان پشـتیان بـە (کـردەی پێشـوازی نەکـردن و ڕەخنـەی ناڕاسـتەوخۆ بـردووە) و (نمایشـی ئـەو زانیارییانـە دەکـەن بـۆ ئـەوەی کـردەی هوشـداریی و ئاگادارکردنـەوە) دروسـت بکـەن.

**٢- ٤٢ ئاشتی مەترسیدار**

دیپلۆماســیەتی بێلایەنبــوون یەکێکــە لــەو جــۆرە کارە سیاســییانەی وڵاتــەکان لەپێنــاو پاراســتنی بەرژەوەندییەکانیــان، یــان ڕاگرتنــی هاوســەنگی نــا دادپەروەرانــە ئەنجامــی دەدەن، یانــژی لایەنگیــری لەدۆخێــک و لایەنێــک بەنــاوی (بێلایەنبــوون و دەســتەوەرنەدان لەکاروبــاری ناوەخۆیــی ئەوانــی دیکــە و تێوەنــەگلان) پەیــڕەو دەکــەن. بەریتانییــەکان ڕاشــکاونە لــەو بەڵگەنامــە دیپلۆماســییە نهێنیانــەی لەبــارەی کــوردە لــە ١٩٦١-١٩٧٦ بەکاریــان هێنــاوە، ئەوەمــان بــۆ دەردەخــەن، ئەوانــە لەژێــر نــاوی بێلایەنبــوون لەڕاســتیدا لایەنگریــی لایەنێکــی دیاریکراویــان کــردووە. لــە بەڵگەنامــەی نهێنــی کــە (تەنیــا بــۆ بەرچــاوی شانشــینی یەکگرتــوو ژمــارەی تۆمارکردنــی RR 6/10 بــووە بەنــاوی ڕاپۆرتــی بەشــی لێکۆڵینــەوە کێشــەی کــورد لــە عێــراق ١٩٦٢- ١٩٧١) لەکۆتاییەکەیــدا ڕاشــکاونە گوتیەتــی: "سیاســەتی حکومەتەکــەی خاوەنشــکۆ "شــاژن" سیاســەتی بەشــداریی نەکــردن بــووە". (شــەریف هــەژاری، ٢٠١٦، ٣٠).

ئێمــە لێــرەدا دەمانەوێــت شــیکاری گوتــاری فەرمیــی بەریتانیــا لەبــارەی پرۆســەی ئاشــتی لەنێــوان کــورد و عێــراق بکەیــن و پرســیاری ئــەوە بکەیــن بۆچــی بەریتانیــا هانــدەری ئاشــتەوایی نەبــوون. بەریتانییــەکان لەبەڵگەنامــە نهێنییەکانیانــدا لەچەنــد ســۆنگە و دیــدی جیــاوازەوە لەپرۆســەی ئاشــتی نێــوان ســەرکردایەتی شۆڕشــی ئەیلــوول و بەغدایــان ڕوانیــوە، لەوانــە بەپێــی بەڵگەنامــەی نهێنــی دیپلۆماتــکار و ئــەو ڕاپۆرتانــەی ئــەو کات بەتایبەتــی لەبــارەی دۆخــی کوردســتان نووســیویانە هاتــووە:

**یەکەم:** ئاشتی لە کوردستان واتە نەمانی هەڕەشە لەبەدەستهێنانی نەوت لە باکووری عێراقدا.

**دووەم:** ڕوویەکی تری ئەم دراوەش ئەوەیە، کاتێ پێویست نەکات عێراق سوپاکەی لە باکووردا بهێڵێتەوە، ڕەنگە تووشی کەڵکەڵەی سەرکێشی دەرەکی بێت. ئێران بێت، یان کەنداو (بەتایبەتی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا)، یاخود لەبەرەی خۆرهەڵاتەوە ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببێتەوە. دژ بەیەکیەکە لەوەدایە ئاشتی لە کوردستان ڕەنگە مەترسی لەسەر ئارامیی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەدوادا بێت.

**سێیەم:** ئەگەر کوردی عێراق ڕێککەوتنێکی بەردەوام بەدەست بهێنن، ئەمە ڕەنگە تێکۆشانی کوردانی ئێران و تورکیاش چالاک بکاتەوە. بە بەراورد لەگەڵ کوردی عێراق، کوردی ئێران بێدەنگن، بەڵام لە تورکیا مەترسییە چاوەڕوانکراوەکەی ڕاپەڕینی کوردان یەکێک بووە لەهۆکارەکانی پشت سەپاندنی یاسای سەربازیی لەمانگی نیسانی ١٩٧١دا.

لە بەشێکی دیکەی هەمان ڕاپۆرتدا ڕاشکاونە و بێ شاردنەوەی نیاز و نیەتیان دەڵێن "ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر ببێت، ئەوا ڕژێمی عێراق لەتوانای دەبێت هێزەکانی لە باکووری وڵاتەوە بکێشێتەوە و ڕەنگە هانیان بدات لە کەنداوی فارس دەست بدەنە سەرکێشی دەرەکی. بەشێوەیەکی دیکە لە ڕاپۆرتی (هۆبەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشی لێکۆڵینەوە فەرمانگەی کۆمۆنوێڵز)دا هاتووە "کورد بەلای کەمەوە هەڕەشەن بۆ سەر بەرهەمی نەوتی عێراق" (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٣٢- ٣١- ٦٢). ئەمەش لەهەندێک ڕاپۆرتی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە "کورد هەڕەشە نییە بۆ سەر نەوت".

## ٢-٤٣ کۆنفرانسەکانی پارتی پێش شۆڕشی گوڵان

مـن نامەوێـت مێـژووی سـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـی گـوڵان و خەباتـی چەکـداری بەڕێبەرایەتـی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) شـیکار بکـەم و سـاخ بکەمـەوە، چونکـە (کاک ئەسـعەد عـەدۆ) لـە کتێبێکـی مێژوویـی و شـیکاریی بەراوردکاریی زۆر شـتی وردی لەبارەی چۆنیەتی سـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـەکە سـاخکردۆتەوە، بەتایبەتـی ئـەو مێـژووی سـەرەتا و لەکـوێ و چـۆن و کێ شۆڕشـی چەکداریان هەڵگیرساندۆتەوە شـیکردۆتەوە. (سـەرۆک مەسـعود بارزانـی) لـە بابەتێکـی مێژوویـی لەبـارەی سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش گووتیەتـی: «دوای چـل ڕۆژ واتـە لەمانگـی ١٩٧٥/٥ سـەرەڕای ئـەو چاودێرییـە توندوتیـژەی سـاواک توانیـم لەسـەر کانیـاوی (نەغـەدە) لـە گـەڵ چەنـد کادیرێکـی پێشـکەوتووی پارتیـمان کـە ئەوانـەی سـەرکردایەتی کاتیـی بـوون دانیشـتنێک سـاز بکەیـن و قسـە لەسـەر ئالیەتـی دامەزراندنـی سـەرکردایەتی کاتـی بکەیـن و چۆنیەتـی نووسـینەوەی بەیاننامەیـەک و بڵاوکردنـەوەی لەنـاو کوردسـتانی عێـراق، هـەر لەم دانیشـتنەدا کوردسـتانمان بەسـەر هەرێمـدا دابەشـکرد و هەڤالانمـان بـۆ دەسـت نیشـانکرد. (ئەسـعەد عـدۆ، ٢٠١٥، ١٣). بەپێـی هەمـوو ئـەو دیـدار و زانیاریانـەی نووسـەری کتێبـی (مێـژووی شۆڕشـی گـوڵان ٢٦-٥-١٩٧٦) کـۆی کردوونەتـەوە و سـاخکردنەوەی بـۆ کـردووە لەمانگـی نیسـانی ١٩٧٥ هێزەکانـی پێشـمەرگە و پەیوەندیـی نامـە گۆڕینـەوە و خـۆ ئامادەکـردن بـۆ درێـژەدان بەشـۆڕش لەڕێگـەی نامـە و ئامۆژگارییەکانـی (کاک مەسـعود بارزانـی) بەڕوونـی هەبـووە. ئـەوەش نیشـانی دەدات، کـە لـەدوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول، بەماوەیەکـی زۆر کـەم بیـر لـە خۆڕێکخسـتنەوە و درێـژەدان بەشـۆڕش و

کۆکردنـەوەی هێـزەکان و مانـەوە لـە ناوچـە سـنوورییەکان کراوەتـەوە و بەکـردەوەش ئەمـە کـراوە.

مـن دەمەوێـت لەڕێگـەی بەڵگـە نامـە نهێنییەکانـی بەریتانیـا لەنێـوان ١٩٦١- ١٩٧٦ ئامـاژە بـە مێـژووی خەبـات و بەردەوامیـی و نەپسـانەوەی خەباتـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و چالاکـی دیپلۆماسـی و سیاسـی ئـەو حزبـە بکـەم. لەوانـە:

کۆنفرانسـی ڕۆژی ( ٢٥ شـوباتی ١٩٧٦ لـە ناوەنـدی پەرەپێدانـی نێودەوڵەتـی پارنێـڵ هـاوس، ٢٥ ویڵتـۆن ڕۆد، لەنـدەن) لەنێـو لەنـدەن (نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان مسـتەر ئیچ غەفـوری/ واتـە هاواری کاکـە زیـاد) و (نوێنەرایەتـی کـورد لەئەوروپـا جـەی عەلـی) بەشـداری ئـەو کۆبوونەوەیـان کـردووە، ئەمـەش ئـەوە نیشـان دەدات، کـە پارتـی پێـش ڕاگەیاندنـی فەرمیـی (شۆڕشـی گـوڵان لـە ٢٦-٥-١٩٧٦) بەفەرمیـی بەشـداری لـەم کۆبوونەوەیـە کـردووە و کاری سیاسـی و دیپلۆماسـی لەنێـو بەریتانیـا و ئەوروپـا هەبـووە و لـەڕووی سیاسـییەوە نەوەسـتاون. ئەمـەش بەڵگـە و دۆکۆمێنتێکـی مێژوویـی گرنگـە و ئـەوە دەسـەلمێنێت، کـە (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) پێـش حزبەکانـی دیکـە درێـژەی بەشۆڕشـی چەکـداری و پەیوەندییـە دیپلۆماسـییەکان و خەباتـی سیاسـی داوە.

لـە دەرەوەی وڵات (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) کاری کـردووە کۆنفرانسـێکی حزبـی ببەسـتێت و ئـەم هەواڵـە بەپێـی بەڵگەنامـە دیپلۆماسـییەکانی بەریتانیـا، بەدواداچوونێکـی ورد بـۆ ئـەم هەواڵە دەکرێت. (ئیـان مەککۆنـی) لەبەشـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لـە ١٠ی ئابـی ١٩٧٦دا نامەیەکـی نهێنـی بەنـاوی (پارتـی دیموکراتـی کـورد (پـدک) بـۆ (مسـتەر

لیتڵفیڵد PUSD E٢٠٣) ناردووە، کە وێنەیەکی ئەم نامە نهێنیەش بۆ (مستەر مالێت بەشی کۆچ و ڤیزا سی ئێل ٤٣٤ و مستەر دەی بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نێردراوە). دەقی ئەم نامە نهێنییە بەم جۆرەیە:

١. «ئەم پاشنیوەڕۆیە باڵوێزی عێراق پێی ڕاگەیاندین: پدک دەیەوێت کۆنفرانسی ساڵانەی لقەکانی ئەوروپای لەنێوان ١٥ بۆ ١٨ی ئابدا لە لەندەن ئەنجام بدات. پێشتر بڕیار بوو ئەم کۆنفرانسە لە ئەڵمانیای خۆرئاوا (بەرلین) ئەنجام بدرێت، بەڵام ئێستا گواستراوەتەوە بۆ لەندەن.
٢. پرسیاری ئەم بابەتەم لە بەریز بۆن (جی ئێم ستێفنس) کرد و جەختی لەوە کردەوە کوردەکان بەنیازبوون کۆنفرانسێک لە ئەڵمانیا ببەستن ئەوان تێ گەیەنراون کە ئەم کارە نەخوازراوە، بۆیە ڕەنگە پلانیان دانابێت لەبڕی بەرلین لە لەندەن ئەنجامی بدەن.
٣. MDV و (مستەر مالێت) وەزارەتی ناوخۆ (مسز بێلفۆڵ)مان ئاگادار کردەوە. ئەمڕۆ MDVگشتاندنێک بۆ بنکەکانی ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەنێرێت و پرسیاری ئەو کەسانەیان لێ دەکات کە بۆ بەشدارییکردن لەو کۆنفرانسەدا لە لەندەن داوای ڤیزایان کردووە.
٤. سوپاست دەکەم ئەگەر هەر زانیارییەکت لەبارەی ئەو کۆنفرانسە هەبێت، هەر وەک باڵوێز ئاماژەی پێداوە، بەستنی کۆنفرانسی پدک لە لەندەن زیان بگەیەنێت بە پەیوەندییە دوولایەنەکانمان لەگەڵ عێراقدا. حەز دەکەین ڕێگایەک بدۆزینەوە کە بە پدک ڕابگەیەنین کۆنفرانسەکە لە لەندەنیش بەهەمان شێوەی بەرلین نەخوازراوە» (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٢٦٣-٢٦٥).

لەم نامەیەدا گوتاری فەرمیی بەریتانییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

**یەکەم:** بەریتانیا پشتی بە زانیارییەکانی عێراق بەستووە.

**دووەم:** دژی بەستنی کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە لەندەن، چونکە پێیان وایە ئەمە زیان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق دەگەیەنێت.

**سێیەم:** پارتی دیموکراتی کوردستان بەکردەوە و پێش ئەوکاتە و دەمێکە شۆڕشی دەبێت دەست پێکربێتەوە، بۆیە لە مانگی ئابی ١٩٧٦ بیری لە بەستنی کۆنفرانسی ئەوروپای حزبەکەی کردۆتەوە.

**چوارەم:** بەنیازبوون کۆنفرانسەکە لە بەرلین ببەستن، ئەڵمانییەکان بە پارتیان ڕاگەیاندووە، ئەم کۆنفراسنە لە شوێنێکی دیکە بکەن.

**پێنجەم:** بەریتانیاییەکان دەیانەوێت پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکەن و پێیان ڕابگەینن، لە لەندەن کاری لەم جۆرە نەکەن. واتە پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمیی بوونی هەبووە و شۆڕشی کردووە و کارەکتەرێکی هەقیقی و ناسراو بووە.

**٢-٤٤ بەریتانیا دژی کۆنفراسەکەی پارتییە**

بەپێی نامەیەکی دیکەی نهێنی دیپلۆماسی ڕوونتر ئەم جارە گوتاری فەرمیی سیاسی و دیپلۆماسی بەریتانیامان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە (کرۆسلاند) لە ١٢ ئابی ١٩٧٦) نووسیویەتی و (بەپەلەیە و بۆ سایفەر/ پۆلینی A لە وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلز بە نهێنی و بەپەلە بۆ: بروسکە بەغدا ژمارە ٣٥٠ی ١١/ ٨ زانیاری تاران ، بۆن) نووسراوە ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە:

١. «باڵوێزی عێراق دوێنێ پێی ڕاگەیاندم لقەکانی ئەوروپای پدک بەرنامەیان وایە لەنێوان ١٥-١٨ ی ئابدا لە لەندەن کۆنفرانسی ساڵانەیان ئەنجام بدەن. ئەو ئاماژەی بەوە داوە کە ڕەنگە ئەم کارە زیانی گەورە بە پەیوەندی نێوان بەریتانیا و عێراق بگەیەنێت کە ئێستا لە گەشەکردن دایە و بەدڵنیاییەوە خراپترین دەستپێک دەبێت بۆ ئەو لە پۆستە نوێیەکەیدا. ئەو داوای کرد دەوڵەتی بەریتانیا مەزن بتوانێت هەنگاو بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆنفرانسەکە بنێت.
٢. "دەی" باسی لەو کێشە درێژخایەنە کرد کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی بەریتانیای مەزن دەبنەوە لە مەسەلەی دەستێوەرداندا لەو کۆبوونەوانەی کە بەشێوەیەکی یاسایی لەبەریتانیادا ڕێک دەخرێن. ئەو نیگەرانییەکەی دەربڕی و ئاماژەی بە پەیوەندییەکەی مستەر ئینال کرد لە بەغدا لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە ئەنجامی دابوو، دەستبەجێ دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد.
٣. بۆمان دەرکەوتووە نیاز بووە ئەم کۆنفرانسەی پدک لە ئەڵمانیای خۆرئاوا ئەنجام بدرێت و پاشان ئەڵمانییەکان بەنهێنی داوایان

لێکــردوون لــە جێگەیەکــی دیکــە ئەنجامــی بــدەن. عێراقیــش هیــچ پێــی خــۆش نییــە کــە کارئاســانی بــکات بــۆ گرێدانــی ئــەم کۆنفرانســە لێــرە. لەگــەڵ ئەوەشــدا وەکــو دوا پەناگــە، دەتوانیــن ئامــاژە بــەوە بدەیــن کــە هیــچ ڕێگەیــەک نییــە ڕێگــری لــەو کوردانــە بکەیــن کــە بەیاســایی هاتوونەتــە وڵاتەکــەوە و نەهێڵیــن کۆببنــەوە. ئەگــەر ئــەم بۆنەیــە لێــرە ئەنجــام بدرێــت، حــەز دەکەیــن حکومەتــی عێــراق بــە تــەواوی ئــاگادار بێتــەوە کــە بەبــێ ڕەزامەنــدی یاخــود پشــتیوانی دەوڵەتــی بەریتانیــای مــەزن ئەنجــام دراوە، بــەڵام ناتوانــرێ بەشــێوەیەکی یاســایی ڕێگــەی لــێ بگیرێــت.

٤. ئێمــە هەوڵــمان داوە بەنهێنــی کــوردەکان ئــاگادار بکەینــەوە کــە کۆنفرانســەکەیان لێــرە نەخــوازراوە. MVD گشــتاندنێکی بــەو بنکانــەدا بڵاوکردووەتــەوە کــە ڕەنگــە بەشــدارانی کۆنفرانســەکە لێیانــەوە داوای ڤیــزا بکــەن و داوای لێکــردوون هەمــوو داوایەکــی لــەو جــۆرەی بــۆ ڕەوانــە بکــەن. تــا ئێســتا هیــچ بەڵگەیەکــی ڕاســتەوخۆمان نییــە دەری بخــات ئــەو کەســانە بەنیــازی هاتــن بــن. لەگــەڵ ئەوەشــدا بەدەســت گەیشــتنی زانیاریــی نوێــدا ئــەوا ئەنجامدانــی کاری پێویســت لەبەرچــاو دەگریــن». (شــەریف هــەژاری، ٢٦٥-٢٦٧).

بەپێــی نامەیەکــی دیکــەی نهێنیــی نــووسراوە ئامــاژەی بە کۆنفرانســەکەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کردووە و لەبەشــێکی ئــەم نامە دیپلۆماســییەدا هاتــووە: "کۆنفرانســەکەی کــورد بــە قســەی د. مەحمــوود عــوسمان هیــچ پلانێــک نەبــووە بــۆ بەڕێوەبردنــی کۆنفرانســی ســاڵانەی پــدک لــە لەنــدەن لــە رۆژانــی ١٥- ١٨ ئابــدا. (ڕاپۆرتــی ژمــارە ٣٥٠ی وەزارەتــی دەرەوە و

کۆمۆنوێڵز ئاماژەی پێ دەدات) لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو جەختی لەوە کردەوە لە ڕۆژانی ٥- ١٠ی ئابدا لە بەرلین کۆنفرانسی پدک ئەنجام دراوە و کۆنفرانسێکی دیکەش لەلایەن (ینک)ەوە ئەنجام دراوە کە کێبڕکێکاری (پدک)ە (ینک ڕەنگە کورتکراوەی حزبی یەکێتی کوردستان بێت) جەلال تاڵەبانی لە ڕۆژانی ١٤ تا ١٧ی ئاب لە فرانکفۆرت سەرپەرشتی کۆنفرانسەکەی ینکی کردووە. بۆنەیەکی گەورەی دیکەی کە بڕیارە ئەنجام بدرێت بریتییە لە: هەفتەی کورد کە لەناوەڕاستی مانگی ئەیلوولدا لە بەریتانیا بەڕێوە دەبرێت و هاوکات وەکو کۆنفرانسی لقەکانی پدکیش تەماشای دەکرێت. باڵوێزخانەی ئەمەریکا لێرە بڕوای وایە لە چەند مانگی داهاتوودا کوردەکان بەمەبەستی دووبارە ڕێکخستنەوە چەند کۆبوونەوەیەک لە ئەوروپا ئەنجام دەدەن، بەڵام ناتوانرێت هیچ وردەکارییەکی دیکەمان بداتێ". (شەریف هەژاری، ٢٠١٦، ٢٩٣-٢٩٤).

لەم گوتارەی بەریتانییەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

**یەکەم:** کۆنفرانسی پارتی لە بەرلین ئەنجام دراوە. پێ دەچێت پارتی بۆ سەرنج نەخستنە سەر کاتی کۆنفرانسەکە و شوێنەکان و بەلاڕێبردنی سەرنجی عێراق ئەم زانیاریانەی بڵاوکردبێتەوە. لەکاتێکدا ئەوان هەفتەیەک پێشتر کۆنفرانسەکەیان بەستووە.

**دووەم:** یەکێتیش لەهەمان کاتدا کۆنفرانسی لە فرانکفۆرت بەستووە.

**سێیەم:** ئەمەریکییەکان پێشبینی ئەوە دەکەن، کوردەکان دەستیان بەخۆ ڕێکخستنەوە و گرێدانی کۆنفرانسی دیکە لە ئەوروپا بکەن.

**چوارەم:** پارتـی لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئەیلوولـدا بەنیـازی کۆبوونەوەیـە لـە لەنـدەن، پـێ دەچێـت بۆنـەی یـادی دەسـتپێکردنی شۆڕشـی ئەیلـوول بـۆ ئـەم کۆبوونەوەیـە بەکارهێنرابێـت.

**پێنجـەم:** هەمـوو ئـەو زانیاریانـەی لەبـارەی کۆنفرانسـەکەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـەم نامـە نهێنانـەی بەریتانییـەکان ئامـاژەی پێکـراوە، نیشـانی دەدات، کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کاریگەریـی و تـرس و نیگەرانییەکـی زۆری بـۆ عێـراق دروسـتکردووە، عێـراق بـە کۆنفرانسـی پارتـی نیگەرانـە و بەریتانییەکانیـش نایانەوێـت لەبـەر خاتـری پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ عێـراق ڕێگـە بـە (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) بـدەن کۆنفرانسـەکەیان لـە لەنـدەن بەڕێـوە ببـەن. ئـەم کۆنفرانسـە لـە سـەرەتای ئابـی ١٩٧٦ لـە بەرلیـن ئەنجـام دراوە، واتـە بەماوەیەکـی کـورت دوای دەسـتپێکردن و ڕاگەیاندنـی شۆڕشـی گـوڵان لـە ٢٦-٥-١٩٧٦ دا.

لـەم بارودۆخـە سـەختەی ئـەوکات و لاوازیـی و خـاوی لەپەیوەندیکـردن و گواسـتنەوەی زانیارییـەکان، بەسـتنی ئـەم جـۆرە کۆنفرانسـانە کارێکـی ئاسـان نەبـووە و پێویسـتی بەکاتـی زۆر هەبـووە بـۆ خـۆ ئامادەکـردن، واتـە ئـەم هەنـگاوە زۆر پێـش کاتـی ڕاگەیاندنـی فەرمیـی شۆڕشـی گـوڵان بـووە خـۆی بـۆ ئامـادە کـراوە.

**٢- ٤٥ ئەنجام و پوختە و پێشنیار و پێشبینی**

**یەکـــەم:** (مســـتەفا بارزانـــی) ڕێبەرێکـــی ڕۆحـــی و کاریگـــەر و نەتەوەیـی بـووە لەنێـو بەرداشـی ناکۆکـی و بەرژەوەندیـی و ململانێـی جەنگـی سـارد و زلهێـزە گەورەکانـی دونیـادا بـێ پشـت و بـێ دەوڵـەت خەباتـی کـردووە، ئـەو ئێسـتاش داکۆکیـی کارێکـی زینـدووە لـە دۆز و خەبـات و خەونەکانـی کوردسـتان، بۆیـە ئـەو پێویسـتی بـە داکۆکـی ئێسـتای ئێمـە نییـە، بەڵکـو ئێمـە دەبێـت پارێزگاریـی لـە بەردەوامیـی و مانـــەوە و کاریگەرییەکانـــی ئـــەو بکەیـــن و پەرەیـــان پـــێ بدەیـــن. پێشـبینی دەکەیـن بەلەقاڵبدانـی (مسـتەفا بارزانـی) لـە چوارچێوەیەکـی دیاریکـراو، بەزیـان بـۆ نێوبانـگ و کاریگەریـی و پێگـەی ئـەو لەمێـژوو بگەڕێتـەوە. ئـەو تاکـە سـەرکردەیە و ڕێبـەرە دوای لەژیـان نەمانیـش هـەر نەمـر و زینـدووە و کەسـایەتی و کـردار و قسـەکانی بەردەوامـن و ڕێبازەکـەی کاریگەرییـان مـاوە.

**دووەم:** ئێمـە هـەوڵمان داوە بەسـوود وەرگرتـن و دەسـت ڕاگەیـشتن بـــە پێکهاتـــە و ئامرازەکانـــی شـــیکاری هاوچەرخـــی گوتـــار لەبـــواری دیپلۆماسـی و چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ (گوتـاری بێلایـەن بـوون و تێوەنـەگلان) و لەهەمـان کاتـدا مەبەسـتی "پشـتگوێخستن" بەکاربهێنیـن، بـــە مەبەســـتی ڕۆشـــنکردنەوەی ئـــەو جـــۆرە تێگەیشـــتنانەی لـــەڕووی پراگماتیکییـەوە بەکـردەوە کارێـک ڕادەپەرێنـن و وێناکـردن و فکریـەک نمایـــش دەکـــەن. بەکارهێنانـــی ئـــەم جـــۆرە ئامرازانـــە پەیوەندییەکـــی تایبەتـــی بـــە لەبەرچاوگرتنـــی ڕەوشـــی گەشەســـەندنی پەیوەندیـــی نێودەوڵەتـــی و چۆنیەتـــی مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ مافـــی ئـــەو نەتەوانـــە

هەیــە هێشــتا ژێردەســتەن، لەهەمانکاتــدا وەکــو پاشــکۆ و بەشــێکی بچووکــراوەی پشــتگوێخراوی گۆشــەگیر کــراو لەنێــو چواچێوەیەکــی ســەپێنراوی گشــتێنراودا دەژیــن.

ئێمــە بەڕوونــی شــیکاری گوتــار ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەخۆی فەرمیــی لەبــواری دیپلۆماســی بەریتانیــای مەزنمــان کــردووە، کــە تــەواوکاری شــێوازەکانی تــری توێژینەوەیــە نــەک جێگــرەوەی، ئــەوەی لــە ئاکامــدا بەرهەمــی دەهێنێــت، لای ئێمــە ئــەو شــتانەی ئێمــەش مایــەی لێکدانەوەیــە، بــەڵام لێکدانەوەیــەک کــە زیاتــر لێکۆڵینــەوە و چوارچێوەیەکــی زانســتی و هەروەهــا دەتوانرێــت بڵێــن کراوەتــرە بــۆ بەدواداچــوون و پشــکنین و گفتوگــۆی زیاتــر و لێکدانــەوە و تێگەیــشتن و هەڵێنجــان و دروســتکردنی بڕیــار.

**سـێیەم:** (مستەفا بارزانی نەمر) زۆر بەوردیی و قووڵی و هەستیارییەوە دوای ئەزموونێکــی زۆر لــەدوای هەمــوو ڕووداوەکانــی کوردســتان و کۆمــاری مەهابــاد و چوونــە ســۆڤیەت و گەڕانــەوەی و بــۆ نێــو گێژاوێکــی دیکــەی سیاســی لــە عێــراق، ئــەو دەرفەتــە تازەیــەی لــە بــواری دیپلۆماســی لەگــەڵ وڵاتــە زلهێزەکانــی وەکــو ئەمەریــکا و بەریتانیــا بــۆ دروســت ببــوو، بیــری لــە ستراتیژێکــی دیپلۆماســی بەرهەمــداری نوێــی گرنــگ کردۆتــەوە و بۆیــە لەپێنــاو "گەیشــتنە نێــو نەتــەوە یەکگرتــووەکان" هەنــگاوی بەکــردەوەی نــاوە. بەپێــی بۆچوونەکانــی (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن) "بارزانــی گوتــی ئــەو دەیەوێــت نێردەیــەک بنێرێتــە شــاری نیۆیــۆرک تاکــو لەنێــو ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکانــدا لۆبــی بــۆ پشــتگیری کــورد بــکات، بەڵکــو لــەوێ دەســتیان بگاتــە ڕۆژنامــەکان". (بیریــان ڕۆبــەرت گیبســن، ٢٠١٩، ٣٩٧).

ئەمـە بەکـردەوە نیشـانی دەدات (مسـتەفا بارزانـی) بـەدوای دۆزینـەوەی ستراتیژێکـی گرنگـی دیپلۆماسـیدا بـووە، ئەویـش گەیشـتنە نێـو (نەتـەوە یەکگرتـووەکان) و (ڕۆژنامـەکان) بـووە. واتـە دوو بـوار و دەزگا و هـۆکار و کەرەسـتەی کارا و گرنگـی دیپلۆماسـی و ڕاگەیانـدن بـووە.

**چـوارەم:** دەردەکەوێـت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کـورد هـەر تەنیـا کارت و بەکارهێنراوێکـی لاوازی دابـڕاو نەبـووە، بەڵکـو دوای ئـەوەی سـۆڤیەتی دەیەوێـت خـۆ بخزێنێتـە نێو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بەریتانیاش لەکۆتایـی شەسـتەکاندا لـە دەڤەرەکـە بڕیـاری کشـانەوە دەدات، ئەمەریـکا لەترسـی ئـەوەی عێـراق نەبێتـە قەڵایەکـی دیکـەی سـۆڤیەت، بیـر لـە دەسـت تێکەڵکـردن لەگـەڵ شۆڕشـی کوردسـتان دەکاتـەوە. ئەمـەش بەپێـی هەندێـک لـە بۆچوونـەکان ئەوەبـووە کـە، "جەنگـی سـارد خاڵـی هاوبـەش بـووە. هـەر لەبەرئـەوەش بڕیارەکـەی (نیکسـن) بـۆ پشـتگیری کـورد لەسـەر بنەمـای پەسـندنامەیەکی سـافیلکانەی تەفرەدانـی شـاوە ڕۆنەنرابـوو، بـەڵام لەسـەر لێکدانەوەیەکـی دواکەوتبینییانـە و زنجیـرە لێکەوتەکان کـە ئاماژەیان بـەوەدا دابـوو، عێـراق بووەتـە دەوڵەتێکـی پاشـکۆی سـۆڤیەت". (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ٣٣٤). لەهەمـان کاتـدا نابێـت ئـەوە لەبیـر بکەیـن، دوور نییـە کـورد قوربانـی ناکۆکیـی ململانـێ و تێڕوانینـە جیاوازەکانـی نێـو دامەزراوەکانـی ئەمەریـکاش بووبێـت. "ئیـدی لەسـایەی دووسـەرەبوونی سیاسـەتی ئەمەریـکای ئـەوکات سـەبارەت بـە عێـراق و جیـاوازی ڕوانینـی دیپلۆماتەکانـی ئەمەریـکا لـە بەغـدا و تـاران، کێشـەی نێـوان سیاسـەتی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە بـەوەی ڕایەڵەیەکـی پەیوەنـدی دۆسـتانەی لەگـەڵ عێـراق ڕابچێنـێ و سیاسـەتی کۆشـکی سـپی بـۆ لاوازکردنـی ڕژێمـی

بەعـس شـتێکی حەتمـی بـوو". (بیریـان ڕۆبـەرت گیبسـن، ٢٠١٩، ٣٣٦). ئەمـە کاریگەریـی لەسـەر ئـەو پەیوەندیـی و هـۆکار و کەرەسـتە و شـێواز و ئەنجامانـەش هەبـووە، کـە لەکۆتاییـدا ئەمەریـکا پشـت لـە کـورد بـکات و سیاسـەتی (کیسـنجەر) سـەر بکەوێـت و عێراقێکـی بەعسـی دروسـت بکـەن، کـە ڕاونانـی شـیوعییەکان و نەمانـی بـەرەی نیشـتیمانی و کاولکردنـی کوردسـتان و خیانەتـی نێودەوڵەتـی جەزائیـری لـێ بکەوێتـەوە، بـەڵام دیسـان ئەمـە نابێتـە کۆتایـی ئامانجـەکان و کـورد لەپشـووێکی یەکجـار کورتـدا کۆتایـی بەخـەم و ئازارەکانـی کارەسـاتی نسـکۆ دەهێنێـت و شـۆڕش درێـژە پـێ دەدات. ئـەم دۆخـە نوێیـە دەبێتـە سـەرەتایەکی دیکـەی نـوێ لەپێنـاو سـەرلەنوێ بیناکردنـەوەی پەیوەندییەکـی ئاڵـۆز و تێکۆشـانێکی دیپلۆماسـیی سـەخت و نـوێ لەلایـەن کـورد لـە ئەوروپـا و ئەمەریـکا و کەنـەدا و هەتـا وڵاتـە عەرەبییەکانیـش.

**پێنجـەم:** بەگشـتی دەتوانیـن سیاسـەتی بەریتانیـا لەبـارەی ڕۆژهـەڵات (ئێـران و تورکیـا و عێـراق) بـەم شـێوەیە نیشـان بدەیـن، کـە لەکۆنـەوە بەرانبـەر کـورد و دەسـەڵاتدارانی ناوەنـدی ئـەم وڵاتـە هەیبـووە وەکـو لەنامەکـەی (نوێنـەری بـاڵای بەریتانـی ، قوستەنتینیە لە ٢٠ی ماسـی ١٩٢٢) نووسـیویەتی و دەڵێـت "سـمکۆ دژی ئێـران دەجەنگـێ و ئێمـەش خوازیارین ئـەو حکومەتـە دەسـەڵاتی تەواوی بەسـەر خاکـی خۆیدا هەبێـت. حکومەتی خـاوەن شـکۆ نایـەوێ وڵاتـی فـارس ببێتـە بەلشـەفییەکان و کاری تێبکـەن، هەروەهـا نامەنـەوێ تووشـی شاڵاوی تورکـی ببێتـەوە. سـەبارەت بـە وڵاتـی ڕافیدەیـن، حکومەتـی خـاوەن شـکۆ بایـەخ بـە جێگیربوونـی ئاسـایش دەدات لەچوارچێـوەی سـنووری عێـراق، هەروەهـا نایەوێـت تێکەڵـی ئـەو

مەسـەلانەی دەرەوەی ئـەو سـنووورە بێـت، هۆیەکـی دیکـە، کـە حکومەتـی بەریتانـی وا لـێ دەکات لـە عێـراق هەندێـک کەسـایەتی کـوردی (مەبەسـت لـە دەرەوەی عێراقـە) هـان نـەدات عێـراق بکەنـە شـوێنی چالاکییەکانـی کوردسـتان. هـەر بـەو بۆنـەوە مـن ئـەو پڕوپاگەندەیـە ڕەت دەکەمـەوە، کـە لەوڵاتـی فـارس بڵاوبۆتـەوە و گەیشـتۆتە هێـژا عەبدولقـادر، بـەوەی دەسـەڵاتدارانی بەریتانـی لـە بەغـدا پشـتگیری ئـەو چالاکیانـەی ئێسـتای سـمکۆ دەکـەن". (د. عەلـی عـوسمان، ٢٠١٩، ٢٢٢). مەبەسـتم ئەوەیـە بڵێـم ئـەم هێڵـە گشـتییەی سیاسـەتی بەریتانیـا بەرانبـەر کـورد و عێـراق درێـژەی کێشـاوە و هەندێـک یـان بەشـێکی زۆری ئـەم سیاسـەتەی بەریتانیـا تاکـو ئێسـتاش درێـژی هەیـە و هەندێکـی بەنـاوی (دیپلۆماسـیەتی دەسـت تێوەرنـەدان و تێوەنـەگلان و بێلایەنبـوون) بەڕێـوە دەبـەن، کـە پـێمان وایـە ئەمـە باجێکـی هـەرە زۆری خسـتۆتە سـەر شـانی بزاڤـی سیاسـی و نەتەوەیـی کـورد بەدرێژایـی سـەد ساڵی ڕابـردوو، کـە بـەراورد بـە باجـی دژ بەدەوڵەتـەکان بـەراورد ناکرێـت.

**شەشـەم:** لەبـارەی سیاسـەتی ئینگلیـز وابزانـم ئـەو نامـەی ئەفسـەری پەیوەندیی سـلێمانی( ج.س. جۆنسـۆن) کە لە ٢٩ی نیسـانی ١٩٣٨ بەنهێنی بۆ سـەرۆکی هێـزی ئاسمانی (باڵی باشـوری سـلێد)ی نـاردووە، بەڵگەیەکی باشـە بـۆ ناسـین و لێکدانـەوەی سیاسـەتی بەریتانیـا و گوتـاری ڕاشـکاونە و فەرمیی بەریتانیـا و بەرجەسـەت بوونی بۆچوون و پەیامیان لەبـارەی کورد، کە دەڵێت " ئینگلیـز دەسـت لەکاروبـاری ناوخـۆی عێـراق وەرنـادات، سیاسـەتی ئێمـە پاراسـتنی قـەوارەی دەوڵەتـی عێراقـە، قبوڵـی ناکەیـن کـەس بەنـاوی عـەرەب یـان کـورد یـان ئاشـوری بەرپـرس بێـت، گەلی عێـراق یـەک گەلە.. هتـد، بەڵام

هەواڵگرەکەم پێی وتم: ئەوە مەحاڵە، چونکە کورد باجی چەوسانەوەی خۆی داوە و وەکو سەگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، زۆر بەڵێنیان پێدا، بەڵام هیچی دەست نەکەوتووە". (د. عەلی عوسمان، ٢٠١٩، ٢٢٧-٢٢٨).

**حەوتەم:** بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانییەکان ئەوەمان بۆ ساخ دەکەنەوە نوێنەری (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە شوباتی ١٩٧٦ واتە سێ مانگ پێش ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان لە ٢٦-٥-١٩٧٦ بەشداری فەرمییان لە کۆنفرانسێک لە لەندەن کردووە و نوێنەری ئەو کاتی پارتی (ئێج غەفووری/ هاواری کاکە زیادی کۆیە) و (نوێنەر کورد لە ئەوروپا جەی عەلی) بوون. ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، کە (پارتی) زۆر پێش ئەوکاتە بەرنامە و کاری درێژەپێدانی شۆڕشی بەکردەوە ئەنجام داوە و دەستی بەشۆڕش و خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی کردۆتەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، کە ئەم بەڵگەنامانە هەموو ئەو بۆچوون و زانیاریی و بانگەشە سیاسیانە ڕەت دەکاتەوە، کە هەندێک لایەنی سیاسی خۆیان بە یەکەمین لایەن دەژمێرن لە چۆنیەتی هەڵگیرسانەوەی (شۆڕشی نوێ!!). وابزانم ئەم بەڵگەنامە نهێنیی و دیپلۆماسیانەی بەریتانییەکان هەموو ئەو زانیاریانە ساخ دەکاتەوە و ئەو بانگەشانەش ڕەت دەکاتەوە، کە باس لەمێژووی (یەکەمین بوون) نیشان دەدەن.

**حەوتەم:** شیکردنەوەی پراگماتیکی و کردە قسەیی لەڕێگەی لێکدانەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەنێو گوتاردا ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە کە نەک هەر (مەبەست) بەڵکو زۆر نهێنیی مێژوویش دەکرێت لەم ڕێگەیەوە ساخ بکرێتەوە. زمان توانیویەتی ژمارەیەک کردە و ئەرکێکی گرنگ ڕاپەڕێنێت، کە هیچ لەکاریگەریی خەبات و

تێکۆشـانی چەکـداری کـەمتر نییـە.

**هەشـــتەم:** بەریتانییـــەکان گوتـــاری خۆیـــان لـــە پەرەپێدانـــی (بەرژەوەندییەکانیـــان لەگـــەڵ عێـــراق) بەشـــێوەیەکی ڕاشـــکاوانە و ڕاســتەوخۆ ئامــاژە پێکــردووە. لەگــەڵ ئــەوە نەبــوون و نیــن (کــورد ببێتــە خاوەنـــی دەوڵەتێکـــی ســـەربەخۆ).

**نۆیــەم:** ڕۆژنامــەکان ڕۆڵێکــی زۆریــان لەگەیاندنــی زانیاریــی لەبــارەی جینۆســاید و هــەواڵ لەبــارەی کــورد هەبــووە، ئەمــەش بۆتــە مایــەی نیگەرانیـــی و تووڕەبوونـــی عێـــراق. واتـــە ڕۆژنامـــە کاریگەریـــی زۆری هەبــووە، بۆیــە نوێنەرەکانــی کــورد لــە ئەوروپــا و ئەمەریــکا بــەردەوام کاریـــان کـــردووە پەیوەندیـــی لەگـــەڵ ڕۆژنامـــە و ڕۆژنامەنووســـەکان دروســت بکــەن و لــەم بوارەشــدا تــا ئاســتێکی بــاش ســەرکەوتوو بــوون.

**دەیــەم:** مەنگۆلیــا کــە بەهاندانــی ســۆڤیەت ویســتی کێشــەی کــورد بباتــە نێــو نەتــەوە یەکگرتــووەکان، بــۆ ئــەوکات هەنگاوێکــی مێژوویــی و سیاسـیی و گرنـگ بـووە. پێویسـتە حکومەتـی هەرێـم و پارتـی دیموکراتـی کوردســتان بەدواداچــوون بــۆ ئــەم هەنــگاوە بکــەن و سوپاســی ئــەو وڵاتــە بکــەن کــە لەشەســتەکاندا بیــری لــەم هەنــگاوە کردۆتــەوە.

**یــازدەم:** کــورد قوربانــی شــەڕی ســارد بــووە، لەهەمانکاتــدا توانیویەتــی تـــا ئاســـتێکی دیاریکـــراو ســـوود لـــەم ناکۆکـــی و ململانێیـــە جیهانییـــە لەنێــوان بلۆکــی سۆسیالیســتی و ســەرمایەداری وەرگرێــت.

**دوازدەم:** ناکۆکــی نێوەخــۆی کــوردی، هاندانــی دەرەکــی و بەریتانــی هەبـــووە، ئـــەم گروپـــەی لەشـــۆڕش جیادەبنـــەوە، توندتـــر لـــە عـــەرەب

و عێــراق و دوژمنــەکان دەیانەوێــت (وەســفی شۆڕشــی ئەیلــوول بــە وابەســتە بــە ئیمپریالیــزم و ئیسرائیــل و دژ بــە عــەرەب) بکــەن. ئەمــەش وەکــو بەڵگــەی نێــو نامەکانــی بەریتانیــا پارێــزراوە و بایەخــی پێــدراوە.

**ســێزدەم:** بەریتانیــا (مســتەفا بارزانــی) و شــۆڕش بــە (عەشــائیری و کۆنەپەرســت و دواکەوتــوو) وەســف دەکات و (ئیبراهیــم ئەحمــەد و جــەلال تالەبانــی) بــە نوێخــواز و ڕۆشــبیر و شــاری وەســف دەکات، ئەمــەش خــۆی لەخۆیــدا نیشــانەی (بێلایــەن نەبــوون و لایەنگیریــی) تێدایــە. لــەڕووی کــردە قســەییەوە نیشــانی دەدات، کــە پێشــوازیی لــە گروپــی جیابــووە لەشۆڕشــی ئەیلــوول دەکــەن.

**پێشنیار دەکەم:**

پێداچوونەوەیەکی نوێ لەپەیوەندییەکان لەگەڵ بەریتانیا بکرێت، ئەو بۆچوونە هەڵەیەی ئەم وڵاتە لەبارەی کورد ڕاست بکرێتەوە، بەرژەوەندییەکان لەگەڵیان پەرەی پێ بدرێت و کاریگەریی جیابوونەوەی شەستەکان لەنێو عەقڵیەتی بیرکردنەوەی بەریتانیا دەربهێنرێت.

کورد سەلماندنی دەتوانێت وەکو پێکهاتەیەکی پێشکەتووی ناوچەکە پێشوازی لەهەموو کۆششێکی دیپلۆماسی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی (سیاسی و ئابووری و ململانێ نێودەڵەوتییەکان و هەرێمایەتی) بکات. کورد هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاشتەوایی لەناوچەکە، بەپێچەوانەوە بەشدار و هاوبەشێکی کارا و کاریگەرە لەبەدیهێنانی (ئاسایش و ئارامی) و(دابینکردنی وزە) و (پەرەپێدانی بنەماکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت).

کوردستان لەگەڵ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیەتی، کە گونجاوە لەگەڵ کەلتووری پێشکەوتووی ئازادیی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا و ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیانەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڕیاری لێدراوە.

هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی (داعش) سەلماندی و بۆ هەموو لایەکی ساخکردەوە، کە هێزێکی کاریگەرە دژی توندڕەویی ئایدیۆلۆژیی و بەرگریی کارێکی ڕاستەقینەی ئازادیی و یەکسانی و پێکەوەژیان و دژی شەڕ و ئاژاوەن، کار بۆ ئاوەدانی دەکەن.

هەرێمــی کوردســتان لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا ئازادتریــن شــوێنە بــۆ پەیرەوکردنــی ئاییــنە جیـاوازەکان بەشـێوەیەکی سەربەسـت و داکۆکـی لەمانــەوە و پاراســتنی کریســتانییەکان و ئێزیــدی و کاکەیــی و ســابیئە و (ئاشــووری و کلــدان و ســبیریانی) بەهەمــوو پێکهاتەکانییــەوە دەکات.

لەهەمـان کاتـدا پێشـنیار دەکـەم (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) لەتـەک پێداچوونـە بـە مێـژووی پەیوەندییـەکان و ناکۆکیی و گرفت و ئاسـتەنگەکان، بیـر لـە ڕێگایەکـی گونجـاوی لێککەیـشتن لەگـەڵ بەریتانییـەکان بدزۆنـەوە، تاکـو لەڕێگـەی بەکارهێنانـی زمـان چـارەی گرفتـەکان بکرێـت.

**سەرچاوەکان:**


اوستن، نظرية افعال الكلام العامة، ترجمة عنبدالقادر قيتيني، افريقيا الشرق، بيروت، لبنان، ١٩٩١.

بیریان ڕۆبەرت گیبسن، ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، عێراق، کورد و جەنگی سارد لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تا ٢٠ی ئازاری ١٩٧٥، وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر، کوردستان، ٢٠١٩.

پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سەردەشتی، هەواڵی کوردستان و کورد لە بەڵگەنامە و ڕۆژنامە بریتانیی و ئەمەریکییەکاندا، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم، ٢٠١٨.

توين ڤان دايک ، الخطاب والسلطة، ترجمة غيداء العلي، القاهرة المركز القومي للترجمة، القاهرة ٢٠١٤.

جون سيرل، العقل واللغة والمجتمع، ترجمة سعيد الغانمي، المركز الثقافي العربي، الجزائر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٦.

ئەسعەد عەدۆ، مێژووی شۆڕشی گوڵان ٢٦-٥-١٩٧٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

د. عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، وەرگێڕانی کامەران جەمال بابان زادە، خانەی موکبیریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکبیریانی هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٣.

د. نووری تاڵەبانی، دەوڵەتی عێراق و باشووری کوردستان، سایتی دەنگەکان، ٣١ی ئابی ٢٠٢١، (https://dengekan.info/archives/20934).

دڵشاد وەسانی، یەکەم جارە بە کوردی لە خەبات بڵاودەبێتەوە.. دیداری ڕۆژنامەی (الاخبار)ی ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی،https://xebat.net/ku/?p=161934.

دومينيک مانغونو، المصطلحات المفتاح لتحليل الخطاب، ترجمة محمد يحياتن، الدار العربية للعلوم ماشرون، الجزائر.

موجتەبا بوروزوویی، بارودۆخی سیاسیی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦)، وەرگێڕانی نازناز محەمەد عەبدولقادر، یوسف خزر چووپان، سۆران عەلیپوور، کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥.

ڕۆژنامەی خەبات، وتاری سەرۆک بارزانی لە کردنەوەی یادگەی نیشتیمانی بارزان، ١١ی ئەیاری ٢٠٢٣، https://xebat.net/ku/?p=162399.

ڕۆنامەی خەبات، سەرۆک بارزانی داوایەک ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکات، ڕۆژ ١١ی ئایاری ٢٠٢٣، https://xebat.net/ku/?p=162399.

زانیار سەردار قڕگەیی، نامەیەکی مێژوویی ڕابەری کورد مستەفا بارزانی بۆ جەنەڕاڵ دیگۆل سەرۆکی فەرەنسا، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٦٥٠٩ )ی ڕۆژی دووشەممە ٨-٥-٢٠٢٣، لاپەڕە ٧-٨

سلمى لوناس شريف، اشكالية ترجمة المصطلح الدبلوماسي في مجموعة تقارير الامين العام لهيئة الامم المتحدة من اللغة الانجليزية الى اللغة العربية، بدون سنة،

شەریف هەژاری، جوڵانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٧ لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، وەرگێڕانی یاسار شێرکۆ، چاپخانەی پەنجەرە، چاپی یەکەم ٢٠١٦.

عبـد الفتـاح الرشـدان، محمد خليل الموسـى، اصـول العلاقات الدبلوماسـية واالقنصليـة، المركز العلمى للدراسـات السياسـة،عمان، الاردن، ٢٠٠٥.

عزالديــن فــوده، النظــم الدبلوماسـية، الكتــاب الاول فــى تطــور الدبلوماسـية وتقنيــن قواعدهــا،دار الفكــر العربــى، القاهــرة، مصر، ١٩٦١.

ئەبوئەلحەســەن تەفرەشــیان، بارزانییــەکان، وەرگێڕانــی، بەختیــار شــەمەیی، چاپــی یەکــەم، هۆڵەنــدام ١٩٩٦،

غـازی حەسـەن، گوتـاری سیاسـی دەسـەڵات و ئۆپۆزسیۆن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا شـیکردنەوەی پراگماتیکـی، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـۆران، فاکەڵتیـی ئـاداب، ٢٠١٦.

محمــد معــروف فتــاح، زمانەوانــی ، ئــەکادیمای کــوردی چاپخانــەی حاجــی هاشــم، هەولێــر، ٢٠١١.

مصطفــى محمــد الحســناوى، واقــع لغــة الاعلام المعــاصر، دارا اســامة للــنشر و التوزيــع، عمان، الاردن، الطبعــة الاولــى، ٢٠١١.

د. ئەفراسـیاو هەورامـی، مسـتەفا بارزانـی لـە هەندێـک بەڵگەنامـەی و دۆکۆمێنتـی سـۆڤیەتیدا ١٩٤٥- ١٩٥٨ تۆمارێکـی زێڕیـن لـە مێـژووی گەلـی کـورد، دەزگای ئـاراس، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٢.

ميشال ارمان و ماتلار، تاريخ نظريات الاتصال، ترجمة د. نصرالدين لعياضى و د. الصادق رابح ، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، طبعة الاولى، ٢٠٠٥.

مەسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپی سێیەم، هەولێر تشرینی دووەمی ٢٠١٠.

https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy

https://www.jstor.org/stable/2111710).

Lv Jinshuang1,a, Li Rong1,b, A Positive Discourse Analysis of Diplomatic Speech of President Xi in COVID-19, SSH, 2020. http://paper.ieti.net/ssh/index.htmlDOI:10.6896/IETITSSH.202006_8.0004)

Britain's Role in Rising the Kurdish Issue in the early Twentieth Century

https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/diplomacy

https://en.wikipedia.org/wiki/Kurds_in_the_United_Kingdom

https//:www.collinsdictionary.com/us/dictionary/english/diplomacy

https://www.merriam-webster.com/dictionary/diplomacy

Moretti, F., & Pestre, D. (2015). Bankspeak: The language of World Bank reports. New Left Review, 92(2), 75)

'Major Noel's Diary on Special Duty in Diarbekir Vilayat.'

1920 Treaty of Sevres and the struggle for a Kurdish homeland in Iraq and Turkey between world wars ، https//:shareok.org/handle/11244/6769)

Eddie Abrahams, Iraqgate: arms, lies and profits, FRFI 110 December 1992/January 1993

Francis Owtram, No Friends but the Mountain: The Toxic Legacy if British Officialdom for the kurds after the first world war, October 15th, 2019, https://blogs.lse.ac.uk/mec/2019/10/15/no-friends-but-the-

mountains-the-toxic-legacy-of-british-officialdom-for-the-kurds-after-the-first-world-war

Francis Owtram, No Friends but the Mountain: The Toxic Legacy if British Officialdom for the kurds after the first world war, October 15th, 2019, https://blogs.lse.ac.uk/mec/2019/10/15/no-friends-but-the-mountains-the-toxic-legacy-of-british-officialdom-for-the-kurds-after-the-first-world-war

Francis Owtram, No Friends but the Mountain: The Toxic Legacy if British Officialdom for the kurds after the first world war, October 15th, 2019, https://blogs.lse.ac.uk/mec/2019/10/15/no-friends-but-the-mountains-the-toxic-legacy-of-british-officialdom-for-the-kurds-after-the-first-world-war

Hajer, M. (1995). The politics of environmental discourse: Ecological modernization and the policy process. Oxford University Press.

Hirschman, A. O, The passions and the interests – Political arguments for capitalism before its triumph. Princeton University Press, 1977..

https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy

https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy

https://education.nationalgeographic.org/resource/diplomacy.(/

https//:en.wikipedia.org/wiki/Kurds_in_the_United_Kingdom

https://www.cnn.com/2020/11/26/health/better-political-argument-how-to-wellness/index.html

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy/

https://www.diplomacy.edu/topics/language-diplomacy/

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

https://www.gob.mx/cms/uploads/attachment/file/525117/LanguageandDiplomacy.pdf

https://www.liberty.edu/champion/2020/11/opinion-political-arguments-should-be-based-in-facts-and-logic-not-emotion

https://www.liberty.edu/champion/2020/11/opinion-political-arguments-should-be-based-in-facts-and-logic-not-emotion

https://www.pbs.org/frontlineworld/stories/iraq203/crossroads01.html

https://www.qdl.qa/en/anglo-kurdish-relations-during-mesopotamia-campaign-1914-1918.

https//:www.qdl.qa/en/anglo-kurdish-relations-during-mesopotamia-campaign-1914-1918

https://www.qdl.qa/en/anglo-kurdish-relations-during-mesopotamia-campaign-1914-1918

https://www.researchgate.net/publication/359635564_Britain's_Role_n_Rising_the_Kurdish_Issue_in_the_Early_Twentieth_Century

https://www.researchgate.net/publication/359635564_Britain's_Role_in_Rising_the_Kurdish_Issue_in_the_Early_Twentieth_Century

https://www.thedailystar.net/star-weekend/longform/news/kurdish-massacres-one-britains-many-original-sins-1814965

https://www.thedailystar.net/star-weekend/longform/news/kurdish-massacres-one-britains-many-original-sins-1814965

J. L Austin, How To Do Things with Word, printed in G reat Brit-

ain, Oxford Universtity press, 1962, 154

Rhiannon Wardle, Exploring international relations: What is diplomacy?, https://www.futurelearn.com/info/blog/what-is-diplomacy

*Rhiannon Wardle,* Exploring international relations: What is diplomacy?, https://www.futurelearn.com/info/blog/what-is-diplomacy

Rigi, H., & Warner, J. F. (2021). Pakistan's representation of transboundary water as a security issue. International Journal of Water Resources Development, 1–24. doi:10.1080/07900627.2020.1870937

Trevor Rayne, The Kurds don't vote for me': the Kurds and Britain, Friday, 18 March 2016 , https://www.revolutionarycommunist.org/middle-east/me/4287-tk180316

Wodak, R. (2015). Critical discourse analysis: Discourse-historical approach. In K. Tracy, C. Ilie, & T. Sandel (Eds.), (The international encyclopedia of language and social interaction. 1–. John Wiley & Sons. doi:10.1002/9781118611463/wbielsi116

Zeitoun, M., & Mirumachi, N. (2008). Transboundary water interaction I: Reconsidering conflict and cooperation. International Environmental Agreements: Politics, Law and Economics, 8(4), 297. doi:10.1007/s10784-008-9083-5

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA